

تاوان
و لێکۆڵینەوەی تاوانکاری
الجريمة
والتحقيق الجنائي
مظفر خالد عبدالرحمن
هەولێر - کوردستان
٢٠٢٠
تاوان و لێکۆڵینەوەی تاوانکاری
مظفر خالد عبدالرحمن
٢٠٢٠
Crime
&
Criminal
Investigation
by:
Mudhafar Khalid
Abdulrahman
Erbil - Kurdistan
2020

# تاوان

# و

# لێکۆڵینەوەی تاوانکاری

**مظفر خالد عبدالرحمن (شاخەوان خالید )**

هەولێر - کوردستان

چاپی یەکەم٢٠٢٠

کتێبخانەی هەولێری یاسایی
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی یاسایی
ناوی کتێب : تاوان و لێکۆڵینەوەی تاوانکاری
نووسەر : مظفر خالد عبدالرحمن ناسراو بە( شاخەوان خالید )
شوێن : هەولێر- کوردستان
نۆرەی چاپ : یەکەم
گرافیک و دیزاین : هیوا مەحموود
هەڵەچن: بەختیار ئەحمەد مەحموود
تیراژ : ٥٠٠ دانە
ژمارەی لاپەڕە :٣٤٩
ساڵی چاپ : ٢٠٢٠ی زایینی ٢٧٢٠ی کوردی
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان، ژمارەی سپاردنی ( ٥١٦ ) ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە.
( مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی هەولێری یاسایی )

Ktebxanay Hawlery Yasaey - کتێبخانەی هە ولێری یاسایی
Viber Telegram WhatsApp
٠٧٥٠٤٥١٠٩٠٣ – ٠٧٥٠٤٨٦٩٩٥٥
ناونیشان - هەولێر ناو باڵەخانەی دادگا

# ناوەڕۆك

لاپەڕە


چوونە نێو باس..........................................................٧

فەسڵی یەکەم: لێکۆڵەر و لێکۆڵینەوە

بەشی یەکەم: لێکۆڵەر.........................................................١١

بەشی دووەم : ئەرکەکانی لێکۆڵەر.........................................................١٣

بەشی سێیەم: سیفەتەکانی لێکۆڵەر ..........................................١٣

بەشی چوارەم : پێداویستییەکانی لێکۆڵەر.......................................١٩

بەشی پێنجەم: زانیاری و کەسایەتی لێکۆڵەر.....................................٢٧

بەشی شەشەم: لێکۆڵینەوە..........................................................٢٨

بەشی حەوتەم: ئارمانجی لێکۆڵینەوە.................................................٢٩

فەسڵی دووەم : بەڵگەی تاوان و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی

بەشی یەکەم : پێناسەی تاوان..........................................................٣٤

بەشی دووەم : جۆر و کۆڵەگەکانی تاوان...............................................٣٧

بەشی سێیەم : بەڵگەی تاوان و جۆرەکانی بەڵگە.....................................٤١

بەشی چوارەم : لێکۆلینەوەی سەرەتایی.................................................٤٨

بەشی پێنجەم : ڕێگاکانی ئاشکراکردنی تاوان...........................................٥٢

فەسڵی سێیەم : جولاندنی داوای سزایی

بەشی یەکەم: ئەو داوایانەی لە تاوان دروست دەبن......................................٦١

بەشی دووەم : داوای سزایی...............................................................٦٢

بەشی سێیەم: ئامرازەکانی جولاندنی داوای سزایی.......................................٦٣

بەشی چوارەم: مافی جولاندنی داوای سزایی...............................................٦٥

بەشی پێنجەم: ئەو لایەنانەی مافی جولاندنی داوایای سزایان هەیە............٦٦

بەشی شەشەم: ئەو لایەنانەی سکالای ئاراستە دەکرێت.................................٦٦

بەشی حەوتەم: دۆخەکانی هەژمارکردنی تاوانی بینراو..................٦٨
بەشی هەشتەم: بارەکانی وەرنەگرتنی سکالاّی سزایی.......................٧٣
بەشی نۆیەم: لێخۆشبوون لە سکالاّ.........................................٧٤

## فەسڵی چوارەم: لایەنەکانی داوای سزایی

بەشی یەکەم: هەواڵدەر........................................................٧٧
بەشی دووەم : لێکۆڵەر و هەواڵدەر.........................................٧٩
بەشی سێیەم: تاوانلێکراو( دادخواز )........................................٨١
بەشی چوارەم: شاهێد.........................................................٨٢
بەشی پێنجەم: لێپرسینەوەی تۆمەتبار.......................................٩٣
بەشی شەشەم: دانپێنانی تۆمەتبار..........................................١٠٢

## فەسلی پێنجەم: ڕێگەکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان

بەشی یەکەم: پشکنینی شانۆی تاوان.......................................١٠٨
بەشی دووەم: هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان.....................................١٢٠
بەشی سێیەم:کرداری نۆڕینی بەڕێنمایی....................................١٣٤
بەشی چوارەم: لێپرسینەوەی تۆمەتباری نکۆلیکار لە شانۆی تاوان..........١٣٨
بەشی پێنجەم: کرداری ناسینەوە.............................................١٣٩
بەشی شەشەم: کرداری رووبەڕووبوونەوە...................................١٤١
بەشی حەوتەم: ناسینەوە بەهۆی سەگی پۆلیسی.............................١٤٢
بەشی هەشتـــــەم: پشکنین..................................................١٤٥

## فەسڵی شەشەم: شوێنەواری تاوان

بەشی یەکەم: پەنجەمۆر.......................................................١٥٤
بەشی دووەم: شوێنەواری پێ.................................................١٦٥
بەشی سێیەم: شوێنەواری شوشە.............................................١٦٩
بەشی چوارەم: شوێنەواری هۆکاری گواستنەوە.............................١٧٠
بەشی پێنجەم: شوێنەواری چەکی ئاگرینی...................................١٧٢

بەشی شەشەم: شوێنەواری تەقەمەنی ئاگرینی.......................... ١٧٩
بەشی حەوتەم: شوێنەواری ئاگرکەوتنەوە............................. ١٨١
بەشی هەشتەم: پرچەمۆر................................................ ١٨٤
بەشی نۆیەم: ئارەقەمۆر................................................. ١٨٥
بەشی دەیەم: ترشی DNA............................................... ١٨٦
بەشی یانزەهەم: دیاریکردنی ناسنامە.................................. ١٨٩
بەشی دوانزەهەم: شوێنەواری ددان.................................... ١٩١
بەشی سێنزەهەم: شوێنەواری گوێیەمۆر................................ ١٩٢
بەشی چواردەهەم: شوێنەواری نینۆك.................................. ١٩٤
بەشی پانزەهەم: شوێنەواری سپێرم..................................... ١٩٤
بەشی شازدەهەم: شوێنەواری خوێن و شلەکانی تری مرۆڤ ............ ١٩٥

## فەسڵی حەوتەم: شێوازی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان

بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن............................ ٢٠٠
بەشی دووەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی خۆکوشتن......................... ٢١٥
بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی دزیکردن........................... ٢٢٥
بەشی چوارەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی ئاگرکەوتنەوە..................... ٢٣٢
بەشی پێنجەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی لاقەکردن......................... ٢٣٦
بەشی شەشەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی رفاندن ........................... ٢٤٠
بەشی حەوتەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی ماددەی هۆشبەرەکان............. ٢٤٢
بەشی هەشتەم: لێکۆڵینەوە لە رووداوی هاتووچۆ ...................... ٢٤٦
بەشی نۆیەم: لێکۆڵینەوە لە دزیکردن لە ماڵ و باڵەخانەکان ........... ٢٥١
بەشی دەیەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی دزینی قاسە......................... ٢٥٤
بەشی یازدەهەم: لێکۆڵینەوە لە رووداوی بزربوونی کەسەکان............ ٢٥٦

## فەسڵی هەشتەم: بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتی و جۆرەکانی دادگا و تایبەتمەندییەکانیان

بەشی یەکەم: هەندێ لە بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە..............٢٦٠
بەشی دووەم: کۆنووسەکانی لێکۆڵینەوەی تاوان..........................٢٧٨
بەشی سێیەم: پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە پزیشکی دادوەری......................٣٠٣
بەشی چوارەم : پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە بەڵگەی تاوان................٣١١
بەشی پێنجەم : پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە داواکاری گشتی......................٣١٨
بەشی شەشەم: جۆرەکانی دادگا و تایبەتمەندییەکانیان......................٣٢٣
فەرهەنگۆك.........................................................٣٢٩

# چوونە نێو باس

سەروەری یاسا هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی هاووڵاتییان لەناو کایەی دەوڵەت، لە پێناو هاتنەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی گیان و سامانی هاووڵاتییان و پاراستنی دابونەریت و ئادابی گشتیی و بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگە، یاسای سزاکان ڕۆڵ دەگێڕی و هۆکارێکە بۆ ڕێگرتن لە تاوان و سزای بۆ هەموو ئەو تاوانبارانە داناوە کە پێشێلی یاسا دەکەن و مافی هاووڵاتییان دەخۆن، لەپاڵ ئەمە بە یاسا هەموو ڕێکارەکانی کارکردنی لێکۆڵەر بۆ لێکۆڵینەوەی لە تاوان ڕێکخراوە هەموو پێداویستی ماددەی یاسایی دیاریکردووە و لێکۆڵەر بەپێی یاسا هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتباران و ئاشکراکردنی هەموو لایەنە شاراوەکانی تاوانەکە و دۆزینەوەی تاوانباران و ڕەوانەکردنیان بۆ دادگای تایبەتمەند لە پێناو سزادانیان.

لەگەڵ پەیدابوونی شێوازی نوێی تاوان لە لایەن تاوانبارانەوە هۆکار و شێوازی نوێی لێکۆڵینەوەش پەیدا بووە، لە سەرەتا تاوان بە شێوازی سادە ئەنجامدەدرا و ئێستا بە شێوازی ئاڵۆز و بە تەکنیك و تەکنۆلۆژیا بەستراوەتەوە، لەبەر ئەوە کاری لێکۆڵەر قورس بووە و کۆمەڵێك ڕێکاری زۆر هەیە دەیگرێتە بەر بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان و پەردە لادان لەسەر لایەنە شاراوەکانی تاوان و ئاشکراکردنی تاوانباران، ئەمەش لە لێکۆڵەر دەخوازێ هەموو کات لە ڕاهێنان و فێربوونی بەردەوام و جوڵە و کارکردنی بێ ماندووبوون شێوازی زانستی نوێی هەبێت، تا بتوانی لە ئاست کارەکەی سەرکەوتوو بێت بەسەر تاوانباران. وردی لەکار و ئەزموونی زۆر و باوەڕ بەخۆبوونی لێکۆڵەر لە چوارچێوەی کاری بە گروپ فاکتەری ئاشکراکردنی تاوان و تاوانبارانە، تاوان هەیە لێکۆڵینەوە تێیدا زۆر ئاڵۆزە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی هەندێ تاوانباری خاوەن ئەزموون لە تاوانکردن، هەموو شوێنەوارێکی دوای خۆیان ڕەشدەکەنەوە و بەڵگەکان دەشارنەوە یان دەیانفەوتێنن ئەو جۆرە تاوانبارانە خاوەن پێشینەن و دەزانن چۆن لە شانۆی تاوان بەڵگەکان بەجێنەهێڵن و ئەو تاوانبارانە چەندەی خاوەن ئەزموون بن، لە

**بەرامبەردا لێکۆڵەری بە ئەزموونیش هەیە بە بێگومان ئاشکرایان دەکەن، ئەو لێکۆڵەرەوانە خاوەن ئەزموونی زۆرن لە کاری لێکۆلێنەوە و شارەزای شێوازی تاوانی تاوانباران و دەزانن تاوانبار چۆن بەڵگەکان دەشارێتەوە و چی لێدەکات ئەم خوێندنەوە دروستەی لێکۆڵەر هۆکار دەبێت تاوانباران بە سزای یاسایی خۆیان بگەن.**

**قۆناغی لێکۆڵینەوە لە تاوان بۆ پشکنین و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان قۆناغێکی زۆر گرنگە لێکۆڵەر دەتوانێ لەم قۆناغە ببێتە هۆکاری ئاشکراکردنی تاوانباران، کاری لێکۆڵەر ورد و مەترسیدار و سەختە و خێرایی و دەستوبردی پێویستە بۆ کارکردنی لە شوێنی رووداني تاوانەکە کە پێی دەڵێن شانۆی تاوان، لێکۆڵەر هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ و سەرجەم رێکارە یاساییەکان ئەنجامدەدات، لە پێناو ئاشکراکردنی تاوانباران و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان کە هۆکارن بۆ ناساندنی تاوانبار کە تاوانەکەی ئەنجامداوە و، بەهۆی ئەم بەڵگانەوە دەسەلمێندرێ کە تاوانبار بەهۆی نیەتی تاوانی لەسەر تاوانلێکراو تاوانی کردووە و مافی پێشێلکردووە، لە بەرامبەردا یاسای پێشێلکردووە و ئەم کارەی بەپێی یاسا قەدەغەکراوە و بەهۆی لادانی لەیاسا دەبێ سزا بدرێت.**

**ئەم هەوڵەی منیش لە چوارچێوەی ئەم کارە پڕ بایەخ و گرنگەی قۆناغی یەکەم و سەرەتای لێکۆڵینەوەیە و هەوڵمداوە کاری لێکۆڵەر بە وردی شەن و کەو بکەم و تاوان و تاوانباران بناسێنم بە پشت بەستن بە سەرچاوە نوێ و زانستی تاکارێکی نوێی لێ دەربچێت و لێکۆڵەرەوەکان سوودی لێوەربگرن و زۆر تەگەرە و کۆسپ هاتنە بەردەم کاری ئەم پەرتووکەم، لە هەمووی ماندووکارتر نەبوونی سەرچاوەی کوردی بوو لەم بوارە و لە نەبوونی پەرتووک بە زمانی کوردی لەسەر بەڵگەی تاوان و کاری لێکۆڵەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە تاوان، هەر ئەمەش وایلێکردم، ئەم کارە بکەم بەهۆی هەژاری کتێبخانەی کوردی لە سەرچاوە یاساییەکان بە کوردی و تەماشای هەموو دونیا و وڵاتان دەکەی بە زمانی دایکیان سەرچاوەی زۆریان لە بوارە جیاجیاکان هەیە، بە تایبەت لە بواری یاسایی کە کۆڵەگە و رێکخەری**

**کاروباری وڵاتە، نەوەی نویٚ چی بکات کە خوێندنی بەو زمانانە نییە کە سەرچاوەی ئەو جۆرە بابەتانەن واتا وردە وردە ئەم سەرچاوانە هێزیان کەمدەبێتەوە، ئێمەی مافپەرەر و یاساناس ئەرکی سەرشانمانە هەوڵبدەین کتێبخانەی کوردی بە سەرچاوە زانستییە نوێکانی یاسایی دەوڵەمەند بکەین، تاوەکو ئێمەش لە پێشکەتنی زانست و سەردەم بێبەش نەبین و دوانەکەوین و دانەبڕێین لە کاروانی بەردەوام و نەپچڕاوەی زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەم و نویٚ تا ئێمەش وەکو هەموو میللەتانی دونیا لە ئاست پێشکەوتنەکان بین و بەرە و پێشەوە بچین.**

**ئەم پەرتووکەم پێشکەشی میللەتەکەم و هەموو لێکۆڵەرەوە بە توانا و لێهاتووەکان و ئەوانەی تازە دەست بە کاری لێکۆڵینەوە دەکەن دەکەن، تاوەکو بەهەموو لایەکمان وڵاتەکەمان لە تاوان و تاوانباران بپارێزین ئەو ئەرکەی یاسا پێی سپاردین هەر بە یاسا جێبەجێی بکەین، گیان و ماڵی هاووڵاتییانی سڤیل بپارێزین و ئاسایش لە وڵاتەکەمان بە هەموو لایەك بچەسپێنین، هەر بە یاسا دەتوانین ئەم کارە بکەین و ببینە رێگری سەر سەخت لە بەردەم کرداری تاوانی تاوانباران و بۆ ئاشکرکردن و بەسزا گەیاندنیان لەپێناو سەروەری یاسا.**

## دانەری پەرتووك

# فەسڵی یەکەم: لێکۆڵەر و لێکۆڵینەوە

بەشی یەکەم: لێکۆڵەر

بەشی دووەم : ئەرکەکانی لێکۆڵەر

بەشی سێیەم: سیفەتەکانی لێکۆڵەر

بەشی چوارەم : پێداویستییەکانی لێکۆڵەر

بەشی پێنجەم: زانیاری و کەسایەتی لێکۆڵەر

بەشی شەشەم: لێکۆڵینەوە

بەشی حەوتەم: ئارمانجی لێکۆڵینەوە

# بەشی یەکەم : لێکۆڵەر


**پێناسەی لێکۆڵەر:** ئەو کەسەیە کە یاسا کاری لێکۆڵینەوەی لە تاوانەکان پێ سپاردووە"١" هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان بەپشت بەستن بە شێوازی نوێ و هونەری بۆ گەیشتن بە راستییەکانی رووداوی تاوانەکە. لە پێناسەیەکی تردا: لێکۆڵەر ئەو کارمەندەیە کە هەڵدەستێ بەرکاری لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و بۆ دەرخستنی راستی روودانی تاوانەکە و چۆنیەتی ئەنجامدانی و پەیوەندی بە تۆمەتبارەوە"٢"

لە پێناسەیەکی تردا: لێکۆڵەر ئەو کەسەیە یاسا رێگەی پێداوە کاری لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان بکات بە پێی کۆمەڵێك رێگەدان و رێکاری یاسایی کارەکەی ئەنجامدەدات"٣"

لە پێناسەیەکی تردا: لێکۆڵەر ئەو کەسەیە یاسا کاری لێکۆڵینەوەی پێسپاردووە لە رووداوە تاوانکارییەکان و بەهۆیەوە لایەنە شارەوەکان رووناکدەکاتەوە بۆ گەیشتن بە راستییەکان و زانینی بارودۆخ و هۆکار و چۆنیەتی و کات و شوێنی روودانی تاوانەکە بۆ گەیشتن بە تاوانبار و کۆکردنەوەی بەڵگە لە دژی بۆ تاوانبارکردن و ئامادەکردنی بۆ دادگاییکردن لە پێناو سزادانی.

وشەی لێکۆڵەر راسپاردراوەکان بەپێی یاسا و دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەرەوە دادییەکان و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە لە پۆلیس و دەگرێتەوە کە کاری لە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان دەکەن و کاری لێکۆڵەر بەپێی یاسا رێکخراوە و لە قۆناغی بەرایی و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ماددەکانی ( ٥١-٥٧ ) یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١و هەمووارکردنەکانی "٤"، کاری لێکۆڵەر و دادوەر و دامەزراندنی و بەو پێیەی دەرچووی کۆلێژی یاسا بێت، یان پەیمانگەی دادوەری تەواوکردبێ یان خولی فێربوون و راهێنان لەسەر لێکۆلینەوەدا کردبێت، پاشان سوێندی یاسایی دەخوات بۆ ئەنجامدانی کاری لێکۆلینەوە بە دڵسۆزی و پاکی و یان ئەوانەی یاسا رێگەی پێداون لە قۆناغەکانی لێکۆلینەوە کاری کۆکردنەوەی بەڵگە و وەرگرتنی وتەکانی هەواڵدەر و دادخواز و

**تۆمەتبار و گومانلێکراو و شاهێدەکانی سەلماندن و بەرگری و رەتکردنەوە وەربگرێت ، ئەمەش وا لە لێکۆڵەر دەکات مکوڕتر بێت لەسەر کارەکەی و هاوشان لەگەڵ هاوەڵەکانی تری پەردە لەسەر هەموو ئەو لایەنە شاراوانەی تاوانەکان لابدەن و تاوانباران ئاشکرا بکەن، لە قۆناغی لێکۆلینەوە لێکۆڵەر ئەگەر بە هەموو پێوەرە زانستی و یاساییەکان لێکۆڵینەوە بکات ئەوا دەتوانێ رووداو و تاوانەکە لە نێو مێشکی گەلاڵە بکات، هەروەك چۆن روویداوە ئاوا پێشبینی بکات و بە دوای بەڵگەکان بگەڕێ تا دوا قۆناغی لێکۆلینەوە تەواو دەبێت و بێ ماندوو بوون بە دواداچوونی بۆ بکات بێشك لێکۆڵینەوەکەی ئاکامی دەبێت و تاوانباران ئاشکرا دەکات.**



**(ژووری لێکۆڵینەوە )**

# بەشی دووەم : ئەرکەکانی لێکۆڵەر

ئەرکی لێکۆڵەر گەڕان و کارکردنیەتی لە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان و ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی کە تاوانەکەیان ئەنجامداوە، ئەوەش خزمەتێکی گەورەیە پێشکەش بە هاووڵاتییان و وڵاتەکەی دەیکات بۆ پاراستنی گیان و سامانی هاووڵاتییان و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگە، ئەرکی لێکۆڵەر جگە لەوەی قورسە مەترسیداریشە، بەڵام لە بەر ئەوەی کارەکەی گەڕانە بە دوای راستییەکان لێکۆڵەر ماندوو نابیٚ لە کارەکەی هەرچەند ئەرکی زۆریش بێت، ئەوەی ئەرکەکەی ئاسان دەکات شارەزا بوونیەتی بە یاساکان و بوونی توانا و ئەزموونیەتی بەمەش هێندەی تر لە کاراکەی سەرکەوتوو دەبێت، جگە لەوانەی باسکران لێکۆڵەر کۆمەڵێك ئەرکی تری هەیە لەوانە:

١- سەلماندنی روودان یان روونەدانی تاوان.

٢-کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان کە دەیسەلمێنی تاوانبار تاوانەکەی ئەنجامداوە.

٣-رێکخستنی بەڵگە و کۆنووسەکان لەسەر چۆنیەتی روودانی تاوانەکە.

٤-سەلماندنی باری روودانی تاوان لەسەر تاوانلێکراو.

# بەشی سێیەم : سیفەتەکانی لێکۆڵەر

کاری لێکۆڵینەوە زۆر گرنگ و هەستیارە بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە و باری ئاسایشی وڵاتی پێوە بەندە و هۆکاری چەسپاندنی ئاسایش و ئارامییە، لە بەر ئەوە پێویستە لێکۆڵەر کۆمەڵێك مەرج هەیە لە کەسایەتیدا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانیٚ کارەکە بە شێوەیەکی رێك و پێك ئەنجامبدات و بتوانیٚ دادپەروەری بێنێتە کایەوە، ماف بۆ مافخوراوان و تاوانلێکراوان بگەڕێنێتەوە و تاوانبارانیش بە سزا بگەیەندرێن . یاساکان باسیان لە سیفەتە گرنگەکانی لێکۆڵەر نەکردووە و دیاریان نەکردووە کەسایەتی لێکۆڵەر

**دەبێت چۆن بێت، یاسا تەنیا سنووری کار و ڕێکارە یاساییەکانی لێکۆڵەری دیاریکردووە بۆ ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان"٥" یاساناس و پسپۆڕەکانی بواری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری لەسەر کۆمەڵێك مەرج و سیفەت کۆکن کە دەبێ لە لێکۆڵەر هەبێت، لە سیفەتە دیارەکانی لێکۆڵەر:**

**١-خۆشەویستی بۆ کارەکەی:**

**سەرەتای هەموو کارێك بەوە دەبێت خاوەن پیشەکە بە حەز و ئارەزوو کارەکەی بکات، کلیلی سەرکەوتنی کاری لێکۆڵەریش خۆشەویستییەتی بۆ کارەکەی، ئەگەر کارەکەی خۆشنەوێت ناتوانێ تا دوا قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە بەردەوام بێت و بە مەش تاوانباران نادۆزرێنەوە و بە رکێفی خۆیان تەراتێن دەکەن، لەبەر ئەوە پێویستە لێکۆڵەر کارەکەی خۆشبوێت و بزانێ ئەو کارە پیشەیەتی و دەبێ زۆر لێی نزیك بێت و خۆشەویستییەکەی لە ئاستێك بێت وا لە لێکۆڵەر بکات هەست بە ماندووبوون و بێتاقەتی نەکات و هەموو کات بە پەرۆشەوە ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێت.**

**٢-باوەڕ بەخۆبوون و بەدواداچوون:**

**ئەو کەسەی بە کاری لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت دەبێ تا سەر ئیسقان باوەڕی بەخۆی و کارەکەی هەبێت لە کاتی لێکۆڵینەوە کەسایەتی هیچ کەسێك لە تاوانبار و شاهێد و دادخواز لایەنەکانی تری ڕووداو و تاوانەکە کاریگەرییان لەسەری نەبێت و نابێ بکەوێتە ژێر کاریگەری بۆچوون و فێڵەکانیان، بە پێچەوانە لێکۆڵەر دەبێ زۆر بە لێهاتوویی و شێلگێرانە لە بەردەم لایەنەکانی تاوانەکە هەڵسوکەوت بکات و کاری لێکۆڵینەوە لە وەرگرتنی وتەکان و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی ماددی و مەعنەوی ئەنجامبدات، لە هەمان کاتدا بە دواداچوون بۆ کاری لێکۆلینەوەکەی بکات و هەموو لایەنەکانی تاوانەکە شرۆڤە بکات، هەر قۆناغەی چی پێویستە بۆی بکات رۆژ بە رۆژ بەدواچوونی بۆ بکات هەر کاتێ بێت بۆ لێکۆلینەوەی تەرخانی بکات، بەمەش دەتوانێ پەڕاوی لێکۆڵینەوەکە بگەیێنێتە دوا قۆناغ و باوەڕ بەخۆبوونی لێکۆڵەر نیشانەی سەرکەوتنییەتی لە کاری لێکۆڵینەوە.**

## ٣- بوێری و ئازایەتی:

لێکۆڵەر لە کارکردنی لە دۆزینەوە و ئاشکرادنی تاوانباران، کارەکەی لێی دەخوازێ بوێر و ئازا بێت، ئەم سیفەتە لە لێکۆڵەر نەبێت کارەکانی خۆی بە رێك و پێکی و دروستی پێ بەڕێوەنابردرێت، هەندێ شوێن هەیە مەترسی لەسەر ژیانی هەیە، بەڵام بۆ دەستکەوتنی بەڵگەی تاوان پێویست دەکات بۆی بچێت لەگەڵ وەرگرتنی هەموو رێکارەکانی خۆپارێزی، لە هەمان کاتدا لێکۆڵەر لەگەڵ تاوانباران مامەڵە دەکات واتا ئەوانە تاوانبارن و هەروەك چۆن مەترسین بۆ سەر ژیانی هاووڵاتییان، بەم شێوەیەش مەترسین بۆ سەر ژیانی لێکۆڵەرەکە، بۆیە گەڕەکە ئەم سیفەتەی هەبێت و ئازایانە مامەڵە لەگەڵ رووداو و شوێنەکان و بەڵگەی تاوانەکان بکات، هەرچەند لێکۆڵەر ترسی هەبێت لە قۆناغی لێکۆڵینەوە هێندەی تر لە راستییەکان و ئاشکراکردنی تاوانباران دوور دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە بوێر و چاونەترس بێت، لەگەڵ ئەوەی زۆر پێویستە ئاگاداری گیان و ژیانی خۆی و یاریدەدەر و هاوەڵەکانی بێت هەموو ئەو رێکارانە بۆ پاراستنی ژیانیان بگرێتە بەر.

## ٤-رۆشنبیری و شارەزایی:

لێکۆڵەر  بە سروشتی خۆی دەبێت لە تاکەکانی تر لە هەموو بوارێك شارەزاتر بێت تاوەکو نەکەوێتە ژێر کاریگەری لایەنەکانی تاوان و بە شێوەی دروست پێویستە مامەڵە لەگەڵ بەڵگە و راستییەکان بکات، نەك کەسێك بە بەرنامەکی دیاریکراو کاری تێبکات بە تایبەت لەم سەردەمەدا شێوازی زۆر سەیر و ورد و بەخشتە و بەرنامە لە لایەن تاوانبار و خاوەن پێشینەکان بۆ تاوانکردن بەرنامە ڕێژی بۆ دەکرێت، جگە لەوەی لێکۆڵەر پێویستە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی و یاسای سزاکان وەك ناوی سیانی خۆی شارەزا بێت و هەموو ماددەکانی سزایی بزانێ، لە هەمان کاتدا شارەزایی لە یاساکانی تریش هەبێت چونکە هەموو بەیەکەوە بەستراوان و یاسایەك ئەویتر بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە تەواو دەکات.

لێکۆڵەر بۆ گەیشتن بە راستییەکان پێویستە شارەزای بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیداری...تد هەموو ئەم بوارانە بێت، تاوەکو بتوانێ لەگەڵ بارودۆخی هەر رووداوێك بەم تایبەتمەندییە کاری لەسەر بکات، بەو واتایەی لێکۆڵەر پێویستە ژێر خانێکی یاسایی و رۆشنبیری فراوانی هەبێت و هەموو کاتێك کەسایەتی و بیر و بۆچوونی ئەو کاریگەری لەسەر تاکەکان هەبێت نەك کۆمەڵگە لە سادەترین شت کاریگەری تێبکات ئەمەش وای لێدەکات لە راستییەکان دوور بکەوێتەوە و نەتوانێ بە کارەکەی خۆی هەڵبستێت.

## ٥- هێزی بیر و زوو وەرگرتن:

لێکۆڵەر بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو لایەنەکانی تاوانەکە لە نێو مێشکیدا جێگەی بۆ بکاتەوە و لە چۆنیەتی رووداني تاوانەکە نزیك بێتەوە دەبێ پانتایی بیری فراوان بێت و هەموو شتێ لە مێشکیدا جێبکاتەوە و هەر شتێ پەیوەندی بە تاوانەکە هەبێت فەرامۆشی نەکات، لە کاتی وەرگرتنی وتەی لایەنەکانی نێو پەڕاوی تاوانەکە لە هەواڵدەر و دادخواز و گومانلێکراو و تاوانبار و شاهێدەکانی سەلماندن و رەتکردنەوە و بەرگری ئاگاداری شێوازی قسەکردنیان بێت و هەموو بیر و هۆشی لایان بێت، لە کاتی وەرگرتنی وتەکانیان هیچ قسە و لایەنێك فەرامۆش نەکات و هەمووی بەهەند وەربگرێ هەر زانیارییەکی نوێ کەوتە بەردەستی راستەوخۆ و بێ دواکەوتن کاری لەسەر بکات و ئاگاداری ئەو پرسیارانە بێت  کە ئاراستەی لایەنەکانی تاوانی دەکات و لێکۆڵەر نابێ پرسیار بەم شێوەیە بکات و بە تۆمەتبار بڵێت ئەم تاوانەت چۆن بە تەنیا ئەنجامدا ؟ یان چۆن کوشتت ؟ چونکە لەوانەیە بە تەنیا نەبێت و تاوانباری تری لەگەڵدا بووبێت بەمە وا لە تاوانبار دەکات نەڵێ کەسی ترم لە گەڵدایە، بۆیە لێکۆڵەر لە پرسیارکردن دەبێ زۆر وردبین و ئاگادار بێت، نەك هەر ئاگاداری پرسیار بێت، بەڵکو دەبێ ئاگاداری  وشە و پیتەکانی دەرچوو لە دەمی بێت.

## ٦- جوڵە و چالاکی:

لێکۆڵەر لە دوای وەرگرتنی زانیاری لەسەر تاوان لە لایەن هەواڵدەر یان دادخواز راستەوخۆ ئەگەر پێویست بوو دەبێ بچێتە شوێنی رووداو، جوڵە و چالاکی لێکۆڵەر لەگەڵ ستاف و گرۆپی پێویست و شارەزا، هۆکارێك دەبێت بۆ خێرا گەیشتن بە شوێنی رووداوی تاوان، ئینجا لەم شوێنە رێکار و رێساکانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەگرێتە بەر بەوەی هیچ کەسێك شوێنەکە بە جێنەهێڵی و مۆبایل و تەلەفۆن بەرکارنەهێنێن و هەموو بەڵگەکان ئەو کەل و پەلانەی لە تاوانەکە بەرکارهاتوون هەڵیانبگرێتەوە و شوێنی پەنجەمۆر و هەموو شوێنەوارێکی خوێن و تالەمو و لیکی دەرچووی نێو دەم و سپێرمی پیاو وێنەگرتنی شوێنەکە و پشکنینی تەواوی شوێنی رووداوەکە هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ رێگرتن لە بزربوون و فەوتانی بەڵگەکانی تاوان، لەبەر ئەوە پێویستە لێکۆڵەر چالاك بێت و لە کارەکەی تەمبەڵ نەبێت هەر لە شوێنی خۆی چاوەرێی بەڵگە بکات بۆی بێتە بەردەمی بەڵکو لێکۆڵەری سەرکەوتوو دەبێ خۆی بۆ بەڵگەی تاوانەکان بچێت و بە دوایان بگەرێت و بیاندۆزێتەوە.

## ٧- ئارامی و دانبەخۆداگرتن:

کاری لێکۆڵینەوە لە تاوان ئارامی پێویستە بۆ ئەوەی لێکۆڵەر هەموو لایەنەکان ببینێ و هیچی بەسەردا تێپەڕ نەبێت، چونکە لەوانەیە بەهۆی نائارامی و دانبەخۆدانەگرتنی نەتوانێ رووداوەکە هەموو رومالٚ بکات، گەر ئارام نەبێت لەوانەیە زۆر بەڵگەی ورد هەیە نەیان بینێ یان لەبەر پەلەکردنی بیفەوتێنێت، لە هەمان کاتدا پێویستە لێکۆڵەر دانبەخۆداگرتنی هەبێت زوو هەڵنەچێت، چونکە زۆر تاوانباری فێڵباز و لێزان لە تاوانکاری هەیە ئەگەر لێکۆڵەر زیرەك نەبێت فێڵی لێدەکات و پێویستە لێکۆڵینەوە لە مەودای یاسایی چەندەی کات بوێت لێکۆڵەر کاتی بۆ تەرخان بکات و بەسەر و سەلیقە بێت و بێزار نەبێت لەوەی کاتی زۆر بەسەر چووە و نەیتوانیوە تاوانەکە ئاشکرا بکات بەڵکو دەبێ هەر لە دوای بێت تا ئاشکرا کردنی تاوانباران.

## ٨-بێ لایەنی و پاراستنی نهێنی:

لێکۆڵەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی نابێ لایەنگری هیچ لایەنێکی ڕووداوەکە بێت، بەڵکو پێویستە وەکو خۆی ڕووداوەکە پەردەی لەسەر لابدات و لایەنە شاراوەکانی ئاشکرا بکات و کاریگەری سیاسی و کۆمەلاَیەتی و ئابووری نابێ کاربکاتە سەر کارەکانی لێکۆڵینەوە و پێوێستە بێلایەنانە تەنیا لە چوارچێوەی یاسا کارەکانی لێکۆڵینەوە راپەڕێنێت بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ئاکامێکی راستی تاوانەکە لە هەمان کاتدا لێکۆڵەر لە کاتی لێکۆڵینەوە زانیاری زۆری دەستدەکەوێت لەوانەیە ئەم زانیارایانە تایبەت و کەسی بێت و نابێ پەردەی لەسە ر لابدات و ئەوەی بیگاتێ بۆی باس بکات، ئەمە زەرەری بۆ کارەکەی و ئاکامی لێکۆڵینەوە دەبێت.

## ٩- هاریکاری و کاری بە گرۆپ:

لێکۆڵەر دەبێ ڕێز لەوانە بگرێت کە کاری پشکنینی شانۆی تاوان و کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکانی تاوانی لەگەڵدا ئەنجامدەدەن و پێویستە بزانێ کە لێکۆڵینەوە لە تاوان بەتەنیا نابێ و ناتوانێ بگاتە هیچ ئاکامێك و گەڕەکە باوەڕی بە کاری بە کۆمەڵ هەبێت و ڕێز لە کاری هاوکارانی بگرێت، درك بەوە بکات لێکۆڵینەوە تەنیا بەرکاری ئەو تەواو ناگاتە دوا قۆناغەکانی، بەڵکو کاری هەموو گرۆپەکانی لێکۆلینەوە هۆکار دەبێت بۆ ڕووناك کردنەوەی لایەنە تاریك و شاراوەکانی تاوان و هەموو پێکڕا دەبنە هۆکاری ئاشکراکردنی تاوانباران و بەسزا گەیاندنیان.

## ١٠- داد پەروەری و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ:

لێکۆڵەر پێویستە دادپەروەر بێت هیچ کاتێك لە کاتی لێکۆڵینەوە بەهۆی ڕق و کینە یان هەر هۆیەکی تر هەوڵنەدات کەسێك تاوانبار بکات و هەموو بەڵگەکان لار بکاتەوە و بیخاتە سەرکەسێك کە لەوانەیە بێتاوان بێت، پێویستە کار بەو بنەمایە بکات ( تۆمەتبار بێتاوانە تا تاوانەکەی لەسەر دەچەسپێ) ئەمە دادپەروەرییە لەبەر ئەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی کاری لێکۆڵەر، گەیشتنە بە دادپەروەی و نابێ پێشێلی ئەو بنەمایە گرنگە بکات، هەروەك چۆن ئەم کارەی دەیکات بۆ

گەڕاندنەوەی مافە نەك پێشێلکردنی، بۆیە پێویستە بە هەمان شێوە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرێت بەمەش کارەکەی جوانتر دەبێت و دەکەوێتە خانەی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی دادپەروەری. "٦" .

## بەشی چوارەم : پێداویستییەکانی لێکۆڵەر

بەهۆی گرنگی و وردی و هەستیاری کاری لێکۆڵەر، لە کاتی ڕوودانی تاوانێك کە بە خێرایی دەچێتە شانۆی تاوان بۆ ئەوەی بەڵگەکان هەڵبگرێتەوە و بیانپارێزێ لە فەوتان، گرنگە لێکۆڵەر کۆمەڵێك پێداویستی و کەلوپەلی لەبەر دەستدا بێت لەوانە:

### ١- ئامێرەکانی هەڵگرتن و گواستنەوەی بەڵگەکان:

ئەو ئامێرانە بۆ هەڵگرتنەوە و پارێزگاریکردنی بەڵگەکانە، بۆنمونە کیسەی نایلۆن و کاغەز بە قەبارەی جیاواز بەهۆی جیاوازی قەبارەی بەڵگەکان وە لولەی بە قەپاغی تاقیگە و سندوقی لەو جۆرەی هەڵگرتنی بەڵگە و کارتۆنی مقەبا و پلاستیك و بزمار و فلچەی بە تووکی نەرم و داو و لەزگەی ڕوون و مۆری فەرمانگە و کاغەزی نووسین و قەڵەم و کاربۆن و دەمبوس و پەڕاوێکی بچوك بۆ تۆمارکردنی تێبینییەکان، هەموویان گرنگن لە ناو هەگبە و جانتای لێکۆڵەر هەبن و لەبەر دەستیان بێت لەو کاتەی پێویستی پێیان دەبێت ڕاستەوخۆ بە کاریان دەهێنێت.

### ٢-ئامێرەکانی کۆکردنەوەی بەڵگەکان:

یەدەی ئاسن و مشار و هەڵگرەوە و مقەس و چەکۆکی بچوك و پاودەرەکانی بە دیارخستنی شوێنەواری پەنجەمۆر، ئەمانە لە بەردەستی لێکۆڵەردا دەبن بەهۆیانەوە دەتوانێ هەموو بەڵگەکان دیاریبکات و هەڵیانبگرێتەوە و لێناگەڕێ شوێنەواریان ون بێت.

## ٣-ئامێرەکانی گەڕان و پشکنین:

ئەمانەش بریتین لە رووناك کەرەوە و هاوێنەی گەورەکردن و شریت و راستە، بۆ ئەوەی شوێنە تاریکەکان بەڵگەی لیٚ هەڵبگیرێتەوە و بەشریت شوێنی تاوان دەور بدات بۆ ئەوەی نەهێڵێت کەس بێتە شانۆی تاوان و هەروەها راستەش بۆ پێوانی بەڵگەکان بەرکار دەهێنرێت.




(کۆمەڵێك ئامێر و پێداویستی لێکۆڵینەوە)

## ٤-ئامێری وێنەگرتن و هێڵکاری :

لێکۆڵەر پێویستە بە شێوەیەکی زانستی داوا لە هاوکارانی بکات وێنەی شانۆی تاوان و بەڵگەکانی تاوان بگرێت، ئەگەر کامیرای فۆتۆگرافی لانەبوو پێویستە هەندیٚ هێڵکاری رێگا و ئۆتۆمبێل و وێنەی لەشی مرۆڤی پێبێت بۆ ئەوەی لەسەر


**وێنەکان شوێنەواری ئازار و گوللە و چەقۆ و پێکدادان یان هەر ئامێرێکی تر دەستنیشان بکات.**




**( فۆتۆگرافەری بەڵگەی تاوان لە شوێنی رووداو )**

## تاقیگەی تاوانی

| ژمارەی ڕووداو | بەروار/کات | ناوی تاوانلێکراو/گومانلێکراو |
| --- | --- | --- |
| | | |




| ناوی ئەفسەری لێکۆڵەر: | |
| --- | --- |

**( هێلکاری پشکنینی تەرمی تاوانلێکراو- نێر )**

## تاقیگەی تاوانی

| ژمارەی ڕووداو | بەروار/کات | ناوی تاوانلێکراو/گومانلێکراو |
|---|---|---|
| | | |



| ناوی ئەفسەری لێکۆڵەر: | |
|---|---|


**( هێلکاری پشکنینی تەرمی تاوانلێکراو- مێ )**

پشکنینی تەرمی تاوانلێکراو:

دۆسیە


ژمارە

رێکەوت




تێبینییەکان:

**( هێلکاری پشکنینی تەرمی تاوانلێکراو لە لەچەند لایەکەوە )**




**( هێلکاری پشکنینی ئەندامانی جەستەی تاوانلێکراو )**


پشكنینی ئۆتۆمبیل
ژماره
ڕێكەوت
دۆسیە

تێبینییەكان:

واژۆ

( هێلكاری پشكنینی لاشەی ئۆتۆمبێلی بچوك )

# بەشی پێنجەم : زانیاری و کەسایەتی لێکۆڵەر

لێکۆڵەر کارەکەی جگە لەو هەموو پێداویستییەی باسمان کرد، لێی دەخوازێ سوود لە زانیاری و شارەزایی کەسانی پسپۆڕ وەربگرێت، هەمووی بکاتە ئەزموون بۆ خۆی ئەمە وای لێدەکات لە کارەکەی شارەزا بێت هەر شتێ بێتە پێشی لە کاتی لێکۆڵینەوە بتوانێ مامەڵەی لە گەڵدا بکات و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

لێکۆڵەر پێویستە زۆر خۆی ماندوو بکات تا زانیارییەکانی تەواو دەبێت و پێویستە زانیاری لەسەر یاساکان بە گشتی و یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی و یاسای سزاکان هەبێت و زانیاری باشی لەسەر پزیشکی دادوەری هەبێت و هەروەها لە شێوازەکانی تاوان و چۆنیەتی ئەنجامدان و زانیاری لەسەر تاوانباران هەبێت کە بە چ شێوەیەك تاوانەکانیان ئەنجامدەدەن؟ کێن ئەوانەی پەنا بۆ تاوان دەبەن؟، بوونی زانیاری لەسەر زانستی دەروونی تاوانکاری هۆکارێك دەبێت بۆ ناسینی کەسایەتی و چۆنیەتی بیرکردنەوەی تاوانبار و ئەو هۆکارانەی پاڵی پێوە دەنێت تا تاوانەکەی ئەنجامبدات.

لێکۆڵەر شارەزایی فریاگوزاری سەرەتایی پێویستە و رۆشنبیری و زۆر خوێندنەوە وای لێدەکات بە ئاسانی لایەنەکانی تاوان بناسێت و ئەگەر زمانی جیاجیاش بزانێ هاوکار دەبێت لەو کاتەی پێویستی بە وەرگێڕ دەبێت بە خێرایی دەست نەکەوت و پێویست بوو خۆی دەتوانێ باشتر لە لایەنەکانی داوا بکات هەموو ئەم زانیارییانە ئاسانکاری لە کاری لێکۆڵەر دەکەن تا بە زووترین کات بگاتە راستی روودانی تاوانەکان.

بۆ ئەوەی کاری لێکۆڵەر بە رێرەوێکی دروست و تەواو بڕوات نابێ هۆکاری سۆزی و دەروونی لایەنەکانی داوا کاریگەر بن لەسەر کەسایەتی و هەندێ تاوان هەیە رای گشتی لەسەر دروست دەبێت شەقام و خەڵکەکە داوای ئەو شتانە لە لێکۆڵەر دەکەن کە ئارامی بە دڵ و دەروونیان ببەخشێت، یان کەسایەتی لایەنەکانی تاوان یان بەهۆی نزیکی و خزمایەتی لەگەڵیان ئەمانە هەموو نابێ تۆزقاڵێك

كاریگەرییان لەسەر كەسایەتی و بیركردنەوە و كاری لێكۆڵینەوەی لێكۆڵەر هەبێت، لەبەر ئەوەی كاری لێكۆڵینەوە بە یاسا رێكخراوە و هەر دەبێ لەچوارچێوەی رێگەدان و دانانی كاری لێكۆڵەر بەپێی یاسا كارەكانی خۆی ئەنجامبدات، لەبەر ئەوە لێكۆڵەر پێویستە هیچ فاكتەرێكی دەرەكی و دەروونی كاری لەسەر نەبێت بەم جۆرە كاری لێكۆڵەر دروست و راست دەبێت، بەمەش سەروەری یاسا دەپارێزێ و دادی كۆمەڵایەتی فەراهەم دەكات و ئەركەكانی وەكو لێكۆڵەر بەجێدەگەنێت.

# بەشی شەشەم: لێكۆڵینەوە

هەموو زانستە مرۆڤایەتییەكان هۆكارێكن بۆ گەیشتن بە راستی دیاردەكان و رووداوەكان و لایەنەكان لە دیدگای زانستییەوە شرۆڤە دەكەن، بۆ ئەوەی خزمەتی مرۆڤایەتی بكات، لێكۆڵینەوەش زانستێكە وەكو زانستەكانی تر بنەما و رێسای خۆی هەیە .

**لێكۆڵینەوە لە رووی زمانەوانی و زاراوەیی:** گەڕانە بەدوای راستی شتەكان، بریتییە لە كۆمەڵێك رێكار و شێوازی یاسایی كە لێكۆڵەر دەیانگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە راستییەكان"٧" هەروەها لێكۆڵینەوە ئەو رێگا یاساییەیە ئەو كەسەی پێی هەڵدەستێ كە یاسا رایسپاردووە بۆ كاری لێكۆڵینەوە لە رووداوێك بۆ كۆكردنەوەی بەڵگەكان بۆ چەسپاندنی راستی روودانی تاوانەكە و چۆنیەتی روودانی و زانینی ئەوانەی ئەنجامیانداوە و رەوانەكردنی تاوانباران بۆ دادگای تایبەتمەند بۆ دادگاییكردن و سزادانیان"٨"

دەستپێكی لێكۆڵینەوە لە رێگەی ئاگاداركردنەوە و هەواڵدان لە لایەن هەواڵدەرەوە لەسەر تاوانێك دەستپێدەكات، كاری لێكۆڵینەوە گەڕانە بە دوای بەڵگە و تاوانباران، لێكۆڵەر هەموو هەوڵێكی دەخاتەگەڕ لە پێناو ئاشكراكردنی تاوانباران و گەیشتن بە راستی رووداوی تاوانەكە، ئەمەش تەنیا بە زانیاری و زانینی یاسا و

ڕێساکان نابێت بەڵکو ئەزموون و شارەزایی و لێزانی لێکۆڵەر لە کارەکانی و ئەو زانیارییانەی لای گەلاڵە دەبن هۆکاری ئاشکراکردنی تاوانەکانن بۆ گەیشتن بەو دەرەنجامە پێویستە لێکۆڵەر لە کارەکەی و هەموو لایەنەکانی ڕووداوی تاوانەکە زۆر قوڵبێتەوە"٩"

لەم شرۆڤەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی لێکۆڵینەوە بەشێکە لە زانستی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری و لایەنی تیۆری هەیە کە کۆمەڵێك بنەمای گشتی و تایبەتی هەیە و لایەنی ڕێکاری لێکۆڵینەوە بەشە گرنگەکەیەتی کە بە شێوازی زانستی جێبەجێدەکرێت، لەپاڵ لایەنە هونەرییەکە لە ئاشکراکردنی هەموو لایەنەکانی تاوانەکە و گەیشتن بە ئاکامی کۆتایی لێکۆلێنەوەکە کێ ئەنجامدەری تاوانەکەیە و هۆکاری ئەنجامدانی لە کوێ و لە سەر کێ و لە چ کاتێك بووە؟ و چەند کەس تاوانەکەیان کردووە؟.

لەبەر ئەوە وردترین پێناسەی لێکۆڵینەوە: "کۆمەڵێك ڕێکاری پشت بەستوو بەڕێسا و ڕێچکەی زانستی و هونەرییە، ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێ لەلایەن یاساوە ڕێگەی پێدراوە، لە چوارچێوەی یاسا لێکۆڵینەوەی بارودۆخی تاوانەکە دەکات لێزانی و شارەزایی هۆکارێك دەبێت بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکە زانینی ئەو کەسانەی تاوانەکەیان ئەنجامداوە بۆ سزادانیان بەپێی یاسا. "٩"

# بەشی حەوتەم : ئارمانجی لێکۆڵینەوە

بابەتی لێکۆلێنەوەی تاوانکاری دەرخستنی ڕێگاکان و ڕێکارەکانە کە دەبنە هۆی دیاریکردنی ڕاستی ڕوودانی تاوانەکە و چۆنیەتی ڕوودانی و ئاشکراکردنی ئەنجامدەرانی و پێوەرگرتنی هەریەکەی تاوانباران لەو تاوانکارییە کردوویەتی بۆ دیاریکردنی پلەی بەرپرسیارییەتی و بەشداری هەریەکەیان لە تاوانەکە"١٠"

سروشتی یاسایی ئەم ڕێکارانە یاسای ڕێوشوێنی دادگاییەکانی سزایی ڕێکیخستووە و هەموو کارەکانی لێکۆڵەری لە قۆناغی لێکۆڵینەوە دیاریکردووە، بە لادان لەم یاسا و ڕێساییانە لێکۆڵینەوەکە پووچەڵ دەبێت و هیچ بنچینەیەکی

**یاسایی نابێت لە لایەن دادگاوە وەرناگیری و وا هەژمار دەکرێت کە نەکراوە بەپێی بنەمای (دروست بوو لەسەر بنەمای پووچەڵ، پووچەڵە)، بۆ نمونە کرداری پشکنینی ماڵ دەبێ لە لایەن دادوەر بڕیار پێ دەرچێت و پشکنینەکە بە ئامادەبوونی خاوەن ماڵ و موختار و دوو شاهێد ئەنجامبدرێت نەبوونی یەکێکیان کردارەکە ناتەواو دەکات، لەباری هونەریش پێویستە هەموو هەنگاوەکان دروست بن بەپێی بنەمای یاسایی و هونەری تەواو بن ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەو کەسانەی لێکۆڵەرن و کاری لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدەن، ئەم کارە پێویستی بەو کەسانە هەیە کە زانیاری و شارەزاییان لە کارەکە هەیە و لێکۆڵەر بەهۆی هەستیاری کارەکەی نابێ هیچ شتێك فەراموش بکات هەموو لایەنەکان پێویستە بخوێنێتەوە و بە هەندیان وەربگرێت لەبەر ئەوە چەندەی لێکۆڵەر زانا و هوشیار بێت، هێندە لایەنی هونەری کاری لێکۆڵینەوەکە دەرەئجامی باش بە دەستەوە دەدات"١١".**

**لەبەرە ئەوە دەتوانین بڵێین ئارمانجی لێکۆڵینەوە بریتییە لە:**

### ١- سەلماندنی رووداني تـاوان:

**لێرەدا گرنگترین شت لە کاری لێکۆڵەر دڵنیابوونیەتی لە بوونی تاوانێك واتا لێکۆڵەر هەوڵی دۆزینەوەی لاشەی تاوان دەدات بۆ نمونە (لاشەی تاوان لە دزینی پارە و کەل و پەلی دزراوە، لە تاوانی کوشتن لاشەی کوژراوە) کە دۆزییەوە بۆی روون دەبێتەوە کە کەسێك یان سامانێك کاری تاوانی لەسەر ئەنجامدراوە، بەلاّم ئەگەر لێکۆڵەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لاشەی تاوانی نەدۆزیەوە، ئەوە مانای ئەوە نییە تاوانەکە ئەنجامنەدراوە، لەبەر ئەوەی زۆر تاوانبار هەیە لاشەی تاوان لەسەرکراو دەشارێتەوە بۆ ئەوەی گومانی لێکۆڵەر لەسەر خۆی لابەرێت و دووریخاتەوە. تاوانبار هەیە بە مەبەستی دزی کەسێك دەکوژێ تەرمی کوژراوەکە دەشارێتەوە، بەلاّم بە هەواڵدان لەسەر رووداني تاوانێك لە لایەن هەواڵدەرەوە، لێکۆڵەر ئەگەر لاشەی تاوان لەسەرکراوی نەدۆزییەوە هەوڵی دۆزینەوەی بەڵگەی ماددی دیکە دەدات بۆ چەسپاندن سەلماندنی رووداني تاوانەکە."١٢"**

## ٢- چۆنیەتی ڕوودانی تاوان:

دوای ڕوونكردنەوە و سەلماندنی ڕوودانی تاوانەكە هەنگاوی دڵنیابوون لە شێواز و چۆنیەتی ڕوودانی تاوانەكە زۆر گرنگە بۆ چەسپاندنی تاوان لەسەر تاوانبار یان بە پێچەوانە لەبەر ئەوەی "تاوانبار بێتاوانە تا تاوانەكەی لەسەر دەچەسپێ و دەسەلمێندرێ".

ڕێگەی ئەنجامدانی تاوان لە لایەن تاونبارەوە بە ڕێچكەی تایبەت زۆر جار دەبێتە هۆكاری ناسینەوەی تاوانبار یان تاوانبار هەیە جگە لە ڕێگەیەكی تایبەت ناتوانێ ڕێگەی تر بەركار بهێنێ بۆ تاوانەكەی، یان تاوانبار هەیە خۆی شێوازێكی تایبەت لە ئەنجامدانی تاوان بە كاردەهێنێ یان هەر خۆی شوێنەوارێك بەجێدەهێڵی، كە دەبێتە ناسینەوە و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەكە و هەندێ جار سیفەت و پیشەی تاوانبار لە ئەنجامدانی تاوانەكە وادەكات لێكۆڵەر بەهۆی ناسینی پیشەی تاوانبار دەتوانێ چۆنیەتی ڕوودانی تاوانەكە ڕاڤە بكات و ئەنجامی لێكۆڵینەوە بە ئاشكراكردنی تاوانبار تەواو بكات. "١٣"

## ٣- هۆكاری ڕوودانی تاوان:

ئەنجامدانی تاوان بە هۆكارێكەوە دەبێت، زۆر هۆكار هەیە وا لە تاوانبار دەكات تاوانەكەی ئەنجامبدات، تاوانبار هەیە بە مەبەستی دزینی كەلوپەل یان بەدەستهێنانی پارە، تاوانەكەی ئەنجادەدات یان بۆ تۆڵەسەندنەوە یان بەهۆی شەڕ و ناكۆكییەكان یان بۆ كاری سێكسی یان لە ژێر ناوی شووشتنەوەی ئابڕوو تاوانەكە ئەنجادەدرێت، هۆكاری ئەنجامدانی تاوان لە كۆمەڵگەیەك یان دەڤەرێك و ناوچەیەك جیاوازە، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم هۆكارانە دەگۆڕن، لەبەر ئەوە زانینی هۆكاری ڕوودانی تاوانەكە زۆر ئاسانكاری بۆ لێكۆڵەر دەكات تا بگاتە ڕاستی ڕوودان و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەكە لە لایەن تاوانبارەوە"١٤" .

"١" المرشد العلمي للمحقق ، اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي (صفحه ١٢)
"٢" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي – طبعة بغداد ١٩٨١ (صفحة ١٧ )
"٣" علم التحقيق الجنائي الحديث ، بين النظريات والتطبيق تأليف:الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحة ١٧) و الموسوعة في التحقيق الجنائي العملي – محمد انور عاشور رئيس محكمة جنايات القاهرة سابقا الطبعة الثانية– القاهرة ١٩٧٩ (صفحة ١٧).
"٤" قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم ٢٣ لسنة ١٩٧١ وتعديلاته.
"٥" عبدالحميد رويدار ورياض داود ، التحقيق الجنائي الحديث ، الجزء الثاني (صفحة ٤)
"٦" علم التحقيق الجنائي الحديث ، بين النظريات والتطبيق تأليف:الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحه ١٨ سەرچاوەی پێشوو)، التحقيق الجنائي العملي ، بغداد ١٩٥٧ (صفحة ١٩ ) عبداللطيف احمد ، المرشد المحقق ، فؤاد ابو الخير وابراهيم غازي ، دمشق ١٩٦٩ ( صفحة ٢٢٨) ، معين المحقق العدلي ، اعداد فرات حمود راضي ( صفحة ١٠).
" ٧" اصول التحقيق الجنائي ، احسان الناصري بغداد ١٩٤١ ( صفحة ٤).
"٨" معين المحقق العدلي ، اعداد فرات حمود راضي ( صفحة ٦) ، اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي طبعة بغداد ١٩٨١ (صفحة ١١ ).
"٩" علم التحقيق الجنائي الحديث ، بين النظريات و التطبيق تأليف:الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحة١٢–١٣).
"١٠" التحقيق الجنائي ، احمد عبدالمجيد القسم العلمي ( صفحة ١٨).
"١١" علم التحقيق الجنائي الحديث ، بين النظريات و التطبيق تأليف: الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحة ١٥).
"١٢" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي طبعة بغداد– ١٩٨١ (صفحة ١٣ ).
"١٣" محمود حسن، التحقيق الجنائي العملي والفني الطبعة الاولى ١٩١٣.
"١٤" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي طبعة بغداد ١٩٨١ (صفحة ١٤ ).

# فەسڵی دووەم :
# بەڵگەی تاوان و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی

بەشی یەکەم : پێناسەی تاوان.

بەشی دووەم : جۆر و کۆڵەگەکانی تاوان.

بەشی سێیەم : بەڵگەی تاوان و جۆرەکانی بەڵگە .

بەشی چوارەم : لێکۆلینەوەی سەرەتایی .

بەشی پێنجەم : رێگاکانی ئاشکراکردنی تاوان.

# بەشی یەکەم : پێناسەی تاوان

تاوان دیاردەیەکی مەترسیدارە بەرۆکی هەموو کۆمەڵگە و وڵاتانی گرتووە، هەر لە دەستپێکی مرۆڤایەتییەوە تاوەکو ئەمڕۆ بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ڕێگرتن و کەمکردنەوەی تاوان دەدرێت بە دەرکردنی یاسای جۆراوجۆر و کاری پێشگیری ڕێگەی لێدەگیرێت، بەڵام هەر بوونی هەیە و زەرەر بەکیان و پێکهاتەی خێزان دەدات و پەشێوی لە وڵات دەنێتەوە.

هەندێ لە یاساکان پێناسەی تاوانیان نەکردووە، بەڵام هەر کارێکی تاوانکاری لە لایەن یاسادانەرەوە سزایەکی بۆ دانراوە بەو واتایەی هەر تاوانەی بار و کەتواری خۆی هەیە و پێناسەیەك بۆ هەموو ئەوانە مانای تەواوی تاوان ناپێکی، لەو یاسایانەی پێناسەی تاوانیان نەکردووە یاسای سزایی عێراقی و میسری و ئیتاڵی و فەڕەنسی و لوبنانی و لیبیا وکوێت و ئوردن و سودان، بە پێچەوانە هەندێ یاسا هەڵساون بە پێناسەکردن و ناساندنی تاوان وەکو یاسای سزایی ئیسپانی و بۆلۆنی و سویسری و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو"١"

تاوان ئەگەر پێناسەی نەبێت لە یاسای سزایی، بەڵام دەتوانین تێگەیشتن بە دەستبهێنین لە بنچینەکانی تاوان و لەگەڵ ئەوەش هەندێك پێناسەی تاوان دەکەن بەوەی ( هەر کردارێکی نەخوازراوە، لە لایەن کەسێکی بەرپرسیار دەردەچێت و یاسا ئەو کردارەی باسکردووە و سزایەکی بۆ داناوە) "٢"

لەبەر ئەوە زۆربەی یاساکانی جیهان لەسەر ئەوە کۆکن تاوان ڕەفتار و کردارێکی تاوانکارییە و ئەم جۆرە کردارانەش لە لایەن یاسا بە تاوان هەژمارکراوە و لەهەمان کاتدا قەدەغە و یاساغی کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین تاوان کردارێکە یاسا بەهۆی دانانی سزاوە ڕێگەی لێگرتووە و لە کاتی پێشێلکردنی ئەنجامدەرەکەی سزا دەدات، بەو واتایەی تاوان کردارێکی قێزەوەنی نەویستراوە لە ژێر کایە و سیستەمی دەوڵەت قەدەغەکراوە، بە جۆرەها شێواز پێشی لێدەگیرێ و هەوڵی نەهێشتن یان کەمکردنەوەی دەدرێت و یاساش فاکتەری

**سەرەکی پاراستنی گیان و سامانی هاووڵاتییانە و هەر بە یاسا دەتوانرێ سنوورێك بۆ تاوانباران دابنرێ تا دووربکەنەوە لە تاوان و ئەنجامینەدەن.**



**(وێنەی تۆمەتبارێك لە کاتی هەوڵدان بۆ شکاندنی دەرگای ماڵێك)**

# بەشی دووەم : جۆر و كۆڵەگەكانی تاوان

## بەندی یەكەم: جۆرەكانی تاوان

هەروەك چۆن پێناسەی تاوان لە زۆربەی یاسا سزاییەكان نەكراوە، بەهەمان شێوە سەرەڕای بوونی تاوانی جۆراوجۆر، یاسادانەرەكان دابەشكردنی جۆری تاوانیان بە فراوانی نەكردووە كە بە راشكاوی و ئاشكرایی دەریبخات و تاوانەكان دەكەونە خانەی چ جۆرە تاوانێكی دیاریكراو، یاسای سزایی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ و هەمواركردنەكانی تەنیا لە دوو روانگە تاوانی بەدیار خستووە و جۆرەكانی دیاریكردووە لە رووی توندییەوە لە رووی سروشتی. "٣"

جۆرەكانی تاوان لە رووی توندی تاوان و كەتن و سەرپێچیكردنەوە:

١-**تاوان**: ئەو تاوانانە دەگرێتەوە كە سزاكەیان بەم شێوەییە

أ-لە سێدارەدان.

ب-بەندكردنی هەتایی.

ج-بەندكردن زیاتر لە پێنچ ساڵ تاوەكو پانزە ساڵ.

٢-**كەتن**: ئەو تاوانانە دەگرێتەوە كە سزاكەیان بەم شێوەییە

ا-گرتنی توند و سووك زیاتر لە سێ مانگ تاوەكو پێنچ ساڵ

ب- پێبژاردن

٣ – **سەرپێچیكردن**: ئەو تاوانانە دەگرێتەوە كە سزاكەیان بەم شێوەییە

ا- گرتنی سووك لە ٢٤ كاتژمێر تاوەكو سێ مانگ

ب- پێبژاردن "٤"

**لێرەدا جۆری سزاکە کە ئایا بەندکردنە یان گرتنە یان پێبژاردنە جۆری تاوانەکە دیاریدەکات و ئەم دابەشکردنەی سەرەوە زۆر لە یاسا سزاییەکان پێیان وەرگرتووە و کاری لەسەر دەکەن لەوانە یاسای سزایی فەرەنسی و سویسری و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەب و عێراق و کوردستان.**

## بەندی دووەم: جۆرەکانی تاوان لە رووی سروشتییەوە

**دابەشدەکرێت بۆ تاوانی سیاسی و ئاسایی، مەبەست لە تاوانەکانی سیاسی ئەو تاوانانەن کە دژی سیستەمی سیاسی دەوڵەت دەکرێت، چ لە دەرەوە یان ناوخۆ، لەسەر ئاستی دەرەکی پێشێلکردنی سەروەری و سەربەخۆیی دەوڵەت و لەسەر ئاستی ناوەخۆ زەرەر گەیاندنە بە دەسەلاّت و حکومەت و پێشێلکردنی مافی سیاسییەکانە و تاوانی ئاسایی ئەو تاوانانەن کە بەدەرن لە ماناى سیاسی دەکەونە خانەی تاوانی ئاسایی و نابێ تاوانی سیاسی لەگەڵ تاوانی زەرەرگەیاندن بە بەرژەوەندی دەوڵەت تێکەڵ بکەین لەبەر ئەوەی سەرپێچی کارمەندی دەزگای میری و حکومی یان وەرگرتنی بەرتیل  کە زەرەر بە بەرژەوەندی دەوڵەت دەگەیەنن و ناکەونە خانەی تاوانی سیاسی."٥"**

**تاوانی سیاسی لە یاسای سزایی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ وە هەموارکردنەکانی بەم شێوەیە هاتوو" تاوانی سیاسی ئەو تاوانەیە کە بە پاڵنەری سیاسیی لەسەر مافی سیاسیی گشتی و تاك ئەنجامدەدرێت، بەدەر لەمانە تاوانی ئاسایین" هەروەها لەم یاسایە دەڵێ ئەو تاوانانەی خوارەوە تاوانی سیاسی نین تەنانەت ئەگەر بە پاڵنەری سیاسیش ئەنجامبدرێت:**

**١-ئەو تاوانانەی بە پاڵنەری خۆیستی پیس ئەنجادەدرێت .**

**٢-ئەو تاوانانەی پێشێلی ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت دەکەن.**

**٣-تاوانی کوشتن و هەوڵدان لە کوشتن.**

**٤-تاوانی سەر ژیانی سەرۆکی وڵات.**

**٥-تاوانەکانی تیرۆریستی.**

**٦–تاوانەکانی ئابڕو و دزی و ساختە و ناپاکی دڵنیایی و فێڵ و بەرتیل و ئابڕووبردن "٦"**

**دابەشکردنی جۆرەکانی تاوان بۆ سیاسی و ئاسایی گرنگی خۆی هەیە لە رووی مامەڵەکردن لە زۆربەی وڵاتان تاوانباری سیاسی لە دیدگای دەوڵەتەکە مامەڵەی تایبەت و باشی لەگەڵدا دەکرێت و لە رووی دانەوە و گۆڕینەوەی تاوانبارانی سیاسی مامەڵەیەکی تایبەت دەکرێت و لە هەندێ یاسا و دەستوورەکانی وڵاتان هاتووە، نابێ بە هیچ شێوەیەك سیاسی داواکراو بدرێتەوە ئەو دەوڵەتەی داوای دەکاتەوە، هەروەها لە رووی هەندێ مافەوە تاوانبارانی سیاسی زۆربەی ئەو مافانەی لە تاوانبارانی تر دەسەندرێتەوە.**

## تاوان دابەشکردن و جۆری تریشی زانستی تاوانکاری هەیە لەوانە :

**١ـ تاوانی تاوانکاری ( وەکو کوشتن ودزی و ناپاکی دڵنیایی و فێڵ لاقەکردن ) هەروەك ئەم تاوانانە یاسای سزایی باسی کردووە و بۆ هەریەك لەم تاوانانە سزای داناوە.**

**٢. تاوانی مەدەنی( ئەو کردارەی مرۆڤە و زەرەر بە بەرامبەری دەگەیەنێ و لە سەریەتی قەرەبووی زەرەرەکە بکاتەوە)**

## دابەشکردنێکی تر هەیە کە تاوان بەم شێوەیە دابەش دەکات :

**١ـ تاوانی تاوانکاری**

**٢. تاوانی تەمبێکردن: ئەوەش لە هەڵەیەکی رێسای کۆمەڵەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان پیشەیەکی دیاریکراو دەبێت وەك ( کارمەندی ، دادوەری، پارێزەرایەتی، دکتۆری، قوتابی..تد) "٧"**

## بەندی سێیەم: کۆڵەگەکانی تاوان

ڕەفتاری مرۆڤ ئەو کاتە لە تێگەیشتنی یاسای سزایی بە تاوان هەژماردەکرێت کە کۆمەڵێك مەرج و بنەما هەیە دەبێ تێیدا بێتە دی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی تاوانەکە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ زۆر جار کردارێك دەکات مەبەستی تاوانی تێدانییە واتا کۆڵەگەکانی تاوان تێیدا بەرجەستە نابێت و ئەو کاتە لەسەر ئەو کردارەی سزا نادرێت، بە پێچەوانە ئەگەر ئەو بنەمایانەی تێدا بێت کە کردارەکەی بە پێی یاسا قەدەغەکراوە و پێویست دەکات ئەنجامینەدات لەبەر ئەوەی بە ئەنجامدانی یاسا سزای دەدات.

کۆڵەگەکانی تاوان یان گشتی دەبێت کە هەموو تاوانەکان لە سایەیدا دەبن یان تایبەتە کە تاوانێکی دیاریکراو دەبێت، هەر لە سایەیدا دەمینێتەوە، لەبەر ئەوە تاوان وەکو بیرۆکەیەکی یاسایی لەسەر سێ کۆڵەگە دروست دەبێت ( کۆڵەگەکانی ماددی و مەعنەوی و شەرعی) یە.

### ١- کۆڵەگەی ماددی:

ڕەفتارێکی تاوانییە، بەهۆی کردارێکەوە یاسا قەدەغەی کردووە، یان لەسەری دەکات لێی دوورکەوێتەوە "٨"

ئەم کۆڵەگەیە بەشێوە مادییە وەسروشتەکەی لە لایەن هەستەکانەوە بەرکەوتنی هەیە و کۆڵەگەی ماددی سێ پێکهاتەی هەیە:

أ- بوونی کرداری تاوانی.

ب-بوونی ئاکامی زەرەرمەند.

ج-بوونی پەیوەندی لە نێوان ڕەفتار و ئاکامەکە.

## ٢- كۆڵەگەی مەعنەوی:

هەندێك كۆڵەگەی دەروونی ناوی دەبەن و ئەم كۆڵەگەیە مەبەستی تاوانی لە لایەن مرۆڤەوە تێدایە و ئیرادەی هەیە بۆ ئەنجامدانی كردارەكە و بۆی دەچێت و تاوانەكە ئەنجامدەدات، لەبەر ئەوە ئەم كۆڵەگەیە كۆمەڵێك بنەمای هەیە لە كردارەكەی مرۆڤ كە مەبەستی تاوانی تێدایە و ئیرادە و هەڵبژاردن لە لایەن مرۆڤەكە كە خۆی بە ویستی خۆی ئەم كردارە تاوانییە هەڵدەبژێری و دەزانێ كردارەكە تاوانە و سزای لەسەرە، درك كردن و زانینی ئەو كردارە و جیاكردنەوەی لە كردارەكانی تر، ئەوەی دەیكات و بۆی دەچێت كردارێكی تاوانییە ئاكامەكەشی دەزانێ كە بە تاوانێك كۆتایی پێدێت و ئەو زانیارییانە لای كەسەكە دیارە و ئاشكرایە، لەبەر ئەوە بوونی مەبەستی تاوانكاری و ئیرادە و هەڵبژاردنی كردارەكە بە ویستی مرۆڤەكە ئەم كۆڵەگەیە تەواو دەكەن بەمەستی ئەنجامدانی تاوانێك و ئاكامەكەی بوونی تاوان و تاوانلێكراوی لێدەكەوێتەوە.

## ٣- كۆڵەگەی شەرعی :

ئەم كۆڵەگە ناڕەوایی كردارەكەیە و هەر تاوانێك بە كارێكی ناڕەوا و رێگە پێنەدراو دەكرێت كە یاسا قەدەغەی كردووە، لێرەدا یاسا ئەم كردارە دەخاتە خانەی تاوان و لە بەرامبەردا سزای بۆ داناوە، ئەم كۆڵەگەیە پێویستە دوو بنەمای تێدا بێتەدی یەكەمیان ئەو كردارەی تاوانبار دەیكات رێگە پێنەدراوە و نابێ بیكات و دووەمیان كردارەكە بە پێی یاسا قەدەغەكراوە و یاسا خستویەتیە ئەو خانەیەی لە كاتی ئەنجامدانی كەسەكە سزا دەدرێت و بەمەش كۆڵەگەی شەرعی تاوان تەواو دەبێت بۆ گەیشتن بەو ئاكامەی كردارە ناڕەواكە تەواوكەی كۆڵەگەكانی تر دەبێت بۆ ناونانی كرداری كەسەكە بە تاوان و ئەویش سیفەتی تاوانباری دەخرێتە پاڵ و بە هۆیەوە بەپێی یاسای سزایی سزا دەدرێت."٩"

# بەشی سێیەم : بەڵگەی تاوان و جۆرەکانی بەڵگە

## بەندی یەکەم: بەڵگەی تاوان

بەڵگەی تاوان هۆکارێکی گرنگە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری لە رێگەی ئامادەکردنی بەڵگەکان و هەڵگرتنەوە و پاراستنیان و پاشان گواستنەوەیان بۆ تاقیگەکان بەڵگەی تاوان لە زانستی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری وەکو بەڵگەی سەلماندن و بەڵگەی رەتکردنەوە بەرکار دەهێنرێت، بۆیە زانستی بەڵگەی تاوان هاوکاری لایەنەکانی لێکۆڵینەوە لە دەستەی لێکۆڵینەر و دادوەری لێکۆڵینەوە و داوکاری گشتی و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە و پۆلیسەکان دەکات و ئاسانکاری زۆریان بۆ دەکات لە پێناو گەیشتن بە چەسپاندنی راستی رووداني تاوان و ئەو کەسانەی تاوانەکەیان ئەنجامداوە، لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان هەوڵدەدات بەڵگەکان وەکو خۆیان بمێنێتەوە بە ئەنجامدانی رێکاری دروست تاوەکو بەڵگەکان نەفەوتێن تێکەڵاو نەبن تا بتوانرێ پارێزگاری لە بەڵگەکانی تاوان بکرێت، ئەو کەسانەی نزیکن لە تاوانەکە یان ئەوانەی لە شوێنی تاوان کاری هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان دەکات و بەڵگەی تاوان هاوکاری لایەنەکانی لێکۆلینەوە دەکات لە رووی پێشینەی تۆمەتبار، کە پێشتر تاوانی کردووە یان بە پێچەوانە ئەوەش سوودی ئەوەی دەبێت ئەو کەسانەی پێشینەیان هەیە زیاتر ئەگەری ئەنجامدانی تاوانەکەیان لێدەکرێت، ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو کەسەی پێشینەی نەبێت تاوان نەکات، بەڵام ئەگەر چەند گومانلێکراوێك هەبن ئەوەی پێشینەی تاوانی هەیە لە لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ریزبەندی یەکەم ئینجا گومانلێکراوەکانی دیکە.

بەڵگەی تاوان دەتوانێ لە رێگەی هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان و پشکنین و شیکردنەوەیان پەردە لەسەر تاوانەکان لابدات بەهۆی هەڵگرتنەوەی پەنچەمۆری تاوانباران و شوێنەواری پێ و ئامێر و چەك و ئەو بەڵگانەی بە چاو دەبینرێن یان ئەوانەی بە چاو نابینرێن، ئەوەش وادەکات بەڵگەی تاوان لە ماوەیەکی کورتدا بەهۆی ئەو ئامێرە پێشکەوتوانەی لە پشکنین شیکردنەوەی بەڵگەکان بەرکاریدەهێنێت و کاری لێکۆڵینەوە بەرەو پێش ببات و، بیگەیەنێتە قۆناغەکانی

**کۆتایی و ئەمەش هاوکاری راستەوخۆی دادگاکان و لێکۆڵەرەوەکانە و کار ئاسانیان بۆ دەکات بۆ بزرنەبوونی راستی تاوانەکان. لە دونیای ئەمڕۆش چەندەی شێوازی نوێی تاوان لە لایەن تاوانبارانەوە پەیڕەو دەکرێت، لە بەرامبەردا بەڵگەی تاوان شێواز و ئامێری نوێ بە دەست دەهێنێت بۆ رێکخستنی بەڵگەکان و ئامادەکردنیان بۆ دادگا. لێرەدا نابێ رۆڵی شارەزیان و رۆڵی پزیشکی دادوەریش لە یادبکەین کە ئەوانیش لەگەڵ کارمەندانی بەڵگەی تاوان هاوکاری لایەنەکانی لێکۆڵینەوە دەکەن بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکان و راپۆرتەکانیان لەسەر لاشەی تاوانبار گەلێك لە راستییەکانی تاوانەکە بۆ لێکۆڵەر دەردەخات و روونی دەکاتەوە تاوانەکە چۆن و بەچی ئەنجامدراوە.**

**دەگەینە ئەو ئاکامەی بەڵگەی تاوان: بریتیە لە (کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان بە شێوەیەکی زانستی و شیکردنەوە و رێکخستن و ئامادەکردنیان بۆ سەلماندنی تاوانەکە و گەیشت بە راستی رووداوەکە و ئاشکراکردنی تاوانباران).**

**لە پێناسەیەکی تری بەڵگەی تاوان (هەڵگرتنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەکانە لە شانۆی تاوان).**

**پسپۆڕ و شارەزایانی بەڵگەی تاوان لە کاتی روودانی هەر تاوانێك بەزووترین کات دەگەنە شوێنی روودانی تاوانەکە و لە شانۆی تاوان لەگەڵ لێکۆڵەر و پسپۆڕ و وێنەگر و ئەفسەرانی لێکلۆلێنەوە کاری لێکۆڵینەوە تەواو دەکەن و گرنگترین هەنگاو لە کارەکەیان زوو گەیشتنیانە بە شوێنی تاوان و پاراستنی شوێنەکەیە، بۆ بزرنەبووونی بەڵگەکان و ئەنجامدانی رێکار و شێوازی زانستی لە هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان وادەکات هەرچی شوێنەواری بەجێماوی تاوانبار هەیە هەڵبگیرێتەوە، بۆ ئامادەکردنیان بۆ سەلماندنی تاوانەکە و تۆمەتبارکردنی تاوانباران لە پێناو ئەنجامدانی رێکاری یاسایی لە دژی تاوانباران.**

## بەندی دووەم: جۆرەکانی بەڵگەی تاوان

بەڵگەکانی تاوان بەپێی جۆری تاوانەکان جۆراوجۆرن هەموویان پێکهاتەی سەرەکی تاوانەکەن و هەریەکەیان لایەنێکی تاوانەکە شیدەکەنەوە لەمەڕ چۆنیەتی روودانی تاوانەکە و ئەو کەسەی ئەنجامیداوە. بەڵگەی تاوان بە زۆر جۆر دابەشکراوە لە رووی بەڵگەیی یاسایی و ماددی و مەعنەوی و هونەری و شیاویی و رەوایی بۆ ئەوەی دەستەی لێکۆڵینەوە لە کارەکەیان سوودیان لێببینن، ناتوانرێ هێزی بەڵگەك لەسەر بەڵگەکانی تر دابنرێت و ریزبەندی هەیە و بەڵگە هەیە لە پێشەوەی بەڵگەکانی ترە، بەڵام هەموو بەڵگەکان تەواوکەری یەکترن هەریەکەیان ئەویتر تەواو دەکات، بۆ دروستکردنی پێشبینیەك لە مێشکی لێکۆڵەر سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە و دەستنیشانکردن و زانینی ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە بەهۆیەوە سیفەتی تاوانباری دەخرێتە پاڵ کەسەکە کە کارێکی کردووە لە دیدگای یاساوە قەدەغەیە، بە ئەنجامدانی بە تاوانبار هەژمار دەکرێ و لەسەر تاوانەکەش سزا دەدرێت، شوێنەواری ماددی بە جێماوی تاوانبار بە لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونی شوێنەواری تاوانەکان بەهۆیانەوە دەزانرێ ئەنجامدەرانی کێن؟ واتا گومانلێکراو تاوانەکەی لەسەر دەچەسپێ یان بە پێچەوانە دەبێتە هۆکاری بێتاوانی گومانلێکراو، ئەو بەڵگانەی بەجێدەمێنن لە شانۆی تاوان بریتین لە شوێنەواری پێ و پەنجە مۆرو شوێنەواری تایەی هۆکاری گواستنەوە (ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل و پایسکل و عارەبانە) و چەك و قەوان و گوللە و چەقۆ و ئامێر و شوێنەواری خوێن و سپێرم ولیك و ددان و مو و شووشە هەموو بەڵگەی تاوان بە رێکاری تایبەت هەڵدەگیرێنەوە.

لەمیانەی شیکردنەوەمان بۆ بەڵگەی تاوان دەگەینە ئەوەی بەڵگەی تاوان چەند جۆرێکی هەیە لەوانە بەڵگەی ماددی و بەڵگەی مەعنەوی، هەروەها بەڵگەی تاوان بەپێی پەیوەندی بە تاوانەکە دابەش دەبێت بۆ بەڵگەی راستەوخۆ و بەڵگەی ناڕاستەوخۆ شیکردنەوەیان بەم شێوەیە: "١٠"

## ١-بەڵگەی ڕاستەوخۆ:

ئەو بەڵگانەن بە تەنیا دەبنە هۆكاری دروستكردنی پێشبینی و زانینی ڕاستی ڕوودانی تاوانەكە، دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەكی:

### أ- بەڵگەی ماددی ڕاستەوخۆ:

ئەو بەڵگانەن كە ڕووكارێكی ماددی هەست پێكراویان هەیە و ڕاستەخۆ بەهۆیەوە دەتوانرێ كاری تاوانەكە بە تاوانبار بلكێندرێ، وەك ئەو بەڵگەیەی لە لایەن شارەزای تایبەتمەندی هەڵگرتنەوەی شوێنەواری پەنجەمۆری تاوانبار لەسەر چەقۆیەك كە تاوانەكەی پێ ئەنجامدراوە، یان دەستبەسەرداگرتنی پارەی دزرا و لەلای تاوانبارەوە، یان بوونی نامەیەكی هەڕەشە ئامێز لە گیرفانی تاوانبار.

### ب-بەڵگەی مەعنەوی ڕاستەوخۆ:

بەو جۆرە بەڵگانە دەوترێ بەڵگەی قسەكەر، لەبەر ئەوەی سەرچاوەكەی قسەی سەر زمانی مرۆڤە، لەم جۆرە بەڵگانە شاهێدی كەسێك كە بە چاو ڕووداوی تاوانەكەی دیتبێ، یان دانپێنانی تۆمەتبار بە تاوانەكەی كە ئەنجامیداوە، ئەم جۆرە بەڵگانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی تۆمەتبار بە كرداری تاوانەكە و ئەنجامدانی دەبەستێتەوە.

## ٢-بەڵگەی ناڕاستەوخۆ:

كۆمەڵێك ڕاستی ڕوودانی تاوانەكەن كە هەموویان پەیوەندییان بە تاوانەكە هەیە، ئەم بەڵگانەش دەكەونە بارودۆخی ڕووداوەكە و بە كاردەهێنرێن وەكو بەڵگەی سەلماندن، ئەوەش هۆكارێك دەبێت بۆ دەركەوتنی تێبینی و بیركردنەوە لە ناوەڕۆكەكەی دەتوانرێ چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەكە ئەنجامگیری لێبكرێت و لەهەمان كات پەیوەندی ئەو بەڵگانە بەڕووداوەكە و بەهۆیەوە دەتوانرێ كەسی ئەنجامدەر لە دوور و نزیكی تاوانە دیارییبكرێت و تاوانبارە سەرەكییەكەی پێ ئاشكرا بكرێت"١١"

ئەم بەڵگانە دابەشدەكرێنە سەر دووجۆر:

## أ-بەڵگەی ماددی ناراستەوخۆ:

ئەو جۆرە بەڵگانە رووكارێكی ماددی هەست پێكراویان هەیە، بەبوونی ئەم بەڵگانە ئاكامی لێكۆڵینەوە ئەنجامگر دەبێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنی كە تاوان بووە و ئەو بەڵگەیەی بوونی دەبێت وا لە لێكۆڵەر دەكات لە لێكۆڵینەوەكەی سەركەوتوو بێت بەرامبەر ئەو كەسەی تۆمەتبارە و تاوانەكەی كردووە، یان بە پێچەوانە ئەو كەسە تاوانەكەی نەكردووە، بە بوونی بەڵگانە ئەوە بەدیار دەكەویٚ و ئاشكرا دەبێت، لەبەر ئەوەی بەڵگەكە بوونی هەیە و ماددییە وەك بوونی پەنچەمۆری تاوانبار لەسەر مێز یان قاسە، یان بوونی شوێنەواری بە جێماوی پێی تاوانبار لە شوێنی روودانی تاوانەكە، یان دیتنەوەی ئامێری بەركارهاتوو لە تاوان لە دەست تاوانبار وە جلوبەرگی تاوانبار بە خوێنی تاوانلێكراو، ئەم جۆرە بەڵگانە راستی روودانی تاوانەكە و چۆنیەتی ئەنجامدانی و ئەوكەسەی ئەنجامیداوە لای لێكۆڵەر دیاریدەكات.

## ب-بەڵگەی مەعنەوی ناڕاستەوخۆ:

ئەم جۆرە بەڵگانە لە لایەن لێكۆڵەرەوە لە بارودۆخی رووداو و تاوانەكە وەردەگیرێت، ئەگەر لێكۆڵەر توانی بیانسەلمێنیٚ دەبنە هۆكار بۆ بەهێزكردنی بەڵگەكانی ماددی و مەعنەوی راستەوخۆ بۆ دەرخستنی راستی روودانی تاوانەكە. بۆ نمونە شاهێدی لەسەر بوونی ناكۆكی و دوژمنایەتی لە نێوان تاوانبار و تاوانلێكراو یان بەچەند رۆژێك پێش رووداوەكە كێشە و گرفت لە نێوانیان هەبووە، یان بوونی شاهێد كە بینیویەتی و گوێی لێبووە كاتیٚ تۆمەتبار هەڕەشەی كوشتنی لە تاوانلێكراو كردووە. "١٢"

## بەندی سێیەم: گرینەکان

ئەنجامگیری و دەرهێنانی پرسێکی نەزانراو لە پرسێکی زانراو و خودی خۆی کردەوەکە ناسەلمێنێ، بەڵکو دەمانباتە ئەو بارەی بە هۆیەوە زانراو دەبێت، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین گرینە ئەو ئەنجامگیریە کە یاسا و دادوەر لە زانراوە راستەکان رووداوێکی نەزانراو و نەناسراو دەسەلمێنن. گرینەکان شەرعی و ماددی و مەعنەوین و ئەو دووەی دوایی لەسەرەوە باسکرا.

**گرینەی شەرعی:** ئەو ئاکامە دیار و ئاشکرایانەیە کە یاسا یەکلایی کردۆتەوە و نابێتە رەها و بە بەڵگەی تر ناکۆکی پێناکرێت، وەك گرینەی بەرپرسیار نەبوونی منداڵی نابەرپرس لە رووی سزاییەوە.

گرینەکان لەلایەکی ترەوە دابەشدەکرێن بۆ چەند جۆرێك:

### ١-گرینەی رەها:

بەڵگەیەکە راستەوخۆ و پەیوەندیدار و خوێندراو دەبێت بۆ رووداوی تاوانەکە نمونە: دەستگیرکردنی تاوانبار لە کاتی ئەنجامدانی تاوان کە جلوبەرگ و دەستی بەخوێنە.

### ٢-گرینەی گەڕاوە:

ئەو گرینانە راستەوخۆ و پەیوەندیدارن، بەڵام زۆر زانراو نابن وەك بوونی شوێن پێی تاوانبار لە شوێنی تاوان.

### ٣-گرینەی گومان:

پەیوەندیداری دوور دەبێت و تەنیا گومانە وەك هەبوونی پێشینەی تاوانی تاوانبار و بوونی ناکۆکی لە نێوان تاوانبار و تاوانلێکراو.

## بەندی چوارەم: بەیەکەوە بەستنی بەڵگەی تاوان و رووداوەکان

بوونی بەڵگەکان و کۆکردنەوە و رێکخستنیان پاشان بە یەکەوە بەستنی ئەو بەڵگانە ئاکامی روودانی تاوانەکان لە لایەن تاوانبار لەسەر تاوانلێکراو دەچەسپێنێت، هەموو بەڵگەکان یەك لەدوای یەك راستی تاوانەکە ئاشکرا دەکەن،

هەریەك لەو بەڵگانە بەشێکی تاوانەکە دەخەنە روو، دەبنە هۆکاری دروستکردنی وێنەی روودانی تاوانەکە و ئاشکرا بوونی هەموو لایەنەکانی تاوانەکە و چۆنیەتی روودان و ئەنجامدانی لە لایەن تاوانبارەوە، هەروەها بە دیارخستنی رێژەی زەرەری تاوانلێکراو لە رووی ماددی و گیانی رووندەکاتەوە.  ئەم بە یەکبەستنەوەی بەڵگەکانی تاوان هەموو پێکهاتە و کۆڵەگە سەرەکییەکانی تاوانمان بۆ بەدیار دەخات، بۆ لێکۆڵەر روون دەبێتەوە ئەو تاوانەی روویداوە لەسەر تاوانلێکراو ئامادەکاری تاوانبار بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی. بۆ نمونە هەڵگرتنی چەك یان چەقۆ لە لایەن تاوانبار کاتێ تاوانەکە دەکات و پەنجەمۆری لەسەر چەقۆیەکە هەڵدەگیرێتەوە لەوکاتەی ئەو ئامێرە بەرکارهاتووە لە تاوان لە شوێنی یان نزیك شوێنی تاوانەکە دەدۆزرێتەوە، وەیان بوونی شاهێدی کە چەقۆکەی تاوانی پێکراوە خاوەنی راستەقینەکەی تاوانبارە و بوونی دڵۆپە خوێنی تاوانلێکراو لەسەر جلی تاوانبار و پشکنینی ئەو خوێنە لەگەڵ خوێنی سەر چەقۆیەکە کە یەك خوێنن و پێش تاوانەکە تاوانبار بینراوە کە چۆتە نووسینگەی تاوانلێکراو، بوونی شاهێد لەسەر هەڕەشەکانی تاوانبار و دەنگ بەرز کردنەوەی لەسەر تاوانلێکراو، بەیەك بەستنەوەی ئەو بەڵگانە راستی رووداوی تاوانەکە بە دیار دەخەن کە کێ تاوانەکەی ئەنجامداوە لەسەر کێ و ئەو ئامێرانەی تاوانەکەی پێ ئەنجامدراوە چییە و بۆ کێ دەگەڕێتەوە، ئەوەش وێنای تاوانەکە بە شێوەیەکی راست و دروست لای لێکۆڵەر  دروست دەکات، بە هۆیەوە لە راستی تاوانەکە دەگات دەتوانێ بەهۆیەوە تاوان ئاڕاستەی تۆمەتبار بکرێت و پێیەوە دادگایی بکرێت و بەسزای خۆی بگات "١٣"

# بەشی چوارەم : لێکۆڵینەوەی سەرەتایی

## بەندی یەکەم: قۆناغی یەکەم و سەرەتایی لێکۆڵینەوە

مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی رێکاری لێکۆڵینەوە، خێرا ئاشکراکردنی هەموو لایەنەکانی تاوان و دۆزینەوە و دەستگیرکردنی تاوانبارنە بۆ پاراستنی تاکەکان و کۆمەڵگە بە گشتی، قۆناغی لێکۆڵینەوەی یەکەم و سەرەتایی گرنگی تایبەتی هەیە، لەم قۆناغە هەموو هۆکارەکان و بەڵگەکان ولایەنەکانی داوا بە زووترین کات مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو تاوانەی ئەنجامدراوە شوێنەوار و بەڵگەکانی بزرنەبن و لە قۆناغی یەکەم و سەرەتایی لێکۆڵینەوە کە ئەندامانی رێکخستنی دادوەری پێی هەڵدەستن وبریتین لە:

١-ئەفسەرانی پۆلیس و ئەو کەسانەی رێگەپێدراون لە بنکەکان.

٢-موختاری گەڕەك و گوند و لە پێڕاگەیاندنیان لە تاوان و دەستبەسەرکردنی تاوانبار و ئەو کەسانەی پێویستە پارێزگارییان لێبکرێت.

٣-بەڕێوەبەری بنکەی ئاسنینی شەمەندەفەر هاوکاران و رێپێدراوان بەرپرسی بەندەری دەریا و رێپیشاندەری بەلەم و هاوکارانی لەو تاوانانەی لەناو ئەم شوێنانە ئەنجامدەدرێن.

٤-بەڕێوەبەری فەرمانگە و بەرژەوەندی میری یان دەزگای فەرمی و نیمچە فەرمی لەو تاوانانەی لەم شوێنانە ئەنجامدەدرێن.

٥-ئەو کەسانەی بە بەرژەوەندی گشتیی راسپێردراون کە دەسەڵاتی پشکنین لە تاوان و ئەنجامدانی رێکارەکانی لێکۆڵینەوەیان پێدراوە لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی یاسا بۆی دیاریکردوون.

ئەرکەکانی ئەندامانی رێکخستنی دادوەری پشکنینە لە تاوان و گەڕانە بە دوای ئەنجامدەری و کۆکردنەوەی زانیاری و وەرگرتنی هەواڵی بوونی تاوان لە شوێنێك کە بە پێی یاسا بۆیان دیاریکراوە، ئەو کاتەی ئەندامانی رێکخستنی دادوەری هەواڵ یان سکاڵا راستەوخۆ پێیان دەگات، دەست بە رێکاری وەرگرتنی زانیاری و کۆکردنەوەی بەڵگەکان دەکەن و لە کۆنووسێك هەمووی رێك دەخەن و ناو و

**واژۆی خۆی لەسەر دەبێت و لەگەڵ واژۆی ئەو کەسانەی لە شوێنەکە ئامادە بوون و لەگەڵ تۆمارکردنی کاتی رووداوەکە و هەموو بەڵگەکانی تاوان کە لە شوێنی رووداني تاوانەکە دەستیان دەکەوێت و پاشان راستەوخۆ و بیَ دواکەوتن بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر رەوانەی دەکەن، ئەندامانی رێکخستنی دادوەری گویَ لەو کەسانە دەگرن کە شاهێدن و زانیاریان هەیە لەسەر رووداوی تاوانەکە و بە وردی هەمووی دەنوسیَ و ئەو رێکارانەی ئەنجامیدەدات بە تەواوی لە کۆنووسەکە دەینووسێت، ئەگەر هەندێکی نەنووسی تەنیا بەگوتن و زار بوو ئەوکاتە لە لایەن دادگاوە وەردەگیریَ ، لە بنەچەدا پێویستە ئەندامی رێکخستنی دادوەری هەموو ئەو رێکارانەی ئەنجامیدەدات پێویست لە کۆنووسەکە بینۆسی و واژۆی خۆی و ئامادەبووانی لەسەر بێت بەلاّم کە نەینووسیَ رێکارەکانی پووچەڵ نابێتەوە و وەکو بەڵگەش وەرناگیریَ و ئەگەر یەکێك لە شاهێدەکان واژۆی نەکرد قسەکانی پووچەڵ نابێت، بەڵکو لێرەدا پێویستە هۆکارەکەی بنووسرێت کە بۆچی ئەو شاهێدە لەسەر وتەکانی واژۆی نەکردووە. "١٤"**

**دەستپێکی لێکۆلێنەوە بەوە لێکدەدرێتەوە ئەو رێکارانەی ئەنجامدەدرێت لە لایەن ئەو کەسانەی دەسەلاّتی لێکۆڵینەوەیان بەپێی یاسا پیَ سپێردراوە لە کۆکردنەوەو رێکخستنی بەڵگەکانی تاوان بۆ راستی رووداني تاوانەکە و دەستگرتن بەسەر هەموو بەڵگەکان ئەو قۆناغە بە کلیلی کردنەوەی گرێکانی ئاشکراکردنی تاوان هەژمار دەکرێت و ئەو قۆناغە دادوەری لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەر لە ژێر سەرپەرشتی ئەوان هەموو رێکارەکان ئەنجامدەدرێت لە دوای ئەوەی لە قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوە لە لایەن ئەندامانی رێکخستنی دادوەری ئەنجامدەدرێت، واتا لە دوای قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوە قۆناغێکی تر کە قۆناغی سەرەتاییە دەسپێدەکات لە ژێر سەرپەرشتی و بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت.**

**قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پێش رەوانەکردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوەیە بۆ دادگای تایبەتمەندی تاوان و کەتن و سەرپێچیکردن بۆ دادگاییکردن و بەسزا**

گەیاندنی تاوانباران، لەبەر ئەوە ئەم قۆناغە جگە لەوەی زۆر گرنگە و هەوڵ ماندووبوونی زۆری پێویستە و لە لایەن لێکۆڵەر بە کۆمەڵێك ڕێکار و ڕێسای تایبەت ڕێکخراوە لە لایەن یاساوە بۆ ئەوەی ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە یاسایی و بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچێت، ئەو ڕێکارانەی قۆناغی لێکۆڵینەوە دەکات نابێ هەر کەسەی لە شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بێت یان بگاتە شوێنەکە دەست بە لێکۆڵینەوە بکات، بەڵکو لایەنی ڕێگە پێدراو بەپێی یاسا کاری لێکۆڵینەوە دەکات و ئەو ڕێکارانەی قۆناغی لێکۆڵینەوە دەنووسرێتەوە و بەڵگەکان بە دروستی هەڵدەگیرێ و ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێ، هەروەها کارەکە بە ئاشکرایی لایەنی دادوەری دەکرێت لەگەڵ پاراستنی زانیاری نهێنییەکان ئاشکرانەکردنیان، تەنیا بۆ لایەنی دادوەری کە پێویستی پێ دەبێت ئەوەش بە بڕیاری دادوەر دەبێت.

بەم شیکردنەوەمان بۆ  قۆناغەکانی یەکەم و سەرەتایی لێکۆڵینەوە دەتوانین لەم سێ قۆناغە چڕیان بکەینەوە:

## ١-قۆناغی هەواڵ گەیشتن و لێکۆڵینەوەی یەکەمی:

لەم قۆناغە هەواڵدەر هەواڵی ڕوودانی تاوان دەگەێنێتە لایەنی پەیوەندیدار یان بە سەردانی بە زار یان بە نووسین یان بە ڕێگای تەلەفۆن و مۆبایل زانیاری لەسەر تاوانەکە لە هەواڵدەر وەردەگیرێ و کۆنووسی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە دەکرێتەوە دەست بە لێکۆڵینەوە دەکرێت، هەواڵدەر ئەگەر هەواڵی بەدرۆ و زانیاری چەواشەکارانەی دایە لایەنی پەیوەندیدار ئەوە لەسەر ئەو کردارەی سزا دەدرێت و مەرجە کەسی هەواڵدەر لە پەڕاوی لێکۆڵینەوە ناوی بهێندرێت و لە هەندێ تاوان هەواڵدەر پێویستە زانیاری بدات و هەواڵەکە بگەیەنێتە ئەو لایەنانەی بەو پرسانەوە پەیوەندیدارن.

## ٢-قۆناغی كۆكردنەوەی بەڵگە

ئەو قۆناغە دوای گەیشتنی هەواڵی روودانی تاوانەكە دەستپێدەكات و خێرا چوونی لێكۆڵەر بۆ شوێنی روودانی تاوانەكە، زۆر پێویستەو لێكۆڵەر لە شانۆی تاوان هەڵدەستێ بپشكنێ و كۆكردنەوەی هەموو بەڵگەكان و پارێزگاریكردن لەو بەڵگانە و رەوانەكردنیان بۆ بەڵگەی تاوان.

## ٣-رێكارەكانی دژ بە تۆمەتبار

ئەم قۆناغە پێویست دەكات شاهێدەكان و لایەنەكانە تاوان بانگ بكرێن و وتەكانیان وەربگیرێ بۆ تێگەیشتن لە بەڵگەكان و دەستگیركردنی تۆمەتبار پێش ئەوەی رابكات و هەندێ جار پێویست دەكات، بۆ باش بەڕێوەچوونی لێكۆڵینەوە یان بوونی ترس لە هەڵاتن یان بەهۆی نادیاری شوێن تۆمەتبار دەستگیر بكرێت و بڕیاری راگرتنی لە لایەن دادوەری لێكۆڵینەوە بۆ دەربچێت، ئەم رێكارانە هەمووی لە یاسای بنەماكانی دادگاییكردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١و هەمواركردنەكانی، رێكخراوە و بە رێگاكانی ئامادەكردن و راگرتنی تۆمەتبار ناوزەدكراوە، لە داواكردن بۆ ئامادەبوون و دەستگیركردنی تۆمەتبار و راگرتن و تۆمەتباراكردن و ئازادكردن، یان گڵدانەوەی سامانی تۆمەتبار هەموو ئەو رێكارانە لە قۆناغی لێكۆڵینەوە بە بڕیاری دادوەری لێكۆڵینەوە لە دژی تۆمەتبار ئەنجامدەرێت بە مەبەستی دۆزینەوەی تۆمەتباری راستەقینە كە تاوانەكەی ئەنجامداوە ئینجا یەك تۆمەتبار بێت یان زیاتر. "١٥"

## بەندی دووەم: بنچینەكانی لێكۆڵینەوە

مەبەست لە بنچینەكانی لێكۆڵینەوە بریتییە لەو خاڵانەی لێكۆڵەر دەیكاتە دەستپێكی كاری لێكۆڵینەوەی لە تاوان بۆ گەیشتن بە راستییەكان و دۆزینەوەی تۆمەتباران، لەبەر ئەوەی هەر تاوانێك كات و شوێنی هەیە، بە شێوەیەك و بە هۆكارێك یان زیاتر ئەنجامدەدرێت، كاری لێكۆڵەر لەو رێكارانەی ئەنجامیدەدات بە كۆمەڵێك مەبەستە:

١-چەسپاندنی روودانی تاوان.
٢-شوێنی روودانی تاوان.
٣-کاتی روودانی تاوان.
٤-چۆنیەتی روودانی تاوانەکە.
٥-هۆکاری روودانی تاوانەکە.
٦-بارودۆخی روودانی تاوان.
٧-بوونی کۆڵەگانی تاوان لە روودانی تاوانەکە.
٨-دۆزینەوەی تۆمەتباران "١٦"

## بەشی پێنجەم : رێگاکانی ئاشکراکردنی تاوان

سەرهەڵدانی تاوان لە دەستپێکی مرۆڤایەتی بووە ئەو کاتەی قابیل تاشە بەردێك لە کەللەی سەری هابیلی براکەی دەدا و دەیکوژێ، بۆ ئەوەی شوێنەواری کوشتنەکەی نەهێڵی بینی باڵندەیەك هاوچەشنێکی مردووی خستە ژێر گڵەوە، قابیلیش ئەمەی بینی و ئەویش زەوی هەڵکەند و هابیلی خستە ژێر خۆڵەوە، لەم دەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە هەموو کونجێکی ئەم جیهانە بە شێوازی جۆراوجۆر تاوان ئەنجامدەدرێت و سەرەڕای دەرچوونی یاسا و رێسای توند دەرهەق بە تۆمەتباران و گرتنە بەری شێوازی نوێ لە لایەن لێکۆڵەر بۆ ئاشکراکردنی تۆمەتباران، بەڵام تاوان هەرگیز بنبڕ ناکرێ و تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. لەگەڵ پەیدابوونی شێوازی هەمەچەشنی تاوان لە بەرامبەریدا شێوازی لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ و نوێی هەمە جۆر پەیدابووە بۆ ئاشکراکردنی تۆمەتباران و ئامادەکردنیان لە بەردەم یاسا وسزادانیان لە دادگان بۆ پاراستنی گیان وسامانی هاووڵاتییان.

### بەندی یەکەم: تۆمەتبار و تاوانلێکراو

یاساکانی جیهان لەسەر ئەوە کۆکن تاوان رەفتار و کردارێکی تاوانکارییە و یاسا بە تاوانی هەژمارکردووە و لە هەمان کاتدا قەدەغە و یاساغی کردووە، بۆیە

دەتوانین بڵێین تاوان کردارێکە یاسا بەهۆی دانانی سزاوە رێگەی لێگرتووە و ئەنجامدەرەکەی لە کاتی پێشێلکردنی سزا دەدات.

تۆمەتبار ئەو کەسەیە بەهۆی بیرێکی تاوانکاری هەڵدەستێت کردارێکی تاوانی ئەنجامدەدات، بەهۆیەوە زەرەر و زیانی گیانی و ماددی لە کەسێك یان لایەنێك دەدات کە تاوانەکەی لە دژدا ئەنجامداوە، بەدرککردنی یان نەبوونی دەزانێ ئەو کردارەی ئەنجامیدەدات سزای لەسەرە، لەبەر ئەوە کۆمەڵێك بنەما هەن بۆ پێکهێنان و ناونانی کردارەکە بە تاوان، لەوانە کرداری تۆمەتبار لە ئەنجامدانی تاوانەکە بۆ هۆکارێکی دیاریکراو کە ئەو مەبەستییەتی و ئەوەش پەیوەندی نێوان کردارەکە و هۆکارەکە بە یەکتر دەبەستێتەوە، کە تۆمەتبار ئەم رەفتارەی ئەنجامدا، تا ئاکامێك بداتە دەست لە زیان گەیاندن بە کەسی تاوانلێکراو یا بردن و زەوتکردنی سامانی گواستراوە و نەگواستراوەی تاوانلێکراو، لە پاڵ ئەمانەش لایەنی مەعنەوی تاوانەکە هەیە، کە تۆمەتبار مەبەستییەتی و بیری ئەنجامدانی تاوانەکەی هەیە و ئەو کردارەی تۆمەتبار ئەنجامیدەدات، لە دژی تاوانلێکراو دەبێ بە یاسا قەدەغەکرا بێت و کردارێکی یاساغی بێت و نابێ لە لایەن هیچ کەسێکەوە ئەنجامبدرێت، ئەمانە هەموو پێکرا سیفەتی تاوانکاری دەدەنە ئەو کردارە، بۆیە بە تاوان هەژمار دەکرێت و یاسا لە بەرامبەر ئەنجامدەرانی بێدەنگ نابێت و تۆمەتباران بەپێی دەقەکانی نێو یاسای سزادانی دانراو سزا دەدات، بۆیە لەو کاتەدا تاوانلێکراو داوای رێکاری یاسایی و گەڕاندنەوەی مافەکانی دەکات، لەبەر ئەوەی نابێت ئەو کەسەی تاوانی لە دژدا کراوە بە دەستی خۆی مافەکانی وەربگرێتەوە، چونکە بەم جۆرە شیرازە و هاوسەنگی کۆمەڵگە تێکدەچێت، بۆیە ئەو کەسە داوا لە دەوڵەت و یاسا دەکات تۆمەتباران دەستگیر بکرێن و سزابدرێن و مافیش بۆ ماف خوراوان بگەڕێندرێتەوە، لەبەر ئەوە تاوانلێکراو ئەو کەسەیە تۆمەتبار زەرەری ماددی و مەعنەوی پێگەیاندووە جگە لەوەی مافی پێشێلکردووە مافیشی خواردووە و بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مافانەی

تاوانلێکراو کە بە دادخواز ناوەزەدکراوە پەنا بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەبات بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی و سزادانی تۆمەتباران.

بە درێژایی مێژوو دەستپێکی تاوان لە جیهاندا، تۆمەتباران بە شێوازی جۆراوجۆر تاوانەکانیان ئەنجامداوە و هەوڵی خۆدزینەوە و راکردنی بەردەوام و بێوچانیان لە یاسا هەبووە، بەرامبەر ئەوەش کە تاوان جۆراوجۆر بووە رێگاکانی ئاشکراکردنیان جۆراوجۆر بووە و لێکۆڵەر  بە درێژایی مێژووی تاوان هەوڵەکانیان هەمەچەشن بووە و رێگای کۆن و نوێ کە هەریەکەیان بۆ کات و شوێنی خۆی گونجاو بووە بەرکارهێنراون، بۆ ئاشکراکردنی تۆمەتباران و پەردە لادان لەسەر نهێنییەکانی تاوان و لە جیهانی ئەمڕۆشماندا رێگاکان هەمە جۆرن .

## بەندی دووەم: رێگاکانی ئاشکراکردنی تاوان

### ١- رێگای گەڕاندنەوە و دروستکردنەوەی رووداوەکە

بەهۆی ئەم رێگایەوە لێکۆڵەر هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو لایەنە بزربووانەی تاوانەکە دەدات کە لە لایەن تۆمەتبارەوە ئەنجامدراوە، ئەم رێگایە بەرکاردێت لەو کاتەی تۆمەتبار درۆ دەکات و هەندێ شتی نێو تاوانەکە دەشارێتەوە و هەوڵدەدات راستی رووداوەکە لە لێکۆڵەر بزر بکات و بەلاڕێیدا بەرێت لە رێگایەکی تر گوزەر بە لێکۆڵەر بکات تا لە راستی رووداوەکەی دووربخاتەوە، ئەمەش هەوڵدانێکە بۆ چەواشەکردنی لێکۆڵەر تا بیرو بۆچوون و شك و گومان لە تۆمەتباری راستەقینە نەکات و لێی دووركەوێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لێکۆڵەر زۆر زیرەکانە مامەلە لەگەڵ ئەم جۆرە تۆمەتبارانە بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەوڵەکانی تۆمەتبار بۆ بزربوونی راستی تاوانەکە.

لەم رێگەدا لێکۆڵەر بەهۆی رەوانی گێڕانەوەی تاوانەکە لە لایەن تۆمەتبارەوە درك بەوە دەکات تۆمەتبار پێشتر دایناوە چی بڵێت تا لێکۆڵەر لە خشتە ببات بەسەریدا سەرکەوێ، لەبەر ئەوە رەوانی لە قسەکردن و گێڕانەوە ئەوە دەسەلمێنی تۆمەتبار پێشتر نەخشەڕێژی بۆ تاوانەکەی کردووە و دایناوە لە بەردەم لێکۆڵەر

چی بڵێت، لەهەمان کاتدا گۆڕانی شێوازی قسەکردنی تۆمەتبار لە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی قسەکانی گۆڕینی ئاوازی قسەکردنی، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی لەشێوەی دەم و چاوی دەیکات، هەموو دەبنە هۆکار تا لێکۆڵەر بە دوای راستییەکان بگەڕێ لەوە دڵنیا دەبێت کە تۆمەتبار بە بەرنامەیەکی پێشوەختە دەیەوێ راستییەکانی تاوانەکە لە لێکۆڵەر بشارێتەوە، بۆ ئەوەی هەڵیخەڵەتێنێت، لێرەدا زیرەکی لێکۆڵەر دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەموو نەخشە داڕێژراوەکانی تۆمەتبار پووچەڵبکاتەوە و راستی تاوانەکە ئاشکرا بکات.

## ٢- رێگەی ئەنجامگیری

تاوان بەجۆرەها شێواز لە لایەن تۆمەتبارانەوە دەکرێت، تاوان هەیە لە لایەن لێکۆڵەر زۆر بە ئاسانی بەهۆی روونی و دیاری تاوانەکە و دەستکەوتنی بەڵگەکان و دەستگیرکردنی تۆمەتبار ئاشکرا دەبێت، بەڵام هەندێ تاوان هەیە ئاڵۆزە و نادیارە و بەڵگە بە زەحمەت دەست لێکۆڵەر دەکەوێت و تۆمەتباریش نادیارە و هەڵاتووە و نەناسراوە، لەم جۆرە تاوانانە تۆمەتبار تاوانەکە زۆر زیرەك و لێزانانە ئەنجامدەدات و بە نەخشەیەکی بەهێز کە زۆر ئەستەم دەبێت، لێکۆڵەر تاوانەکەی بۆ ئاشکرا بێت، زۆربەی ئەم جۆرە تاوانانە لە لایەن تۆمەتباری خاوەن پێشینە و بە ئەزموون لە تاوانکاری ئەنجامدەدرێت، بۆیە ئاشکراکردنی تاوانەکە و دەستگیرکردنی تۆمەتبار زۆر ئەستەمە و لێکۆڵەر لەگەڵ ئەم جۆرە تاوانانە زۆر ماندوو دەبێت و کاتی زۆری پێویستە بۆ ئاشکراکردنی ئەم جۆرە تاوانە شاراوانە، ئاشکراکردنی ئەو جۆرە تاوانە ئاڵۆز و بزرانە دەوەستێتە سەر ئیرادەی بەهێزی لێکۆڵەر و لێزانی و ئەزموونی پێشووی دەبنە هۆکاری ئاشکراکردنی تۆمەتباران، بەو واتایەی لێکۆڵەر پێشتر کاری لەسەر ئاشکراکردنی ئەم جۆرە تاوانانە کردووە و لێی دەزانێ و شارەزایی لەو ئاستەدا دایە کە بتوانێ مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەم جۆرە تاوانە شاردراو ئاڵۆزانە بکات.

بۆ نمونە دزییەك دەکرێت لە شوێنی دزییەکە پەنجەمۆری رەش یان پەڵەی رەش بە شوێنەکەیەوە یان بوونی ماددەی گریس و بەسەر دیوارەوە بێت لێرەدا لێکۆڵەر

بیری بۆ ئەوە دەچێت کە کەسێك هەر بە بەرگی کارەوە لەوانەیە کاری چاککەرەوەی ئۆتۆمبێل یان کاری روون گۆڕی بکات یان ئاسنگەرە ئەوەش ئەنجامگرییە لە لایەن لێکۆڵەر لەوانەیە ببێتە هۆکارێك بۆ ئاشکراکردنی تۆمەتباران.

## ٣- رێگای خوێندنەوە

ئەم رێگایە بۆ ئاشکراکردنی زۆر لە تاوانەکان بەرکاردەهێنرێت و لێرەدا ئەزموونی زۆری لێکۆڵەر رۆڵ دەبینێت لە ئاشکراکردنی تۆمەتباران، تەنانەت ئەگەر رووداوەکە ئاڵۆز و شاراوەش بێت و تۆمەتباریش هەلاتوو بێت، بەڵام ئەزموونەکانی لێکۆڵەر زانیارییەکی زۆری لەسەر شێوازی زۆربەی تاوان و تۆمەتبارەکان لا دروست کردووە، بۆ نمونە تۆمەتبار هەیە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی شوێنەوارێکی تایبەت بەجێدێڵێ، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ناسینەوەی تۆمەتبارەکە یان رێچکەی ئەنجامدانی تۆمەتبار زانراوە کەبەرێچکەیەکی تایبەت بەخۆی تاوانەکە ئەنجامدەدات.

بۆ نمونە تۆمەتبار هەیە لەهەر دزییەك بیکات لە نێو فێنککەرەوە هەرچی دەست بکەوێت دەیخوات، ئەمە چەند جارێك بگیرێ بەم شێوەیە لە پاش تەواوکردنی حوکمەکەی هەر تاوانێ لەم جۆرە بکاتەوە دەناسرێتەوە، یان تۆمەتبار کارێك دەکات لە شوێنی تاوان بە هۆیەوە ئەنجامگیری لێکۆڵەر دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی تۆمەتباری راستەقینە.

## ٤-رێگای دوورخستنەوە

ئەم رێگایە بەهۆی تاوتوێکردنی شێواز و جۆر و سیفەتی ئەو کەسانەی تاوانەکەی ئەنجامداوە یان گومانیان لێدەکرێت، لەم رێگەیە هەموو لایەنەکانی تاوانەکە شرۆڤە دەکرێت لە لایەن لێکۆڵەرەوە، ئەو بەڵگە ماددییانەی کە تاوانەکەی پێ ئەنجامدراوە، ئایا لە راستیدا وایە یان تۆمەتبار بۆ دوورخستنەوەی گومانی لێکۆڵەر کردوونیەتی تا راستییەکانی لێبشارێتەوە و

هەموو ئەو بەڵگانە بە وردی لە لایەن لێکۆڵەر شەن و کەو دەکرێت، ئینجا لە هەموو سیفەت و خەسلەتەکانی تۆمەتباران ورد دەبێتەوە کامیان لە بەڵگەکان نزیکتر بن لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانە دەکات، ئینجا گومانلێکراوەکانی دیکە، لەبەر ئەوە لێکۆڵەر ئەو کەسانەی دەزانێ دوورن لە تاوانەکە و رێی تێناچێت ئەوانە ئەنجامیاندا بێت لە مێشکی خۆیان دووریان دەخاتەوە، بەڵام بە شێوەی کاتی ئەوە مانای ئەوە نییە بەشێوەیەکی رەها دووریان بخاتەوە، بەڵکو تەنیا ئەو گومانلێکراوانە لە سەرەتای دەستپێکی لێکۆڵینەوەی دەبن کە زیاتر رێگەی تێدەچێت تاوانەکەیان ئەنجامدابێت.

بۆنمونە قاسەیەك بە کلیل کراوەتەوە سێ گومانلێکراو هەیە کەسێکی ئاسایی و دکتۆرێك و کەسێك کە کاری دروستکردنی کلیلی جۆراوجۆرە و لەماڵی تاوانلێکراو نزیکە و دۆستایەتی لە گەڵیاندا هەیە، بۆ گەیشتن بە راستی ئەم تاوانە لە سەرەتا لێکۆڵەر بیری بۆ کەسی سێیەم کە کاری دروستکردنی کلیلە، دەچێت ئینجا ئەوانی تر. نمونەیەکی دیکە کەسێك خنکێنراوە گەنجێك و پیرێك گومانلێکراون، سەرەتا پیرەکە دوور دەخرێتەوە لێکۆڵینەوە لەسەر گەنجەکە دەکرێت لەبەر ئەوەی ئارمانجی گەنجەکە لە ژیان زیاترە و لە هەمان کاتدا لەرووی جەستەیی بەهێزترە بۆیە لێکۆڵەر لەسەرەتا یەکەمجار کار لەسەر گەنجەکە دەکات ئینجا پیرەکە.

## ٥-رێگای زانستی نوێ

ئەم رێگایە لە هەموو رێگاکانی تر سەرکەوتووترە لەبەر ئەوەی تێکەڵاوی هەموو رێگاکانی سەرەوەیە کە باسمان کرد، لێرەدا لێکۆڵەر بەپێی ئەو ئەزموون و شارەزاییەی هەیەتی هیچ رێگایەکی تایبەت ناگرێتە بەر، بەڵکو یەك لە دوای یەك کار بە هەموو رێگاکانی ئاشکراکردنی تاوان لەیەك کاتدا دەکات، سەرەتا رێگەی ئەنجامگیری دەگرێتە بەر ئینجا رێگەی خوێندنەوە پاشان رێگەی دوورخستنەوە و بەرکارهێنان و هەموو رێگاکان ئاوێزانی یەکتر دەکات، ئەمەش وا دەکات لێکۆڵەر لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت و هەموو لایەنە شاراوەکانی تاوانەکە

**ئاشکرا بکات بە شێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە و دەتوانیٚ تۆمەتباران ئاشکرا بکات.**

**بۆ نمونە: کەسێك دەکوژریٚ و تۆمەتبار دیار نییە، سەرەتا تێکەڵکردنی ڕێگاکانی ئاشکراکردنی تاوانەکە بەم جۆرە دەبێت کیٚ بەرژەوەندی لە کوشتنی کەسەکە هەیە؟ ئەنجامگیری دەکات تاوانلێکراو لەگەڵ کیٚ ناکۆکی هەیە؟ دواین تەلەفۆن و قسەکردنی بە دەنگی بەرز و جنێو و شەڕی لەگەڵ بووە، ئەو کەسە کێیە قسەی لەگەڵ کردووە، یان تاوانلێکراو پەیوەندی گوماناوی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و کەسێکی دیاریکراو هەبووە ؟ پاشان کەس و کاری زانیویانە و هەڵساون بە کوشتنی کەسەکە، یان شوێنەواری تایبەت بەجۆرە تۆمەتبارێکی تایبەت لەشوێنەکە هەیە ؟ یان ئەو بەڵگە ماددییەی بە جێماوە هی چ پیشەیەکە یان خانەوادەی تاوانلێکراو لەگەڵ خانەوادەیەکی تر کێشەیان هەیە یان پێشتر بە شەڕ هاتوون و دوژمنکاریان لە نێواندا هەیە و لێرەدا ئەوانەی سوودیان نابیٚ بۆ لێکۆڵینەوە دەخرێنە دوایی و ئەوانەی لە پێشەوەن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکریٚ و جۆری تاوانەکە و پیشەی تۆمەتبار و خوێندنەوەی بارودۆخی ڕووداوەکە و پشکنینی شوێنی تاوان و بەرکارهێنانی ڕێگەی زانستی نویٚ ئەمانە هەمووی یەك بە دوای یەك دەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی لێکۆڵەر بگاتە ڕاستییەکان و تۆمەتباران ئاشکرا بکات و بیانداتە دادگا و بەسزای خۆیان بگەن."١٧".**

---

**"١" المبادئ العامة في قانون العقوبات تأليف الدكتور علي حسين الخلف و سلطان عبدالقادر الشاوي الطبعة الاولى رسالة – كويت**

**"٢" وانەی دادوەر گیلانی سید احمد لە ١٨-٤-٢٠٠٦ لە خولی لێکۆڵەرەوە دادوەرییەکان پێشکەشی کرد-هەولێر**

**"٣" قانون العقوبات العراقی رقم ١١١ لسنه ١٩٦٩ و تعدیلاته – اعداد القاضي سردار عزیز خوشناو اربیل ٢٠١٠**

**"٤" ماده( ٢٣-٢٧) من قانون العقوبات العراقی رقم ١١١ لسنه ١٩٦٩ وتعدیلاته – اعداد القاضي سردار عزیز خوشناو اربیل ٢٠١٠ .**

**"٥" المبادئ العامه فى قانون العقوبات تأليف الدكتور على حسين الخلف و سلطان عبدالقادر الشاوى الطبعة الاولى رساله – كويت ( صفحه ٢٩٧).**

**"٦" مادده( ٢١) من قانون العقوبات العراقى رقم ١١١ لسنه ١٩٦٩ و تعديلاته – اعداد القاضي سردار عزيز خوشناو اربيل ٢٠١٠ .**

**"٧" وانەی دادوەر گیلانی سید احمد له ١٨-٤-٢٠٠٦ له خولی لێکۆڵەرەوە دادوەرییەکان پێشکەشی کرد-هەولێر.**

**"٨" وانەی دادوەر گیلانی سید احمد له ١٨-٤-٢٠٠٦ له خولی لێکۆڵەرەوە دادوەرییەکان پێشکەشی کرد-هەولێر.**

**"٩" المبادئ العامه فى قانون العقوبات تأليف الدكتور على حسين الخلف و سلطان عبدالقادر الشاوى الطبعة الاولى رساله – كويت ( صفحه ١٣٧)**

**"١٠" المرشد العلمي للمحقق، اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي (صفحه ٢٣) .**

**"١١" علم التحقيق الجنائي الحديث، بين النظريات و التطبيق تأليف: الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحه ٤٠) .**

**"١٢" علم التحقيق الجنائي الحديث، بين النظريات و التطبيق تأليف: الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحه ٤١) .**

**"١٣" المرشد العلمي للمحقق، اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي (صفحه ٢٤).**

**"١٤" اصول المحاكمات الجزائية، الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم ابراهيم حربة الجزء الاول بغداد ٢٠٠٩ (صفحه ٩٦)**

**"١٥" بحث قانوني موجز تقدم زهير كاظم عبود الى الأكاديميه العربيه المفتوحه في الدنمارك ٢٠٠٧.**

**"١٦" الموسوعه فى التحقيق الجنائى العملى _ محمد انور عاشور رئيس محكمه جنايات القاهره سابقا الطبعة الثانية– القاهره ١٩٧٩ (صفحه ٨٤).**

**"١٧" المرشد العلمي للمحقق ،اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي(صفحه ٢٤) .**

# فەسڵی سێیەم :
# جوڵاندنی داوای سزایی

بەشی یەکەم: ئەو داوایانەی لە تاوان دروست دەبن

بەشی دووەم : داوای سزایی

بەشی سێیەم: ئامرازەکانی جوڵاندنی داوای سزایی

بەشی چوارەم: مافی جوڵاندنی داوای سزایی

بەشی پێنجەم: ئەو لایەنانەی مافی جولاندنی داوایای سزایان هەیە

بەشی شەشەم: ئەو لایەنانەی سکالاّی ئاراستە دەکرێت

بەشی حەوتەم: دۆخەکانی هەژمارکردنی تاوانی بینراو

بەشی هەشتەم: بارەکانی وەرنەگرتنی سکالاّی سزایی

بەشی نۆیەم: لێخۆشبوون لە سکالاّ

# بەشی یەکەم: ئەو داوایانەی لە تاوان دروست دەبن

تاوان بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتارێکی مەترسیداری مرۆییە و هۆکارێکە بۆ هەڕەشەکردن لە تاك و کۆمەڵگە، ئەم ڕەفتارە تاوانکارییە لە لایەن یاسادانەرەوە خراوەتە خانەی پێشێلکردنی یاسا و لە بەرامبەری سزای بۆ داناوە، بە تەنیا داڕشتنی ئەم یاسا و سزایانە نابنە ڕێگر لە هەندێ تاوان ئەگەر ڕێکاریشی لەگەڵدا نەبێت، بەڵکو بەهۆی داوای سزایی ئەم یاسایانە دەکەونە واری کرداری، لێرەدا پەیوەندی یاسا بە تاك و کۆمەڵگە دروست دەبێت لە ڕووی یاساییەوە، بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و سزادانی ئەو کەسانەی تاوان ئەنجامدەدەن کە کردارەکانیان لە دیدگای یاسا قەدەغەیە و بەرامبەر کردەوەکەیان سزا دانراوە.

سزای یاسایی دانراو لە بەردەم لایەنی فەرمی و پەیوەندیدار بە دادگاییکردن و بڕیاردان لەسەر ڕەفتارەکانی تۆمەتبار لە دادگاکان بەڕێوەدەچن و بڕیاری کۆتایی دەردەچێت بە سزادان یان بێتاوان، ئەمەش لە دوای کۆمەڵێك ریکاری یاسایی بۆ سەلماندن و ڕەتکردنەوەی داوا و کۆکردنەوەی بەڵگە و دیاریکردنی دادگای تایبەتمەند بۆ دادگاییکردن، ئینجا ئەم سزاییە یان بەندکردن و دەستبەسەرداگرتنی ئازادی تۆمەتبارە یان پێبژاردنە یان ڕێکاری پارێزییە بۆ چاككردنەوەی تۆمەتبار و پاراستنی کۆمەڵگە لە تۆمەتباران، بوونی تاوان مەترسییە لەسەر کۆمەڵگە و هۆکاری زەرەرگەیاندن بە تاکەکان ئەم زەرەرەش لەسەر ژیان و ماڵ و هەست و بەها ڕەوشتییەکانی تاك دەبێت، لەوکاتە زەرەرمەند داوای ڕێکاری یاسایی لە دژی تۆمەتبار و داوای قەرەبووکردنەوە لەم زەرەرەی ماددی و مەعنەوەییانە دەکات کە بەریکەوتووە.

تاوان هۆکارێکە بۆ دروستبوونی سکاڵا و داوای سزایی بە مەبەستی سزادانی تۆمەتبار بە ناوی گەل، ئەوەش پێی دەوترێت داوای گشتی و ئامانج تێیدا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە و دڵنیایی تاك و بە دیهێنانی ئاسایش و ئارامییە لە وڵات، لە پاڵ ئەمە داوایەکی تر دروست دەبێت لە ئاکامی کردارە تاوانکارییەکە، کە دەرهەق بە تاوانلێکراو ئەنجامدراوە، پێی دەوترێت داوای

**تایبەت کە داوای مەدەنی دەبێت و مەبەست تیایدا چاککردنەوەی زەرەرە، کە لە ئاکامی تاوانەکە هاتۆتە کایەوە، ئەوەش مانای ئەوە نییە هەموو داوایەکی مەدەنی تاوانی تێدا بەرجەستە ببێت و هەندی داوای مەدەنی هەیە کرداری تاوانی تێدا نییە و لەمبارەدا بە تاوانی سزایی هەژمار ناکرێت و داوای سزایی لە نێو داوا گشتییەکە دروست نابێت وەکو داوای نکۆڵیکردن لە رەچەڵەك یان داوای تەلاق. ئەم جۆرە داوایە دەکەونە خانەی دادبینی و یاسای باری کەسیی و مەدەنی لە کوردستان و عێراقدا."١"**

## بەشی دووەم : داوای سزایی

**داوای سزایی ئەو ئامرازیە لە رێگەیەوە دەتوانرێ سزای تۆمەتبار بدرێت، لە بەرامبەر ئەو کردارە تاوانکارییەی ئەنجامیداوە، کە بە یاسا رێگەی لێگیراوە و، بووەتە هۆی دروست بوونی نائارامی و مەترسی لەسەر تاك و بەرژەوەندی گشتیی"٢" لەبەر ئەوەی تاوانی سزایی پەیوەندی بە کاروبار و ئاسایشی کۆمەڵگە هەیە، بۆیە ناکرێ لێخۆشبوونی تێدا بکرێت تەنیا لەو بارانەی یاسا تیشکی خستۆتە سەر، بە پێچەوانەی داوای مەدەنی لەبەر ئەوەی کرداری تاوانەکە بووەتە هۆی زەرەری کەسی لەبەر ئەوە دەکرێ لێخۆشبوونی تێدا بکرێت، ئەو جۆرە داوای مەدەنییانە لە بەردەم دادگا مەدەنی بەرزدەکرێتەوە و داوای قەرەبووی زیانلێکەوتووی لە بەردەمدا دەکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو بەرزکرایەوە بەپێی رێسای (تاوانکاری دەبێتە هۆی راگرتنی مەدەنی) وە بەپێی رێسای یاسایی مەدەنی دەکەوێتە دوای تاوانکاری تا دەرچوونی بڕیار لە بەردەم داگای سزایی و ئامانجی داوای سزایی سزادانی تۆمەتبارە لە جیاتی کۆمەڵگە و لە داوای مەدەنی ئامانج چاککردنەوەی زەرەری کەسییە"٣"**

# بەشی سێیەم: ئامرازەکانی جولاندنی داوای سزایی

## ١- سکاڵا:

بەرزکردنەوە بۆ دادگاکانی سزایی بە شێوەی زارەکی یان نووسراو دەبێت و ڕاستەوخۆ دەدرێتە دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر یان بەرپرسی بنکەی پۆلیس یان هەر یەك لە ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری، ئەم سکاڵایە لە لایەن تاوانلێکراو بەرز دەکرێتەوە و پێشکەش بە دادگای سزایی دەکرێت کە لە کرداری تاوانەکە زەرەری ماددی و مەعنەوی بەرکەتووە یان سکاڵاکە لە لایەن نوێنەر یان بریکارەکەی بەرزدەکرێتەوە بەپێی یاسا، یان هەرکەسێك کە ئاگاداری ڕوودانی تاوانەکە دەبێت یان هەواڵی ڕوودانی تاوانەکە دەدرێتە داواکاری گشتی لە لایەن ئەوە دەجولێندرێ ئەگەر یاسا پێچەوانەی ئەمەی نەوتبێ، لە تاوانی بینراو دەکرێ ئەم سکاڵایە بدرێتە هەر یەك لە ئەفسەران و ڕێپێدراوانی پۆلیس.

پێشکەشکردنی سکاڵا بۆ لایەنی پەیوەندیدار و تایبەتمەند بە کێشەکە قۆناغی دەستپێکردن و جولاندنی داوایە، تاوانلێکراو کە زەرەرمەندەکەیە و لە ڕێگەی سکاڵاکەی داوای ڕێکاری یاسایی لە دژی تۆمەتبار دەکات، ئەم داواکارییە پێی دەڵێین داوای سزایی ئەگەر تەنیا بە شێوە زارەکی بێت، واتا دادخواز داواکەی تەنیا لە بواری سزایی سنوردار دەکات بە بێ مافی مەدەنی، تەنیا ئەگەر زۆر ڕاشکاوانە داوای مافی مەدەنی بکات، بەڵام ئەگەر سکاڵاکەی بەشێوە نووسراو بێت ئەوە دەگەیەنێ داوای تاوانلێکراو پێکڕا لەڕووی سزایی و مەدەنی دەبێت، تەنیا ئەگەر دادخواز خۆی نەیەوێت و ڕاشکاوانە لە بەردەم دادگا ئەوە ئاشکرا بکات لە ڕووی مەدەنییەوە داوای ڕێکاری یاسایی نەکات، لەبەر ئەوە داوا بەرزکردنەوە بەمانا گشتییەکەی سکاڵا دەگەیەنێ و بە مانا تایبەتییەکەی بانگەشە بۆ مافی مەدەنی دەگەیەنێت.

## ٢- هەواڵ :

پێڕاگەیاندنی لایەنی ڕێپێدراو بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوان و بە دواداچوونی هەواڵ وسکالاَ بەپێی یاسا، لەوانەیە لە لایەن کەسێکەوە هەواڵەکە بگاتە ئەم لایەنانە کە پەیوەندییان بە ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی لە دژی تۆمەتبار هەیە، تەنیا ئاگاداربوونیان بە ڕوودانی تاوانەکە وادەکات بە زووترین کات هەواڵی ڕوودانی تاوانەکە بگەیەنێت و لەو کاتە دەست دەکرێت بە لێکۆڵینەوە، لەبەر ئەوە هەموو داوایەکی سزایی یان بەهۆی سکالاَ یان پێگەیشتنی هەواڵ ڕێکاری لێکۆڵێنەوەی سزایی بۆ ئەنجامدەدرێت ئەگەر لەو تاوانانە نەبێت کە پێویست بە سکالاَی تاوانلێکراو بکات."٤"

## ٣- کردنەوەی کۆنووس:

بڕیاری لێکۆڵینەوە لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە دەدرێت لە سنووری ڕوودانی تاوانەکە ئەو بنکەیەی تایبەتمەندە بە ئەنجامدانی کرداری لێکۆڵینەوە دەست دەکات بە کردنەوەی کۆنووسی پەڕاوی لێکۆڵینەوە، ئەمەش یەکەم هەنگاوە تیایدا وتەی دادخواز یان هەواڵدەر دەبێتە کەرستەیەك بۆ دەستکردن بە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکان دژی تۆمەتبار و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان.

سکالاَ لە لایەن تاوانلێکراو یان بریکارەکەی پێشکەش دەکرێت، لە قۆناغی سەرەتایی و دەستپێکی لێکۆڵینەوە، یەك دادخواز کە سکالاَی بەرزرکردەوە دەست بەڕێکاری یاسایی دەکریَ تا بارەکە لەبار دەبێت و وتەی دادخوازان یان داواکارانی مافی کەسییەکانی دیکە وەردەگیریَ و لەوتەکانیان دەی چەسپێنن کەسکالایان لەدژی تۆمەتبار هەیە یان نیانە، تەنیا لە تاوانی ناپاکی هاوسەرییەتی نەبێت، ئەوا سکالاَ لە دژی بەشدرار بوو ناجولێندریَ ئەگەر سکالاَ پێشکەش نەکرا بێت لە دژی مێرد و ژن لە تاوانی ناپاکی هاوسەرییەتی.

## بەشی چوارەم: مافی جوڵاندنی داوای سزایی

مەبەست لە جوڵاندنی داوای سزایی دەستپێکردن و سکاڵا بەرزکردنەوەیە لە بەردەم لایەنی تایبەتمەند و ئەمەش بزواندن و جوڵاندنی داوای سزاییە کە لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بەرزی دەکاتەوە و ڕێگە پێدانە بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی لە لایەن لایەنەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان لە دژی تۆمەتباران.

داوای داواکاری گشتی لە دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تۆمەتبار و ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی، لە دژی بە جوڵاندنی داوای سزایی هەژمار دەکرێت یان بە داوای یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری لەو تاوانانەی پێویست بە سکاڵای دادخواز و بریکارەکەی ناکات، هەروەها پێویستی بە ڕێگەدان و ڕەزامەندی لایەنی تایبەت نەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی لە دژی تۆمەتبار. ئەوەش ڕۆڵی داواکاری گشتیی نیشاندەدات بەو ئاڕاستەیەی داواکاری گشتی نوێنەرایەتی مافی گشتیی دەکات، وەك هەموو ئەوانەی بەپێی یاسا ڕێگە پێدراون، داواکاری گشتی لە چوارچێوەی یاسا، ئەو پرسانەی مافی گشتیی تێدایە دەتوانێ لە دژی تۆمەتبار داوای ڕێکاری یاسایی بکات.

یاسادانەری عێراقی مافی داوەتە هەندێ لایەنی دیکە لە جوڵاندنی داوای یاسایی وەکو لایەنەکانی ئیدارە هەروەك لە یاسای بازرگانی عێراقی و یاسای حەوالەکردنی دەرەکی و گومرگ و ئاودێری و ڕاوی زیندەوەرەکانی ئاوی، کە دەتوانن و مافی جوڵاندن و جوڵاندنی داوای سزاییان هەیە لە بەرامبەر ئەو کەسانەی لەم بوارانە یاسا پێشێل دەکەن.

لە کاتی بینینی داوا و دادبینی لە دادگاکان هەر تاوانێك ئەنجامبدرێت لە لایەن یەکێك لە ئامادەبووانەوە، ئەوا دادگا ڕاستەوخۆ داوای سزایی لە دژی ئەو کەسە و ئەگەر تاوانەکە کەتن بوو، ئەوا ڕاستەوخۆ کۆنووس بەم مەبەستە ڕێك دەخرێت و ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی پێویست."٥"

## بەشی پێنجەم: ئەو لایەنانەی مافی جوڵاندنی داوایان هەیە

١- زەرەرمەند لە تاوان: ئەو کەسەی تاوانەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت و زەرەرمەند دەبێت لە رووی گیانی و سامان و بەرژەوەندی و ئابڕوویەوە، ئەو کەسەش دەگرێتەوە کە بانگەشەی مافی مەدەنی دەکات کە لە ئاکامی کرداری تاوانەکە لەسەر تاوانلێکراو زەرەرمەند بووە.

٢- ئەو کەسانەی بەپێی یاسا دەسەڵاتی گەڕان و پشکنینیان پێسپێردراوە وەك پۆلیسی گومرگ و هاتووچۆ.

٣- ئەندامانی رێکخستنی دادوەری: هەروەك لە ماددەی (٣٩) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە( ٢٣) ساڵی ١٩٧١ و هەموارکردنەکانی هاتووە.

٤- هەرکەسێ بە رووداني تاوانەکەی زانی.

٥-داواکاری گشتی.

٦-دادگاکان لە کاتی پێشێلکردنی رێساکانی دادبینی لە کاتی دادگاییکردنەکان. "٦" .

## بەشی شەشەم: ئەو لایەنانەی سکاڵای ئاراستە دەکرێت

لە کاتی رووداني تاوانەکان یاسا ئەو لایەنانەی دیاریکردووە کە دەتوانرێت سکاڵایان ئاراستە بکرێت، بۆ وەرگرتنی رێکاری یاسایی لە دژی تۆمەتبار و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان و رەوانەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند بە مەبەستی دادگاییکردن و سزادانیان.

ئەوەش بەرووني لە لایەن یاسادانەری عێراقی دیاریکراوە و سکاڵا ئاڕاستەی ئەو لایەنانە دەکرێت لە کاتی رووداني تاوانی نەبینراو:

١-دادوەری لێکۆڵینەوە.

٢-لێکۆڵەر .

**٣- بەرپرسی بنکەی پۆلیس.**

**٤- ئەندامانی ڕێکخستنی دادوەری."٧"**

دادوەری لێکۆڵینەوە کارەکتەری سەرەکی و بڕیاردەری ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەن و خودی خۆیان بەرکاری لێکۆڵینەوە هەڵدەستن، یان لە ڕێگەی لێکۆڵەرەوەکان یان هەر لایەنێکی ڕێگەپێدراو، بە پێیّ یاسا لە کاری لێکۆڵینەوە رایان دەسپێرێ بۆ ئەنجامدانی هەندێ لە کارەکانی لێکۆڵینەوە لە ژێر سەرپەرشتی دادوەری لێکۆڵینەوە و لە ساتە وەختی ئەم سەردەمەش دادوەری لێکۆڵینەوە دەسەلاّتێکی زۆر و فراوانی لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان هەیە، سەرپەرشتی کاری لێکۆڵەرەوەکان دەکات و بڕیاری پشکنینی شوێنی تاوان و گەڕان بەدوای بەڵگەی تاوان و راگرتنی تۆمەتبار و دەستگیرکردن و درێژکردنەوەی ماوەی بەندکردن و پەنابردنە بەر شارەزایان و یان هەر کەس و لایەنێك کە سوود بە کاری لێکۆڵینەوە دەگەیەنن بۆ دۆزینەوە و پاراستنی بەڵگەکانی تاوان و ئاشکراکردنی تۆمەتباران و بارودۆخی ڕوودانی تاوانەکە و ئەو ڕێگەیانەی تاوانەکەی پێ ئەنجامدراوە و دادوەری لێکۆڵینەوە لە ژێر سەرپەرشتی دادگای تاوانە و دەبێ ئەو بڕیارانەی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە دەیدات داواکاری گشتی لێ ئاگادار دەکاتەوە لە راگرتن و ئازادکردنی تۆمەتبار و ڕەوانەکردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دادگای تایبەتمەند و داخستنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە و ئەو بڕیارانەی پەیوەندی بە پەڕاوی لێکۆڵینەوەکە و بە چارەنووسی تۆمەتبار و هەموو ئەوانەی پەیوەندی بە مافی گشتی، هەیە لە لایەن داواکای گشتی دەبینرێ و ئەویش تێبینی و سەرنجەکانی خۆی لەسەریان بۆ دەردەخات.

لە کاتی ڕوودانی تاوانی بینراو سکاڵا ئاڕاستەی ئەو لایەنانەی خوارەوە دەکرێت:

**١- دادوەری لێکۆڵینەوە.**

**٢- لێکۆڵەر .**

**٣- بەرپرسی بنکەی پۆلیس .**

٤- ئەندامانی ڕێكخستنی دادوەری.

٥- ئەفسەری پۆلیس.

٦- ڕێپێدراوی پۆلیس.

## بەشی حەوتەم: دۆخەكانی هەژماركردنی تاوانی بینراو

یاسای بنەماكانی دادگاییكردنی سزایی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١و هەمواركردنەكانی لە ماددەی (١) برگەی (ب) هاتووە، ئەو بارانەی بە تاوانی بینراو هەژماردەكرێت و ئەوانیش لەكاتی ڕوودانی تاوانەكە یان ماوەیەكی كەم پێش ڕوودانی یان تاوانلێكراو یان هاواری خەڵك بەدوای شوێنەواری تاوان، یان تاوانلێكراو لە دوای تاوانەكەی ئامێر و چەكی بەركارهاتوو لە تاوان یان هەر بەڵگەیەكی تر نیشانەی ئەوەبوو كە تۆمەتبار تاوانەكەی كردووە یان بەشداری تاوانەكەیە بەهۆی بوونی بەڵگە و شوێنەواری تاوان لەسەر كەسی تاوانكار و بەشداربووەكانی كاری تاوانەكە.

## بەندی یەكەم: دۆخەكانی تاوانی بینراو

### ١- بینینی تاوانەكە لە كاتی ئەنجامدانی:

ئەم جۆرە تاوانانە لە كاتی ئەنجامدانی دەبینرێن بە شێوەیەكی ڕاستەقینە وەك بینینی تۆمەتبار لە كاتی لێدانی چەقۆیەك لە تاوانلێكراو، یان دز لە كاتی خەریكی هەڵگرتن و بردنی كەل وپەلی دزراوە، یان كەسێك بڕێك ماددەی هۆشبەری لە دەست دەگیرێ، تەنیا دیتن دۆخی گرتنی تۆمەتبار نییە لە كاتی ئەنجامدانی تاوانەكەی، زۆر جار دركی پێدەكرێت وەك گوێ بیستی دەنگی تەقەكردن لە تاوانی كوشتن یان بۆنكردنی ماددەی هۆشبەر و ناسینەوەی گازی خنكێنەر بە هۆی بۆنەكەیەوە، دیتنی تۆمەتبار لەم دۆخانەی دەبینرێ و دركی پێدەكرێت، كە تۆمەتبار تاوانەكەی كردووە و بینراوە دەبێت بەڵگەیەك لەسەری بە ئیرادەی خۆی تاوانی كردووە ئەو كردارەی لە دژی تاوانلێكراو ئەنجامیداوە بە پێی یاسا سزای لەسەرە و بە هۆیەوە تۆمەتبار دادگایی دەكرێت.

**٢- بینینی تاوان پاش ڕوودانی بە ماوەیەکی کەم:**

ئەو دۆخە دەکەوێتە دوای کرداری تاوانەکە بە ماوەیەکی زۆر کورت کە هێشتا شوێنەواری تاوانەکە ماوە و تۆمەتبار دەبینرێ، ئاکامی ئەو کردارە تاوانییەی کردوویەتی دیارە و هێشتا بزرنەبووە، وەك بینینی ئاگر لەو کاتەی تۆمەتبار کردوویەتییەوە یان بینینی تاوانلێکراو لەسەر زەوی بەهۆی لێدانی لە لایەن تۆمەتبار بە چەکوش خوێن لێچۆڕینی تاوانلێکراو یان ئەو کاتەی دز لە کاتی گواستنەی کەلوپەلی دزراو دەبینرێ، بەڵام کرداری دزینەکە بینراو نەبووە.

**٣-ڕاکردنی تۆمەتبار و بە دواکەتنی:**

لەو کاتەی تۆمەتبار تاوانێك ئەنجامدەدات و ڕادەکات و هەوڵی خۆ دەربازکردن دەدات، لەو کاتە تاوانلێکراو یان خەڵك بە دوای دەکەون، مەرج نییە تەنیا لە کاتی هەڵاتن بێت، بەڵکو هێما بۆ بردن و دەستنیشانکردنی بە دەست دەکەوێتە خانەی دۆخی بینراو لە کاتی ئەنجامدانی تاوان.

**٤- بینینی بەڵگەی تاوان لە دەست تۆمەتبار:**

لەو کاتەی بەڵگەی تاوان لە دەست تۆمەتبار بە کاتێکی زۆر کەم ببینرێ لە ئامێرەکانی تاوانی پێ ئەنجامدراوە یان بەڵگەن تۆمەتبار بەو ئامێرانە تاوانەکەی کردووە، لە هەندێ باردا مەرج نییە ئەو ئامێرەی دەست تۆمەتبار تاوانی پێ ئەنجامدرابێت، بەڵکو ئەوە بەسە کە ئەو ئامێرانە پەیوەندییان بە کرداری تاوانەکەوە هەیە و تۆمەتبار هەوڵی بەرکارهێنانی داوە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی.

**٥- بوونی شوێنەواری تاوان لەسەر تۆمەتبار:**

بوونی شوێنەوار و هێما لەسەر تۆمەتبار بە کاتێکی کەم بە تایبەت ئەگەر شوێنەوارەکان دەمێنن و بەڵگەی ئەوەمان دەداتە دەست کە ئەو کەسەی شوێنەوارەکەی بە سەرەوەیە، تۆمەتبارە و تاوانەکەی ئەنجامداوە، وەك بوونی برین و داڕووشان لەسەر لەشی تۆمەتبار و بوونی خوێن لەسەر لەشی یان جلوبەرگی تۆمەتبار، ئەوە دەگەیەنێ تاوانلێکراو بەرگری لە خۆی کردووە و ویستویەتی زەرەر لەسەر خۆی کەمبکاتەوە و لە دەست تۆمەتبار هەڵبێت. بەڵام

کاتەکە لە لایەن یاسادانەر دیارینەکراوە کە بوونی ئەم شوێنەوارانە لەسەر لەش و جلوبەرگی تۆمەتبار دەبێت چەند بێت، بەڵکو بوون و نوێیی ئەو بەڵگە و شوێنەوارانە بەسن کە تۆمەتبار لە دۆخی تاوانی بینراو بەڵگەکانی بەسەر دەچەسپێ. "٨"

## بەندی دووەم: ئەو تاوانانەی تەنیا بە سکاڵای تاوانلێکراو یان بەهۆی داواکاری لایەنی پەیوەندیدار یان بە ڕێپێدانی تایبەت دەجوڵێندرێن:

ئەو تاوانانە لە مادده ٣ ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە ٢٣ ی ساڵی ١٩٧١هەموارکردنەکانی هاتووە، سنووری داواکاری گشتیی و ئەوانی تری بەستۆتەوە لە بەرزکردنەوە و جوڵاندنی داوای سزایی تەنیا تاوانلێکراو یان بریکارە یاساییەکەی مافی بەرزکردنەوەی سکاڵای هەیە، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوەندەی کەسی تاوان لەسەر کراوەکە و زەرەرمەندە کۆمەڵگە تێیدا زەرەمەند نییە، هەندێ لەو تاوانانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخودی تاکەوە هەیە و لە هەندێ بار تاك بەهۆی کەسایەتی و تایبەتمەندی لە کۆمەڵگە پێویست بەوە دەکات تەنیا خۆی سەرپشك بێت لە وروژاندنی ئەو کێشەکە و بەرزکردنەوەی سکاڵا و جوڵاندنی داوای سزایی، یان ئەوەتا ئەو کەسە کێشەکە بەهۆی تایبەتمەندییەکان ناوروژێنی، ئەوەش لە بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگە نییە، بەڵکو پێویستە ئەو کەسەی تاوانی لە دژدا ئەنجامدەدرێت داوای مافی خۆی بکات و سکاڵا بەرز بکاتەوە، ئەو جۆرە تاوانانە ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر تاوانلێکراوە، بەڵام بۆ ئەوەی کۆمەڵگە تاوانی تێدا کەمبکرێتەوە پێویستە تاوانلێکراوان لە هەموو بارەکان لەو تاوانانەی ئەنجامیدەدەن بەرامبەر تاکەکان یان دەوڵەت یان کۆمەڵگە بە گشتیی سزای بدرێن و بەم شێوەیە ڕێژەی تاوان کەمدەبێتەوە.

## ئەو تاوانانەی بە سكاڵای تاوانلێكراو دەجولێندرێن:

١–ناپاكی هاوسەرییەتی و فرە ژنی ناكۆك بە یاسای باری كەسی.

٢–جنێو و ناوزڕاندن و ئاشكراكردنی نهێنی و هەڕەشەكردن و ئازار پێگەیاندن ئەگەر ئەم تاوانانە لەسەر كەسێك ئەنجام نەدرابێت كە راسپێدراوی بەرژەوەندی گشتیی بێت و لە كاتی جێبەجێكردنی ئەركانی یان بە هۆكارییەوە بێت.

٣– دزی و لاقەكردن و سپلەیی نمەكداری و فێڵبازی یان بەو هۆكارەوە شتومەكی دەستبكەوێت، ئەگەر تاوانلێكراو هاوسەری تۆمەتبار یان كەسی پشتی و لە لقەكانی خزمی بێت، كە پێویستە ئەو شتومەكانە گلدانەوەی دادوەری یان ئیداری یان بەناوی كەسێكەوە نەبێت.

٤– تێكدان و لەناوبردنی پارە تەنیا پارەی دەوڵەت نەبێت و تاوانەكە لە خانەی باری توندكردن نەبێت.

٥– بەزاندنی سنووری سامان یان چوونە ناوی یان پێدا رۆیشتن بەزەوی كشتوكاڵی و ئامادەكراو بۆ ئەم مەبەستە یان لێگەڕان بۆ ئەوەی ئاژەڵ بچێتە ناوی.

٦– تێگرتنی بەرد یان شتی تر لە هۆكاری گواستنەوە یان ماڵ یان باڵەخانە یان باخچە و شینایی.

٧–ئەو تاوانانەی بەپێی یاسا سكاڵای لەسەر بەرزناكرێتەوە و ناجەلێندرێ تەنیا بە سكاڵای زەرەرمەند نەبێت.

٨–داوای سزایی ناجولێندرێ و نابزوێندرێ لەسەر ئەو تاوانانەی لە دەرەوەی دەوڵەت روودەدات تەنیا بە رەزامەندی وەزیری داد دەبێت."٩"

یاسا دانەر هۆكاری سەرەكی بۆ جولاندنی داوای یاسایی لەو تاوانانەی سەرەوە تەنیا ئەوانەی یاسا بە دەری كردوون بۆ لەبەر یەك هەڵنەوەشانەوەی خێزان و لە كەدار نەبوونی كەسایەتی تاكەكان و مانەوەی بەهێزكاری خێزانی و ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەی لە نێوان تاكەكانی خێزان هەیە، لە هەندێ بار بۆ ئەوە دیاریكردوون تا كاروباری هاووڵاتییان ئاسان بێت و بتوانن كێشە و گرفتەكانی

**نێوان خۆیان چارەسەر بکەن، ئەگەر گرفتەکە ئاسان بوو، پێویست بەوە ناکات بگەیێندرێتە دادگا بە تایبەت لەو داوایانە پەیوەندی بە مافی تاکەوە هەیە، بەدەرە لە مافی گشتی و کۆمەڵگە.**

**هەندێ تاوان هەیە یاسا دانەر پێویستی کردووە تەنیا بە رەزامەندی لایەنی تایبەت دەبێت بۆ بەرزکردنەوە و جولاندنی داوای یاسایی لە دژی کەسێك یان لایەنێك، لەو داوایانەی رێکخستنی و بەرزەفتکردنی تێدایە، لەوانە ئەو داوایانەی لە دژی داواکاری گشتیی و دادوەرکان و ئەو تاوانانەی لە دەرەوەی کوردستان و عێراق دەکرێت دەبێ سەرووی ئەوان یان وەزیری داد رێگە بدات و بە رەزامەندی ئەو داوای سزایی دەجولێندرێت."١٠"**

## بەندی سێیەم: بوونی ژمارەیەك تاوانلێکراوان و تۆمەتباران

**ئەنجامدانی تاوان لە لایەن کەسێك یان چەند کەسێك دەکرێت و لەوانەیە تاوانلێکراو یەك کەس بێت یان چەند تاوانلێکراوێك بێت، لەو کاتانەی تاوانێك دەکرێت لە لایەن کەسێك هەموو ئامادەکارییەکانی تاوانەکە تەنیا لە لایەن ئەو کەسەوە دەکرێت کردارە تاوانکارییەکەی پێ تەواو دەبێت، یان لەوانەیە ئەو تاوانە لە لایەن چەند کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت هەر کەسەی لەو تاوانە کارێکی هەیە ئەنجامیدەدات یان تەنیا بەشدارە، بەو واتایە کاری هەموویان تەنیا تاوانەکە دەگەیەنن کە لە سەر تاوانلێکراو یان چەند تاوانلێکراوێك ئەنجامیدەدەن.**

**لەو تاوانانەی لە هەردوو برگەی ( أ و ب ) ی ماددەی (٣)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بەرکار هاتووە، ئەگەر تاوانلێکراوان لە یەك کەس زیاتر بن، واتا ژمارەیەك تاوانلێکراو بن ئەوا بەرزکردنەوەی سکاڵا لە دژی تۆمەتبارێك لە لایەن یەك دادخواز بەسە بۆ رێکاری یاسایی لە دژی هەموو تۆمەتباران، لە کاتی بوونی زیاتر لە یەك تۆمەتبار، ئەوا بەرزکردنەوی سکاڵا لە دژی یەك تۆمەتبار بەسە سکاڵاکە، کە هەموویان دەگرێتەوە و لە دژی چەند تۆمەتبارەکە دەبێت، یاسا تەنیا یەك باری لە برگە (ب) ی ماددە ٣ رێوشوێنی دادگاییەکانی سزایی بەرکار، دەرهێناوە ئەویش لە تاوانی ناپاکی هاوسەرییەتی ناکرێ بە تەنیا سکاڵا**

لە دژی بەشداریکار لەو تاوانە بەرزبکرێتەوە، ئەگەر سکالاَ لە دژی پیاوەکە یان ئافرەتەکە بەرزنەکرابێتەوە، ئەوەش بۆ پاراستنی بەها و پەیوەندی خێزانی نێوان پیاو و ئافرەتەکە و ئەندامانی خێزانەکەیە."١١"

## بەشی هەشتەم: بارەکانی وەرنەگرتنی سکالاَی سزایی

یاسا دایناوە بۆ جولاَندنی داوای سزایی پێویستە دادخواز سکالاَ بەرزبکاتەوە بۆ ئەنجامدانی رێکاری یاسایی لە دژی تۆمەتبار و ئەو سکالاَیە لە تاوانەکانی ماددەی(٣)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بەرکار، وەرناگیرێ ئەگەر (٣) مانگ بەسەریدا تێپەڕی سکالاَ لە لایەن دادخوازەوە بەرز نەکرێتەوە، ئەو سێ مانگە لەو کاتە هەژمار دەکرێت کە تاوانلێکراو لە رۆژی زانینی تاوانەکە و هەموو ئەو بارە نا ئاساییانە بەسەر بچن کە دەبنە هۆکار دادخواز نەتوانێ داوا سزاییەکەی پێشکەش بکات و بەرزیکاتەوە بۆ لایەنی تایبەتمەند بە وەرگرتنی داوای سزایی کە لە بەشەکانی پێشتر باسمان کردووە، ئەو کاتەش بۆ ئەوە دانراوە دادخواز بتوانێ هەموو ئەگەرەکان و زەرەرەکانی خۆی بزانێ و هەروەها لەو ماوەیەدا لەوانەیە هەردوو لایەن یان چەند لایەنەی داوا سزاییەکە، بگەنە رێککەوتن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن پێش ئەوەی بگاتە دادگا. ئەوەش بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکان و تێکنەچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەیە.

مافی سکالاَ پێشکەشکردن نامێنێ لە کاتێ مردنی دادخواز ئەگەر یاسا پێچەوانەی ئەوە نەڵێ، بەلاَم ئەگەر دادخواز پێش مردنی داوای سزایی پێشکەشکردبوو رێکاری یاسایی دەست پێکردبێت، ئەوە میراتگرەوەکان دەتوانن بەردەوامی بە داوا سزاییەکە تا دوا قۆناغەکانی بدەن و بەردەوام بن لە داوای مەدەنیان ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەن ماف پێش مردنی داوای سزایی و مەدەنی خۆی کردووە، تەنیا لە داوای سزایی ناپاکی هاوسەرییەتی نەبێت،

داواکە بەسەر دەچێت و مافی مەدەنی نامێنێ بە مردنی دادخواز تەنانەت ئەگەر پێش مردنیشی داواکەی پێشکەش کردبێت.

## بەشی نۆیەم: لێخۆشبوون لە سکاڵا

لەکاتی پێشکەشکردنی داوا و دەست پێکردنی رێکاری یاسایی لەو داوایانەی یاسا رێگەی داوە کە دادخواز دەتوانێ لە تۆمەتبار خۆشبێت، بەدەر لە مافی گشتیی کۆمەڵگە ئەو کاتە دادخواز لێخۆشبوونەکەی یان بە نووسین یان بەزارەکی دەداتە لایەنی تایبەتمەند، ئەو لێخۆشبوونەش یان لە مافی سزاییەکەیە یان لە مافە مەدەنییەکەیە یان لە هەردووکیانە پێکەوە، ئەوەی قسە هەڵدەگرێ و شرۆڤەکاری دەوێت لە کاتی بوونی ژمارەیەك دادخواز یان بوونی ژمارەیەك تۆمەتبار لێخۆشبوونی دادخوازێك ئەوانی تریش دەگرێتەوە؟ یان لێخۆشبوون لە یەك تۆمەتبار بۆ ئەوانی تریشە، یاسادانەر ئەم بارانەی زۆر بە روونی دیاریکردووە کە لێخۆشبوونی دادخوازێك مافی دادخوازەکانی تر هەر دەمێنێ تەنیا مافی ئەو دادخوازە نامێنێ کە لە تۆمەتبارەکە یان تۆمەتبارەکان خۆشبووە، هەروەها لێخۆشبوون لە تەنیا تۆمەتبارێك مانای ئەوەنییە دادخواز لە هەموو تۆمەتبارەکان خۆشبووە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بە هەر هۆکارێکی خزمایەتی و نزیکی یان مامەڵەی باش یان گەڕاندنەوەی ماف وا لە دادخواز بکات لە تۆمەتبارێك خۆش بێت، بەڵام لەوانی تر خۆش نەبێت.

هەندێ داوا هەیە جگە لەوەی دادخواز لە مافی سزایی خۆی خۆشدەبێت، بەڵام رێکاری یاسایی لەو داوا سزاییە هەر بەردەوام دەبێت بەهۆی بوونی مافی گشتی لەم جۆرە داوایانە، لێخۆشبوون لە لایەن دادخواز لە مافی سزایی مانای ئەوە نییە لە مافی مەدەنی خۆشبێت، بەڵام ئەگەر لە هەردوو مافی سزایی و مەدەنی خۆشبوو ئەوا لە بەردەم دادگایەکی تر ناتوانێ داوا پێشکەش بە هیچ دادگایەکی سزایی و مەدەنی بکات، ئەو لێخۆشبوونە بە نووسراو و زارەکی دەبێت فەوتانی ئەو مافە سزایی و مەدەنییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا دادگاکان سەرقاڵ نەکرێن،

**ئەمڕۆ دادخواز لە بەردەم ئەو دادگایە لە مافی مەدەنی و سزایی خۆی خۆشدەبێت و چەند جارێکی تر بچێت سکالاْ بەرزبکاتەوە، بەلاْم ئەگەر لە بەردەم دادگای سزایی لە مافی سزایی خۆی خۆشبێت بەبیْ مەدەنی ئەوا دەتوانیْ لە بەردەم دادگای مەدەنی داوای مافی مەدەنی بکات."١٢"**

---

**"١" اصول المحاكمات الجزائية الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم ابراهيم حربة ٢٠٠٩ بغداد صفحه( ٢١)**

**"٢" اصول المحاكمات الجزائية الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم ابراهيم حربة ٢٠٠٩ بغداد صفحه( ٢٣)**

**"٣" وانەی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی لە خولی بەهێزکردنی لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە ٢٠٠٦/٥/١٨ هەولێر-پێشکەشکراوە لە لایەن دادوەر: سەردار یاسین حەمەدەمین.**

**"٤" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه ( ١٩١-١٩٢)**

**"٥" قانون اصول المحاكمات الجزائيه رقم ٢٣ لسنه ١٩٧١ وتعديلاته مادده( ١٥٩)**

**"٦" وانەی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی لە خولی بەهێزکردنی لێکۆڵەرەوەی دادورەی لە ٢٠٠٦/٥/١٨ هەولێر-پێشکەشکراوە لە لایەن دادوەر:سەردار یاسین حەمەدەمین( هەمان سەرچاوەی پێشوو)**

**"٧" قانون اصول المحاكمات الجزائيه رقم ٢٣ لسنه ١٩٧١ وتعديلاته مادده( ١)**

**"٨" شرح قانون الاجراءات الجنائية تأليف الدكتور محمود محمود مصطفى ١٩٧٦ - صفحه ( ٢٢٦)**

**"٩" قانون اصول المحاكمات الجزائيه رقم ٢٣ لسنه ١٩٧١ وتعديلاته مادده( ٣)**

**"١٠" " اصول المحاكمات الجزائية الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم ابراهيم حربة ٢٠٠٩ بغداد صفحه( ٣٥) .**

**"١١" وانەی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی لە خولی بەهێزکردنی لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە ٢٠٠٦/٥/١٨ هەولێر-پێشکەشکراوە لە لایەن دادوەر:سەردار یاسین حەمەدەمین**

**"١٢" قانون اصول المحاكمات الجزائيه رقم ٢٣ لسنه ١٩٧١ وتعديلاته مادده( ٨ و٩)**

# فەسڵی چوارەم:
# لایەنەکانی داوای سزایی

**بەشی یەکەم: هەواڵدەر**

**بەشی دووەم : لێکۆڵەر و هەواڵدەر**

**بەشی سێیەم: تاوانلێکراو( دادخواز )**

**بەشی چوارەم: شاهێد**

**بەشی پێنجەم: لێپرسینەوەی تۆمەتبار**

**بەشی شەشەم: دانپێنانی تۆمەتبار**

# بەشی یەکەم: هەواڵدەر

هەواڵدەر ئەو کەسەیە زانیاری لەسەر رووداني كردارێكی تاوانكای دەگەیەنێتە لايەنی پەیوەندیدار بۆ ئەنجامدانی رێکاری یاسایی، دوای ئەوەی هەواڵ دەدرێتە لايەنی پەیوەندیدار كە تاوانێك روویداوە لە لایەن هەواڵدەر كە تاوانی لەسەر ئەنجامدراوە، لێرەدا سیفەتەكەی دەبێتە دادخواز یان ئەوەتا بینویەتی تاوانەكە لەسەر كەسێك ئەنجامدراوە لێرەدا سیفەتەكەی دەبێتە شاهێد، هەواڵدەر هەواڵەكەی یان بەنووسراو یا زارەكی دەداتە دادوەری لێكۆڵینەوە و داواكاری گشتیی یان نزیكترین بنكەی پۆلیس و نووسینگەی نەهێشتنی تاوان، بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانەی لايەتی لەسەر تاوانەكە بیگەیەنێ لەسەر راستی دروستی هەواڵەكە دەست دەكرێت بە رێكاری یاسایی، لێكۆڵینەوەی یەكەم و سەرەتایی لە تاوانەكە.

هەواڵدەر ئەو كەسەیە كە لەگەڵ روودان و ئاگاداربوونی لە تاوانەكە راستەوخۆ هەوڵی ئەوە دەدات لایەنی تایبەتمەند بە لێكۆڵینەوە ئاگادار بكاتەوە، زانیاری لە سەر رووداوی تاوانەكە پێیان بدات، جگە لە وانەی باسمان كرد چەند جۆرێكی تری هەواڵدەر هەیە كە راستەوخۆ كاریان كۆكردنەوەی زانیاری و گەیاندنیەتی بەو لایەنەی لای كار دەكەن و هەواڵەكانیان دەگەیەننە ئەفسەرانی لێكۆڵینەوە و لێكۆڵەر و بنكەكانی پۆلیس و نووسنگەكانی نەهێشتنی تاوان، ئەو هەواڵدەرانە چەند جۆرێكن:

### ١- هەواڵدەری هەمیشەیی:

ئەو كەسانەن كە كاریان كۆكردنەوە و گەیاندنی زانیارییە لەو كاتەی روودانی تاوانێك دەبینن یان ئەوەتا پێیان رادەسپێردرێت كە زانیاری كۆبكەنەوە بەرامبەر ئەوە بە هەمیشەیی تا لەو كارەكەدا بن مانگانە مووچەیان خۆیان وەردەگرن.

### ٢- هەواڵدەری كاتی :

ئەو جۆرە هەواڵدەرە راستەوخۆ لە خۆیەوە زانیاری كۆناكاتەوە، بەڵكو دوای ئەوەی لە رووداوی تاوانێك رادەسپێردرێ كە هەواڵ كۆبكاتەوە بیگەیەنێتە لێكۆڵەر و ئەفسەر و رێپێدراوی لێكۆڵینەوە، كارەكەی لەگەڵ تەواوبوونی لێكۆڵینەوە و دۆزینەوەی تۆمەتباران بەرامبەر ئەو كارەی بڕێك پارەی دیاریكراو وەردەگرێت.

### ٣- باوەڕپێكراوان:

ئەو جۆرە هەواڵدەرانە لە خۆیانەوە زانیارییەكان لەسەر روودانی تاوانەكان و تۆمەتباران دەگەیەننە ئەو لایەنانەی كاری لێكۆڵینەوە بەپێی یاسا دەكەن، بەرامبەر ئەو كارەیان هیچ بەرامبەرێك نییە و پارەیان پێنادرێت، بەڵكو تەنیا بۆ خزمەتكردنی كۆمەڵگە و چەسپاندنی دادپەروەرییە.

هەواڵدەر یان لە خۆیەوە یان ئەوەتا رادەسپێردرێ هەواڵ بگەیەنێت ئەو كارەشی بە ویست و ئارەزووی خۆیەتی بەو هۆكارانەی خوارەوە:

١-وەستان لە ریزی یاسا و بە دیهێنانی دادپەروەری.

٢-بۆ بە دەستهێنانی سوودی ماددی لە رێگەی ئەو یارمەتییانەی بەرامبەر هەواڵەكانیان پێیان دەدرێت یان بەشێوەی مانگانە مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە.

٣-لە پێناو هێنانەكایەی دادپەروەری و سەروەری یاسا و بەرژەوەندی گشتیی لای ئەو كەسانەی زۆر خەمخۆرن بۆ كۆمەڵگەكەیان لە پێناو كەمكردنەوەی تاوان و دەستگیركردنی تۆمەتباران.

٤-خۆشەویستی بۆ خۆ دەرخستن و گەیاندنی ئەو مەسجە بە خەڵك كە لەگەڵ پیاوانی ئاسایش و پۆلیس كار دەكات.

٥-بۆ دەستگیركردنی تۆمەتباران بەهۆی گیانی تۆڵەسەندنەوە.

٦-بۆ بە لاڕێدانی بردنی لێكۆڵەر بەهۆی پێدانی هەواڵی نادروست و هەڵبەستراو بەهۆیەوە لێكۆڵەر ئەگەر ورد نەبێت لە وەرگرتنی هەواڵەكان لەسەر تاوان، ئەوا

**ڕێی لێکۆڵینەوەی بە ئاراستەیەکی دوور لە نزیکبوونەوە لە تۆمەتباردا دەڕوات."١"**

## بەشی دووەم : لێکۆڵەر و هەواڵدەر

**لێرەدا پێویستە بزانرێ لێکۆڵەر چۆن مامەڵەی ڕاست و دروست لەگەڵ هەواڵ و زانیارییەکانی هەواڵدەر لەسەر ڕوودانی تاوانێك دەکات، لە کاتی گەیشتنی هەواڵی تاوانێك ڕاستەخۆ دەبێت کات و ڕۆژی ڕوودانی تاوانەکە تۆمار بکات بۆ ئەوەی بزانێ چەند کات بەسەر تاوانەکە ڕۆیشتووە، یان بۆ زانینی مەبەستی هەواڵدەر کە لەوانەیە خۆی بێت و لە دوای کاتێکی زۆر بەسەر ڕوودانی تاوانەکە دەڕوات، ئینجا هەواڵدەدات لە دوای ئەوەی شوێنەواری تاوانەکە بزر دەبێت.**

**لێکۆڵەر پێویستە زۆر وریا و ئاگادار بێت لە گەیشتنی هەواڵ لەسەر تاوان لەبەر ئەوەی لەوانەیە بە درۆ بێت یان مەبەستێکی تایبەتی لەدواوە بێت، بە خوێندنەوەی وردی هەواڵەکە لای لێکۆڵەر زۆر وردەکاری بۆ ڕوون دەبێتەوە و بەهۆی ئەو هەواڵەوە دەتوانێ تۆمەتبارەکە ئاشکرا بکات، پێویستە لە چۆنیەتی ڕوودان و لەسەر کوێ و شوێن و کاتی تاوانەکە بپرسێت تاوەکو هەموو زانیارییەکان لە هەواڵدەر وەربگرێت هەر زانیارییەی بۆ لێکۆڵەر و گەیشتن بە ڕاستییەکان سوودی دەبێت. هەواڵدەر هەیە کە زانیاری هەواڵی ڕوودانی تاوانەکە دەگەێنێتە لێکۆڵەر لەوانەیە ڕاست بکات یان مەبەستیەتی زەرەر بە کەسێك بگەیەنێت، یان خۆی دووربخاتەوە لە سزای تاوانەکە کە خۆی ئەنجامیدەوە و بۆ بە لاڕێدا بردنی لێکۆڵەر هەواڵی نادروست و هەڵبەستراو بە لێکۆڵەر بڵێت.**

**دوای دڵنیا بوونی لێکۆڵەر لە ڕاستی هەواڵ و زانیارییەکانی پێی گەیشتووە پێویستە بە زووترین کات بچێتە شوێنی ڕوودانی تاوانەکە، وەك تاوانی کوشتن و ئاگرتێبەردان و تێکدانی بەرووبوومی کشتوکاڵی و دزی هەموو ئەو تاوانانەی سروشتی ئەوەیان هەیە پێویستی بەوە بکات لێکۆڵەر بە زووترین کات بگاتە شانۆی تاوان. "٢"**

هەواڵدەر بەو هۆکارانەی لە سەرەوە باس کران هەواڵەکە دەگەیەنێتە لێکۆڵەر، جار هەیە هەواڵدەر تاوانەکە بینیوە دەترسێ هەواڵی رووداوی تاوانەکە بگەیەنێتە لایەنی پەیوەندیدار بەهۆی نەبوونی وشیاری یان دەترسێ لە هەواڵدانەکە دووچاری کێشە ببێتەوە، کە ئەمەش وانییە، بەڵکو هەواڵدانی ئەو کەسە دەبێتە هۆکارێك بۆ خێرا ئاشاکراکردنی تۆمەتباران، یاسا لەسەر ئەو کەسەی نەکردووە، کە دەبێ هەواڵی تاوانەکە بگەیەنێتە لێکۆڵەر، بەڵکو تەنیا لە هەندێ تاوان هەواڵدەر لەسەری ئەرکە و دەبێ بە زووترین کات لە کاتی بینینی تاوان و تۆمەتبار راستەخۆ رێکاری یاسایی بکات، بەبێ بەرزکردنەوەی سکالا لەو کاتەی راسپێردراوی بەرژەوەندی گشتی لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەی یان بەهۆی کارەکەیەوە بە روودانی تاوان یان شکی کرد تاوان روودەدات، یان هەر کەسێ یارمەتی پزیشکی بدات و شك بکرێت بە روودانی تاوان لەو کارەی و کەسێك لە تاوانەکە ئامادە بوو لە سەریانە و ئەرکە بە زووترین کات دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر یان داواکاری گشتیی یان بنکەیەکی پۆلیس ئاگادار بکاتەوە، لە کاتی ئاگادار نەکردنەوەی ئەو لایەنانەی ناومان هێنان لەمادده (٤٧)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بەرکار، هاتووە بەرپرسیار دەبێت لە رووی یاساییەوە لە بەر ئەوە بە یاسا ئەو کەسانە رێکاری یاساییان بۆ دانراوە لەکاتی زانین و درککردن بە روودانی تاوان بە زووترین کات لایەنەکانی لێکۆڵینەوە ئاگادار بکەنەوە. "٣"

# بەشی سێیەم: تـاوانلێکراو (دادخواز)

دوای ئەوەی هەواڵی رووودانی تاوانێك لە لایەن هەواڵدەر یان تاوانلێکراو بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە کۆنووسی پێ رێك دەخرێت و هەموو زانیارییەکانی رووودانی تاوانەکە تۆمار دەکرێت و دەست دەکرێت بە ئەنجامدانی رێکاری یاسایی و لێکۆڵینەوە لە چوون بۆ شانۆی تاوان و وەرگرتنی وتەی شاهێدەکان و پاراستنی شوێنی رووداو و هەڵگرتنەوەی هەموو بەڵگەکانی تاوان و وێنەگرتنی شوێنەوارەکان و ئەو شوێنەی تاوانەکەی لێ ئەنجامدراوە، هەروەها لە تاوانی کوشتن و مردن وێنە تاوانلێکراوەکەش لە چەند گۆشەیەك دەگیرێت، لە هەندێ تاوان دوای ئەوەی دادخواز بە ماوەیەك ئینجا بە تاوانەکە دەزانێ خۆی دەچێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و نووسینگەی نەهێشتنی تاوان، هەواڵی ئەو تاوانەی لە دژی ئەنجامدراوە دەیگەیەنێ و سکاڵا تۆمار دەکات و تۆمەتباران ئەگەر ناسراو بن لای دادخواز ئەوا زانیارییان لەسەر دەدات لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری ئامادەبوون و راگرتنیان دەردەچێت، وتەی دادخواز وەردەگیرێ و داواکاری ماف و سکاڵای هەموو تۆمار دەکرێت، هەر کاتێ داوای سکاڵای پێشکەشی دادوەری لێکۆڵینەوە کرد لە رووی سزایی و مەدەنی دەبێت، پێویست ناکات دادخواز بیڵێ سکاڵاکەی هەردووکیان سزایی و مەدەنی دەگرێتەوە تەنیا ئەگەر دادخواز خۆی لە مەدەنییەکە خۆش بێت یان لە هەردووکیان خۆش دەبێت، بەڵام ئەو تاوانانەی مافی گشتی تێدایە بە لێخۆشبوونی دادخواز رێکاری یاسایی تێدا تەواو دەکرێت تا دوا قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن.

تاوانلێکراو لەو تاوانانەی ناتوانێ راستەوخۆ خۆی بگەیێنێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یان نزیکترین بنکە یان تاوانلێکراو لە هۆش خۆی چووە، یان ئەوەتا بریندار بووە، پێویستی بە چارەسەرکردنە یان منداڵە تەمەنی یاسایی بەرزکردنەوەی سکاڵای نییە یان کوژراوە، ئەوا راستەوخۆ هەواڵدەر یان کەسە نزیکەکانی یان ئەوانەی تاوانەکە دەبینن و ئاگادارینە راستەوخۆ لایەنی

پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوە ئاگادار دەکەنەوە، سیفەتی هەواڵدەر یان داواکاری مافی کەسی وەردەگرن لەسەر ئەو بنەمایە ڕێکاری یاسایی لە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە دەستپێدەکات بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان لە پێناو ئاشکراکردنی تۆمەتباران و دادگاییکردنیان.

## بەشی چوارەم: شاهێد

وتەی شاهێد ڕووداوێك دەسەلمێنێ بەهۆی ئەوانەی بینیویەتی یان گوێی لێبووە یان هەستی پێکردووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، پێویستە وتەی شاهێد لەسەر بنچینەی بینین بێت کە پێی دەوترێت شاهێدی بینین یان گوێی لێبووە یا هەستی پیێ دەکات بەهۆی هەستەکانی، بۆ نمونە بۆنکردنی ماددە هۆشبەرەکان، نابێ وتەی شاهێد لە راو بۆچوونی تایبەتی خۆی بوترێت یان شاهێدەکە ئەم ڕووداوە هەڵسەنگێنی وتەکانی خۆی پیێ دەربکات ئەو جۆرە بۆ چوونانە دەکەونە خانەی رای کەسی پێی ناوتریێ شاهێد.

### بەندی یەکەم: ڕێساکانی ئامادەکردن و وەرگرتنی وتەی شاهێد

ئامادەکرنی شاهێد بە شێوەی بانگکردن و ئاگادارکردنەوە لە لایەن کەسێکی نزیکی یان برادەرێکی نابێت، بەڵکو بەهۆی پسولەی ئامادەبوونی تایبەت و فەرمی دەبێت بەهۆی ئەو پسولەوە کە تەواوی زانیاری ماددەی سزایی تۆمەتبار و هۆکاری ئامادبوونی تێدا دەنووسرێت بە چ سیفەتێکیش دوای ئامادەبوونی لێکراوە، لە کاتی ئامادەنەبوونی شاهێد بەبێ هۆکاری رەوا، دادوەر دەتوانێ بڕیاری ئامادەکردنی دەربکات و بە زۆری بهێندرێتە بەردەم دادگا بۆ شاهێدی، پاش ئامادەبوونی سوێندی یاسایی دەدریێ لە(١٥) ساڵ بە سەرەوە سوێند دەدرێت و هەرچی بینیوە و زانیاری هەیە لەسەر ڕووداوی تاوانەکە بە ڕاستی بێ درۆ دەیڵێت، لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە لە تاوان و کەتن دادوەری لێکۆڵینەوە لە بەردەمی وتەی شاهێد وەردەگیرێ و ئاساییە شاهێد پشت بە یادگاری و تێبینییە تایبەتەکانی کە بۆ خۆی نووسیویەتی پشتی پێی ببەستی بۆ

**شاهێدیەکەی پاش ئەوە شاهێدییەکە دەنووسرێتەوە، بۆ ئەوە لە بەردەم دادگا ئەگەر شاهێد بەهۆی بە سەرچوونی ماوەیەك رووداوەکەی بیرچۆوە، ئەوا دادگا وتەکانی پێشووی بۆ دەخوێنێتەوە کە پێشتر داویەتی، لێرەدا خوێندنەوەی وتەکەی شاهێد لە بەردەمی بەو شێوەیە هەژماردەکرێت لە بەردەم دادگا شاهێدی داوە، لایەنەکانی داوا دەتوانن گفتوگۆی لەسەر بکەن و خەملاّندنی بۆ دادگا دەمێنێتەوە. ئەگەر شاهێد نەیتوانی قسە بکات و بەزار شاهێدی بدات ئەوا دەتوانیّ بە نووسین یان بە ئیشارە، شاهێدی بدات و ئەگەر زمانی ئەو شوێنە نەزانی ئەوا وەرگێڕی زمانی شاهێدەکە ئامادەدەکرێت، دوای سوێنددانی کە بە راستی وتەکانی شاهێد وەردەگێڕێت لە بەردەم دادگا و وتەی هەر شاهێدێك بە تەنیا وەردەگیرێت بۆ ئەوە شاهێدەکان و لایەنەکان کاریگەریان لەسەر وتەی یەکتری و شاهێدەکان نەبێت.**

**وتەی شاهێد گرنگی زۆری هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی داوا بە شاهێدی سەلماندنی تاوانەکە لەسەر تۆمەتبار و کۆتایی هێنان بە داوا لە بەرژەوەندی تۆمەتبار بەهۆی شاهێدی بەرگری، رێگەیەکی تایبەت نییە بۆ دیاریکردنی ئەو کەسەی ببێتە شاهێد، بەلاّم بەهۆی بارودۆخی رووداوی تاوانەکە شاهێدەکان دەناسرێن لە رێگەی هەواڵدەرەکان یان دادخواز یان تۆمەتبار یان هەر لایەنێکی داواکە و دادگا دەتوانیّ بۆ خۆی شاهێدەکان هەڵبژێرێت و ئامادە بکرێن لە بەردەمی، لەو کاتەی بزانیّ ئەو کەسانە سوودیان بۆ پەڕاوی تاوانەکە دەبێت، هەندیّ کەس هەر بۆ خۆیان بیّ ئەوەی پسوولەی ئامادەکردنیان بۆ بچێت یان ناویان هاتبێت لە پەڕاوی تاوانەکە لە بەردەم دادگا ئامادە دەبن شاهێدی دەدەن دادگا دەتوانیّ پێی وەربگریّ دوای دڵنیابوونی لەوتەی شاهێدەکە کە سوودی دەبێت بۆ ئاشکراکردنی راستییەکانی رووداوی تاوانەکە، بەپیچەوانە گەر بزانی سوودیان بۆ لێکۆڵینەوە و یەکلاییکردنەوەی داواکە نابیّ دەتوانیّ پێیان وەرنەگرێت .**

دەتوانرێ وتەی تۆمەتبار وەکو شاهێد لەسەر تۆمەتبارێکی یان زیاتر وەربگرێت دوای ئەوەی تۆمەتبارێك دان بە تاوانەکەی دەنێت و ناوی هەموو تۆمەتبارەکانی تریش ئاشکرا دەکات کە تاوانەکەیان لەگەڵ ئەنجامداوە، جگە لە سیفەتی تۆمەتباری خۆی وتەکانی لەسەر تۆمەتبارەکانی تر دەبێتە شاهێد، بەو مەرجەی پەڕاوی دوو تۆمەتبارەکە دەبێ لە یەکتر جیابکرێتەوە و پەڕاوی هەر یەکەیان سەربەخۆ بێت، واتا پەڕاوی نکولیکار لە دانپێنەر جیادەکرێتەوە و دانپێنەر دەبێتە شاهێد لەسەر نکولیکار. "٤"

## بەندی دووەم: جۆرەکانی شاهێد لە رووی بابەتەوە

### ١-شاهێدی سەلماندن:

ئەو جۆرە شاهێدییە لە بارودۆخی روودانی تاوانەکەیە و شاهێدەکە بەهۆی دیتن و زانیارییەکانی هەوڵی سەلماندنی تاوانەکە لەسەر تۆمەتبار دەدات، کە تۆمەتبار تاوانەکەی لەسەر تاوانلێکراو ئەنجامداوە، بەهۆی شاهێدییەکە و بەڵگەی تر تاوانەکە دەسەلمێندرێ لەسەر تۆمەتبار.

### ٢- شاهێدی رەتکردنەوە:

بەم جۆرە شاهێدانە دەوترێ شاهێدی بەرگری، ئەو جۆرە شاهێدانە لەسەر بنەما و باردۆخی ئەنجامنەدانی تاوانەکە لە لایەن تۆمەتبارەوە قسە دەکەن کە تۆمەتبار تاوانی لە دژی تاوانلێکراو ئەنجامنەداوە و بۆیە تاوانەکەی ئاراستەی تۆمەتبار کراوە رەتدەکەنەوە. "٥"

وتەی شاهێد لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگا وەردەگیرێ یان باسکردن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەم شێوەیە لە لایەن یاسادانەری فەرەنسی و لاتینی بەرکار دەهێنرێت، یان بەشێوەی لێپرسینەوە لە لایەن لایەنەکانی داوا ئەو رێگەیەش لە لایەن یاسادانەری ئینگلیزی و ئەنگلۆسەکسۆنی کراوەتە رێچکەی وەرگرتنی وتەی شاهێد و دوای وەرگرتنی وتەی شاهێدی سەلماندن وتەی شاهێدی بەرگری وەردەگیرێ ، پرسیاری ئەوەیان لێدەکرێ کە چۆن تاوانلێکراو یان دادخواز دەناسن پەیوەندییان لە گەڵیاندا چییە و تۆمەتبار لە کەیەوە

**دەناسن، یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بەرکار لە کوردستان و عێراق هەردوو ڕێگە و سیستەمی فەرەنسی و ئینگلیزی تێکەڵ بە یەکتر کردووە بۆ وەرگرتنی وتەی شاهێدەکان، شاهێد وتەکانی خۆی دەڵێت و هەموو زانیارییەکانی دەخاتە ڕوو سەبارەت بە ڕووداو و لایەنەکانی تاوانەکە بەهۆی ئەوانەی بینیویەتی یان گوێی لێبووە، لێرەدا کەس ناتوانێ ڕێگە لە شاهێد بگرێ کەوتەکانی لەسەر بنەمای گوێ لێبوون بدات مەسەلەی خەملاندنەکەشی بۆ دادگا دەمێنێتەوە، شاهێد وتەکانی لەسەر زانیارییەکانی دروست دەدات و نابێ ڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆی خۆی بخاتە ناو شاهێدییەکەی، تەنیا ئەگەر وەکو لێزان یان هونەری بۆ ئامادەبوونی لەبەردەم دادگا بانگرابێت، لە لایەن دادگا داوای لێکرابێت ڕای خۆی لەسەر بارودۆخێکی تایبەت بە ڕووداوەکە دەربڕی، هەر شاهێدێك بە تەنیا شاهێدی وەردەگیرێت و لەو کاتەی وتەکانیان وەردەگیرێ دەبێ لە یەکتر جیابکرێنەوە هەتا لە تۆمەتباریش دووربن بۆ ئەوەی کاریگەریان لەسەر قسەی یەکتر نەبێت و زانیاری لە یەکتر وەرنەگرن.**

**ئەو شاهێدییەی دادگا دەیەوێت لە شاهێدی وەربگرێت بۆ بەدیهێنانی دادپەروەرییە، بۆیە شاهێد وتەکانی لەناو بارودۆخی تاوانەکە دەبێت، بەهۆی بینین و هەستەکانیەوە وەریدەگرێ لەبەر ئەوە نابێ لە شاهێدییەکە پەنا بۆ یەکێکی تر ببات و بەزار دەیڵێ و دەنووسرێتەوە ئەوەش وا دەکات بە وردی چاودێری شاهێد بکرێت لە کاتی قسەکردن و ئەو کردارانەی دەیکات و ئەو هەڵچوون و ئارامییە دەروونییەی لێی ڕوودەدات و گۆڕانی شێوەی قسەکردن و ڕوو ڕاستی قسە و فێڵ و گۆڕانەکانی شێوەی بە گشتیی هاوکاری دادگا دەبن بۆ خەملاندنی وتەکانی شاهێد و سەنگی بۆ دادگا چەند دەبێت لە یەکلاییکردنەوەی پەڕاوی کێشەکە. هەروەها شاهێد پشت بە بیر و هۆشی خۆی ببەستێ و وتەکانی لەسەر بدات تەنیا لەو بارانەی بە بیری نایەتەوە دادگا ڕێگەی پێدەدات بۆ بیرخەرەوەکانی و ئەگەر نەیتوانی قسە بکات ئەوا دادگا ڕێگەی پێدەدات بە نووسین یان ئیشارەتدان شاهێدییەکە بدات. "٦"**

## بەندی سێیەم : گرنگی شاهێدی

شاهێدی لە داوای سزایی و مەسەلە تاوانکارییەکان گرنگی خۆی هەیە و یەکێکە لە بەڵگەی مەعنەوی و چارەنووسی تۆمەتباری پێوەبەند دەبێت، لەگەڵ بەڵگەکانی تری تاوان دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاشکرابوونی هەموو لایەنەکانی تاوانەکە و لەسەر ئەو بنەمایانە دادگا بڕیاری خۆی دەردەکات، زۆر جار وتەی شاهێد بووەتە هۆی بە هەڵەبردنی دادگا و کەسێکی بێتاوان بە هۆیەوە چۆتە بن پەتی لە سێدارەدان یان بەندکردنی هەتایی یان ئابڕووچوونی کەسەکە، لە هەمان کاتدا شاهێدی هەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئازادبوونی تۆمەتبارێك.

لەبەر گرنگی شاهێدی ئێستا لێتوێژینەوەی ورد بۆ کەسایەتی شاهێد دەکرێت لە بواری زانستی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری، لەبەر ئەوەی شاهێد مرۆڤە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری بارودۆخ و باری کۆمەڵایەتی لە سۆز و ترس و کەسایەتی و نزیکی و خزمایەتی هەموو کاریگەرییان لەسەر وتەکانی شاهێد دەبێت، ئینجا بە قەست بێت یان بە ئەنقەست. لێکۆڵینەوە زانستییەکانی وەکو زانستی دەروونزانی و کۆمەڵناسی بە هەموو لقەکانیانەوە گەیشتوونەتە ئەو راستییانەی کە مرۆڤ بیر و هۆش و بیرخەرەوە و سۆز و هەڵسەنگاندنی بەپێی بەسەرچوونی کات گۆڕانکاری بەسەر دێت ئەوەش بە رۆڵی خۆی کاریگەری لەسەر راستی و دروستی وتەی شاهێد دەبێت، لەبەر ئەوە گرنگە لە کاتی وەرگرتنی شاهێدی لایەنەکانی کەسایەتی و وتەکانی شاهێد بە ئارامی و لەسەرخۆ وەربگیرێ، بە وردی شرۆڤە بکرێت پێش ئەوەی کاری پێبکرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی تۆمەتبار لەگەڵ بەڵگەکانی تری تاوان. "٧"

## بەندی چوارەم : مەرجە بنچینەییەکانی شاهێدی

١-پرسیار لە شاهێد دەکرێت لەناو و ناسناو کار و تەمەن و شوێنی دانیشتن و پەیوەندی بە تاوانلێکراو و تۆمەتبار و دادخواز و داواکاری مافی کەسی.

**٢-شاهێد سوێند دەدرێت کە تەمەنی (١٥) ساڵی تەواوکردبێ کە بە راستی قسە دەکات و وتەکانی دەدات ، ئەگەر نەگەیشتبووە ئەوە تەمەنە سوێند نادرێ و گوێی لێدەگیرێ تەنیا بۆ بەرچاورروونی.**

**٣-شاهێدی بەزار دەدرێت، دەکرێ بە نووسین و هێمابردن و گەڕانەوە بۆ بیرخەرەوەکان ئەگەر دادگا بە پێویستی زانی و بڕیاری لەسەردا.**

**٤-شاهێد ئەگەر زمانی ئەو شوێنەی نەزانی یان کەڕولاڵ بوو، ئەوا وەرگێڕی زمان و لێزانی زمانی هێمابردن بە بڕیاری دادگا بۆی ئامادە دەکرێت.**

**٥-شاهێدی لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە لە تاوان و کەتنی گرنگ دەبێت.**

**٦-شاهێد بە تەنیا وتەی وەردەگیرێت و دەکرێت شاهێدەکان رووبەڕووی یەکتر بکرێنەوە تەنانەت لەگەڵ تۆمەتباریش دەکرێت.**

**٧-وتەی شاهێد دەنووسرێتەوە لە کۆنووسی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بەبێ رەشکردنەوە و زیاد کردن و چاککردن لەسەر وشەکان دوای تەواو بوونی وتەکانی، پەنجەمۆر یان واژۆی لەسەر دەکات و دەکرێ تۆمەتبار و لایەنەکانی تر تێبینی و گفتوگۆکانیان لەسەر وتەکانی شاهێد بخەنە روو.**

**٨-ناکرێ رێگە لە شاهێد بگیرێ لە شاهێدی دانی و نابێ قسەکانی پێی ببڕدرێ و تەنیا ئەگەر باسی بابەتێکی کرد پەیوەندی نەبوو یان قسەکانی دوور لە رەوشت و ئادابی گشتیی بێت.**

**٩-هاوسەرەکان لەسەر یەکتری نابنە شاهێد ئەگەر تاوانەکە ناپاکی هاوسەرییەتی نەبوو، یان تاوانەکە لەسەر کەسایەتی یان سامانی یان منداڵی یەکێیان نەبێت، وە بنچینە لەسەر بنەچەی نابێتە شاهێد و بە پێچەوانەوە ئەگەر لەسەر کەسایەتی یان سامانی ئەوانەی لەسەرەوە باسمانکردن تەنیا بۆ یەکتری دەبنە شاهێدی بەرگری و هەربەشێك لە شاهێدییەکە تۆمەتبارکردنی تێدا بێت ئەو بەشە هەڵدەگیرێ.**

**١٠-تۆمەتباری دانپێنەر دەتوانێ ببێتە شاهێد لەسەر تۆمەتبارێکی نکۆڵیکار بە مەرجێك ئەو داوایە جیادەکرێتەوە و سەربەخۆ دەبێت لە داوا سەرەکییەکە."٨"**

## بەندی پێنچەم: رووبەڕووکردنەوەی شاهێدەکان

لە کاتی بوونی جیاوازی لە نێوان وتەی شاهێدەکان کە هەریەکەیان بەجیا وەرگیراوە بۆ راستی و دروستی لێکۆڵینەوەی ئەو شاهێدانەی جیاوازی لە وتەکانیان هەیە رووبەڕووی یەکتر دەکرێنەوە، تا بزانرێ لە کوێی رووداوی تاوانەکە جیاوازی لە قسەکان هەیە تاوەکو بگەینە راستییەکان، ئەو رووبەڕووبوونەوەیە لە کۆنووس رێکدەخرێت و ئامادەبووان واژۆی لەسەر دەکەن، لێرەدا لێکۆڵەر دەبێت زۆر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەکە بکات و ئاگاداری وتەی هەموو شاهێدەکان بێت و لە ئارامی و تووڕەبوون بەرزی و نزمی قسە و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شاهێدەکان دێت هەمووی ئاگادار بێت.

**نموونە:** دووشاهێد یەکێکیان لە وتەکانی دەڵێ تۆمەتبارم بینی چەکوچی لە دەست بوو دای بەسەری تاوانلێکراو، شاهێدەکەی تر دەڵێ تۆمەتبار دارێکی لە دەست بوو دای بەسەری تاوانلێکراو لە کاتی رووبەڕووبوونەوە دەگەینە راستی لە دوای گفتوگۆی شاهێدەکان یەکێکیان دەڵێ هەندێ دووربووم دڵنیا نیم کە داربوو بە دەست تۆمەتبارەوە یان نا، ئەویتر دەڵێ من دڵنیام چونکە من زۆر نزیك بووم لە تۆمەتبار و ئەوەی لە دەستی تۆمەتبارم بینی چەقۆ بوو، لێرەدا راستی رووداوی تاوانەکە بۆ لێکۆڵەر رووندەبێتەوە و رووبەڕووبوونەوەکە ئاکامی باش بە دەستەوە دەدات.

## بەندی شەشەم: پێودانگی راستی شاهێدی

کاری لێکۆڵەر تەنیا گوێگرتن و وەرگرتنی شاهێدی نییە بەڵکو دەبێ بە دواداچوون بۆ راستی وتەکانی شاهێد بکات بۆ دڵنیابوونی لە قسەکان کە ئایا راستن، ئەو کاتە وەکو بەڵگەیەك لەگەڵ بەڵگە و گرینەکانی تر لە دادگا بەرکاردەهێنرێت بۆ سزادان یان ئازادکردنی تۆمەتبار، کۆمەڵێك خاڵ هەیە لێکۆڵەر دەیگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە راستی وتەی شاهێدەکان.

### ١- بەرکارهێنانی هێزی بیر:

لێکۆڵەر لە رێگەی هۆشمەندی و بیری راستی رووداوەکان هەڵدەسەنگێنیٚ و پێکەوەیان گرێدەدات وێنەیەکی رووداوەکە لە ناومێشکی لەسەر چۆنیەتی روودانی تاوانەکەی لا دروست دەبێت.

بۆنمونە: شاهێد دەڵێ من بە چاوی خۆم تۆمەتبارم بینی بە چەقۆ تاوانلێکراوی کوشت، بەڵام تەماشا دەکەین تاوانلێکراو بە چەقۆ نەکوژاروە بەڵکو خنکێندراوە.

### ٢- خوێندنەوەی کەسایەتی و رەفتار و هێزی بیری شاهێد:

خوێندنەوەی کەسایەتی شاهێد و پلە و پایە و ئاستی خوێندەواری و بوون و نەبوونی پێشینەی تاوان هێزی بیر و هەڵسوکەوتی دەبنە هۆکار و لای لێکۆڵەر راستی و ناڕاستی شاهێدییەکەی بۆ دەردەخات، بە تایبەت ئەو گێڕانەوە و باسکردنی تاوانەکە لە لایەن شاهێد بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت و دەیگێڕێتەوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی بەڕەوانی و ئەوانەی لێی هەڵدێت، هەموو راستی قسەکانی شاهێد دەسەلمێنن.

بۆ نمونە: کەسێکی نەخوێندەوار بڵێ من تۆمەتبارم بینی تاوانلێکراوی بە جۆری دەمانچەی تاریق کوشت کە ئەو دەمانجەیە دروستکراوی فلانە ولات و ساڵ و دان ورد یان درشت و دروستکراوی فلانە کۆمپانیایە، ئەو شاهێدییە دیار پێشتر خۆی بۆ ئەم وتانە ئامادەکردووە، ئەگەر نا ئەو کەسە نەخوێندەوارە ئەستەمە ئەو هەموو زانیارییەی لەسەر چەکەکە هەبێت.

### ٣- تاقیکردنەوەی هەستەکانی شاهێد:

لێکۆڵەر دەتوانێ هەستەکانی شاهێد لە بینین و بیستن و بۆنکردنی تاقیبکاتەوە ئەگەر زانی شاهێد لە قەسەکانی راستی ناڵێت.

بۆنمونە شاهێد دەڵێ فلانە کەسم بینی لە دووری (١٠٠) مەتر تاوانلێکراوی کوشت لە کاتێك تەماشا دەکرێت چاوەکانی زۆر بێهێزن و چاویلکەی هەیە و

ئەوکاتەی تۆمەتباری بینیوە چاویلکەی لە چاو نەبووە، یان لە دووری( ٢٠) مەتر گوێی لێبووە تۆمەتبار بە تاوانلێکراوی وتووە لەگەڵ چوونە دەرەوەت لەم شوێنە دەتکوژم و لە راستیدا شاهێدەکە گوێی زۆر گران بووە، بۆیە دەکرێ خودی لێکۆڵەر تاقیکردنەوە لەسەر هەستەکانی شاهێد بکات و لەو شوێنە یان شوێنێکی هاوشێوە دروست بکات هەمان شت تیایدا دووبارە بکاتەوە بەمەش زۆر وردەکاری و راستی بۆ ئاشکرا دەبێت.

## ٤- زانین و دیاریکردنی جیاوازی لە شاهێدییەکان:

لێکۆڵەر دەتوانێ لە ئاکامی وردبوونەوەی لە شاهێدییەکان هەموو ئەو جیاوازییانەی نێوان وتەکانی شاهێدەکان دیاری بکات، ئەو کارەش زۆر گرنگە و لێزانی زیرەکی دەوێت تا بتوانی قسە و شاهێدییە راستەکان و ناڕاست و درۆکان لە یەکتر جیابکاتەوە.

بۆ نمونە: شاهێدێك دەڵێ تۆمەتبارم بینی بە دەمانچە لە تاوانلێکراوی داو کوشتی، یەکێتی تر دەڵی بە ئۆتۆمبێل بەسەری کەوت لێرەدا پزیشکی دادوەری رۆڵی زۆر دەبینی ئەم جیاوازییە یەکلادەکاتەوە لەو کاتەی لە راپۆرتی خۆی دەڵێ تۆمەتبار بە گوللە گیانی لە دەستداوە یان بە هۆکارێکی تر.

## ٥- پێکچوونی شاهێدی:

پێکچوونی وتەی شاهێدەکان لە رووی بابەتی تاوانەکە ئاساییە یان وتەی دوو شاهید ئەگەر لە هەندێ روو بە یەکتر بچن هەر ئاساییە، ئەوەی ئاسایی نییە کە بە رێژەیەکی گەڵێك زۆر لە هەموو رووێکەوە لە ناوەڕۆك و بابەت و ناو و شوێن و جەختکردنەوەی چەند شاهێدێك لەسەر یەك باری قسەکردن یان پێکچوونی قسەی چەند شاهێدێك بیری ئەوە لای لێکۆڵەر دروست دەکات، کە ئەو شاهێدانە ئاگاداری یەکترن شاهێدییەکە بە رێککەوتن و دانیشتن بووە بۆ چەواشەکردنی لێکۆڵەر لە بەرژەوەندی لایەنێکی تاوانەکە.

### ٦- پرسیاركردن لە شاهێد لە هەموو وردەكاری تاوانەكە:

لێكۆڵەر لە شتە ورد و درشتەكان و هەموو لایەنەكانی تاوانەكە پرسیارەكانی بەرێك و پێكی یەك لە دوای یەكتر ئاراستەی شاهێد دەكات، بەمەش شاهێد هەموو ئەو زانیارییانەی لەسەر تاوانەكە هەیەتی دەیداتە لێكۆڵەر، ئەم شێوازە وادەكات شاهێد ئەگەر بە ناڕاستی وتەكانی بداتە لێكۆڵەر، ئەوا لە كاتی پرسیاركردن لە وردەكارییەكان تووشی دڵەراوكێ و دوودڵی دەبێت لە وەڵامدانەوەی پرسیارەكان.

### ٧- دووبارەكردنەوەی شاهێدی:

شاهێد لەكاتی وەرگرتنی وتەكانی و دووبارەپێكردنەوەی ئەو زانیارییانەی بە لێكۆڵەریداوە، چەند جارێك زۆر بە ئارامی و هیچ ناكۆكی و جیاوازی نەبوو لە وتەكان، بەڵگەی ئەوەن شاهێدییەكە راستە، بەڵام ئەگەر جیاوازی پەیدا بوو هەر جارەی بە شێوەیەك كە لە جاری پێشوو زۆر جیاواز بوو ئەوا ناڕاستی وتەكانی شاهێد دەگەیەنێت.

### ٨- پێدانی رێنمایی بە شاهێد:

رێنمایی لێكۆڵەر بۆ شاهێد كە بە راستی قسە بكات لەبەر ئەوەی سوێندی خواردووە و لە بواری كۆمەڵایەتی كارێكی ناشرینە درۆ بكات، تا بە شێوەیەكی دروست و هەموو لایەنەكانی رووداوەكە باس بكات و هەرچی دەزانی دەربارەی تاوانەكە بیڵێ وادەكات شاهێد شاهێدییەكە بە راستی وتەكانی بدات. "٩"

## بەندی حەوتەم: وەرگرتنی شاهێدی وەكو بەڵگە لە دادگا

دادگا بە چەندین رێگە لەسەر راستی و ناڕاستی شاهێدییەكان دەوەستێ و بە بارودۆخی تاوانەكەی دەبەستێتەوە و هەڵیدەسەنگێنێ، كە لەو بارودۆخە ئەگەری

ڕوودانی دەبێت و دەکرێ ببێت یان ئەستەمە ڕوودانی لەسەر بنەمای وتەکانی شاهێد، هەروەها لە تەندروستی هەستەکانی شاهێد و کەسایەتی دەکۆڵێتەوە، بە سروشت و باری ڕوودانی تاوانەکەی دەبەستێتەوە، بۆ بەدیارخستنی جیاوازییەکان لە وتەکانی شاهێدەکان ئەگەر هەبن.

دادگا سەربەستییەکی فراوانی هەیە لە پێوەرکردن و خەملاندنی شاهێدییەکان سەبارەت بە وەرگرتنیان یان وەرنەگرتنیان ئەوە بۆ بڕیاری دادگا دەمێنێتەوە، دەتوانێ ئەو وتانەی لێیان دڵنیایە وەریانبگرێت یان هەر ئەوەندە لە وتەکان وەربگرێت لە کاتی هەڵسەنگاندی بە ڕاستی دەبینێت، گرنگ نییە، ئەو شاهێدییە لە کێ وەرگیراوە شاهێد دەوڵەمەندە یان هەژار خاوەن بڕوانامەیە یان بێ بڕوانامەیە، گرنگ ئەوەیە وتەکان ڕاست بن هاوکاری دادگا بێت لە کاتی وەرگرتنی بڕیارەکانی، دادگا دەتوانێ وتەی شاهێد لە هەندێ قۆناغی دادگایی وەربگرێت و هی هەندێ قۆناغ وەرنەگرێ، دەتوانێ شاهێدی بەش بکات کام بەشی پێ ڕاست بێت ئەو وەربگری و ئەوانی تر کار پێنەکات، تەنیا یەك شاهێد بۆ سەلماندنی تاوان بڕیاری دادگا بەس نییە، تەنیا ئەگەر گرینەی تری لەگەڵدا بێت. لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی هەمووی یان بەشێکی شاهێدی بۆ دادگا دەمێنێتەوە تاوەکو دادگا بە هۆیەوە بڕیاری خۆی بدات. "١٠"

## بەندی هەشتەم: ڕێگرییەکانی شاهێدی

مرۆڤ ئەو کاتەی لە ڕووی دەروونی و هزرییەوە تەندروست بوو توانای شاهێدی دانی هەبوو ئەو کاتە بە هەریەك لە هەستەکانی کە درکی بە تاوانەکە کردووە و پێی زانیوە وتەی خۆی دەدات لە بەردەم دادگا، بەڵام هەندێ بوار هەیە یاسا دانەر قەدەغەی کردووە شاهێدی وتەی بدات، تەنانەت ئەگەر لە بواری دەروونی و جەستەیی و مێشکی تەندروست بێت لە بەردەم لایەنی لێکۆڵینەوە و دادگاکانیش بێت، ئەو کاتە شاهێد ناتوانێ شاهێدی بدات کە وتەکانی زۆر لەسەر کەسێك بکەوێتەوە و ناوی بزڕێ یان زانیاری نهێنی درکێن بێت، بۆ نمونە کارمەندێکی حکومی بەهۆی کارەکەیەوە زانیاری لەسەر ئەو کەسە وەرگرتبێ بە تایبەت ئەو

شوێنەی کاری تێدەکات فەرمی بێت و نەکرێ ئەو زانیارییانە بدرکێنێ یان پزیشك و مامان و پارێزەر و دەرمانساز لە رێگەی پیشەکەیان زانیاریان لەسەر ئەو کەسە لا گەلاڵە ئەبێت، نابێ ئەو زانیارییان تەنانەت لە بەردەم لایەنی لێکۆڵینەوە بدرکێنن، تەنیا ئەگەر ئەو کەسانە خۆیان رێگەیاندا زانیاری و نهێنییەکانیان بلاوبکرێتەوە یان بلاوکردنەوەی ئەو نهێنیانە ببێتە هۆکارێك بۆ روونەدانی تاوانێك.

سەبارەت بە شاهێدی هاوسەرەکان و لق و بنچینەی پشتی ئەوا نابێ لەسەر یەکتری ببنە شاهێد ئەگەر تاوانەکە ناپاکی هاوسەرییەتی و کەسایەتی و لە دژی ماڵ و سامان و منداڵی یەکێکیان نەبێت، هەروەها نابێ باوك و دایك لەسەر کوڕ و کچیان ببینە شاهێد کوڕ و کچیش لەسەر باوك و دایك و داپیر و باپیر نابنە شاهێد، تەنیا ئەگەر تاوانەکە پەیوەندی بە سامان و کەسایەتییانەوە هەبێت، بەلام دەتوانن لەسەر یەکتری ببنە شاهێدی بەرگری و هەر کاتێ زانرا بەشێك لە شاهێدییەکە زەرەر دەگەیەنێ، ئەوا ئەو بەشە هەڵدەگیرێ، ئەمەش بۆ بەردەوامی و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانە بە تایبەت لای رۆژهەلاتییان ئەو جۆرە پەیوەندییانە پیرۆزی خۆیان هەیە، سەبارەت بە زانیاری و نهێنییەکان کە نابێ بدرکێندرێن پەیوەندی بە کەسایەتی کەسەکەوە هەیە لە ناو کۆمەڵگە و لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەو جۆرە ناوزراندنانە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە و، دەبێتە هۆکارێك بۆ رەتکردنەوەی کەسایەتی ئەو کەسە لای هەموو خەڵك لەبەر ئەوە هەوڵی پاراستنی دەدرێت."١١"

## بەشی پێنجەم: لێپرسینەوەی تۆمەتبار

مەبەست لە لێپێچینەوە و لێپرسینەوە گفتوگۆ و گوێگرتنە لە وتەکانی تۆمەتبار بەهۆی ئەو رووداوەی روویداوە و وەکو تاوان خراوەتە پاڵی، یان ئەوەتا دان بە تاوانەکە دەنێ یان هەوڵی سەلماندن دەدات کە تاوانەکەی ئەنجامنەداوە، لێکۆڵینەوە لە قسەکانی جیاوازی پێکردنی لەگەڵ رووداوی تاوانەکە و کرداری

تاوانەکە یەکدەگرنەوە تاوانەکە پێدەهێنەوە و ڕێژەی بەرپرسیارییەتی تۆمەتبار لە ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی تاوانەکە ڕووندەکاتەوە و لێپرسینەوە لەگەڵ تۆمەتبار کۆمەڵێك ڕەهەندی تاوانەکە ڕووندەکاتەوە.

## ئارمانجی لێپرسینەوەی تۆمەتبار

١-بەرپرسیارییەتی تۆمەتبار ڕووندەکاتەوە لە ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی تاوانەکە.

٢-بە دەستهێنانی دانپێنانی تۆمەتبار لە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە.

٣-ڕوونبوونەوەی لایەنەکان و بارودۆخی تاوانەکە.

٤-زانینی ناسنامەی بەشداربووان لە تاوانەکە.

٥-ڕوونبوونەوەی هۆکاری ڕوودانی تاوانەکە.

٦-زانینی ئەو کەسانەی تاوانەکەیان لە دژدا ئەنجامدراوە

٧-زانینی وردەکاری لەسەر ئەو تۆمەتبارانەی تاوانەکەیان کردووە "١٢"

لێپرسینەوە گرنگترین ڕێکاری داوای سزاییە بۆ گەیشتن بە ڕاستی بارودۆخی ڕوودانی تاوانەکە و ئاشکرابوونی هەموو لایەنەکانی تاوانەکە لە پێناو بەسزا گەیاندنی تۆمەتبار بۆ پاراستنی مافەکانی تاك و کۆمەڵگە بە گشتی، تێگەیشتن بۆ لێپرسینەوە لە مانا کۆنەکەی دەرچووە کە تەنیا بە مەبەستی وەرگرتنی دانپێنانی تۆمەتبار بێت، بەڵکو بەمانا هاوچەرخەکەی ڕێگە خۆشکردنە بۆ تۆمەتبار بۆ گەیشتنی دەنگی بەلایەنەکانی لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ بەرگری لە خۆکردن و پاساوهێناوە و بۆ هەموو ئەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵی و گفتوگۆ لەسەر هەمو بەڵگەکان بکات، کە بانگەشەی ئەنجامدانی تاوانەکەن، لە هەمان کاتدا لێپرسینەوە هۆکاری سەلماندنی تاوانەکەیە لەسەر تۆمەتبار، ئەگەر تاوانەکەی ئەنجامدابێت، لێرەدا گرنگی لێپرسینەوە بە دیار دەکەوێت کە تەنیا ڕێگە نییە بۆ ڕێکاری یاسایی تۆمەتبارکردن و بەرگری لەخۆکردن، بەڵکو لێپرسینەوە هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان و پەردە لادان لەسەر هەموو

لایەن و نهێنییەکانی تاوانەکە و لە نێو ڕێکاری لێکۆڵینەوە ڕێگەیەکی گرنگی هەیە، بەهۆی ئەوەی لێپرسینەوە هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنان و وەرگرتنی دانپێنان بە هۆیەوە دەتوانین هەموو لایەنەکانی تاوان بزانرێ، لە بارودۆخی ڕوودان و لەسەر کێ تاوانەکە ئەنجامدراوە ؟ چەند کەس بووینە و لەسەر چەند کەس ئەنجامدراوە ؟ هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکە ڕوون دەبێتەوە، بۆیە تۆمەتبار بەهۆی لێپرسینەوە خاڵ لەسەر هەموو پیتەکان دادەنێت و ڕستەکان و تێگەیشتنەکان بەهادار و مانادار دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ناتوانرێ ئەو مافە لە تۆمەتبار بسەندرێتەوە، کە مافی هەیە، دەتوانی هیچ وردەکارییەك نەدات و تۆمەتەکەی ئاراستەی کراوە ڕەتیکاتەوە.

لێپرسینەوەی تۆمەتبار گفتوگۆ لە گەڵکردنی لەسەر بارودۆخی ڕوودانی تاوانەکە و ئاراستەکردنی بەڵگەکان و چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵیدا یاسادانەر هەمووی ڕێکخستووە، لێپرسینەوەی تۆمەتبار لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەر  لە ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لە کاتی ئامادەبوونی یان ئامادەکردنی دەبێ ئەنجامبدرێت و لە ناسنامە و ناوی دڵنیا دەبێت و وتەکانی وەردەگیرێ هەموو ئەو بەڵگانەشی لێوەردەگیرێ، کە دەیسەلمێنن کە تاوانەکەی ئەنجامنەداوە و دەکرێ وتەی تۆمەتبار وەربگیرێتەوە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. بۆ تۆمەتبار هەیە گفتوگۆ لەگەڵ شاهێدەکان لەسەر وتەکانیان بکات و تۆمەتبار دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی ئاراستەی دەکرێ هەندێکی بداتەوە، یان وەڵامی هیچ پرسیارێك نەداتەوە و لە کاتی وەرگرتنی وتەکانی سوێند نادرێت، تەنیا لە کاتی ئەوەی ببێتە شاهێد لەسەر تۆمەتباری تر لەو کاتەش ئەو پەڕاوە جیادەکرێتەوە و سەربەخۆ دەبێت. لێپرسینەوە کارێکی ڕێکاری یاساییە و دەبێ بە وردکارییەکانیەوە لە کۆنووسێك بنووسرێتەوە و تۆمەتبار بزانێ لەو کۆنووسە چی نووسراوە ئینجا واژۆی دەکات، وا باشترە پەنجەمۆری تۆمەتبار لە جیاتی واژۆ لەسەر وتەکانی وەربگیرێت، لێپرسینەوە لە دوو قۆناغ یەکەمیان لە قۆناغی یەکەم و سەرەتایی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان کە لە لایەن لێکۆڵەر

یان ئەفسەری لێكۆڵینەوە یان پلەی خوارتر لە بنكەی پۆلیس، دووەمیان لە بەردەم دادوەری لێكۆڵینەوە وتەكانی وەردەگیرێ بەهەمان شێوە بەنووسین چی لە زاری تۆمەتبار دێتە دەرەوە ئەوە دەنووسرێتەوە، كۆنووسی لێپرسینەوە پێویستە هەموو ئەو زانیارییانەی لێ تۆمار بكرێت لە رۆژی وەرگرتنی وتەكان و ناو و سیفەتی ئەو كەسەی وتەكە وەردەگرێ و ناسینی لە لایەن تۆمەتبار و هەموو زانیارییەكانی تۆمەتباری لێدەنووسرێ، لە ناوی چواری و ناسناو و رۆژی لە دایكبوونی شوێنی دانیشتن و كاری و لە هەندێ ولات زانیاری تری تۆمەتبار دەنووسرێ بۆ نمونە بارودخی تۆمەتبار و لە فەرەنسا روونكردنەوە لەسەر خزمەتی سەربازی دەنووسرێت.

وتەی تۆمەتبار لە لایەن دادوەری لێكۆڵینەوە و لێكۆڵەر لە كۆنووس دەنووسرێتەوە تۆمەتبار واژۆی یان پەنجەمۆری لەسەر دەكات و لە لایەن دادوەر واژۆ دەكرێ، لە كاتی رازی نەبوونی تۆمەتبار بە واژۆنەكردنی وتەكانی لە كۆنووسەكە دەنووسرێ تۆمەتبار رەتیكردەوە و ئەگەر لەوتەكانی تۆمەتبار دانپێنان هەبوو، پێویستە دادوەر خۆی دانپێنانەكە بنووسێتەوە و دوایی بۆ تۆمەتباری دانپێنەری بخوێنێتەوە، ئەگەر تۆمەتبار ویستی ئەوەی هەبوو خۆی دانپێنانەكە بە دەستنووسی خۆی بنوسێتەوە، ئەوا دەكرێ دادوەری رێگەی پێبدات بە مەرجێك لە بەردەم ئەو بینووسێتەوە و لە كۆنووسەكە تیشك دەخرێتە سەر ئەوەی تۆمەتبار خۆی نووسویەتی "١٣"

## بەندی یەكەم: رێساكانی لێپرسینەوەی تۆمەتبار

لێپێچینەوە و لێپرسینەوە تەنیا ئەركێك نییە لێكۆڵەر جێبەجێی بكات، بەڵكو لێزانی و هونەری تایبەتی پێویستە و لێكۆڵەر لە رووی تیۆری و كردارییەوە تەواو شارەزا بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ لێپرسینەوەكەی ئاكامی هەبێت و نابێ تەنیا بۆ وەرگرتنی دانپێنان لێپرسینەوە بكات، بەڵكو بۆ زانین و ئاشكراكردنی هەموو لایەنەكانی تاوانەكەیە، كۆمەڵێك رێسا هەیە لێكۆڵەر لە كاتی لێپرسینەوە لەگەڵ تۆمەتبار پەیرەویان دەكات:

### ١-لێتۆژینەوەی تاوانەکە:

بەمەبەستی دەرەنجامێکی باش لە لێپرسینەوە لێکۆڵەر هەموو لایەنەکانی تاوانەکە لە هەموو روێکەوە دەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر تاوانەکە لێپرسینەوەکە ئاکامی باشی نابێت، بەڵام ئەگەر لێکۆڵەر بە زانیاری و شارەزابوونی لە تاوانەکە دەتوانیٚ لە هەموو رووێکەوە گفتوگۆ لەگەڵ تۆمەتبار بکات و بە هۆیەوە هەموو لایەنەکانی تاوانەکە ئاشکرا دەکات.

### ٢-لێتۆژینەوەی کەسایەتی تۆمەتبار:

لێکۆڵەر هەڵدەستیٚ بە کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر کەسایەتی و خانەوادە و پێشینەی تۆمەتبار و کارەکانی رابردوو شوێنی ژیان بەسەر بردن و رەفتار و مامەڵەی رۆژانەی، وادەکات کەسایەتی تۆمەتبار بە ئاسانی بخوێنێتەوە و تاوانەکەی چۆن و بۆچی کردووە و ئەو هۆکارانەی وایلێکردووە ببێتە تۆمەتبار و لەسەر ئەو بنەمایانە لێپرسینەوەکەی ئاکامی باشی دەبێت.

### ٣-خێرایی لێپرسینەوەی تۆمەتبار:

پێویستە لێکۆڵەر لە ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لە کاتی ئامادەکردن و دەستگیرکردنی تۆمەتبار کاری لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، هەر دواکەوتنێك لە رووی یاسایی رێگە پێدراو نییە و دەبێتە هۆکاری نزمبوونەوەی ئاستی هەستکردنی تۆمەتبار بە تاوانەکەی و وای لێدەکات بە وردی بەرنامە بۆ خۆی دابنێت و هەرکاتەی بچێتە ناو بەندیخانەو لای هاورێکانی دەیان رێگەی خۆدزینەوە و لابردنی تاوانەکە لە سەر خۆی وەردەگریٚ، هەروەها بۆ تۆمەتباری بێتاوان باشترە کە زوو بەڵگەکانی خۆی بداتە دەست کە ئەو تاوانەی نەکردووە.

### ٤-جۆری پرسیارەکان کە ئاڕاستەی تۆمەتبار دەکرێت:

ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی تۆمەتبار دەکرێت دەبێت کورت و روون و ئاشکرا بن و لە شێوەی مەتەڵ هەڵهێنان و تاقیکردنەوەی زیرەکی نەبێت بۆ تۆمەتبار، دەکریٚ لێکۆڵەر لە پرسیاری زۆر زەقی راستەوخۆی نێو روودانی تاوانەکە نەبێت، بەڵکو

بە پرسیاری سادەی وەکو چی دەکەی و ژنت هێناوە و چەند منداڵت هەیە و ئەوەش بۆ ناسینی زیاتری کەسایەتی و خوێندنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی تۆمەتبار و ئامادەسازییە بۆ ئاراستەکردنی پرسیارە گرنگ و سەرەکییەکان، پرسیارەکان لە رووی رێکەوتەوە یەك لە دوای یەك بن نەك پرسیاری ئەمڕۆی لێبکرێت، پاشان بگەرێیتەوە مانگێگ پێش ئێستا و پرسیارەکانی تایبەت بە تاوانەکە گشتی بێت، ئینجا بە پرسیارکردنی وردی تاوانەکە بێت و زۆر جار بەهۆی ترسەوە تۆمەتبار لە کاتی پرسیار ئاراستەکردنی وەڵامناداتەوە، لێکۆڵەر لەم بارانە نابێ هاوسەنگی خۆی لە دەست بدات، بەڵکو بە زیرەکی و لێزانی خۆی لە لایەکی تر بۆ تۆمەتبار بێتەوە و وەڵامی ئەو پرسیارەی لێوەربگرێ کە وەڵامی نەداوەتەوە و هەموو ئەو پرسیار و وەڵامانە لە کۆنووس دەنووسرێتەوە و لە لایەن تۆمەتبار و لێکۆڵەر واژۆ دەکرێت.

## بەندی دووەم: شوێنی لێپرسینەوەی تۆمەتبار

هەندێ یاساناس و شارەزای بواری لێکۆڵینەوە پێیان باشە لێپرسینەوە لەگەڵ تۆمەتبار هەر لە شوێنی تاوانەکە بێت بەهۆی ئەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێ و ئەوبارە دەروونییەی کە تۆمەتباری تێدایە لە کاتی لێپرسینەوەی لە شوێنی روودانی تاوانەکە، وای لێدەکات زووتر دان بەتاوانەکەی بنێت، بەڵام زۆربەی کات بەهۆی تێکچرژان و زۆری کارمەندان وشارەزایان لە شانۆی تاوان دەرفەتی وەرگرتنی وتەی تۆمەتبار لەو شوێنە ئەستەم دەبێت و ئەو شوێنەی لێپرسینەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت، پێویستی بە هەندێ ئامادەکاری و تایبەتمەندی هەیە لەوانە:

١-ژووری لێپرسینەوە تەنیا یەك دەرگا و پەنجەری هەبێت و هێڵی نۆرمالی تەلەفۆنی تێدا نەبێت.

٢-ژووری لێپرسینەوە پێویستە قەبارەکەی مامناوەندی بێت و هیچ تابلۆ و وێنەیەکی هەڵواسراوی تێدا نەبێت.

**٣-كورسی تۆمەتبار نابێ دەسك و راگیری دەستی هەبێت، پێویستە رووی تۆمەتبار لە ژوورەكە بكرێت و پشتی لە دەرگا و پەنجەرەكە بێت.**

**٤-ئەگەر پێویستی كرد هۆكاری تۆماركردنی دەنگ و وێنەی ڤیدیۆیی تێدا بێت.**

**٥-بە هیچ جۆرێك لە كاتی لێپرسینەوە نابێ هاتووچۆ لە ژوورەكە بكرێت بۆ ئەوەی سەرنجی تۆمەتبار رانەكێشرێ و بەخۆی و وتەكانی دابچێتەوە.**

**٦-ژوورەكە سادە بێت كەل و پەلی جوانكاری و قەنەفەی تێدا نەبێت و رووناكییەكەی ئاسایی بێت."١٤"**

## بەندی سێیەم: هونەری لێپرسینەوەی تۆمەتبار

**لێپرسینەوەی تۆمەتبار لە لایەن لێكۆڵەر رێكارەكانی بەپێی یاسا رێكخراوە، ئەمە ئەوە ناگەینێ لێكۆڵەر لە كارەكەی هونەر بەركار نەهێنێت، بەڵكو شارەزایی و لێزانی لێكۆڵەر شێوازی نوێ و زیرەكانە كارەكەی سەركەوتوو دەكات، لێكۆڵەر دەبێ سەر و سەلیقەی زۆری بۆ ئەو كارە هەبێت بتوانێ باری دەروونی و هەستی خۆی هاوسەنگ بكات تۆمەتبار كاری تێنەكات، تۆمەتبار هەیە بەهۆی پێشینەی زۆری تاوانی شارەزایی لە شێوازی لێپرسینەوە دەبێت و دەزانێ لێكۆڵەر چی ئاراستە دەكات و بەرنامە دادەنێ بۆ شێواندنی باری دەروونی لێكۆڵەر تا لێپرسینەوەكە بە ویستی تۆمەتبار بێت، لێرەدا لێكۆڵەر دەبێ بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو تۆمەتبارانە بكات بە هیچ شێوەیەك قسە و رەفتاری تۆمەتبار كار نەكاتە سەركەسایەتی و كارەكەی.**

**شێوازێكی تایبەت بۆ لێپرسینەوە نییە بەڵكو لێزانی و شارەزایی لێكۆڵەر هۆكاری سەركەوتنییەتی لە كارەكەی و ئەزموونی لێكۆڵینەوە هەندێ رێسای بە سوود دەخاتە هەگبەی لێكۆڵەر بۆ ئەوەی لێپرسینەوەكەی سوودی هەبێت، بۆ ئاشكراكردنی هەموو نهێنییەكانی تاوان بەتایبەت لەو تاوانانەی ئاڵۆز و لە بارودۆخێكی نادیار روودەدەن و لە هونەرەكانی لێپرسینەوەی تۆمەتبار:**

## ١-وانیشاندان بە بوونی بەڵگە لە دژی تۆمەتبار:

لێکۆڵەر دەتوانی وا لە تۆمەتبار بکات دان بە تاوانەکەی بنێت، کەوا نیشانبدات کە بەڵگەی تەواو لەسەری ئەوە هەیە کە تاوانەکەی ئەنجامبداوە، بە تۆمەتبار بڵێت نکوڵیکردن لە تاوانەکە زەرەری پێدەگەیێنێت و دانپێنان بەتاوانەکە سوودی بۆی دەبێت.

## ٢-وانیشندان بە بوونی دانپێنانی تۆمەتبارەکان لەسەر یەکتری:

لێپرسینەوەی تۆمەتبار بە تەنیا دەبێت و نابیٚ لێپرسینەوە بە ئامادبوونی تۆمەتبارەکان و شاهێدەکان بێت، لێکۆڵەر وانیشاندەدات کە تۆمەتبارەکان دانیان بە تاوانەکە لەسەری ناوە و ئەوەش بەوە دەبێت بە هەر تۆمەتبارێك دەوترێت هاوبەشەکانت لە تاوانەکە لەسەر تۆ و ئەوانی تر بۆ قازانجی خۆیان دانیان بە تاوانەکە ناوە، ئەوەش دەبێتە هاندەرێك تۆمەتبار هەموو تاوانەکە ئاشکرا بکات، بەلاَم پێویستە ئەو جۆرە شێوازە نەگەیشتە خانەی فێڵکردن و لە خشتەبردنی تۆمەتبار، لەبەر ئەوە ئەو کاتە دەبێتە پێچەوانەی یاسا، چونکە یاسا وادە و فێڵی لە لێپرسینەوە قەدەغەکردووە.

## ٣-وروژاندنی سۆزی تۆمەتبار:

تۆمەتبار بەهۆی هەستکردنی بە نارەحەتی دەروونی لە ئاکامی ئەنجامدانی تاوانەکەی هەست بە بۆشایی رۆحی و سۆزی دەکات و حەز دەکات یەکێك ئەو بۆشاییەی بۆ پربکاتەوە، لەو بارە دەروونییە نا لەبارەی رزگار بکات، لێکۆڵەر دەتوانیٚ کار لەسەر ئەم بارە ناهەموارە دەروونیەی تۆمەتبار بکات و هەست و سۆزی بروژێنی وای لێبکات دان بە تاوانەکەی بنێت.

## ٤- چوونە پاڵ تۆمەتبار و وەستانەوە لە دژی:

ئەو کارە بە دوو لێکۆڵەر دەکرێت یەکیان پرسیارەکانی بە ئاسایی لێدەکات و یەکێکی تر بە نەرمی، بە ویتر دەڵیٚ تۆمەتبار هەموو لایەنەکانی تاوانەکە ئاشکرا دەکات و ناوە ناوە شوێنی لێپرسینەوەی هەردوو لێکۆڵەر دەگۆڕدرێت

هەرەیەکەیان بەو شێوازەی لەسەر رێککەوتن پرسیار ئاراستەی تۆمەتبار دەکات و زۆر جار ئەو شێوازە وا دەکات تۆمەتبار دان بە تاوانەکەی بنێت.

### ٥-بێهێزکردنی باری مەعنەوی تۆمەتبار:

لێکۆڵەر لەم شێوازە وا لە تۆمەتبار دەکات باری دەروونی و مەعنەوی تۆمەتبار بێهێز بێت و زۆر جار تۆمەتبار وەڵامی پرسیار ناداتەوە، ئەوەش مافی خۆیەتی لێکۆڵەر ناتوانێ زۆری لێبکات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، بەڵام ئەو کاتەی وەڵام ناداتەوە بە قسەی بهێنێ و باسی رووداو و تاوانەکە بکات لەو کاتە لێکۆڵەر لە نێو بیری خۆی ئەو پرسیارانە لە گێڕانەوەکانی تۆمەتبار دەربهێنێت و پاشان بچێتە ئەو قۆناغەی پرسیارە ئامادەکراوەکانی لێبکات و وردە وردە لە دانپێنان نزیکی بکاتەوە.

### ٦-دەستپێکردن بە لێپرسینەوە لە تاوانی بچوک بۆ گەورە:

تۆمەتبار هەوڵ دەدات رۆڵی لە تاوان کەمبکاتەوە و بیکاتە رۆلێکی لاوەکی رۆڵی سەرەکی لە ئەنجامدانی تاوانەکە لەسەر خۆی دوور دەخاتەوە، هەندێ جار تاوانی بچوك واتا لە رووی سزایەوە سزای کەمبێت بەوە دەستپێدەکات بۆ ئەوەی سەرنجی لێکۆڵەر رابکێشی بۆ ئەو تاوانانە و سەرنجی لە تاوانە گەورەکە دووربخاتەوە، لێرەدا لێکۆڵەر نابێ ئەو تاوانانە فەرامۆش بکات، بەڵکو گفتوگۆی لەسەر ئەوانەی پێشوو لەگەڵ بکات و ئینجا وردە وردە بیهێنێتە سەر تاوانەکانی تر، بەمەش تۆمەتبار دان بە هەموو ئەو تاوانانە دەنێت کە ئەنجامیداوە. "١٥"

# بەشی شەشەم: دانپێنانی تۆمەتبار

مەبەست لە دانپێنانی تۆمەتبار دانپێنانیەتی لەسەر خۆی کە تاوانەکەی ئەنجامداوە، هەموو تاوانەکە یان هەندێکی بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنجامدانی تاوانەکە، ئەو دانپێنانەی بەشێوەی نووسین و زارەکی دەبێت، دانپێنانی نووسراو لە بەردەم دادگا خۆی دەینوسێتەوە و واژۆی لە سەر دەکات، دانپێنانی زارەکی ئەو وتانەی پەیوەندیدار بە تاوانەکەیە تۆمەتبار لە بەردەم لێکۆڵەر دانی پێدادەنێت و دوای نووسینەوەی بۆ دەخوێندرێتەوە و لەسەری واژۆ یان پەنجەمۆر دەکات.

## مەرجەکانی دانپێنانی تۆمەتبار بە تاوانەکەی:

١-دانپێنانی تۆمەتبار دەبێ لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە و دادگا بێت، دانپێنانی تۆمەتبار لە بەردەم لێکۆڵەر وەرناگیرێ ئەگەر دەرفەت و کاتی هەبوو بیگەیەنێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە لە دادگا.

٢-لە کاتی دانپێنان تۆمەتبار دەبێت لە باری هۆشداری و ئیرادەی خۆی بێت.

٣-دانپێنانی تۆمەتبار دەبێ بەویست و ئارەزووی خۆی بێت، هیچ ڕێگەیەکی ناڕەوایی نەگیرابێتە بەر لە خراپی مامەڵە و لێدان و ترساندن و زۆرلێکردن و پەیماندان و بەرکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ وەرگرتنی دانپێنانەکە.

٤-دانپێنانی تۆمەتبار دەبێ روون و دیار بێت، لەگەڵ بارودۆخی روودانی تاوانەکە یەکبگرێتەوە.

٥-دانپێنانی تۆمەتبار لە تەمەنی تەواوی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری بێت کە (١١) ساڵی تەواو کردبێ، لەبەر ئەوەی تۆمەتبار دەبێ درك بەوە بکات دانپێنانەکە لەسەر تاوانێکە و بەپێی یاسا سزا دەدرێت "١٦"

لە کۆنەوە وتویانە (دانپێنان گەورەی بەڵگەکانە) ئەو کاتە هەموو ڕێگەیەکی ئازاردان و لێدان دەگیرا بەر بۆ وەرگرتنی دانپێنانی تۆمەتبار، بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆ ئەو شێوازە بەدەر لە یاسا و مافی مرۆڤە و نەماوە، بەڵکو تەنیا بە ڕێگەی

لێپرسینەوە و ئاراستەکردنی بەڵگەکانی تاوان دانپێنان وەردەگیرێ و تۆمەتبار بە ویست و ئارەزووی دان بە تاوانەکەی دەنێت، وەرگرتنی دانپێنان و وەرنەگرتنی وەکو بەڵگە بۆ پێودانگ و خەملاندنی دادگا دەمێنێتەوە، دادگا لە تەندروستی دانپێنانەکە دەکۆڵێتەوە لەبەر ئەوەی تۆمەتبار هەیە بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ئەنجامدەری تاوانەکە، بۆ نمونە تۆمەتباری سەرەکی باوکیەتی یان برایەتی یان کەسێکی نزیکە لیێ، بۆ ئەوەی تاوانەکە لەو دوور بخاتەوە دەڵێ من کردوومە. یاسادانەر رێگەی بە دادگا داوە بۆ دەرکردنی بڕیاری بە تەنیا بەرکارهێنانی دانپێنانەکە لە دوای ئەوەی لە دانپێنانی تۆمەتبار دڵنیا دەبێت، ئەوەش بۆ دادگا دەمێنێتەوە و دەتوانی لەگەڵ دانپێنانەکە وتەی شاهێدەکان وەربگرێت و دەتوانێ دانپێنانەکە وەربگرێت، بەلأم ناتوانێ رێکاری دادگاییکردنەکە رابگرێت .

دانپێنان لە بەردەم دادگا دەبێتە دانپێنانێکی دادگەرییانە دەبێ دوور بێت لە فشار و زۆرلێکردن، دڵنیابوون لێی بۆ دادگا دەگەڕێتەوە لە دوای ئەوەی لەگەڵ بارودۆخ و چۆنیەتی رووداني تاوانەکە لەهەموو بوارێك لەرووی قسەکردن و کرداری تاوانەکە یەکدەگرنەوە، دادگا دەتوانێ دانپێنانی تۆمەتبار وەربگرێت، کە لە بەردەم دادگایەکی تر وەرگیرا بێت لە هەمان داوا، بۆ نمونە داوایەك لە دادگای کەتن رەوانەی دادگای تاوان دەکرێت لەو کاتە تۆمەتبار لە بەردەم دادگای کەتن دانپێنانی هەیە، لێرەدا دادگای تاوان بەو دانپێنانە وەردەگرێت، دانپێنان لە بەردەم دادوەر تەنیا بەڵگەیەکە و دەتوانێ وەریبگرێ و بە پێچەوانەشەوە واتا دەتوانێ بەشێك لە دانپێنانەکە وەربگرێ و هەندێکی لێوەرنەگرێت کە ناگاتە باوەڕ و دڵنیابوونی دادگا، واتا دەتوانێ دانپێنان بەش بەش بکات بەلأم ئەو کارە ناتوانێ بکات ئەگەر دانپێنانەکە تەنیا بەڵگە بێت. "١٧"

## بەندی یەکەم: لێخۆشبوون خستنە بەردەم تۆمەتبار

بەپێی ماددەی (١٢٩) یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١و هەموارکردنەکانی، دەکرێ لێخۆشبوون بخرێتە بەردەم هەر تۆمەتبارێك لە تاوان بۆ بە دەستهێنانی شاهێدی تۆمەتبار لەسەر تۆمەتبارەکانی

تری تاوانەکە، ئەو لێخۆشبوونەش لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە دەخرێتە بەردەم تۆمەتبار، دوای ئەوەی ڕەزامەندی دادگای تاوان پێوەردەگیرێت، لەگەڵ نووسینی هۆکارەکەی لە کۆنووسەکە و لێرەدا ڕوڵی تۆمەتبار دەگۆڕێ بۆ شاهێد دژی ئەو کەسانەی بەشدارییان کردووە لە ئەنجامدانی کرداری تاوانەکە، دوای ئەوەی تۆمەتبار بە خستنەڕووی لێخۆشبوونەکە ڕازی دەبێت پێویستە هەموو بەیان و زانیارییەکان بە تەواوی لەسەر تاوانەکە بداتە دادگا و دەبێ ڕاست و دروست بن و کەموکوڕی تێدا نەبێت، تۆمەتبار هەر بەو سیفەتە تۆمەتبارییە دەمێنێتەوە سەرەڕای وەرگرتنی شاهێدییەکەی لەسەر هاوبەشەکانی لە تاوانەکە و دادگای تاوان تەماشای هەمووی دەکات لە کاتی تەندروستی شاهێدییەکەی و ئەو بەیانانەی لە لایەن تۆمەتبارەوە دراوە، ئەوا بڕیاری ڕاگراتنی ڕێکاری یاسایی تەنیا لە دژی ئەو تۆمەتبارەی بەلێخۆشبوونەکە ڕازیبووە و شاهێدی لەسەر تۆمەتبارەکانی بە هەموو وردەکارییەکانەوە داوە و ئازاد دەکرێ، بەڵام ئەگەر بۆ دادگای لێکۆڵینەوە ڕوون بێتەوە شاهێدییەکەی تۆمەتبار کەموکوڕی هەیە، ئەوا لێخۆشبوونەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و ئەو وتانەی داویەتی هەمووی لەسەری دەبێتە بەڵگە، لە ماددەی (١٢٥)ی یاسای بنەماکانی دادگاییەکانی سزایی عێراقی بەرکاردا، هاتووە شاهێدی تۆمەتبار لەسەر تۆمەتبارەکانی تر دەنووسرێتەوە و ئەو داوایە جیادەکرێتەوە و سەربەخۆ ڕێکاری یاسایی تێدا دەکرێت."١٨"

## بەندی دووەم: نکۆڵیکردنی تۆمەتبار

ئەو تاوانەی تۆمەتبار ئەنجامیدەدات یان ئەوەتا دانی پێدادەنێت و هەموو لایەنەکانی تاوانەکە بۆ دادگا ئاشکرا دەکات، یان ئەوەتا نکۆڵی لە تاوانەکەی دەکات و دەڵێ من ئەنجامم نەداوە، بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی لابردنی گومانەکانی سەری دەدات، لەو کاتەی تۆمەتبار دان بە تاوانەکەی دەنێت ڕێکارە یاساییەکە ئاسایی دەڕوات، دادگا ئەوەندە ماندوو نابێت تەنیا لە تەندروستی دانپێنانەکە دەکۆڵێتەوە، بەڵام ئەگەر تۆمەتبار نکۆڵی لە تاوانەکە کرد ئەوا دەکەوینە بەردەم باری نکۆڵیکردنەکە بەم شێوەیە:

## ١-بێ بەڵگە تۆمەتبار نکۆڵی دەکات:

لەم بارە لێکۆڵەر لە تۆمەتبار دەپرسێ کاتی روودانی تاوانەکە لە کوێ بووە و چ بەڵگەی هەیە بۆ نکۆڵی کردنەکەی و لێرەدا هەندێ جار بە دیار دەکەوێ کە تۆمەتبار ئەوەی دەیڵێ تەنیا بانگەشەیە و بەڵگەی لەسەر ئەوە نییە کە تاوانەکەی ئەنجامنەداوە، ئەو بەڵگانەی بۆ دەهێنرێتەوە کە تاوانەکەی ئەنجامداوە و تەنانەت ئەگەر پێویست بوو کرداری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شاهێدەکانی سەلماندن بکات بۆ زیاتر روون بوونەوەی لایەنەکانی تاوانەکە.

## ٢-بە بەڵگە تۆمەتبار نکۆڵی لە تاوانەکە دەکات:

لەم بارەدا تۆمەتبار تەنیا بە بانگەشە نکۆڵی لە تاوانەکە ناکات، بەڵکو بەڵگە دەهێنێتەوە و بۆ دادگای روونددەکاتەوە کە تاوانەکەی نەکردووە، لێرەدا دەبێ بەڵگەکان وەربگیرێ و گوێ لە شاهێدەکانی بەرگری رەتکردنەوەی تاوانەکە لەسەر تۆمەتبار بگیرێ، لێکۆڵەر پێویستە زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەو بەڵگانە بکات لەوە دڵنیا بێت کە تۆمەتبار نەکەوتۆتە نێو هەڵە و ئەوانەی دەیڵێ بە بەڵگە دەتوانێ لەسەر خۆی لایان ببات."١٩" .

---

"١" علم التحقيق الجنائي الحديث، بين النظريات و التطبيق تأليف: الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحه ٣٢٥)

"٢" علم النفس الجنائي، كامل احمد ثابت – الطبعة الاولى القاهرة ١٩٧٦ (صفحه ١٠٣-١٠٧)

"٣" قانون اصول المحاكمات الجزائيه رقم ٢٣ لسنه ١٩٧١ وتعديلاته مادده( ٤٨)

"٤" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي – الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي – الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه (٢١٩)

"٥" شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية الجديدة، عباس الحسني بغداد ١٩٧١

"٦" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي – الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي، الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه (٢٢١)

"٧" اصول التحقيق الاجرامى، تأليف الدكتور سلطان الشاوي – طبعة بغداد ١٩٨١ (صفحه ١٠٠)

"٨" المرشد العلمي للمحقق ،اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي(صفحه ١١٣-١١٤).
"٩" اصول التحقيق الاجرامى، تأليف الدكتور سلطان الشاوي- طبعة بغداد ١٩٨١ (صفحه ١٠٧-١١١ ) .
"١٠" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي، الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه (٢٢٧-٢٢٨).
"١١" اصول المحاكمات الجزائية، الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم ابراهيم حربة ٢٠٠٩ بغداد - (صفحه ١٢٥) .
"١٢" المرشد العلمي للمحقق ،اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي .
"١٣" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه (٢٥٧) .
"١٤" المرشد العلمي للمحقق، اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي(صفحه ١٢٣-١٢٧)
"١٥" احمد فؤاد عبدالمجيد – التحقيق الجنائي العملي (صفحه ٢٩٧)
"١٦" اعتراف المتهم ، سامى صادق الملا – دار النهضة العربية –صفحه (٦)
"١٧" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه (٢٦١-٢٦٦) .
"١٨" قانون اصول المحاكمات الجزائيه رقم ٢٣ لسنه ١٩٧١ وتعديلاته مادده( ١٢٩).
"١٩" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي طبعة بغداد ١٩٨١ (صفحه ١٦٥ )و علم التحقيق الجنائي الحديث ، بين النظريات والتطبيق تأليف: الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحه ٢١٢)

# فەسلی پێنجەم:
# ڕێگەکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان

بەشی یەکەم: پشکنینی شانۆی تاوان

بەشی دووەم: هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان

بەشی سێیەم: نۆڕینی بەڕێنمایی

بەشی چوارەم: مەرجە بابەتییەکانی نۆڕینی بەڕێنمایی

بەشی پێنجەم: کرداری ناسینەوە

بەشی شەشەم: کرداری ڕووبەڕووبوونەوە

بەشی حەوتەم: ناسینەوە بەهۆی سەگی پۆلیسی

بەشی هەشتەم: پشکنین

# بەشی یەکەم: پشکنینی شانۆی تاوان

چوون بۆ شانۆی تاوان یەکێکە لە هۆکارەکانی کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان لێکۆڵەر لە دوای ڕوودانی تاوانەکە بە ماوەیەکی کەم و بەخێرایی دەچێتە شوێنی ڕووداو بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان، کۆمەڵێك ڕێکاری یاساییە لە لایەن لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان ئەنجامدەدرێت بۆ پاراستنی شوێنی ڕوودانی تاوانەکە و زانینی هەموو لایەنەکانی شوێنەکە و تۆمەتبار و تاوانلێکراو، ڕاڤەکردن و خستنەڕووی وردی شوێنەکە و هەڵگرتنەوەی هەموو بەڵگەکانی ماددی و چەسپاندنی سەرچاوەی بەڵگەکانی ماددی و مەعنەوی و ڕێکخستنی هێڵکاری شوێنی ڕووداو، پشکنینی شوێنی ڕووداو لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر ئەنجامدەدرێ و دەکرێ داواکارای گشتیی ئامادە بێت و لەگەڵ شارەزایانی بەڵگەی تاوان.

یەکێك لەخاڵە هەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی کاری پشکنینی شانۆی تاوان خێرا گەیشتنی لێکۆڵەر و هاوکارەکانیەتی بە شوێنەکە، بۆ لێپرسینەوەی هەواڵدەر و دادخواز و شاهێد و پاراستنی هەموو شوێنەوارەکانی تاوان و پێویستە لێکۆڵەر لێنەگەڕێ هیچ کەسێك دەستکاری شوێنەواری بەڵگەکان بکات و نابێ لێبگەڕێ ئەوانەی ڕاستەخۆ پەیوەندییان بە تاوانەکە هەیە شوێنەکە بەجێبهێڵن تا وتەکانیان وەردەگیرێت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە زانیارییان لابێت کە زۆر سوودی بۆ لێکۆڵەر هەبێت بۆ ئاشکرابوونی هەموو لایەنەکانی تاوانەکە و دۆزینەوەی تۆمەتباران. پەیوەندیکردن و ئامادبوونی شارەزایانی بوارەکانی بەڵگەی تاوان و پسپۆڕی هونەری و وێنەگری تاوانکاری بۆ شانۆی تاوان پێویستە بۆ وەرگرتنی ڕێکاری هەڵگرتنەوە و ڕەوانەکردنی بەڵگەکان بۆ پشکنین و شیکردنەوەیان بەپێی ڕێگەی هونەری و زانستی بەهۆی ئامێرەکانی بەڵگەی تاوان کە زۆر کاریگەر دەبێت بۆ ئاشکرابوونی بارودۆخ و ڕاستی ڕوودانی تاوانەکە و زانینی هۆکار و چۆنیەتی ڕوودانی تاوانەکەو کە لە کوێ ڕوویداوە و کاتی ڕوودانەکەی کەی بووە و تۆمەتبار بە هۆکار و پاڵنەری چی تاوانەکەی

**ئەنجامداوە؟ بۆ زانینی نیەت و کەسایەتی و سیفەت و کار و دۆزینەوە و دەستگیرکردنی تۆمەتبار. هێڵکاری شوێنی رووداو بۆ دیاریکردنی جێگەی رووداني تاوانەکەیە بە خستنەرووی شوێنەکە بە هەموو لایەنەکانیەوە بۆ دیاریکردنی سروشتی شوێنەکە کە راستەخۆ پەیوەندی بە سروشتی تاوانەکەوە هەیە، دەکرێ دادگا بۆ شوێنی رووداو بۆ خۆی یان لەسەر داواکاری یەکێك لە لایەنەکانی داوا بچێتە شانۆی تاوان، ئەمەش بە چوونی تەواوی دادگا بۆ پشکنینی شوێنی رووداو بە ئامادەبوونی تۆمەتبار و داواکار یان بریکاری یاساییان بۆ بە دیهێنانی دادپەروەری، پشکنینی شوێنی رووداو لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی یەکەم و سەرەتایی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە هەندێ باردا پشکنینی شوێنی رووداو لە لایەن لیژنەی دادگا بۆ قۆناغی دادگاییکردن گرنگی خۆی هەیە. ئەمەش بۆ دروستبوونی مەزندەی دادگا و ئەو بەڵگانەی دەپشکێندرێ بۆ دادگا دەسەلمێنی بەڕووداني تاوانەکە و بۆ لێکۆڵینەوە و خەملاندنی بەڵگەکانی ماددی و مەعنەوی گەیشتنی دادگا بە بڕیاری خۆی لەسەر تاوانەکە"١".**




**( شانۆی تاوان )**

## بەندی یەکەم: پێناسەی شانۆی تاوان

لەژێر رۆشنایی شیکردنەوەی سەرەوە دەتوانین بێژین پشکنینی شوێنی تاوان ( کۆمەڵێك رێکاری یاسایی لێکۆڵەرە لە شانۆی تاوان بۆ دەستبەسەرداگرتن و پاراستنی شوێنی روودانی تاوانەکە، بۆ خستنە رووی شوێنەکە دوای تاوانەکە و باری تاوانلێکراو و تۆمەتبار بەشێوەیەکی ورد و پاراستنی شوێنەوارەکانی تاوان و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکانی ماددی و چەسپاندنی بەڵگەکانی مەعنەوی و رێکخستنی هێڵکاری شوێنەکە)"٢" لەبەر ئەوە پشکنین پێشاندانی ئەو شوێنەیە کە تاوانی تێدا ئەنجامدراوە و لەگەڵ شیکردنەوەی باری تاوانلێکراو لەگەڵ تۆمەتبار ئەگەر دەستگیرکرابوو، وە خستنەڕووی هەموو ئەو بارانە بە شێوەیەکی فراوان و ورد لە کۆنووسی پشکنینی شانۆی دەخرێتە روو.

## بەندی دووەم: گرنگی پشکنیی شوێنی تاوان

پشکنینی شانۆی تاوان بە گرنگترین رێکاری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری هەژمار دەکرێت و دەکەوێتە ریزبەندی یەکەمی ئەو رێکارانە، بەهۆی ئەوەی باری روودانی تاوانەکە بە هەموو لایەنەکانییەوە شیدەکاتەوە بە شێوەیەکی ورد و راستەقینە شانۆی تاوان بەرچاو روونی دەداتە لێکۆڵەر لە بوون و روودانی تاوان، یان روونەدانی و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە لە لایەن تۆمەتبار یان چەند تۆمەتبارێك لە رێگەی شوێنەواری بەڵگەکانی ماددی و مەعنەوی و شیکردنەوەو زانینی باری تاوانلێکراو و تۆمەتبارن بەمەش وێنایەکی تەواو لەسەر تاوانەکە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی لای لێکۆڵەر دروست دەکات، لێکۆڵەر بەهۆی هەموو ئەوانەی لە شانۆی تاوان دەستیدەکەوێت ئاسانکاری و یارمەتیدەری سەرەکی دەبێت لە ئاشکراکردنی تۆمەتباران و راڤەکردنی تاوانەکە بە شێوەیەکی زۆر چاك تاوەکو بزانرێ ئەو تاوانە بۆ ئەنجامدراوە و لە رێگەی ئەمەوە دەزانرێ کێ ئەنجامیدوە و پاڵنەرەکان چین بۆ روودانی تاوانەکە.

لێکۆڵەر بەهۆی گرنگی و سوود وەرگرتنی لە شانۆی تاوان تا کارەکەی سەرکەوتوو بێت و بتوانێ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی تاوانەکە ئاشکرا بکات،

پێویستە زۆر بە وردی مامەڵە لەگەڵ شوێنی رووداني تاوانەکە بکات، هەوڵ دەدات هیچ شتێك بەسەریدا تێنەپەڕێت و شوێنەکە بە تەواوی دەخاتە ژێر کارەکانی و بیری هەموو ئەو بەڵگە و شوێنەوارانەی دەستی دەکەوێت دەیانپارێزی و کاریان لەسەر دەکات نەوەك گرنگی بە هەندێکیان بدات و هەندێك فەرمۆش بکات، بەڵکو ئەو شتانەی دەستیدەکەوێت هەمووی تەواوکەری یەکتر بۆ یارمەتیدانیان لە ئاشکراکردنی تۆمەتبارەکە و دووبار لەم پرسە دێتە کایەوە یان ئەوەتا تۆمەتبار هەلأتووە و دیار نییە یان ئەوەتا لە شوێنی رووداو دەستگیر دەکرێت، ئەم دەستگیرکردنەی تۆمەتبار مانای کۆتایی هاتن بە کاری لێکۆڵەرە نییە، بەڵکو لەگەڵ ئارمانجی دەستگیرکردنی تۆمەتبار، چۆنیەتی رووداو و هۆکاری تاوانەکە و بەشداربووانی تاوانەکە، بە تەنیا تاوانەکە ئەنجامدراوە یان چەند تۆمەتبارێکن و پاراستن و هەڵگرتنەوەی هەموو بەڵگەکانی تاوان و فەرامۆش نەکردنیان، وەلأمی هەموو ئەو پرسیارانەی لێکۆڵەر دەداتەوە، لە هەموو بوارەکان لێکۆڵەر پێویستە رێکارەکانی لێکۆڵینەوەی یەکەمین و سەرەتایی بەرێك و پێکی ئەنجامبدات، ئەوە جگە لەوەی کاریەتی بەلأم بۆ ئاشکرابوونی هەموو لایەنەکانی تاوان پێویستە ئەو کارانەی لە سەریەتی و پێویستە کە بەپێی یاسا بۆ دیاریکراوە یەك لەدوای یەك وەك زنجیرەی بە یەکبەستراو ئەنجامیان بدات. "٣"

## بەندی سێیەم: ئارمانجی پشکنینی شانۆی تاوان

کۆمەڵێك ئامانج و هۆکار هەیە لە بیری لێکۆڵەر لە پشت پشکنینی شوێنی تاوانەوەن، مەبەستییەتی کۆمەڵێك رەهەند لەئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوەکەی بە دەست بهێنێت، تاوەکو بتوانێ شرۆڤەیەکی راست و دروستی تاوانەکە بکات لە رێگەی هەڵگرتنەوەی بەڵگەکانی تاوان ئەوەش لە دوو رەهەندەوە راڤە دەکرێت.

## یەکەم- هۆکارەکانی پشکنین سەبارەت بە تاوانەکەوە:

### ١-بوونی تاوان:

پشکنینی شوێنی تاوان ئەوە رووندەکاتەوە کە کردارێکی تاوانکاری هۆکاری تاوانێکی لێکەوتۆتەوە لەسەر تاوانلێکراو چ لە گیانی یان سامانی بێت، بۆنمونە لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان تەرمی کوژراوێك دەبینیٚ.

### ٢-چۆنیەتی روودانی تاوانەکە:

لێکۆڵەر لە شوێنی تاوان شوێنەواری شکاندنی دەرگا یان پەنجەرە دەبینیٚ لەگەڵ ئەو ئامێرانەی بۆ شکاندنی بەرکار هاتوون لەگەڵ بوونی قەوانی فیشەکی چەك، لێرەدا بۆ لێکۆڵەر روون دەبێتەوە کە تۆمەتبار چۆن هاتۆتە ژوورەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی بوونی قەوانی فیشەك یان هەندیٚ جار چەقۆی بە خوێنی تۆمەتبار بەڵگەی ئەوەن کە بەچەك یان چەقۆ تۆمەتبار کوژراوە.

### ٣-شوێنی روودانی تاوان:

لێکۆڵەر دەبیٚ لە دیاریکردنی ئەو شوێنەی تاوانەکەی لیٚ ئەنجامدراوە ورد بێت و ژیرانە شوێنەکە دیاریبکات، لەوانەیە تۆمەتبار بۆ دوورخستنەوەی تاوانەکە لە خۆی، لاشەی تاوان بگوازێتەوە شوێنێکی تر، بۆ نمونە بوونی تەرمی کوژراوێك لە خانوویەك و خوێنێکی زۆر لە دەورووبەری کوژراوەکە ئەوە دەگەیەنیٚ کە تۆمەتبار تاوانلێکراوی لەم خانووە کوشتووە، بەڵام بوونی تەرمی کوژراو بە گوللە یان چەقۆ و هیچ خوێنێك لەو خانووە و لە نزیك کوژراو بەدینەکرێت و نەدۆزرێتەوە، ئەوە دەگەیەنیٚ تۆمەتبار تۆمەتباری لە شوێنێك کوشتووە و گواستوویەتییەوە ئەو شوێنە.

### ٤-کاتی روودانی تاوان:

گۆڕینی رەنگی پێستی تاوانلێکراو ئەگەر کوژرا بێت، بۆ لێکۆڵەر روونده‌بێتەوە کە ماوەیەك بەسەر تاوانەکە رۆیشتووە، بەڵام لێکۆڵەر بەمەزندەی خۆی نابیٚ کاتەکە دیاریبکات، بەڵکو دەبیٚ پزیشکی دادوەری کاتەکە دیاریبکات ئەوان بە راستەقینەیی کاتی بە سەرچوونی تاوانەکە دیاریدەکەن.

## ٥-ئامێری ئەنجامدانی تاوان:

بوون و دۆزینەوەی ئامێری بەرکارهاتوو لە ئەنجامدانی تاوانەکە و دۆزینەوەی لە شانۆی تاوان، بۆ نمونە بوونی تەرمی کوژراوێك بەسەر بڕاوی لەتەکیەوە چەقۆیەکی بە خوێن ئەوە دەگەیەنێ تۆمەتبار بەچۆ سەری تاوانلێکراوی بڕیوە.

## ٦-هۆکاری تاوان:

تۆمەتبار پاڵنەری دیاریکراوی هەیە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی، ئینجا بۆ دزیکردن بێت یان کوشتن بە هۆکاری تۆڵەسەندنەوە و بە هەر هۆکارێکی کۆمەڵایەتی بێت، لێکۆڵەر لە کاتی لێکۆڵینەوەی بە تایبەت لە پشکنینی شانۆی تاوان بۆی روون دەبێتەوە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکە چییە. بۆ نمونە بوونی تەرمێکی کوژراو لەسەر سیسەم پەرش و بلاوبوونی کەرەستەکانی نێو ژوورەکە و شکاندنی دەرگای کەنتۆر و بلاوە پێکردنی جلوبەرگەکان، ئەوە دەگەیەنێ هۆکاری کوشتنەکە بۆ دزیکردن بووە، بەلام ئەگەر ژوورەکە و کەنتۆرەکە هەر وەکو خۆی بێت تەنیا تەرمی کوژراوەکە لەم ژوورە بدۆزرێتەوە، ئەوە دەگەیەنێ ئەو تاوانە کوشتنە بە هۆکاری کۆمەلایەتی یان سیاسی یان هەر هۆکارێکی تر.

## ٧-هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی تۆمەتبار:

لە رێگەی جێنیشانی پێ و پەنجەمۆر و شکانی دەرگا و پەنجەرە شوێنی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی تۆمەتبار دەستنیشان دەکرێت، دیاریکردنی ئەو شوێنە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی دەتوانرێ پلەی نزیکی تۆمەتبار بەو شوێنە دیاریبکرێت، ئەگەر دەرگا و پەنجەرە نەشکابن و تۆمەتبار بە کلیل دەرگای کردبێتەوە و هاتبێتە ئەو شوێنە مانای ئەوەیە یان ئەوەتا کلیلی جۆراوجۆری پێبووە، یان ئەوەتا نزیکە لەو ماڵە و توانیویەتی کلیلەکە بەدەست بهێنێت و لەسەری کۆپی بکات.

## دووەم: هۆکارەکانی پشکنین سەبارەت بەتۆمەتبارەوە:

### ١-کەسایەتی تۆمەتبار:

تاوان لە لایەن تۆمەتبارێك یان زیاتر ئەنجامدەدرێت لەسەر تاوانلێکراو یان تاوانلێکراوان بوونی پەنجەمۆر و جێنیشانەی پێ، بەڵگەی کەسایەتی تۆمەتبارن و لەشوێنی تاوان و پشکنینی مۆرکی کەسایەتی تۆمەتبار لە ڕێگەی بەڵگەکانەوە بە دیار دەکەوێت.

### ٢-سیفەتەکانی تۆمەتبار:

لە شوێنی تاوان بە شوێنەوارەکانی تاوانەوە دەتوانرێ خوێندنەوەی نەریت و سیفەتەکانی تۆمەتباری پێ دیاریبکرێت، بۆ نمونە بوونی جگەرەی فرێدراو لە شوێنی تاوان ئەوە دەگەیەنێ تۆمەتبار جگەرە کێش بووە یان بەهۆی جێنیشانەی پێ لە زۆر داگرتن و کاڵی، سیفەتی درێژی و بەهێزی و قەڵەوی و باریکی تۆمەتبار بە دیار دەخەن و بۆ لێکۆڵەر وێنایەك لەسەر تۆمەتبارەکە دروست دەبێت.

### ٣- پیشەی تۆمەتبار:

کاری تۆمەتبار لە ڕێگەی ئەو شوێنەوارانەی لەسەر لاشەی تاوانلێکراو یان لە شوێنی تاوان دەکرێ دەستنیشان بکرێت، بۆ نمونە پارەی دزرا و لەناو قاسەی کراوە بەکلیل ئەوە دەگەیەنێ کە تۆمەتبار کاری کلیلسازی دەکات یان بوونی کەرستەی دارتاشی لەتەك تاوانلێکراو ئەوە دەگەیەنێ کە تۆمەتبار دارتاشە، ئەوە بە شێوەیەکی ڕەها نییە لەبەر ئەوەی لە وانەیە تۆمەتبار تەنیا ئەو شتانەی بۆ تاوانەکە بەرکار هێنابێت، یان بۆ خۆ دەربزاکردن و ڕزگاربوونی ئەوە دەکات، بەڵام لێکۆڵەر هەموو گریمانەکان دادەنێت و کار لە سەر هەموویان دەکات.

### ٤-شارەزابوونی تۆمەتبار لە شوێنی تاوان:

کاتێ تاوانێك لە شوێنێك دەکرێت بە پشکنینی شوێنەکە، لێکۆڵەر دەتوانێ ئەوە دیاریبکات کە تۆمەتبار پەیوەندی چۆنە بەتۆمەتبار و ماڵەکەوە، بۆ نمونە دزرانی پارە لە ناو کەنتۆر بێ ئەوەی هیچ جێگەیەکی ناو کەنتۆرەکە یان دەوروبەری

تێکنەچووبێت، ئەوە دەگەیەنیٚ کە تۆمەتبار شارەزایی لە ماڵەکە هەبووە و شوێنی پارەکەشی پیٚ زانیوە ئەوەش هاوکاری لێکۆڵەر دەکات لە نزیکبوونەوە و ئاشکراکردنی تۆمەتبارەکە.

## ٥-ژمارەی تۆمەتباران:

تۆمەتبار و ئەوانەی لەگەڵیدا بەشدارن لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەوە دەزانریٚ، لە کاتی هەڵگرتنەوەی شوێنەوارەکانی تاوان لە بوونی پەنجەمۆری زیاتر لە تۆمەتبارێك یان جێنیشانەی پێی تۆمەتباران، لێکۆڵەر دەگەیەنێتە ئەو راستییەی کە تاوانەکە لە لایەن ژمارەیەك تۆمەتبار ئەنجامدراوە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشکنینی شوێنی رووادانی تاوانەکە رۆل و رێژەی کرداری تاوانی هەر یەك لە تۆمەتباران بەدیار دەکەوێت. "٤"

## ٦-زانینی رەگەزی تۆمەتبار:

بوونی تاڵەمووی درێژ یان بەجێهێشتنی جانتای شانی ئافرەتان لە شوێنی تاوان بەڵگەی ئەوەیە کە تۆمەتبارەکە ئافرەتە، یان لەجێنیشانی پیٚ کاڵەی بە هێز دانراوە یان پەنجەمۆری باریکی پەنجەکان و دەست دەتوانریٚ لێکۆڵەر جیاوازییەك بکات و بزانیٚ هی پیاوە یان هی ئافرەتە، بەمەش رەگەزی تۆمەتبارەکە مێینەیە یان نێر بە دیار دەکەوێت و هاوکار دەبێت بۆ نزیکبوونەوە لە ئاشکراکردنی تۆمەتبار و ئەمانەش رێژەی رەها نادەنە لێکۆڵەر، بەڵکو بە نزیکەیی دەبێت و وەك لە پێشتر باسمان کرد، لەوانەیە بە ئەنقەست ئەو شتانە لە شانۆی تاوان دابنریٚ بۆ سەر لێشێواندنی لێکۆڵەر، بەڵام لێکۆڵەر دەبیٚ شارەزا و لێزان بێت و لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەگەرەکان بکات.

## بەندی چوارەم: رێنماییەکانی پشکنینی شانۆی تاوان

لێکۆڵەر بەپێی یاسا کارەکانی پشکنین دەکات لە هەڵگرتنەوەی بەڵگەکانی تاوان لێپرسینەوە لەگەڵ لایەنەکانی داوا، بۆ ئەوەی کارەکەی سەرکەوتوو بێت و بتوانیٚ ئەرکەکانی لێکۆڵینەوە بەرێك وپێکی بەڕێوەببات، تاوەکو پشکنینەکەی ئاکامی

باش بە دەستەوە بدات لە ئاشکراکردنی تاوانەکە و دۆزینەوە و دەستگیرکردنی تۆمەتباران بە پێی کۆمەڵێك ڕێسا لەوانە :

١- لێکۆڵەر بەخێرایی بۆ شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بچێت، ئەو خاڵە دەبێتە هۆکاری ئەوەی لێکۆڵەر بتوانێ سوود لە شانۆی تاوان وەربگرێت و لێنەگەڕێ هیچ بەڵگەیەك دووچاری فەوتان بێت، لەگەڵ گەیشتنی بە شوێنی تاوان دەبێ لەوە دڵنیا بێتەوە هیچ بەڵگەیەك دەستکاری نەکراوە، ئەگەر کرابێت دەبێ بزانێ بۆ کراوە، هەروەکو خۆی هەموو شتێك لە شوێنی خۆی دەبێ بمێنێت و بۆ ئەوەی بتوانێ سوود لە بەڵگەکان وەربگرێ هەریەك لەوانەش لە شوێنی خۆی لایەنێك بۆ لێکۆڵەر ئاشکرا دەکەن .

٢-پەیوەندیکردن بە شارەزایانی بەڵگەی تاوان و پسپۆڕی هونەری و وێنەگری تاوانکاری بۆ ئامادەبوونیان بە خێرایی لە شانۆی تاوان، دەکرێ لێکۆڵەر بەپێی هەندێ ڕێکاری هونەری ئەو بەڵگانەی هەڵدەگیرێنەوە بۆ بەڵگەی تاوانیان بگواستەوە نەوەك جاری یەکەم بیانگوازێتەوە بنکەی پۆلیس و نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان، ئینجا بۆ بەڵگەی تاوان لەبەر ئەوەی لەوانەیە لەم هاتووچۆیە ئەم بەڵگانە لە ناو بچن و جاری واش هەیە بەهۆی گواستنەوەیان دەستکاری دەکرێت، یان ئەوەتا بەپێی بەسەرچوونی کات بەڵگەکان سوودی نامینێت، بۆیە پێویستە بەڵگە هەڵگیراوەکان ڕاستەوخۆ و بێدواکەوتن بگوازرێنەوە بەڵگەی تاوان بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تایبەت لە تاقیگەکان. لێکۆڵەر کاری هونەری و شارەزاییان ئاسان دەکات بە تێگەیاندنیان بە گرنگی شوێنەکە و بارودۆخی ڕووداوەکە، بۆ نمونە چۆنیەتی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی تۆمەتبار و ئەو شوێنانەی تۆمەتبار پێی گەیشتووە و کاری تاوانەکەی خۆی تێدا ئەنجامداوە، هەروەها تێیان دەگەیەنێت ئەو شوێنەوارانەی هی تاوانلێکراو و خاوەنماڵەکەن ئەوانەش هی لێکۆڵەرن تا بزانرێ کار لەسەر چی دەکەن و ئەو بەڵگانەی هەڵیاندەگرنەوە بە نزیکەیی هی کێن.

٣-دابەشکردنی هاوکارەکانی لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان و هەریەکەیان کارێکی پێ دەسپێردرێ بۆ پاراستنی شانۆی تاوان، نابێ هیچ کەسێك لەمانە لە خۆیەوە شوێنەکەی بەجێبێڵێ یابچێت ئەرکێکی تر بەجێ بگەیەنێت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆکاری لە ناوچوونی بەڵگەکان، یان چوونە دەرەوەی یەکێك لەگومانلێکراوان، لێکۆڵەر یارمەتیدەرەکانی دابەشدەکات، بۆ ئاگاداربوون لەشوێنەکە و دەرگا و پەنجەرەکان دەپارێزێ، هەندێکی تر رادەسپێری بۆ دەستگیرکردن و ئاگاداربوونیان لە تۆمەتبار ئەگەر لە شوێنی رووداو بوو، هەندێکیشیان ئاگاداری شاهێدەکان و دوورخستنەوەی خەڵك و قەدەغەکردنی چوونە ژوور و دەرەوەی شوێنی روودانی تاوانەکە و خۆشی لەگەڵ هەندێك لە یارمەتیدەرانی بە دوای بەڵگەکان دەگەڕێن بە مەبەستی پاراستن و هەڵگرتنەوەیان.

دوو بۆچوون هەیە لەسەر ژمارەی گرووپی کار لەگەڵ لێکۆڵەر بۆچوونی یەکەم دەڵێ گرووپی کار ئاساییە ژمارەیان هەر چەند بێت، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان ئەرکی خۆی هەیە و جێبەجێی دەکات و بۆچوونێکی تر دەڵێ چەندەی ژمارەی گرووپی کار لەگەڵ لێکۆڵەر لە شارەزایانی بەڵگەی تاوان و هونەرییەکان و یارەمەتیدەکانی کەم بن هێندە باشترە، بۆ پارێزگاریکردن لە بەڵگەکانی تاوان پێیان وایە ژمارەیان چەند زۆر بێت دەبێتە هۆکاری لە ناوچوونی بەڵگەکانی تاوان.

٤-لێکۆڵەر لە دوای گەیشتنی بە شوێنی روودانی تاوان ئەنجامدانی رێکارەکانی پێشتر باسمان کرد دەست دەکات بە خستنەڕووی شانۆی تاوان بە شێوەیەکی سادە و زانراو و تەواو و ورد لە سروشتی شوێنەکە و بەشەکانی و شوێنەوار و ماکی بە جێماو و ئامێرەکانی بە کارهاتوو لە تاوانەکە و ئەوانەی لەوشوێنەکە بەرچاو دەکەون و لەگەڵ خستنەڕووی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە تاوانەکەوە هەیە، ئەوانەی پەیوەندییان بە تاوانەکە نییە بەو شێوەیە جەختیان لەسەر ناکرێتەوە بەڵکو بەگشتی باسیان دەکرێت.

**٥-لێکۆڵەر خاڵێك بۆ دەسپێکردنی پشکنینی شوێنی تاوان دیاری دەکات و لەوێوە دەسپێدەکات تا کۆتایی، بەمەش هەموو شوێنەکە دەپشکنێ لەبەر ئەوەی گەر بەشێوەیەکی رەمەکی و هەر جارەی لە شوێنێك دەستپێبکات لەوانەیە زۆر شوێندی هەیە نایبێنی و بەجێدەمێنێ لەبەر ئەوەی هەموو جێگاکان پێ نازانێ بەمەش بەڵگەی تاوان هەیە نایدۆزێتەوە.**

**٦-ئەنجامگیری لێکۆڵەر لە دوای پشکنینی شوێنی رووداو، ئەو وێنایەی لەناو مێشکی دروست دەبێت لە شێوازی چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە بەچ رێگەیەك تۆمەتبار هاتۆتە ژووریێ و چۆن چۆتە دەرێ و بۆ تاوانەکەی ئەنجامداوە بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵەر سەرەداوەکانی دەکەوێتە دەستی هاوکار دەبن بۆ شیکردنەوەی تاوانەکە و زانینی ئەنجامدەرانی و ئەوەش رێڕەوی لێکۆڵینەوە دەخاتە سەر رێگەی راست بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکە و نزیکبوونەوە لە دەستگیرکردنی تۆمەتباران.**

**٧-لێکۆڵەر هەموو ئەو رێکارانەی لە شانۆی تاوان ئەنجامیدەدات بە شێوەیەکی ورد و فراوان لە کۆنووسێك رێك دەخات، نابێت کۆنووسەکە تەنیا سەرە خاڵەکانی و تەنیا تێبینی تێدا بنووسرێ، بەڵکو پێویستە هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیداوە بە تەواوی بینوسێت لەبەر ئەوەی ئەوانە دەبنە سەرەتاییەکانی تەواوکردنی کاری لێکۆڵینەوە.**

## بەندی پێنجەم: شێوازەکانی پشکنینی شوێنی تاوان

**شوێنی تاوان بەهۆی سروشتی شوێنەکە و کاتەکە جیاواز دەبن ، هەروەك چۆن تۆمەتباران بە شێوازی جیاواز تاوانەکەیان ئەنجامدەدەن، لێکۆڵەر بەپێی بارودۆخی تاوانەکە لێکۆڵینەوە و کاری پشکنینی خۆی ئەنجامدەدات، بەمەش شارەزایی ئەزموونی لێکۆڵەر دیاریدەکات، بە چ شێوەیەك کاری پشکنینەکە ئەنجامبدات و لە کوێ دەسپێبکات و لە کوێ کۆتایی پێبهێنێت، چوار جۆر شێوازی زانستی بۆ پشکنینی شانۆی تاوان هەیە:**

### ١-شێوازی پشکنینی خولگەیی:

بەشێوەیەکی خولگەیی لێکۆڵەر و یارمەتیدەرەکانی دەست دەکەن بەرکاری پشکنین، بەم شێوەیە و لە دەرەوە دەسپێدەکات، بۆ ناوەوەی شوێنی تاوان تا دەگاتە چەقی شوێنەکە ، زۆر جار لێکۆڵەر لە شوێنی هاتنە ژوورەوەی تۆمەتبار دەست پێدەکات، بەڵام مەرج نییە لە هەموو تاوانێك ئەوە پەیڕە و بکرێت و لە شوێنی هاتنە ژوورەوەی تۆمەتبار دەستپێبکات، لە خاڵی سەرەتاوە کاری پشکنین تا ناوەوە دەستپێدەکرێت، هەرچی دەست دەکەوێت لە بەڵگە هەڵدەگیرێتەوە و هەر شوێنێکیش بۆ زیاتر شیکردنەوە و کارکردن لەسەری دەپارێزرێ بە دانانی کەسێك یان دانانی شریت بە دەوری جێگاکە.

### ٢-شێوازی پشکنینی بازنەیی:

لەم شێوازە شوێنی رووداو وەکو بازنەیەك لێدەکرێ و خاڵی دەستپێکردن لە چەقی بازنەکە چەند کەسێك هەریەکە و بەرە و لێواری بازنەکە دەڕوات، هەرچی دەکەوێتە پێش دەیپارێزی و هەڵدەگیرێتەوە، پاشان بە لایەکی لێواری بازنەکە یەکێك یان دوان لە دەرەوە و لێواری بازنەکەی شوێنی تاوان دەسوڕێتەوە، تا کاری پشکنینەکە تەواو دەبێت.

### ٣-شێوازی پشکنینی شریتی:

لەم شێوازەدا لێکۆڵەر لەگەڵ یارمەتیدەرانی شوێنی روودانی تاوان بە شێوەی چوارگۆشە دەپشکنن و زۆر جار لە لایەن سێ کەس ئەنجامدەدرێت، کارەکە لە خاڵی دەستپێکەوە دەکرێت لەگەڵ لایەکان بە شێوازێکی هاوسەنگ، وەکو یەکتری تا هەموو شوێنەکە دەپشکێندرێ و بەڵگەکەکان هەڵدەگیرێتەوە و دەپارێزرێن.

### ٤-شێوازی پشکنینی چوارلایی:

لەم شێوازە شوێنی تاوان دەکرێتە (٤) چوارگۆشە و لە ناو هەریەك لە چوار گۆشەکان چەند چوارگۆشەیەکی تر دەکرێت بەپێی رووبەری شوێنەکە، چەند گەورە بێت چوارگۆشەکان زیاد دەبن و رووبەری شوێنەکە چەند بچوك بێت چوارگۆشەکان بچووك دەبن و لە لایەن لێکۆڵەر و یارمەتیدەرەکانی دەست دەکرێت

بە کاری پشکنین و لە چوارگۆشە گەورەکان و لایەکانی دەستپێدەکرێت، تا دەگاتە چوارگۆشە بچوکەکانی ناوەوە بەم شێوەیە دەکرێت تا هەمووی تەواو دەبێت، بەڵگەکان هەڵدەگیرێتەوە و پارێزگاری لەسەر دەکرێت."٥" .

# بەشی دووەم : هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان

## بەندی یەکەم : بنەمای تیۆری لۆکارد

یەکێك لە هۆکارەکانی بوونی شوێنەوار و بەڵگەکانی تاوان بنەما و تیۆری بەریەککەوتنی ( لۆکارد)ە، ئەو بنەمایە لەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێ دوو شت یان لاشە بەریەك دەکەون هەریەك لە لاشەکان شوێنەواری دەکەوێتە سەر لاشەکەی تر و لە سەری بەجێدەمێنێ، واتا هەریەکەیان شوێنەواری ئەویتر هەڵدەگرێ. بۆ نمونە کاتێ بە پێڵاو بەسەر مافورێك دادەچی شوێنەواری پێڵاوەکە دەچێتە سەر مافورەکە و هی مافورەکەش دەچێتە نێو خانەکانی پێڵاوەکە.

بە یەکبەستنەوەی بنەمای لۆکارد لەگەڵ شانۆی تاوان کاتێ تۆمەتبار تاوانەکەی ئەنجامدەدات شوێنەواری بەریەککەوتنی هەر شوێنێکی لاشەی تۆمەتبار بە هەر جێگایەك، دەبێتە هۆی بەجێهێشتنی پاشماوە و دەبنە بەڵگە بەهۆیەوە دەتوانرێ تۆمەتبار بدۆزرێتەوە دوای پشکنینی بەڵگەکان لە تاقیگە ئەو شوێنەوارانەی تۆمەتبار لە جێنیشانی پێ و پەنجەمۆر و موو یان خوێن و شلەکانی لەش هەمووی دەبنە بەڵگە و تۆمەتبار بەو بەڵگانە دەناسرێت و دەستگیر دەکرێت، بۆیە بنەمای لۆکارد زۆر سوودی دەبێت بۆ لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان.

## بەندی دووەم : رۆڵی لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان

لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان سەرپەرشتی کارەکانی لێکۆڵینەوە دەکات بۆ ئەوەی بەڵگەکانی تاوان بە شێوەیەکی زانستی هەڵبگیرێتەوە، ئەو بەڵگانەش هەڵدەسەنگێنێ ئەوانەی لە ریزی پێشەوەن و ریزبەندییان دەکات بەپێی گرنگیان هەڵیاندەگرێتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لێکۆڵەر گرنگەکان هەڵبگرێتەوە ئەوانی تر هەڵنەگرێتەوە، بەڵکو راستییەکەی بەپێی بۆچوونی نوێی بواری زانستی بەڵگەی تاوانکاری، پێویستە هەموو بەڵگەکان بە گرنگ و لاوەکییەکانەوە

**هەڵبگیرێتەوە لەبەر ئەوەی لەوانەیە سوود لە بچوکترینیان ببینرێت، کاری لێکۆڵەر لەگەڵ گرۆپی کار لە هونەری و شارەزایانی بواری بەڵگەی تاوان و یارمەتیدەرەکانی پارێزگاریکردن و هەڵگرتنەوە و ئامادەکردنی بەڵگەکانی تاوان و پێشەشکردنیەتی بە دادگا، رۆڵی لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان گرنگییەکەی لەو خاڵانەی خوارەوەیە:**

**١-پارێزگاریکردن لە شانۆی تاوان.**

**٢-پاراستنی هەموو بەڵگە هەڵگیراوەکان.**

**٣-بە بەڵگەکردنی شوێنی رووداو لە رێگەی وێنەگرتنی فۆتۆگرافی و ڤیدیۆ و هێڵکاری و ئامادەکردنی کۆنووس.**

**٤-پشکنینی شانۆی تاوان و لەگەڵ هەموو ئەو شوێنانەی گرنگن و پێویست بە پشکنین دەکات، بە یارمەتی پسپۆڕەکانی بواری بەڵگەی تاوان لە هەڵگرتنەوەی شوێنەواری پەنجەمۆر و ماك و دڵۆپە خوێن یان هەر بەڵگەیەکی تر.**

**٥-رەوانەکردنی بەڵگەکانی ماددی بۆ تاقیگەکان بە مەبەستی پشکنینیان.**

**٦-ئامادەکردنی پێداویستییەکانی پاراستنی شانۆی تاوان و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان.**

**٧-رێکخستنی بەڵگەکانی تاوان بە شێوەیەکی ریزبەندی لە کاتی هەڵگرتن و پشکنینیان، بۆ نمونە هەڵگرتنەوەی ئامێرەکانی بەرکارهاتوو لە تاوان و پەنجەمۆر و بە مەبەستی ئەنجامادنی پشکنینی DNA لە سەریان.**

**٨-وەرگرتنی راستی رووداوەکانی مردن لەرێگەی راپۆرتی پزیشکی دادوەری لەسەر تەرم و کوژراوەکان.**

**بە شێوەیەکی زانستی و ئامادەکراو بەڵگەکانی تاوان پێشکەش بە دادگاکانی تایبەتمەند دەکات.**

**٩-شارەزابوون و زانینی ئەو پشکنینانەی لە بواری بەڵگەی تاوانی ئەنجامدەدرێن.**

**١٠-پەیرەوکردنی شێوازی نوێ و زانستی لە هەڵگرتنەوە و ئامادەکردنی بەڵگەکانی تاوان.**

## بەندی سێیەم: شارەزایانی شانۆی تاوان

ئەو شارەزایانەی لێكۆڵەر لە شانۆی تاوان پێویستی پێیانە بەڕادەیەكی زۆر هاوكاری دەبن بۆ پاراستنی گیانی تیمی لێكۆڵینەوە و پارێزگاریكردن لە بەڵگەكان و شانۆی تاوان بەگشتی، لێكۆڵەر بە تەنیا كارەكەی پێناكرێت بەڵكو لەگەڵ تیمی هونەری و شارەزایان و پسپۆڕانی بواری لێكۆڵینەوە و بەڵگەی تاوان و پۆلیس، تەواوكەری كاری یەكترن و پێكڕا دەتوانن كاری هەڵگرتنەوەی بەڵگەكانی تاوان بكەن.

بۆنمونە شانۆی تاوان گەر تەقینەوەی تێدا بووبێت نابێ لێكۆڵەر و تیمەكەی ڕاستەوخۆی بچنە ناو شوێنەكە بەڵكو پێشتر دەبێت لە لایەن شارەزای بواری تەقینەوەكان شوێنەكە بپشكێندرێت و بەبێ دەستكاریكردنی بەڵگەكانی تاوان دوای دڵنیابوون، لەوەی شوێنەكە دڵنیایی تێدایە ئینجا لێكۆڵەر و تیمەكەی دەچنە ناو شوێنی تاوان، نمونەیەكی تر بینایەك ڕووخاوە بە هۆكارێكی تاوانكاری پێویستە ئەندازیاری مەدەنی و كارەبایی شوێنەكە بپشكنن كە مەترسی ڕووخان و كارەبای تێدا نەماوە و دوای دڵنیابوون، ئینجا لێكۆڵەر و یارمەتیدەرەكانی دەچنە شوێنەكە بۆ پشكنین و هەڵگرتنەوەی بەڵگەكان.

لێكۆڵەر لیستی شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەكانی لە لابێت بۆ ئەوەی هەر كاتێ كاری پشكنینی شوێنی تاوان بێتە پێشەوە ڕاستەوخۆ یارمەتیدەرەكانی دیاریبكات بەپێی سروشتی شوێنی تاوانەكە، ئەو شارەزا و هونەری و پسپۆڕانەی لەگەڵ لێكۆڵەر شانۆی تاوان دەپشكنن بریتین لە:

١-شارەزایانی بەڵگەی تاوان بە گشتی.

٢-شارەزایانی هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆر

٣-شارەزایانی بواری هەڵگرتنەوەی شوێنەواری بەڵگەی تاوان

٤-شارەزایانی بواری ساختەكاری

٥-شارەزایانی بواری وێنەگرتن

٦-شارەزایانی پزیشكی دادوەری

**٧-شارەزایانی شیکردنەوەی خوێن**

**٨-شارەزایانی بواری تەقەمەنی**

**٩-شارەزایانی بواری چەك**

**١٠-ئەندازیاران**

**١١-زانای بواری زیندەوەرزانی**

**١٢-شارەزایانی بواری دیاریکردنی رەگەزی مرۆڤ**

**١٣-رووپێو**

## بەندی چوارەم: چۆنیەتی پاراستنی شانۆی تاوان

**پاراستنی شانۆی تاوان لە لایەن ئەو کەسانەی کاری لێکۆڵینەوە دەکەن لە ریزی پێشەوەی ئەرکەکانی ترە، چەندەی بتوانن پارێزگاری لەو شوێنە بکەن هێندە سوود لە شانۆی تاوان وەردەگیرێ بۆ هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان و ئاشکراکردنی هەموو گرێ کوێرەکانی تاوانەکان، لەبەر ئەوە پێویستە کەسی یەکەم لە لێکۆڵەر و ئەفسەرانی پۆلیس کۆمەڵێك خاڵ هەیە پەیڕەوەی بکەن، بۆ پاراستنی شانۆی تاوان تا هەموو ئەندامانی تیمەکە دەگەنە شوێنەکە و هەریەکەیان کاری خۆیان دەکەن:**

**١-دڵنیایی و ئەنجامدانی رێنماییەکانی خۆپارێزی:**

**پێویستە هەموو ئەوانەی لە شانۆی تاوان ئەرکیان هەیە کاردەکەن رێنماییەکانی خۆپاراستن بەرکار بهێنن و گیان و تەندروستی خۆیان فەرامۆش نەکەن، بۆ نمونە خۆپاراستن لەبوونی ماددە و گازی ژەهراوی و ماکی خوێن و شلەمەنییەکانی لەشی مرۆڤ یان هەر زیندەوەرێك.**

**٢-دانانی ناوەندی دەستبەسەرداگرتن:**

**پێویستە ناوەندێك هەبێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی شانۆی تاوان، تا کارەکان بە رێك و پێکی بەڕێوە بچێت هەر یەك لە تیمی کاری لێکۆڵینەوە کاری خۆی بزانێ و رێنمای لەو ناوەندە وەربگرێت، بۆ نمونە لەکاتی بوونی چەند دەرگایەك لە شوێنی تاوان پێویستە هەمووی دابخرێت و تەنیا یەك دەرگا بۆ هاتووچۆ بهێڵدرێتەوە،**

تەنانەت پێویستە هەموو ئەوانەی لە شوێنی تاوانن هەر بەم دەرگایە هاتووچۆ بکەن.

٣-دەورەدانی شانۆی تاوان بە شریتی تایبەت:

تاوەکو بتوانرێ شانۆی تاوان لە هەموو بوارێکەوە بخرێتە ژێرچاودێرییەوە، پێویستە بەشریتی تایبەت دەوری شانۆی تاوان بدرێت و پاسەوانی تایبەت لە چەند جێگایەك دابنرێت بۆ ئەوەی کەس دزە نەکات بۆ دەرەوە و ناوەوەی شانۆی تاوان.




( دەوردانی شانۆی تاوان بەشریت )

## ٤-تۆماری پاراستن:

تۆمارێك رێك بخرێت هەرچی دەچێتە شانۆی تاوان دەبێ بەرێپێدان بێت و ناوی هەموو ئەو کەسانە و سیفەت و ئەرکیان لە شانۆی تاوان تێدا دەنووسرێ بۆ ئەوەی بزانرێ کێ لەو شوێنە کار دەکات و کێ نامۆیە لە شوێنەکە، لە هەمان کاتدا لێناگەڕێ هیچ کەسێك بەبێ کار بچێتە ناو شانۆی تاوان.

**٥-هێنانە دەرەوەی خەڵك:**

هەندێ جار شانۆی تاوان بەهۆی زۆری خەڵك لەم شوێنە دووچاری تێکچرژان و پەشێوی زۆر دەبێتەوە، بۆ ئارامی شوێنەکە و پاراستنی خەڵکەکە هێمنی دەهێندرێنە دەرەوە، بەڵام پێویستە ناو و زانیاری هەموو ئەو کەسانەی دەچنە دەرەوە تۆماربکرێت.

**٦-لێپرسینەوە لەگەڵ گومانلێکراوان:**

لە کاتی بەرێکردنی خەڵك بۆ دەرەوەی شانۆی تاوان ئەو کەسانەی گومانیان لێدەکرێت رادەگیردرێن و لە لایەن لێکۆڵەر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر زانیاریان لابوو، ئەوا بە زووترین کات کار بەو زانیارییانە بکرێت، بۆ نمونە ناوی تۆمەتبار بدەن بۆ ئەوەی راستەخۆ دەستگیر بکرێ.

**٧-وەرگرتنی وتەی شاهێدەکان:**

ئەو کەسانەی زانیارییان لەسەر تاوانەکە هەیە شاهێدن، لە لایەن لێکۆڵەر وتەکانیان وەردەگیرێت بۆ ئەو مەبەستە کۆنووس رێکدەخرێت هەمووی دەنووسرێتەوە بە شێوەیەکی ورد.

## بەندی پێنجەم: بە بەڵگەکردنی شانۆی تاوان

بە بەڵگەکردنی شانۆی تاوان لە کارە گرنگەکانە و پێویستە  فەرامۆش نەکرێت، تاوەکو وێنای سەرەکی دوای پشکنینی شوێنی رووداو بمێنێ، هەر کاتێ لە هەر قۆناغێکی لێکۆڵینەوە پێویست بوو بەرکار دەهێنرێت و سوودی زۆری دەبێت و وەڵامی زۆرێك لەو پرسیارانەی پێدەدرێتەوە کە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن دێنە پێشەوە. بە چوار رێگە شانۆی تاوان بە بەڵگە دەکرێت:

**١-وێنەی فۆتۆگرافی:**

وێنەگرتنی شانۆی تاوان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە کارێکی گرنگ دەبێت، لەبەر ئەوەی شانۆی تاوان بە بەسەرچوونی کات و تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی پشکنینی  شوێنەوارەکان دەگۆڕدرێن و هەندێکیان نامینێن و دوای سەیرکردنی گشتی شانۆی تاوان پێش هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان وێنەیان دەگیرێ، ئەگەر لە

**ژوورێك وێنە گیرا پێویستە لە هەر چوار گۆشەکەی ژوورەکە وێنە بگیرێ، ئینجا لە ناوەڕاست دوایی نزیکبوونەوە لە لاشەی تاوان یان کوژراو یان هەر بەڵگەیەك هەر چەند وێنەش بگیرێ باشترە پاشان دەتوانی ئەو وێنانەی باش گیراون ئەوانە کار پێبکرێ، هەروەها پێویستە راستە لە وێنەگرتنی هەندێك بەڵگە بەرکاربهێنرێت و زانیاری تەواو لەسەر ئەو راستەیە یان کونجێکی بەڵگەکە بنووسرێ، تاوەکو بزانرێ شوێنەکە کوێندەرە و کاتەکەی و رۆژەکەی و ناوی ئەو کەسەی وێنەکە دەگرێت لەگەڵ زانیاری لەسەر بەڵگەکە بۆ ئەوەی سوودی لێببینرێت، راستەکەش جگە لەوەی شوێنی لەسەرە بۆ زانیاری نووسین بۆ پێوەرکردنی بەڵگەکەش بەرکار دەهێنرێت.**



**( وێنەگرتنی بەڵگەی تاوان لە شوێنی رووداو )**

## ٢-وێنەگرتنی ڤیدیۆیی:

هەروەك چۆن بە کامیرای فۆتۆگرافی وێنەی شانۆی تاوان بەدیکۆمێنت دەکرێت، لەهەمان کاتدا دەکرێ بەڤیدیۆ شانۆی تاوان بەدیکۆمێنت بکرێت، هەر لە سەرەتای هاتنە ژوورەوە تا ژوورەکان و تاوانلێکراو، هەموو بەڵگەکان لە ئامێر و چەك و پەنجەمۆر جێنیشانی پێ و شووشە یان هەر کەل و پەلێك هەبوو پێش هەڵگرتنەوەیان، ئینجا بە سێ جۆر و لە چەند لایەکەوە وێنەی دەگیرێ لە نزیکەوە و لە ناوەراست و لە دوور، هەروەها لێرەش راستە لە تەك بەڵگەکان و بە زانیارییەکانەوە وێنەی ڤیدیۆیی دەگیرێ، تەنانەت ئەو ئۆتۆمبێل و کەل وپەلانەی لەوێن هەمووی وێنە دەگیرێن، گرنگە وێنەی ئەو خەڵکەی لە دەوروپشتی شریتی دەوردرا و بە شانۆی تاوان بە ڤیدیۆ وێنەیان بگیرێ، لەبەر ئەوەی لەوانەیە تۆمەتبار لەنێو ئاپۆڕەی خەڵك بێت بیەوێ بزانێ چی دەکرێت و ئاکامی لێکۆڵینەوە بەچی دەگات.

## ٣-تۆمارکردنی زانیاری و تێبینییەکان:

هەر رێکاریك بۆ پشکنین و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان دەکرێت دەبێت لە کۆنووس بنووسرێتەوە، تاوەکو بزانرێ چییە و بۆچی هەڵگیراوە لەگەڵ تۆمارکردنی هەموو زانیارییەکان لەسەر شانۆی تاوان و گشت بەڵگەکان، هەروەها کات و رۆژ و رێکەوت و شوێنەکە و خستنە رووی باری کەش و هەوا و بارە گشتییەکان و تایبەتەکانی شانۆی تاوان و چۆنیەتی هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان، هەموو ئەو تێبینی و زانیارییانە تۆمار دەکرێت و لە لایەن رێکخەر و بەشداربوو واژۆ دەکرێت.

## ٤ – هێڵکاری شانۆی تاوان:

بە هێڵکاریکردنی شوێنی تاوان گرنگە و لە هەموو کردارێکی پشکنین دەکرێت کە بەشێوەیەکی گشتی و تایبەت هەموو شوێنەکە دەخاتە روو، تەنانەت دەوروپشتی شانۆی تاوانیش لەگەڵ ناوەوەی شانۆی تاوان و بە دیارخستنی ئەو شوێن و ژوورانەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە تەنانەت لە نێو هێڵکارییەکە وێنەی تاوانلێکراویش دەکرێت.

## بەندی شەشەم : بەڵگەکانی شانۆی تاوان

لە کاتی پشکنینی شانۆی تاوان کۆمەڵێك بەڵگە بەهۆی ڕێگەی زانستی هەڵدەگیردرێتەوە ئەوانەی بە چاو دەبینرێن، وەکو ئامێرەکانی بەرکار هاتوو لەئەنجامدانی تاوانەکە و ئەوانەی بەچاو نابینرێن، وەکو پەنجەمۆر، بەڵگە هەیە تەنیا گومانی لێدەکرێت کە لە تاوانەکە بەرکار هاتبێت و هەیانە زانراو و دیارن کە تۆمەتبار بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی بەرکاریهێناوە و شوێنەواری تاوانەکەشی بەسەرەوە دیارە، بۆ نمونە تۆمەتبار بە چەك کوژراوە و شوێنەواری گوللە بەسەر لاشەی دیارە و خوێنی لێ ڕۆیشتووە، چەکەکە لەوێیە، یان بوونی چەقۆیەکی بە خوێن لە نزیك کوژراو یان لە ناو لاشەی کوژراو ئەوانە زانراون کە تاوانیان پێ ئەنجامدراوە و هەموو ئەو بەڵگانە هەڵدەگیرێنەوە و پشکنینیان بۆ دەکرێت.

### ئەو بەڵگانەی لە شانۆی تاوان هەڵدەگیردرێنەوە :

### ١- پەنجەمۆر:

یەکێکە لە بەڵگە هەرە گرنگەکان و ئەو شوێنەوارە هی دەست و پێ و شوێنەکانی لەشی مرۆڤ دەگرێتەوە و بە ڕێگەی تایبەت کاری هەڵگرتنەوەی بۆ دەکرێت.



( چەند جۆرێك لە پەنجەمۆری مرۆڤ )

**٢-نووسراو:**

**ئەو نووسراوانەی گومانیان لێدەکرێت و بە دەست نووسراون دەکرێت لە کاتی پشکنین جیاوازی پێکردنیان لە نوسینی ئەو کەسانەی گومانیان لە سەرە دەردەکەوێت کە کێ ئەو نووسراوەی نووسیوە.**

**٣-خوێن و لیك و سپێرم یان هەر شلەیەکی تری لەشی مرۆڤ :**


**بوونی دڵۆپە خوێن یان لیك یان هەر شلەیەکی تری مرۆڤ لەشوێنی رووداو یان لەسەر لاشەی تاوانلێکراو هەڵدەگیرێتەوە، بۆ جیاوازی پێکردنی لەگەڵ شلەکانی لەشی گومانلێکراوان لە رێگەی تاقیکردنەوە و پشکنینی DNA.**

**٤-شانەکانی مرۆڤ :**

**بوونی شانەکانی بەجێماوی مرۆڤ لەسەر ئامێرەکانی بەرکارهاتوو، لە ئەنجامدانی تاوانەکە یان لەسەر لاشەی تاوانلێکراو یان جلوبەرگ یان ژێر نینۆك یان لە هەر شوێنێکی تاوانەکە، سوودی دەبێت بۆ پشکنین و جیاوازی پێکردنی لەگەڵ گومانلێکراوان.**

**٥-شوێنەواری پێ و تایەی هۆکاری گواستنەوە:**

**لە کاتی بوونی جێنیشانی پێ بەشێوەیکی زانستی وێنەی دەگیردرێ و بەشێوەی تایبەت هەڵدەگیرێتەوە، زۆر جار شوێنەکە و دەوروپشتی لەگەڵ هەڵدەگیرێتەوە و دەگوازرێتەوە تاقیگە، هەروەها شوێنەواری تایەی تۆتۆمبێل و پایسکل و ماتۆر و لۆری لە شانۆی تاوان وێنەی دەگیردرێ و لەکاتی پێویست هەڵدەگیرێتەوە.**



( چەند جۆرێك لە شوێنەواری تایەی هۆکاری گوستنەوە )

## ٦-ئامێرەکان:

**هەموو ئەو ئامێرانەی شوێنەواریان لەسەر دیارە بە شێوەی تایبەت هەڵدەگیرێن و تێبینی هەموو ئەو دڵۆپە خوێن و شلە و شانەی لەش لەسەریان هەڵدەگیرێتەوە و پشکنینیان بۆ دەکرێت، ئەگەر ئامێرەکە نەبوو بەڵام شوێنەواری لەسەر دەرگا و جەکمەجە و دۆلاب یان هەر شتێکی تر هەبوو بە ڕێگەی تایبەت هەڵدەگیرێتەوە و شوێنەوارەکە بەهۆی ماددەی سلیکۆن و شەمێ هەڵدەگیرێن و بە دیار دەکەوێ ئەو ئامێرە چییە و چۆنە.**

## ٧-چەکی ئاگرینی:

چەك و پارچەکانی لە شانۆی تاوان هەڵدەگیرێتەوە، گوللەی چەکەکە، ئینجا قەوانەکە بێت، یان بەشەکەی تری جیاوازی پێدەکرێت، بۆ ئەوەی بزانریٚ ئەو گوللەی تاوانلێکراوی پیٚ کوژراوە لەگەڵ چەکەکە یەکدەگرێتەوە، یان بە پێچەوانەوە یان کاتی تۆمەتبار لە نزیکەوە یان کەسی کوژراو خۆی لە حالەتی خۆکوشتن شوێنەواری لولەی چەکەکە و باڕووت بەسەر لاشەوە دەبێت، هەروەها لە ئەنجامدا خوێن یان پاشماوەیەکی تاوانلێکراو دەکەوێتە سەر چەکەکە ئەمانە هەمووی پشکنینی بۆ دەکرێت و گرنگی زۆری لە ئاشکراکردنی تاوانەکە هەیە.

بۆ نمونە لە گوندێك کەسێك دەکوژریٚ و تۆمەتبار نەناسراوە، بەڵام لە نزیك تەرمەکە قەوانی کلاشینکۆف هەیە، دوای ئەوەی پشکنین بۆ چەکی هەموو ئەو کەسانە دەکریٚ کە کلاشینکۆفیان هەیە لە گوندەکە لەگەڵ نووسینی ژمارە و ناوی هەر چەکێك و دوای پشکنین دەرکەوت ئەو قەوانە لە یەکێك لە کلاشینکۆفەکان دەرچووە و راستەوخۆ تۆمەتبار دانی بە تاوانەکە ناو وتی تاوانلێکراوم بەهۆی شەڕکردن لەگەڵیەوە لەسەر جۆگەلەی ئاوی رەز و باخ کوشتووە.

## ٨-بۆیاخ و شووشە:

زۆر جار بەهۆی بوونی رەنگێکی جیاواز بە شوێنێکی شانۆی تاوان و لای گومانلێکراوێك هەمان رەنگ دەبینرێت، جیاوازی پێدەکریٚ و دەزانریٚ ئەو کەسەیە، یان بوونی پارچە شووشە لە ناو جلوبەرگ و کەلوپەلی تۆمەتبار کە هەمان شوشەی شانۆی تاوانە.

بۆ نمونە دوکانێك دزی لێدەکرێت ئەو دەرنافیسەی کە جەکمەجەکانی دوکانەکەی پیٚ شکێندرا بوو بەجێمابوو، هەندیٚ بۆیاخی شینی پێوەبوو، بینرا لە تەنیشت دوکانەکە نانەواخانەیەك هەیە دیوارەکەی هەموو شینە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو دەرنافیسە هی نانەواخانەکەیە، کەسێکی نانەواخانەکە بە هێنانی دەرنافیسی خۆیان ئاشکرا بوو.




(هەڵگرتنەوەی پارچە شوشە لە شوێنی رووداو)

### ٩-تاڵەموو ددان:

**لە شانۆی تاوان هەندێ جار بەهۆی توند و تیژییەی تۆمەتبار لە دژی تاوانلێکراو بە کاریدەهێنێت، ئەویش بەرگری لە خۆی دەکات دەبێتە هۆی بەجێمانی تاڵە موو یان ددانی، تاڵە مووەکە پشکنینی بۆ دەکرێت و لەگەڵ گومانلێکراوان جیاوازی پێدەکرێت و بەهۆیەوە دەزانرێ تۆمەتبارەکە کێیە.**

## بەندی حەوتەم: چۆنیەتی هەڵگرتنی بەڵگەکان

**ئەو بەڵگانەی لە ئاکامی پشکنینی شوێنی رووداو دەست دەکەون دوای وێنەگرتنیان پێویستە بۆ هەڵگرتنەوەیان و پاراستن و گواستنەوەیان، رێوشوێنی تایبەت بکرێت، تا بەڵگەکان تێك نەچن و نەفەوتێن تا دەگەیەندرێنە تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان بۆ پشکنینیان، پێویستە هەر یەك لە بەڵگەکان بخرێنە ناو کیسی نایلۆن و کاغەز ، بۆ نمونە جلوبەرگ و هەندێ ئامێری رەق دەکرێنە ناو ئەو جۆرە کیسانە و کیسی نایلۆن بەرکاردێت، بۆ کاغەز و هەندێ بەڵگەی کەسیفەتی لوسیان**

**هەیە و رەقن، بەڵام کاتێ جلو بەرگ بە خوێن بێت، نابێ راستەخۆ بخرێتە ناو کیسی کاغەزەکە لەبەر ئەوەی لەگەڵ کیسەکە کارلێك دەکەن، بۆیە دەبێ خوێنەکە وشك بێتەوە، ئینجا هەڵبگیرێ، هەڵگرتنی ئەو بەڵگانە بەهۆی بارودۆخەکەی دەبێت راستەوخۆ دەخرێتە و ناو کیسە یان وشك بێتەوە، لێرەدا ئەو کەسەی بەڵگەکان هەڵدەگرێ، دەبێ ئاگادار بێت چۆن هەر بەڵگەی دەخاتە نێو چ جۆرە هەڵگرێك، لە کیسە و لولەی پلاستیکی، بۆ هەڵگرتنی چەقۆ و بۆکسی پلاستیکی بەڵگەکانی تر، دوای ئەوە هەموو زانیارییەك لە کاتی هەڵگرتنەوە رۆژ و رێکەوت و شوێنەکە و ئەو کەسەی هەڵیگرتۆتەوە، پاشان بیداتە هەر کەسێك بە نووسراو بێت، ئەگەر کێشەکە گەورە و رای گشتی تێدا بوو یان پەیوەندی بە سلکی دیپلۆماسی هەبوو دەکرێ لە کاتی ئەوەی بەڵگەکە دەدرێتە کەسێك و لایەنێك وێنەی فۆتۆگرافی یان ڤیدیۆیی بگرێت و ئەوە دەبێتە بەڵگە لە کاتی بزربوون یان شێوانی بەڵگەکان."٦".**



**(چۆنیەتی هەڵگرتنەوەی ئامێری تاوان)**

# بەشی سێیەم : کرداری نۆڕینی بەڕێنمایی

ئەم کردارە یەکێکە لە پاڵپشتە سەرەکییەکان، کاتیَ تۆمەتبار دان بە تاوانەکەی دەنێت، پێویستە لێکۆڵەر تۆمەتبار و دەستەی هەڵساو بە کردارە ئامادە بکات، بە رێنمایی ئەو بچنەوە ئەو شوێنەی تۆمەتبار تاوانەکەی تێدا ئەنجامداوە، ئەوەش وادەکات دانپێنانی تۆمەتبار لە کاتی ئەنجامدانی تاوان چۆن بوو بێت، لە رووی شوێن و کات و شێوازی ئەنجامدانی تاوانەکەی وادەکات دانپێنانەکەی بەهێز دەبێت، ئەگەر نا بە پێچەوانە ئەوە دەردەخات تۆمەتبار تاوانەکەی نەکردووە، لەبەر ئەوەی کرداری نۆڕینی بە رێنمایی کاتیَ تۆمەتبار دەستەی لێکۆڵینەوە دەباتە ئەو شوێنەی تاوانەکەی تێدا ئەنجامدوە، ئینجا چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە دەکات ئەگەر تاوانەکە نەکردبیَ ئەوا دانپێنانەکەی وەکو کردارەکەی نۆڕینی بە رێنمایی نابێت، لەوانەیە دانپێنەر بەهۆی هەڕەشەلێکردن یان تۆمەتباری سەرەکی کەسێکی نزیکیەتی تاوانەکە دەخاتە سەر خۆی، بە پێچەوانە ئەگەر دانپێنانەکەی لەگەڵ کردارەکەی یەکبگرێتەوە، مانای وایە تۆمەتبار دانپێنانەکەی راستە و تاوانەکەی ئەنجامداوە.

بۆ نمونە لە تاوانی دزیکردن لە شوێنی تاوانەکە پرسیار لە تۆمەتبار دەکرێت، چۆن چۆتە ژوورەوە و هاتۆتە دەرەوە، چی بەرکارهێناوە لە کردنەوەی دەرگا یان پەنجەرە چۆنیەتی ئەنجامدانەکەی دەکات، پاشان چی بردووە و ئەگەر تۆمەتباری تری لەگەڵدا بووبێت، رۆڵی هەریەکەیان چ بووە؟ باسی دەکات و ئەو پاڵنەرانە چین بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی و چۆن تاوانەکەی ئەنجامداوە؟، تۆمەتبار چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکەی دەگێڕێتەوە و بە کردار دەیکات و لە لێکۆڵەر دەگەینیَ کە چۆن تاوانەکەی ئەنجامداوە، ئەم کردارە بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە دەکرێت و ئەو کردارە بیَ دانپێنانی تۆمەتبار ناکرێت، هەموو ئەو رێکارانەی لەو کردارە هەر لە کاتی دەرچوون لە بنکەی پۆلیس تا شوێنی تاوان و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە لە لایەن تۆمەتبار و هەموو وردەکارییەکانی لە کۆنووسێك بەناوی ( کۆنووسی

کرداری نۆڕینی بە ڕێنمایی تۆمەتباری دانپێنەر) ئامادە دەکرێت، لە لایەن لێکۆڵەر و ئەفسەر و شاهێدی سەلماندن و تۆمەتباری دانپێنەر واژۆ دەکرێت. "٧"
بۆیە دەتوانین ئەو کردارە بەم شێوەیە پێناسە بکەین: کرداری نۆڕینی بە ڕێنمایی گواستەوەی تۆمەتبارە بۆ شوێنی تاوان بە ڕێنمایی تۆمەتبار لە لایەن لێکۆڵەر بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە بە شێوەیەکی ورد بۆ دڵنیابوون لە دانپێنانەکەی.

## دووبنەمای سەرەکی هەیە لە کرداری نۆڕینی بەڕێنمایی دەبێ بێتە دی:

١-تۆمەتبار نابێ پێشتر زانیاری لەسەر شوێنی تاوان هەبوو بێت، ئەو کاتەی تاوانەکە باس بکرێت، لە چۆنیەتی ئەنجامدانی و لەسەر شوێنەکە وادەکات کردارەکە دروست نەبێت.
٢-ڕێنمایی و ئاراستەکردن بۆ شوێنی تاوان لە لایەن تۆمەتبارەوە دەبێت، کاتی گەیشتن بە شوێنەکە تۆمەتبار خۆی چۆنیەتی چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوە و ئەو ئامێرانەی لە تاوانەکە بەرکاریهێناون و چۆنیەتی ئەنجامدانەکە بە وردی دووبارەدەکاتەوە. "٨"

## بەندی یەکەم- نۆڕینی بەڕێنمایی لە باری بوونی چەند تۆمەتبارێك:

لەکاتی بوونی چەند تۆمەتبارێك پێویستە کرداری نۆڕینی بەڕێنمایی بۆ هەر یەك لە تۆمەتباران بە تەنیا ئەنجامبدرێت، هەریەکەیان کۆنووسی تایبەتی بۆ ساز دەکرێت، لەکاتی گواستنەوە بۆ شوێنی تاوان دەبێ هەر تۆمەتبارەی بە تەنیا بگوازرێتەوە، کردارەکە بە تەنیا ئەنجامبدات تا کاریگەریان لەسەر یەکتری نەبێت، دوای تەواوبوونی ڕۆڵی هەریەکەیان، کۆنووسی گشتیی سازدەکرێت و کرداری نۆڕینی بەڕێنمایی هەموو تۆمەتباران تێیدا دەنووسرێتەوە، بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی هەریەکەیان تۆمەتباری سەرەکی بەشداربووانی تاوانەکە، ئامادبووان لە لێکۆڵەر و ئەفسەری لێکۆڵینەوە و شاهێدانی کردارەکە و تۆمەتباران واژۆ دەکرێت و مۆری فەرمی فەرمانگەی لێدەدرێت و کۆنووسەکە تەواو دەبێت.

## بەندی دووەم- نۆڕینی بە ڕێنمایی لە باری بوونی چەند شوێنێکی تاوان:

لەکاتی بوونی چەند شوێنێکی تاوان بۆ نمونە تۆمەتبارێك لەماڵێك دزی دەکات، پاشان لە باخچەیەك دەیاشارێتەوە، یان لەو ماڵەی دزی دەکات کەسێك دەکوژێ و تەرمەکەی دەگوازێتەوە شوێنێکی ترو دەنێژێ، لەم بارەدا دەبێت چەند کردارێکی نۆڕینی بە ڕێنمایی ئەنجامبدرێت واتا بۆ هەر یەکێك لە شوێنی تاوان کردارێك ئەنجامبدرێت ، یان تۆمەتبار چەند دزییەك دەکات و شوێنەکان جیاوازن، بۆ نمونە تۆمەتبار لە ماڵ و سوپەرمارکێت و دوکان و میوانخانە دزیکردووە ئەوا کرداری نۆڕینی بەڕێنمایی بۆ هەر یەك لەو دزییانە، واتا بۆ هەموو شوێنەکان بە جیا دەکرێت. "٨"

## بەندی سێیەم: مەرجە بابەتییەکانی نۆڕینی بەڕێنمایی

کرداری نۆڕینی بە ڕێنمایی هۆکارێك دەبێت بۆ دەرکەوتنی ڕاستی دانپێنانی تۆمەتبار و لێکۆڵەر لە کاتی گواستنەوەی تۆمەتبار بۆ شوێنی ڕووداو کە بە ڕێنمایی تۆمەتبار بۆ شوێنی تاوان دەچێت، تا دەگاتە شوێنەکە و تۆمەتبار بە شێوەیەکی ورد کرداری تاوانەکەی چۆن ئەنجامداوە، دەیخاتە بەرچاو و هەر جیاوازییەك لە دانپێنان و کردارەکە دەبێ لێکۆڵەر هەڵوەستەی لەسەر بکات، بە دواداچوونی بۆ بکات و دڵنیابێتەوە، کە تۆمەتبار دانپێناکەی لەسەر بنەمای ئەنجامدانی تاوانەکە بووە، نەوەك تاوانەکەی نەکردبێ و خستبێتیە سەر خۆی، لەبەر ئەوە کرداری نۆڕینی بە ڕێنمایی ڕاستییەکان بۆ لێکۆڵەر ڕووندەکاتەوە، ئەم کردارە کۆمەڵێك مەرجی بابەتی هەیە:

١-دانپێنانی تۆمەتبار هەبێت و هەموو وردەکارییەکانی لەسەر شوێنی تاوان و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە هەبێت.

٢-تۆمەتبار نابێ پێشتر زانیاری لەسەر شوێنی ڕووداو هەبێت ، ئەگەر هەیبێت، ئەوا پێویستە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، کە چۆن شارەزایی لە شوێنەکە هەیە و چۆن تاوانلێکراو دەناسێ و پرسیاری وردی لەسەر شوێنەکە لێدەکرێت، تا بزانرێ چەند زانیاری هەیە و سەرچاوەی ئەو زانیارییانەش چییە و چۆن دروست بووە.

٣-چوون بۆ شوێنی تاوان بە رێنمایی تۆمەتبار دەبێت تا دەگەیەنرێتە شوێنەكە، تۆمەتبار بە شوفێرەكە دەڵێت چۆن بڕوا و بۆ كوێ بڕوا، ئینجا چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەكە دەخاتەوە روو.

٤-لەكاتی بوونی چەند تۆمەتبارێك و چەند شوێنێكی تاوان بۆ هەریەك لە تۆمەتبار و شوێنێكی تاوان، كردارەكە بە تەنیا دەخرێتەوە روو، پاشان لە كۆنووسی گشتی كرداری هەمووان دەنووسرێ لەگەڵ تۆمەتباری سەرەكی و رۆڵی هەریەكەیان لە تاوانەكە.

٥-كرداری نۆڕینی بەڕێنمایی بۆ ئەو جۆرە تاوانانە دەكرێ كە شوێنەواری ماددی لە شانۆی تاوان بەجێدەهێڵن، وەك تاوانی دزی و كوشتن و سووتاندن، بەڵام لەو تاوانانەی شوێنەواری ماددی بەجێناهێڵن ناكرێ وەك سپڵەیی نمەكداری و فێڵ و ساختەیی و بەرتیل.

٦-لە كاتی دانپێنانی تۆمەتبار بە تاوانەكەی و شوێنی ئەو شتانەشی ئاشكرا كرد، كە لە تاوانەكە دزیویەتی ئەوە ریزبەندی یەكەم بۆ گەڕانەوەی كەلوپەلە دزراوەكە دەبێت، ئینجا كرداری نۆڕینی بە رێنمایی ئەنجامدەدرێت.

٧-لێكۆڵەر پێویستە چەند پۆلیسێك لەگەڵ خۆی ببات، بۆ پاراستنی شوێنەكە لە تێكپرژان و دوورخستنەوەی خەڵك لە شوێنەكە، تا كردارەكە بە رێك و پێكی ئەنجامبدرێتەوە.

٨-لە كۆتایی كردارەكە لێكۆڵەر كۆنووسێك بۆ ئەم مەبەستە رێك دەخات، ئامادەبووان لەسەری واژۆی دەكەن و مۆری فەرمی فەرمانگەی لێدەدرێت.

## بەندی چوارەم: كرداری نۆڕینی بەڕێنمایی لە لایەن تاوانلێكراو

هەندێ جار كرداری نۆڕینی بە رێنمایی لە لایەن تاوانلێكراوەوە دەكرێت، لە تاوانەكانی سێكسی و رفاندنی منداڵ و كچ و گواستنەوەیان بۆ شوێنێكی دیاریكراو بۆ ئەنجامدانی كاری سێكسی لە گەڵیان یان داواكردنی پارە لە بەرامبەر ئازادكردنیان، لێكۆڵەر تاوانلێكراو دەباتەوە شوێنی تاوانەكە، وتەی وەردەگرێ

لەسەر چۆنیەتی تاوانەکە و شوێنەکە و تۆمەتبار و بەشداربووانی تاوانەکە و ئەو رەفتارانەی لە دژی ئەنجامدراوە و هەموو ئەو ئامێرانەی لە تاوانەکە بەرکارهاتوون."٩"

## بەشی چوارەم: لێپرسینەوەی تۆمەتباری نکۆلیکار لە شانۆی تاوان

لێکۆلەر لەم کارەی مەبەستییەتی شوێنی تاوان کار بکاتە سەر تۆمەتبار و هاندەرێك بێت بۆ دانپێنان، بە تایبەت ئەو تۆمەتبارانەی تاوان لە ژێر کاریگەری سۆز و خۆشەویستی دەکەن و لە کاتی بردنی بۆ شوێنەکە هەست بە پەشیمانی و تاوانەکەی دەکات، راستەوخۆ دان بە تاوانەکە دەنێت، یان ئەو تۆمەتبارانەی یەکەم جار تاوان ئەنجامدەدەن یان ئەوانەی لە ژێر کاریگەرییەکی کاتی تورەبوون یان ورووژاندنی هەست و تورەیی ئەم جۆرە تۆمەتبارانە، لە ئاکامی ترس و قسەی کەسوکار و نزیکەکانی نکۆڵی لە ئەنجامدانی تاوانەکە دەکات، لەم بارانەدا لێکۆڵەر، تۆمەتبار دەباتەوە ئەو شوێنە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات و هەست و سۆزی دەورووژێنێ و هەست بە پەشیمانی دەکات و دان بە تاوانەکە دەنێت، بۆ ئەوەی ئەم کردارە یاسایی و دروست بێت پێویستە لە لایەن لێکۆڵەر پەیرەوەی ئەو مەرجانە بکرێت:

ئاگادارکردنەوە و وەرگرتنی رەزامەندی سەر و بە تایبەت دادوەری لێکۆڵینەوە.

١-گواستنەوەی تۆمەتبار بۆ شوێنی تاوانەکە لە دوای ئەوەی نکۆڵی لە تاوانەکەی دەکات.

٢-دەبێ خوێندنەوەیەك لای لێکۆڵەر هەبێت کە تۆمەتبار ئەو تاوانەی ئەنجامداوە.

٣-لەکاتی بزربوونی بەشێك لە تاوانەکە بۆ گەڕانەوە و دروستکردنەوەی تاوانەکە لە رێگەی لێپرسینەوە لە تۆمەتبار، ئەو بەشە بزربووانە دەدۆزرێنەوە.

٤-لە کاتی دانپێنانی تۆمەتبار وتەی دەنووسرێت کرداری چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە دەخاتە روو.

**بۆ نمونە:** ئافرەتێك (ف) هەواڵی بزربوونی مێردەکەی (ق) گەیاندە بنکەی پۆلیس و دوای لێکۆڵینەوەی دەرکەوت لە رۆژی بزربوونی ئەو پیاوە لەگەڵ ئامۆزای (س)

ئافرەتەکە بینراوە، لە کاتی لێپرسینەوە لەگەڵ (س) نکۆڵی کرد و دوای گواستنەوەی بۆ شوێنی تاوان لەوکاتە ( س ) تەواو دووچاری پەشێوی بۆوە و دانی بە تاوانەکە ناو وتی من کوشتومە، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئافرەتەکە هەیەتی، دوایی لە ژێر بەردێکی گەورە ئەو چەقۆیشی ئاشکرا کرد کە تاوانەکەی پێ ئەنجامدابوو. "١٠"

## بەشی پێنجەم: کرداری ناسینەوە

ڕێکارێکی یاساییە و بەشێکە لە لێکۆڵینەوە و کرداری ناسینەوەی کەسی تۆمەتبارە لە لایەن دادخواز یان شاهێدەکان، ئەم کردارە لەو کاتە ئەنجامدەدرێت، کە دادخواز یان شاهێدەکان تۆمەتباریان لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی بینیوە، لە کاتی دیتنەوەی دەتوانن بیناسنەوە کە ئەوە تۆمەتبارەکەیە، پێویستە تۆمەتبار سەبارەت بەو کەسانەی کرداری ناسینەوە ئەنجامدەدەن نەیناسن، تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە دیتبێتیان ئەگەر بیناسن و پێشتر چەند جارێك بینبێتان ئەوا کرداری ناسینەوە هیچ سوودێکی نابێت و کاتێ پەنا بۆ کرداری ناسینەوە دەبردرێت ئەو کاتەی دادخواز یان شاهێد تۆمەتباریان ڕووبەڕوو، وە لە نزیکەوە بینیبێت و وێنە و ئاکاری دەم و چاویان کەوتبێتە نێو مێشك لەبەر ئەوەی ئەگەر لە دوورەوە تۆمەتبار بینرا بێت یان لە کاتێك تەمومژاوی باران و تاریکی بوو بێت ئەو کاتە شێوەی تۆمەتبار ناچێتە مێشکی دادخواز و شاهێد، لەم بارودۆخانەدا ئەو کردارە ئەستەم دەبێت و ئاکامی باش بە دەستەوە نادات.

کرداری ناسینەوە لە بنکەی پۆلیس یان گۆڕەپانی دادگای لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدرێت، بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەگەر لە هەمان شوێنی تاوان بکرێت باشترە، بەڵام هەندێ جار بەهۆی باری ئاسایش و زەحمەتی دروستکردن بۆ ئەو کەسانەی لەو شوێنەن، ئەوا لە شانۆی تاوان ناکرێتەوە، بۆ ئەم کردارە چەند کەسێکی نزیکی لێکچوون لەدەم و چاو و ڕەنگی پێست و درێژی تۆمەتبار ئامادە دەکرێت، ژمارەی کەسەکان وا باشترە لە ( ١٠) کەس کەمتر بێت، زۆر جار بە ( ٧)

کەس لەگەڵ تۆمەتبار ئەنجامدەدرێت، لە ریزبەندی دادەنرێت ئەو کەسەی تۆمەتبار دەناسێتەوە لە ژوورێك دادەنرێت و دوای سوێند خواردن، لە ریزبەندییەکە نزیك دەبێتەوە و کات و ئازادی تەواوی پێدەدرێت لە تەماشکردنی کەسەکان رووبەڕوو لێیان نزیك دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر تۆمەتبار بناسێتەوە دەستنیشانی دەکات، پاشان ژمارەی تۆمەتبار لە ریزبەندییەکە دەگۆڕدرێت، جارێکی تر دادخواز یان شاهێد دەهێندرێتەوە بۆ دڵنیابوون لە راستی دەستنیشان کردنەکەی، بەم شێوەیە کردارەکە تەواو دەکرێت، بۆ تەندروستی کردارەکە پێویستە ئەو کەسەی تۆمەتبار دەناسێتەوە بە شێوەیەکی ورد هەموو شێوەی ئەو کەسە بلێیت کە دەیناسێتەوە پاشان لەگەڵ شێوە تۆمەتبارەکە جیاوازی پێبکرێت و نابێ تۆمەتبار ناسراو بێت سەبارەت بەو کەسەی دەیناسێتەوە، ئەگەر بیناسێ پێویست ناکات کرداری ناسینەوەی بۆ ئەنجامبدرێت، بەڵام دەکرێ تەنیا ئاراستەی ئەوە بکات کە ئەو کەسە دەناسێت و ئەوە بووە کە بینیویەتی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە، ئەگەر چەند تۆمەتبارێك بوون ئەوا هەر تۆمەتبارە و بە تەنیا کرداری ناسینەوەی لەسەر دەکرێت، دادخواز و شاهێدەکانیش هەر یەکەیان بە تەنیا کرداری ناسینەوە دەکەن کۆنووسی هەریەکەیان بەجیا رێکدەخرێت، لە لایەن لێکۆڵەر و بەشداربووانی کردارەکە و دادخواز یان شاهێد و تۆمەتبار واژۆ دەکرێت و مۆری فەرمی لێدەدرێت و کردارەکە کۆتایی پێدەهێنرێت.

بۆ نمونە: لە بازار تۆمەتبارێك هەڵدەستێ بە دزینی جانتای ئافرەتێك و کاتێ جانتاکە دەڕفێنێ لە لایەن دادخوازەوە دەبینرێ، ئەو کاتەی تۆمەتبارەکە بە رووی دادێ و پاشان بە خێرایی جانتاکە لە دەست دادخواز وەردەگری و رادەکات، دادخواز لە وتەکەیدا دەڵێ ئەو تۆمەتبارە ناناسم و پێشتر نەمبینیوە، بەڵام ئێستا ئەگەر بێتەوە پێشم دەیناسمەوە لەبەر ئەوەی کاتی دزی لێکردم، بەرە و رووم دەهات وێنەی لە ناو مێشکم وێنابووە، بۆ ئەم مەبەستە کرداری ناسینەوە ئەنجامدرا و دادخواز لەناو حەوت کەس تۆمەتباری دەستیشانکرد و ناسییەوە.

# بەشی شەشەم: کرداری رووبەڕووبوونەوە

**رووبەڕووبوونەوە ڕێکارێکە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدرێت، هیچی کەمتر نییە لە گرنگی لێپرسینەوەی تۆمەتبار و ئەم کردارە لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت لە نێوان تۆمەتبار و دادخواز و شاهێدەکان دەکرێت، لە کاتێك جیاوازی لە وتەکان لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی نێو تاوانەکە دەبێت، بۆ راستی و دروستی گەیشتن بە ئاکامی راست، کرداری رووبەڕووبوونەوە ئەنجامدەدرێت.**

**بۆنمونە: ئەو کەسانەی لە کردارەکە بەشدار دەبن ئامادە دەکرێن لەگەڵ ئەوەی بەخۆی گوێی لەو وتانە بێت کە لەگەڵ وتەکانی ئەو جیاوازن و یەکناگرنەوە، ئەو کردارە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ڕاستی ئەو قسانەی پێشتر لە وتەکانی تۆمەتبار لەگەڵ دادخواز یان شاهێدەکان یەکی نەگرتۆتەوە، ئەوەش هەل بۆ هەموو لایەنەکانی بەشدار لەو کردارە دروست دەکات، تا گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ یەکتر بکەن و هەندێ شتی لە بیرکراوی بە ئەنقەست یان بە قەست بە بیر یەکتر بێننەوە، دەبێتە هۆکارێك بۆ بیرخستنەوەی هەندێ شتی شاردراوە لە تاوان، هەندێ جار ئەو کردارە کاریگەری لەسەر دەروونی تۆمەتبار دەبێت و وتەکانی خۆی راستدەکاتەوە، هەندێ جار بە پێچەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی راستی بێتاوانی بە دیار بکەوێت و هەموو ئەو پرسیارانەی لەو کردارە ئاراستەی کەسەکانی بەشدار لەو کردارە، لەگەڵ وەڵامەکان لە کۆنووسێك رێك دەخرێت و واژۆی لەسەر دەکەن و مۆری فەرمی لێدەدرێت و کۆتایی بە کردارەکە دەهێندرێت.**

**بۆنمونە: تۆمەتبارێك دەڵێ من فلانەشتم دزی بەڵام زێڕەکەم نەدزی کاتی لەگەڵ دادخواز و شاهێد رووبەڕوو دەکرێنەوە، ئەوان بە بیر تۆمەتبار دەهێننەوە پێی دەڵێن کاتێ هەڵدەهاتی زێڕەکان لەناو دەستت بوو بەو مەرجەی پارچەیەکیشت لە دەست کەوت و هەڵتگرتەوە، بەم شێوەیە گفتوگۆ دەکرێت تۆمەتبار لەوکاتە ناتوانێ نکوڵی بکات، یان ئەوەتا لە ژێر کاریگەری و هەست کردن بە پەشیمانی وتەکانی خۆی راست دەکاتەوە، دەڵێ ئەوانیشم بردووە. هەندێ جار**

رووبەڕووبوونەوە لە نێوان خودی تۆمەتبارانیش دەکرێت، یان لە نێوان شاهێدەکان، لە کاتی بوونی جیاوازی لەنێوان قسەکانیان:

بۆ نمونە: تۆمەتبار هەڵاتووە و کەسێکی کوشتووە، شاهێدێك کە بینویەتی دەڵێ تۆمەتبارم دیت بە چەکوش لە سەری تاوانلێکراوی داو کوشتی، لە هەمان تاوان شاهێدێکی تر دەڵێ تۆمەتبارم دیت بە دار لەسەری تاوانلێکراوی داو کوشتی، لێرەدا جیاوازی هەیە، یەکیان دەڵێ دار ئەویتر دەڵێ چەکوش، بۆ دڵنیابووم لەو ئامێرەی لە تاوانەکە بەرکار هاتووە کرداری رووبەڕووبوونەوە لە نێوان دوو شاهێدەکە ئەنجامدەدرێت لە کاتی گفتوگۆ یەکیان دەڵێ وایە من بە تەواوی لەبیرم نییە و هەندێ دووربووم وامزانی دارە، بەڵام ئەویتر بە دڵنیایی دەڵێ من نزیك بووم، ئەوەی دیتم چەکوش بوو، بەم جۆرە ئەو رووبەڕووبوونەوەی یەکلایی دەکاتەوە کە تاوانلێکراو بەچی لەسەریدراوە.

## بەشی حەوتەم: ناسینەوە بەهۆی سەگی پۆلیسی

یەکێك لە هۆکارانەی بۆ ناسینەوەی تۆمەتبار و دۆزینەوەی سامانی دزرا و ماددەی هۆشبەر بەرکار دەهێندرێت سەگی پۆلیسییە، ئەو ئاژەڵە لە رووی هەستەوەری بۆنکردنەوە زۆر بەهێزە، ئەوەش بەهۆی ئەو بۆنەوە دەبێت کە هەر کەسە و بۆنێکی تایبەتی هەیە، لە هەوا بڵاودەبێتەوە یان دەکەوێتە سەر جلوبەرگ و کەلوپەلی دەستی لێدەدات، سەگی پۆلیسی ئەو بۆنە وەردەگرێ بە هۆیەوە بە دوای تۆمەتبار دەکەوێت و دەیدۆزێتەوە، کە بۆنەکە لە هەوا بڵاودەبێتەوە، ئەگەر تۆمەتبار بچێتە شوێنێکی تر سەگەکە ئەو بۆنەی هەڵیمژیوە، بە دوای ئەو بۆنە دەکەوێت کە لە هەوا بڵاوبۆتەوە تا دەیگاتێ ئەگەر تۆمەتبار لەو سنوورە مابێ کە سەگەکە بۆنەکەی دەکات، بۆن کاریگەرە و رێژەکەی دەگۆڕێت بەهۆی کەشی گەرمی و شێ و باران و مانەوەی لە شوێنێك بۆ ماوەیەکی زۆر، یان دەبێتە کەمبوونەوە یان نەمانی بۆنەکە، بەڵام هەڵبگیرێ لە ناو هەڵگرێك ئەوا بۆ ماوەی چەندین هەفتە و مانگ بۆنەکە دەمێنێت.




(سەگی پۆلیسی)

## بەندی یەکەم: ئەو کارانەی سەگی پۆلیسی دەیکات

سەگی پۆلیسی راهێنراو کۆمەڵێك کار ئەنجامدەدات لە کاری پاسەوانیەتی و دۆزینەوەی تۆمەتبار و کەلوپەلی دزرا و ماددەی هۆشبەر، سوود وەرگرتن لە سەگی پۆلیسی لە تاوانی کوشتن و دزی دەتوانین کارەکانی بەم شێوەیە چڕ بکەینەوە:

### ١-بەدواکەوتن:

ئەو بۆنەی تۆمەتبار لە شانۆی تاوان بەجێی دەهێڵێت، سەگەکە بۆنی دەکات و بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو بۆنە لە هەوا بە دوای تۆمەتبار دەکەوێت و شوێنەکەی دەدۆزێتەوە، هەروەها لە دۆزینەوە تاوانلێکراویش سوودی لێوەردەگیرێت لە کاتی رفاندنی یان کوشتنی، کەلوپەلێکی تاوانلێکراو بۆن دەکات و بەهۆی ئەو بۆنەوە بە دوای دەکەوێت و دەیدۆزێتەوە.

### ٢-ناسینەوە:

لەکاتی بەجێهێشتنی شوێنەوارێکی تۆمەتبار لە شوێنی رووداو سەگەکە بۆنی دەکات، بە هۆیەوە دەتوانرێ چەند کەسێك و گومانلێکراوێك، نێوانیان هەنگاوێك

بێت ریز دەکرێن، سەگەکە بەهۆی بۆنکردنەوە تۆمەتبار دەستنیشاندەکات، هەندێ جار بەهۆی بڵاوبوونەوەی بۆنەکە بەسەر کەسەکانی تریش بەباشی دەستنیشانیان ناکات لێی تێکدەچێ.

## ٣-دۆزینەوەی ماڵی دزراو:

بەهۆی بۆنکردنی شوێنەواری کەلوپەلە دزراوەکان، لە رێگەی ئەو بۆنەوە سەگی پۆلیسی بە دوایدا دەگەڕێ و کەلوپەلە دزراوەکە دەدۆزێتەوە.

## ٤-دۆزینەوەی ماددەی هۆشبەر:

سەگی پۆلیسی بۆنی ماددە هۆشبەرەکە وەردەگرێ، بەهۆیەوە دەتوانێ ماددەکان لە هەر شوێنێك شاردرابێتەوە لە شوێنەکان یان لای کەسەکان دەیدۆزێتەوە، لە فرۆکەخانە و خاڵە سنوورییەکان، لە نێو جانتا و ئۆتۆمبێلە بار هەڵگرەکان، ئەو سەگانە دەتوانن ئەو ماددە هۆشبەرانە بدۆزنەوە.



( دۆزینەوەی ماددەی هۆشبەر لەلایەن سەگی پۆلیسی )

**بەندی دووەم: ئەرکەکانی لێکۆڵەر لە بەرکارهێنانی سەگی پۆلیسی**

١-هەڵگرتنی ئەو شتانەی بۆ بۆنکردنی سەگی پۆلیسی بەرکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بۆنەکەی نەفەوتێ.

٢-هاوکاریکردنی راهێنەری سەگی پۆلیسی بە بارودۆخی شوێنی تاوان، تا وەکو بەپێی بەرنامەیەك سەگەکە بەرکار بهێنن و سوودی لێوەربگیرێت.

٣-دواخستنی کاری هەڵگرەوەکانی پەنجەمۆر و جێنیشانی پێ و هونەرییەکانی تر دوادەخرێ، تا سەگی پۆلیسی بۆنەکان هەڵدەگرێتەوە.

٤-هەر ماددەیەك دەبێ بە تەنیا بۆنەکەی بدرێتە سەگی پۆلیسی، لەبەر ئەوەی بکرێتەوە دووماددە لەوانەیە هی دوو کەس تێکەڵ بەیەك بن و نا ناسرێنەوە.

٥-پاراستنی شوێنەوارەکانی تاوان، ئەو شتانەی لە شوێنەکە بە جێماون تا سەگی پۆلیسی دەهێندرێت.

٦-رێکخستنی کۆنووسی ئەو کارانەی لە لایەن سەگی پۆلیسی ئەنجامدەدرێت. "١١"

## بەشی هەشتەم: پشکنین

دوای ئەوەی تۆمەتبارێك تاوان ئەنجامدەدات بۆ دوورخستنەوەی گومان لەسەری بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێت، هەموو ئەو شتانەی لە ئامێر و چەك و جلوبەرگ و کەلوپەلی دزراو و لاشەی تاوان، یان هەر بەڵگەیەکی ماددی دەشارێتەوە، یەکێك لە هۆکارەکانی تۆمەتبار دەدۆزرێتەوە پێیەوە دەزانرێ کە تۆمەتبار تاوانەکەی ئەنجامداوە.

**بریتییە لە پشکنین:** کە گەڕانە بەدوای لاشەی تاوان و ئەو ئامرازانەی لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەرکارهاتوون یان هەر شتێك پەیوەندی بە تاوانەکە و تۆمەتبارەوە هەبێت.

هەموو دەستوور و یاساکان جەخت لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە دڵنیایی لە ماڵ و گیانی دەکەنەوە، نابێ سنووری ماڵی هیچ تاکێك ببەزێندرێت، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە رێکارانە هۆکاری بێزاری و زەحمەتی دروستکردنن بۆ تاك لە ناو ماڵی

خۆی کە شوێنی پشو و کات بەسەربردنە لە چوارچێوەی خێزان، بۆیە پشکنین قەدەغەیە تەنیا ئەگەر پێویست بوو ئەوەش بەپێی یاسا دەکرێت لە ماددەی (٧٢) ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە( ٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکردنەکانی، باس لە ئەنجامدانی کرداری پشکنینی کەسەکان و ماڵەکان یان هەر شوێنیك بەپێی یاسا دەبێت. هەروەها باس لە ئەنجامدانی کاری پشکنین لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر و ئەندامانی ڕێکخستنی دادگەری بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە یان هەر کەسێك یاسا ڕایسپاردووە بۆ ئەنجامدانی کاری پشکنین دەکات، لە کاتی ڕوودانی ئاگرکەوتنەوە و خنکان باری لەم جۆرانە کە پێویستیان بە یارمەتی خێرا هەیە، ڕاستەخۆ کردارەکە ئەنجامدەدرێت و کاری پشکنین دەکرێت.

## بەندی یەکەم: مەرجە یاساییەکانی پشکنین

١-کەسی تایبەتمەند یان هەر کەس و لیژنەیەك کە بەپێی یاسا ئەو کارەی پێسپێردرابێت.

٢-دەبێ کاری پشکنین بە ئامادەبوونی خاوەن ماڵ و دوو شاهێد و موختاری گەڕەك و تۆمەتبار ئەنجامبدرێت و لەسەر کۆنووسەکە واژۆ دەکەن.

٣-دەبێ لە بڕیاری پشکنینەکە چی هاتبێت هەر ئەوە جێبەجێبکرێت، بۆ نموونە شوێنێك چەندین خانەوادەی تێدایە و ئەو ژوورەی بڕیاری پشکنینی بۆ دەرچووە هەر ئەو ژوورە پشکنینی بۆ دەکرێت.

٤-هەندێ جار سکاڵا و گلەیی لە ئەنجامدانی پشکنینی مامەڵەی ئەوانەی پشکنینەکە دەکەن لەسەریان دەبێت، ئەو سکاڵا و ناڕەزاییانە دەدرێتە دادوەری لێکۆلێنەوە، ئەویش یەکلاییان دەکاتەوە.

٥-کۆنووسێك بۆ کاری پشکنینەکە ڕێك دەخرێت، لە کات و شوێنەکە و ڕۆژ و ڕێکەوت و ئەو کەلوپەلانەی لە پشکنینەکە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، ئینجا ئامادەبوون واژۆی دەکەن، هەر یەکێکیان واژۆی نەکرد، دەنووسرێ واژۆی نەکرد، لەگەڵ هۆکارەکەی، دوای نووسینەوە دەکرێ وێنەیەکی کۆنووسەکە بدرێتە

**لایەنەکانی پەیوەندیدار بە پشکنینەکە و دەکرێ ئەو نامە و نووسراوانەی لە کاتی دانەوەی بە خاوەنەکەی ئەوا پێی دەدرێتەوە.**

**٦- لە پشکنینی ئافرەت هەر دەبێ ئافرەت پشکنینەکە بکات لە کۆنووسەکە ناو و زانیاری دەنووسرێت کە کرداری پشکنینەکەی کردووە،**

**٧-ئەگەر هیچ شتێك لە کاری پشکنینەکە نەدۆزرایەوە لە کۆنووسەکە دەنوسرێ هیچ شتێك نەدۆزرایەوە، کە سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت. "١٢"**

## بەندی دووەم: ڕێسا گشتییەکانی پشکنین

### ١-خێرا چوون بۆ شوێنی پشکنین:

**کاری پشکنین بەوە ئەنجامی باش بەدەستەوە دەدات، لێکۆڵەر بە زووترین کات بگاتە شوێنەکە، لەبەر ئەوەی تۆمەتبار لاشەی تاوان و شوێنەوارەکان بە زووترین کات دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی لە سزا خۆی دەرباز بکات، بە تایبەت لە تاوانی سێکسی کە کاتی زیاتری دەوێت، تا شوێنەوارەکەی بشارێتەوە، بۆیە کێبرکێ لە نێوان تۆمەتبار و لێکۆڵەر لەسەر کات دروست دەبێت، خێرا گەیشتنی لێکۆڵەر و دەرچوونی بڕیاری پشکنین، لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە، وا دەکات زوو بگاتە شوێنەکە و دەست بەسەر شوێنەوارەکان و بەڵگەکاندا بگرێت، تەنانەت هەندێ جار دەبێتە هۆکاری دەستگیرکردنی تۆمەتباریش، لەبەر ئەوەی پشکنین تەنیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەڵگە و لاشەی تاوان نییە، بەڵکو دۆزینەوەی تۆمەتبارانیشە.**

### ٢-ئامادەکارییەکانی پشکنین:

**لێکۆڵەر پێش دەسپێکردنی کاری پشکنین، پێویستە کۆمەڵێك ڕێکار هەیە ئەنجامی بدات لەوانە:**

**ا- ئەنجامدانی کرداری پشکنینەکە لە کاتێکی گونجاودا.**

**ب-بە ئەسپایی چاودێریکردنی دەورووپشتی ئەو شوێنەی پشکنینی بۆ ئەنجامدەدرێت لە لایەن پۆلیسەوە.**

ج- ڕێگەگرتن لە هاتنە دەرەوەو ژوورەوەی کەسەکان لەو شوێنەی پشکنینی بۆ دەکرێت.

د- دانانی کەسەکان لە شوێنێك بە مەبەستی پشکنینیان.

### ٣- ڕێکخستنی پشکنین:

پاش ئەنجامدانی ڕێکارەکانی پێشوو، لێکۆڵەر بۆ ئەوەی کاری پشکنینەکەی بە ڕێك و پێکی ئەنجامبدات و هیچ شتێکی بەسەردا تێنەپەڕێت، دەبێ لە خاڵێك دەسپێبکات و پشکنین دەکات تا دەگاتەوە هەمان خاڵ، ئەگەر بینایەکە دوو خانە بوو، یەکەم جار لە خانەی زەوی دەسپێدەکرێت، ئینجا بۆ سەرەوە هەموو ژوورەکان و بەشەکان دەپشکنێت، ئەگەر پشکنینەکە کەسی بوو ئەوا لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەبێت و لە جل و بەرگی دەرەوە، ئینجا بۆ جل و بەرگی ناوەوە، لەلای ڕاست، ئینجا بۆ لا ی چەپ، لە گیرفانەکان لە هی سەرەوە، ئینجا بۆ خوارەوە، بەم شێوەیە پشکنینەکە تەواو دەکەین.

### ٤- هێزی تێبینی:

لێکۆڵەر دەبێت هێزی تێبینی زۆر بێت، ئاگاداری هەموو شتێك بێت هەرچی دەیبینی لە شوێنەکە بیخاتە ژێر پرسیار و لە مێشکی شرۆڤەی بکات، هیچ شتێك نابێ بە سەریدا تێپەڕێ، دەبێ ئاگاداری ڕەفتار و جوڵەی ئەو کەسانە بێت، کە لە شوێنی پشکنیندان، لەبەر ئەوەی لەوانەیە کەسێك هەوڵی بردنە دەرەوەی شتێك بدات و بزانێ تۆمەتبار هەوڵی ئەوە دەدات کام شوێن کەسەکان بیریان بۆی ناچێ لەوێ لاشەی تاوان یان ئەو ئامێرەی بەرکاریهێناوە لە ئەنجامدانی تاوانەکە بیشارێتەوە.

### ٥-دووبارەکردنەوەی پشکنین:

هەندێ جار تۆمەتبار کە شوێنێك پشکنینی بۆ دەکرێت، وا دەخوێنێتەوە کە جارێکی تر ئەو شوێنە پشکنینی بۆ ئەنجامنادرێت، بۆیە شتومەکە دزراوەکە دەهێنێتەوە هەمان شوێن، لێکۆڵەر هەرکاتێ هەستی کرد و زانیاری ئەوەی دەست کەوت، کە تۆمەتبار شتەکانی برۆدتەوە هەمان شوێن کە پشکنینی بۆ کراوە،

ڕاستەوخۆ پشكنین دووبارە بكاتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگرییەك نییە بۆ پشكنینی شوێنەكە بۆ چەند جارێك.

### ٧-كۆنووسی پشكنین:

لێكۆڵەر دوای ئەنجامدانی هەموو ڕێكارەكانی پشكنین كۆنووسێك بۆ ئەو مەبەستە ڕێك دەخات، هەمووی تۆمار دەكات. لە كرداری پشكنینەكە ئەگەر شتومەكی تاوانكاری دۆزرایەوە هەموو وردكارییەكی لەسەر شوێنەكە و ئەو كەسانەی لەوێن دەنووسرێ، بەڵام ئەگەر لە پشكنینەكە هیچ شتێك نەدۆزرایەوە، لە كۆنووسەكە دەنووسرێ هیچ نەدۆزراوەتەوە و لە هەردوو باردا وێنەیەك لە كۆنووسەكە دەدرێتە تۆمەتبار یان ئەوانەی پەیوەندییان بە تاوانەكەوە هەیە.

## بەندی سێیەم: پشكنینی شوێنەكان

لێكۆڵەر دەبێ بڕیاری یاسایی بۆ ئەنجامدانی پشكنینەكەی پێبێت بۆ ئەنجامدانی كاری پشكنینی شوێنەكان و دەبێ ڕێكارەكان بە نهێنی بكات، بۆ ئەوەی زانیاری نەگاتە تۆمەتبار و هەڵبێت و كەلوپەلە دزراوەكان و ئامێری بەركارهاتوو لە تاوانەكە بگوازێتەوە شوێنێكی تر، لێكۆڵەر لەگەڵ خۆی موختاری گەڕەك یان ئەو كەسەی بە كارەكانی هەڵدەستێ و دوو شاهێدی لەگەڵ خۆی ببات، بۆ ئەوەی لە داهاتوو تانە لە ڕێكارەكانی پشكنینەكەی نەدرێت، خودی تۆمەتباریش لە پشكنینەكە ئامادە دەبێت، ئامادە نەبوونی لایەنێك لەوانەی ناومان هێنان مافی ئەوەیان دەبێت تانە لە ڕێكارەكە بدەن و ئەو ڕێكارانە بەهۆیەوە لەوانەیە پووچەل ببنەوە. شوێنە گشتییەكان وەكو شانۆ و سینەما و باخچە گشتییەكان بڕیاری پشكنینی ناوێت، بەڵام شوێنە تایبەتەكان وەكو ماڵ و نووسینگە و شوێنی هەڵگرتنی كەلوپەل و كۆگا، ئەوانە ڕەزامەندی و بڕیاری دادوەری لێكۆڵینەوەی پێویستە، ئەو كاتەی لێكۆڵەر دەگاتە ئەو شوێنەی مەبەستییەتی پشكنینی بۆ بكرێت، ڕێكاری تەواو وەردەگرێت لە پاراستن و دەورەدانی شوێنەكە بۆ ئەوەی كەس نەچێتە دەرەوە و ژوورەوە، لە شوێنی پشكنین كەسەكان لە ژوورێك دادەنرێن، بۆ ئەوەی پشكنینیان بۆ بكرێت،

ئاگاداری رەفتار و جوڵەیان بێت ، لە پشکنینی شوێن خاڵێك دیاریدەكرێت و دەست دەكرێت بە پشكنین تا دەگەینەوە ئەو خاڵە، ئەوەش بۆ ئەوەی هیچ ژوورێك و شوێنێك بەسەر لێكۆڵەر تێنەپەرێت. وردی چاودێریكردنی هەموو شتەكان لە لایەن لێكۆڵەر وادەكات زۆر شت ئاشكرا بكات، زۆر جار شوێنی شاراوە هەیە دەدۆزرێتەوە یان تۆمەتبار ئامێری بە كارهاتوو لە تاوان و كەلوپەلی دزراو لە شوێنی وا دەشارێتەوە كە كەس بیری بۆ نەچێت، بەڵام لێكۆڵەری شارەزاو خاوەن ئەزموون، ئەو شوێنانەی بە سەردا تێناپەڕێت و دەیاندۆزێتەوە، لە كاتی پشكنین لێكۆڵەر دەست بەسەر هەموو ئەو شتانە دەگرێت كە پەیوەندی بە تاوانەكە هەیە و ئەگەر شتی تر كە پەیوەندی بە تاوانی تر هەبوو یان هۆكار بوو بۆ ئاشكراكردنی تاوانی دەستی بەسەردا دەگیرێ.

**بۆ نمونە:** دزییەك لە شوێنێك كرا بە دزینی پارە و زێڕ، دوای لێكۆڵینەوە تۆمەتبار دەستگیركراو بڕیاری پشكنینی شوێنەكە درا، ئەو كاتەی لێكۆڵەر بەدەوری ماڵەكە دەسوڕایەوە تۆمەتبار رەنگی تێكچوو، تەماشاكرا لەو شوێنە خۆڵ هەبوو كە هەڵكەندرا پارە و زێڕەكە لەناو سندوقێك لە ژێر خۆڵ شاردرابۆوە و كەلوپەلە دزراوەكە بۆ خاوەنەكەی گەڕێندرایەوە.

## بەندی چوارەم: پشكنینی كەسەكان

هەر كەسێك تۆمەتبار كرا بێت بە تاوانێك بۆ دادوەری لێكۆڵینەوەیە، بڕیاری پشكنینی بدات بۆ دەركەوتنی هەر شتێك پەیوەندی بە تاوانەكە هەبێت، ئەوەی هەڵدەستێ بە كاری پشكنین دەتوانێ كەسەكان بپشكنێت، هەروەها ئەگەر ئەوەی مەبەست بوو پشكنینی بۆ بكرێت ئافرەت بوو، بەپێی یاسا دەبێت ئافرەت پشكنینی بۆ بكات، پێویستە ناسنامەكەی لە كۆنووس بچەسپێندرێ و ئەوەش كێشەیەكە، ئێستاش هەر بەردەوامە بەهۆی كەمی ژمارەی ئافرەتان بۆ پشكنینی ئافرەتان لە بنكەكانی پۆلیس و نووسینگەكانی نەهێشتنی تاوان، ئەوەش ئەوە دەردەخات كە پشكنینی كەسەكان وەكو پشكنینی شوێنەكان دڵنیایی تێدا نییە، بۆیە نابێ لە پشكنینی كەسەكان پێشێلكردن و زێدەڕۆیی بكرێت، تەنیا ئەگەر

**پێویستی کرد و بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە هەبوو یان بەهۆی هۆکارێکی سەلمێنەر و کەسێك لەو شوێنە دەرچوو کە کاری پشکنینی تێدا بێت بزانرێ کەشتێکی شاردۆتەوە کاری پشکنینی بۆ دەکرێت.**

**کاری پشکنین تاك نابێ تەنیا لەسەر گیرفان بێت، بەڵکو دەبێ هەموو جلوبەرگ و ژێرەوی و تەنانەت دەبێ پێڵاوەکان تۆمەتبار پشکنینی بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی هەندێ جار لەناو پاشپێی پێڵاو مادده هۆشبەرەکان دەشاردرێتەوە، یان دەیخەنە ناو قایشی پشت، یان ناو کاتژمێری دەست، یان ناو مۆبایل و هەندێ جار لەناوپۆشی دەم و شوێنی زۆر هەستیاری ناو مایۆ و داپۆشەری سینگی ئافرەت دەیشارنەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی پشکنین دەکات لە دیدگای کەسەکە پشکێنەر دەست بۆ ئەو جێگایانە نابات یان بیری بۆی ناچێت، کاتێ تۆمەتبار پشکنیی بۆ دەکرێت دەبێ بە ڕاوەستان بێت هەردوو دەستی بە دیوارەوە بێت  و هەردوو قاچی بەکراوەیی بێت رووی لە هیچ لایەك نەبێت تا سەرنجی بۆ دەوروپشتی نەڕوات.**

**بۆ نمونە: پیاوێك پشکنینی بۆ دەکرێت کە گومانی ئەوەی لێدەکرێت ماددەی هۆشبەری پێبێت دوای ئەوەی بەپێی پشکنینی ورد هیچ ماددەیەکی هۆشبەری پێنەبوو، بەڵام ناسنامەی رەگەزنانەی ئافرەتێکی لە گیرفان بوو، لێکۆڵەر کە گومانی ئەوەی کرد ئەو ئافرەتە پەیوەندی بە تاوانێکەوە هەبوو، کە لێیان پرسیار کرد ئەو ناسنامە هی کێیە؟ وتی هی خۆشەویستەکەمە وتیان ژنتە؟ وتی نەخێر، تەنیا برادەرمە، کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ژنەکە کرد دانی بەوەنا کە زۆر دەمێکە پەیوەندی هەیە و هاوسەرەکەشی ماوەیەکە دیار نییە و بزرە، دوای لێکۆڵینەوەی ورد لەم کێشەیە دەرکەوت، ئەو پیاو و ژنە لەبەر ئەوەی یەکتریان خۆشویستووە هەڵساون هاوسەری ژنەکەیان کوشتووە و، شاردویانەتەوە، پاش دادگاییکردن پیاوەکەی تەنیا مەبەست لە گەڵی پشکنین بوو، تاوانەکەی تری لەسەر ئاشکرابوو سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو ئافرەتەکەش زیندانی هەتایی بەسەردا دەرچوو "١٣".**

**"١" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي، الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي– الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه ( ٣٠٤).**

**"٢" علم التحقيق الجنائي الحديث، بين النظريات و التطبيق تأليف:الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز– طبعة الاولى ١٩٧٧ –صفحه (٥٢)**

**"٣" المبادئ الاساسية في التحقيق الجنائي العملي – محمد انور عاشور مصر– القاهرة ١٩٦٩ – صفحه (٧١).**

**"٤" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي – طبعة بغداد، ٩٨١ – صفحه ( ٦٠-٦٢).**

**"٥" علم التحقيق الجنائي الحديث ، بين النظريات والتطبيق تأليف:الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ –صفحه (٥٤–٥٦) .**

**"٦" المحقق القضائي التحقيق في مسرح الجريمة – اعداد (الارمر كروب) مشروع تدريب الادلة الجنائية – دورة تقوية المحقق ٨–٩ /٦/ ٢٠١٠**

**"٧" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي، الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي، الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه ( ٣٠٣) .**

**"٨" " اصول التحقيق الاجرامى– تأليف الدكتور سلطان الشاوي– طبعة بغداد ٩٨١ – صفحه ( ٦٣–٦٦)**

**"٩" المرشد العلمي للمحقق ،اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي– صفحه (٦٥)**

**"١٠" التحقيق الجنائي، قانون وفن – عبدالستار الجميلى –بغداد ١٩٧٣- صفحه ( ٧٦).**

**"١١" التحقيق والبحث الجنائي – عبدالكريم درويش القاهره ١٩٥٥– صفحه ( ٣٠٣).**

**"١٢" قانون اصول المحاكمات الجزائيه رقم ٢٣ لسنه ١٩٧١ وتعديلاته مادده( ٧٢–٨٦).**

**"١٣" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي –طبعة بغداد، ٩٨١ – صفحه ( ٨٥–٩٥).**

# فەسڵی شەشەم:

# شوێنەواری تاوان

بەشی یەکەم: پە نجەمۆر

بەشی دووەم: شوێنەواری پێ

بەشی سێیەم: شوێنەواری شوشە

بەشی چوارەم: شوێنەواری هۆکاری گواستنەوە

بەشی پێنجەم: شوێنەواری چەکی ئاگرینی

بەشی شەشەم: شوێنەواری تەقەمەنی ئاگرینی

بەشی حەوتەم: شوێنەواری ئاگرکەوتنەوە

بەشی هەشتەم: پرچەمۆر

بەشی نۆیەم: ئارەقەمۆر

بەشی دەیەم: ترشی DNA

بەشی یانزەهەم: دیاریکردنی ناسنامە

بەشی دوانزەهەم: شوێنەواری ددان

بەشی سێنزەهەم: شوێنەواری گوێیەمۆر

بەشی چواردەهەم: شوێنەواری نینۆك

بەشی پانزەهەم: شوێنەواری سپێرم

بەشی شازدەهەم: شوێنەواری خوێن و شلەکانی تری مرۆڤ

# فەسڵی شەشەم: شوێنەواری تاوانكاری

## بەشی یەكەم: پەنجەمۆر

پەنجەمۆر كۆمەڵێك هێڵی شێوەبەرز و نزمی بە لێوارن لە سەرە پەنجەكانن هەر كاتێ بەشتێ بكەوێ شوێنەوارەكەی دەكەوێتە سەر و بەجێ دەمێنێت، ئەو هێلانە سروشتی مرۆڤن و زانستی پزیشكی ئەوەی سەلماندووە، هەر كە منداڵ لە ناو سكی دایكییەتی لە مانگی چوارەمەوە ئەو هێڵانەی پەنجەكان دروست دەبن، بە هیچ شێوەیەك تەنانەت بە هۆكاری بۆماوەیش گۆڕانكاری بەسەردا نایەت، تا ئەو مرۆڤە لەسەر ژیان بێت ئەو هیلانەی پەنجەمۆر وەكو خۆی دەمێنێتەوە تەنیا هی جمك وەكو یەكە ئەگەر لە یەك هێڵكەی پیتراو دروست بن و كرۆمۆسۆمیان یەك بێت، لەبەر ئەوە پەنجەمۆر یەكێكە لە بەڵگەكانی ماددی بە چاو نەبیراو و زۆر گرنگە لە بواری لێكۆڵینەوەی تاوانكاری كاتێ تۆمەتبار لە شوێنی تاوان بەجێی دەهێڵێت دەبێتە هۆكاری ناسینەوەی ناسنامەی تۆمەتبار كە هیچ شك و گومان هەڵناگرێ بەهۆی بوونی شوێنەواری پەنجەمۆر لە شانۆی تاوان ئەوە دەردەخات كە ئەو كەسە لەوێ بووە و پەیوەندی بەم شوێنە كردووە.

شوێنەواری پەنجەمۆر بە كاری زانستی و هونەری هەڵدەگیرێتەوە، لەگەڵ پەنجەمۆری گومانلێكراوان جیاوازی پێدەكرێت، دەزانرێت كە هی تۆمەتبار یان كەكێكی ترە، هەموو ئەوانەی بەشداری تاوانەكەن لە هەر شوێنێكی شانۆی تاوان دەستیان دابێتە هەر شتێ، ئەوا شوێنەواری پەنجەمۆریان بەجێدەمێنێ، شوێنەكە چەندەی رووی لوس و ساف بێت پەنجەمۆر باشتر بە دیار دەكەوێت و ئاسانتر هەڵدەگیرێتەوە چەندەی شوێنەكە زبر بێت هەڵگرتنەوەی ئەستەم دەبێت.

رووی سەرەوەی پێستی پەنجەكانی دەست و پێ مووی لێنایێ وەكو شوێنەكانی تری پێستی لەشی مرۆڤ كە هەمووی دادەپۆشرێ، ئەوەش تایبەتمەندی داوەتە ئەو پەنجانە شوێنەواریان بە دیاربكەوێت، لە كاتی بەركەوتنیان بە هەر رووكارێكی دەرەكی لە هەندێكیان زۆر باش بە دیار دەكەون، لە هەندێكی تر كەمتر بە دیار دەكەون، ئەوەش دەكەوێتە سەر سیفەتی ئەو رووەی

بەریدەکەون، ئەم بە دیار کەوتنەی شوێنەواری پەنجەکان، بۆ ئەو شێوە بەرزی و نزمی و سوڕاوەی بە دەوری یەکتریان دەبێت، زیاتر بە دیار کەوتنی پەنجەمۆر پەیوەندی بەو رۆنەی سەر پێستەوە هەیە، هەندێ جاریش بەهۆی ئارەقەکردنەوە بە دیاردەکەون و ئەگەر پەنجەکان بە خوێن و بۆیە بن دیسان شوێنەواریان لەسەر ئەو رووەی بەریکەوتوون بەدیار دەکەوێت، سەبارەت بە دیاریکردنی کات و تەمەنی پەنجەمۆر کەوتۆتە سەر شوێنێك ناتوانرێ تەمەنەکەی دیاریبکرێت، پەنجەمۆر بەهۆی هۆکاری کەش و هەوا و دەستکاریکردن و شوشتن و دەست لێدان شوێنەوارەکەی نامینێت یان کەمدەبێتەوە"١"

لێوارە بەرزەکانی پەنجەکان بەرژێنەوە بەستراون ئارەقی رۆنی دەردەکەن، بەهۆی بوونی ماددەی کلۆریدی سۆدیۆم کە لە نێو ئارەقەدا هەیە کاتێ دەکەوێتە سەر شوێنێکی لوس و وشك شوێنەواری لێوارە بەرزەکانی سەر پەنجەکان بەجێدەهێڵێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بە دیارکەوتنی شوێنی دەستلێدانی کەسەکە لەو شوێنەی دەستی لێداوە، هەندێ کات لەبەر زۆری شوێنەواری پەنجەکان کاری لێکۆڵەر ئەستەم دەبێت، بەلأم لەوکاتانە هەمووی شوێنەوارەکان هەڵدەگیرێنەوە هەر یەکەی شوێنەکەی دیاریدەکرێت و ئەوانی تریش بە هەمان شێوە جیاوازییان لەگەڵ پەنجەمۆری ئەو کەسانە پێدەکرێت کە گومانیان لێدەکرێت، بۆیە لە بانکەکان و دەزگا قەلەبالغەکان، هەموو سەرە کاتژمێرێك سەر مێز و لێوارەکان شوێنەکانی پارە و نووسراوی گرنگی لێدادەنرێت بە پارچە قۆماشێك پاك دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی روودانی تاوان کەمترین پەنجەمۆر بە سەر شوێنەکە بێت تا هەڵگرتنەوە و جیاکردنەوەیان ئاسان بێت، بۆیە ئێستاش کە سەدان ساڵە بەڵگەی شوێنەواری پەنجەمۆر بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی ئاشکراکردنی تۆمەتباران هەژمار دەکرێت و بە درێژایی مێژوو زۆرێك لە تاوانەکانی پێ ئاشکراکراوە.

## بەندی یەکەم : تایبەتمەندییەکانی شوێنەواری پەنجەمۆر

### ١-بە دیارکەوتنی لە شانۆی تاوان:

پەنجەمۆری تۆمەتبار لە شوێنی تاوان تەنیا بە دەستلێدانی لە هەر شتێك لوس بێت و تەڕ نەبێت ئەوا بە دیار دەکەوێت، زۆر تۆمەتبار هەیە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی دەستکێش لەبەر دەکات، لێناگەڕێ دەستی بەر شتەکان بکەوێ و کاتێ دەستکێش لەبەر دەکات، شوێنەواری پەنجەمۆری لەسەر دەرناچێت، لەبەر ئەوەی دەست و پەنجەی مرۆڤ راستەوخۆ بێ هیچ بەربەستێك پێویستە بەر شتەکان بکەون لە شوێنی رووداو، ئینجا شوێنەواری دەبێت، پەنجەمۆر بەچاو نابینرێت، بەڵام لە شانۆی تاوان ئەو شوێنانەی گومانی ئەوەی لێدەکرێت تۆمەتبار دەستی داوەتێ بە تایبەت ئەو شوێنانەی لە رێگەیانەوە هاتۆتە ژوور و چۆتە دەرەوە، ئەو شوێنانەی شتی لێدزراوە و دەستکاری کراوە بۆ دۆزینەوەی شتەکان شوێنەوارەی لێدەبێت و دەکرێت پەنجەمۆری لێهەڵبگیرێتەوە، ئەگەر ئەستەم بوو هەڵگرتنەوەکە و شوێنەواری پەنجەکان کاڵبوون باش بە دیار نەکەوتن و هەڵنەگیرایەوە، ئەوا ئەو کەلوپەلانەی گومانی لێدەکرێت پەنجەمۆری لە سەر بێت دەگوازرێتەوە تاقیگە و پەنجەمۆرەکەی لەسەر هەڵدەگیرێتەوە، سوودی بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانکاری دەبێت، شوێنەواری پەنجەمۆر بە بەڵگەیەکی گرنگ لە زانستی تاوانکاری هەژمار دەکرێ و جێگەی تایبەتی خۆی هەیە و هۆکارە بۆ ئاشکراکردنی زۆر لە تۆمەتباران.

### ٢- پێکنەچوونی پەنجەمۆر:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پەنجەمۆر پێکنەچوونی پەنجەمۆرەکانە، هیچ کەسێك لە سەر گۆی ئەم زەمینە پەنجەمۆری بە یەکێکی تر ناچێت، ئەوەش گرنگی داوەتێ بۆ سوود وەرگرتن لە بواری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری، هەر کاتێ تۆمەتبار لە شوێنی تاوان دەست بەسەر هەر شتێك دابێنی پەنجەمۆری دەکەوێتە سەر ئەو شوێنە و هاوکاری لێکۆڵەر دەکات ، بۆ بەدواداچوون و هەڵگرتنەوەی ئەو پەنجەمۆرانەی شانۆی تاوان و جیاوازی پێکردنیان لەگەڵ پەنجەمۆری

تۆمەتباران، ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ ئاشکراکردنی تۆمەتباران، پەنجەمۆری جمك ئەگەر لەیەك هێڵکەی ئافرەتیش دروست بن لە هێڵەکان و خاڵەکانی سەرە پەنجەکان هەندێ جار جیاواز دەبن.

## ٣- پەنجەمۆر ناتوانرێ بگۆڕدرێ:

پەنجەمۆر بە هیچ شێوەیەك ناگۆڕدرێ و زۆر تۆمەتبار هەوڵی شێواندنی هێڵەکانی پەنجۆری خۆیانداوە، تا لە یاسا و سزای رزگاریان بێت، بەلاّم ئەو هەوڵەیان سەرینەگرت و نەیاتوانی، لەبەر ئەوەی هەر گۆڕانێك لە پەنجەمۆر بەخشاندنی بە ماددەی زبر و رەق ئەوا کاریگەری هەندێك دەبێت، بەلاّم پاش ماوەیەك هێڵەکان و خاڵەکانی سەر پەنجەمۆر دەگەڕێنەوە دۆخی جارانیان، هەرچەندەی هەوڵی تێکدانی بدەن ئەوا بە بەرزی نزمی و هێڵەکانی سەر دەتوانرێ بناسرێتەوە کەهی کێیە، هەندێ جار بەهۆی سووتان پەنجەمۆرەکان دەشێوێندرێن، بەلاّم ئەگەر سووتانەکە رێژەی کەم و قولْ نەبێت، پاش ماوەیەك پەنجەکان هێڵەکانیان وەکو خۆی بۆ دروست دەبێتەوە، ئەوە نییە جۆرێکی تر دروست بێت بەڵکو هەر ئەو جۆرەی پێشتر چۆن بووە هەر ئەوە دروست دەبێتەوە، ئەگەر سووتانەکەش قولْ بێت ئەوا شانەکانی مرۆڤ دووچاری شێواندن دەبنەوە ئەوە بارێکی ترە گۆڕانە لە شانەی مرۆڤ و دەکەوێتە سەر پەنجەمۆرەکان.

## ٤-مانەوەی پەنجەمۆر وەك خۆی:

هێل و خاڵەکان و بەرزی نزمی تایبەتمەندییەکانی پەنجەمۆرن، هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە لە سەردەمی منداڵی و گەنجی و پیری، ئەو هێلاّنە ناگۆڕدرێن و پارێزگاری لە تایبەتمەندی شێوازی خۆیان دەکەن، بە مردنیش دوای ماوەیەکی زۆر هێڵەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە، پەنجەمۆر بەگەشە و راوەستانی گەشەی مرۆڤ کاریگەر نابێت و تایبەتمەندی و هێڵەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە. بۆ نەگۆڕان و مانەوەی تایبەمەندی پەنجەمۆری کەسەکان وەکو خۆی بەم دوو نمونەیە مەبەستەکە زیاتر ڕووندەبێتەوە

## نمونەی یەکەم:

ڕۆبرت جەیمس تۆمەتبارێکی ئەمریکی بەناوبانگە و لە لێکۆڵینەوە لە تاوانێك بە گومان دەستگیر دەکرێت، دوای دەستگیرکردنی لێکۆڵەرەکان ویستیان جیاوازی پەنجەمۆری پێبکەن لەگەڵ ئەو پەنجەمۆرانەی لە شوێنی تاوانەکە بە جێمابوو، تەماشایان کرد سەرە پەنجەکانی شێوێندراوە دەرکەوت بۆ هەر (١٠) سەرە پەنجەکانی نەشتەرگەری کردووە و پێستی شوێنەکانی تری لەشی هێناوە و خستیەتییە سەر پەنجەکانی، بەڵام لە دوای ورد لێکۆڵینەوە لەسەرە پەنجەکان دەرکەوت هێڵە سەرەکییەکانی پەنجەمۆری پێشووی شوێنەواریان هەر ماوە، سەرەڕای ئەنجامدانی نەشتەرگەری و شێواندنی پەنجەمۆرەکانی و دەرکەوت ئەو تاوانەکەی ئەنجامداوە.

## نمونەی دووەم:

ساڵی ١٩٤٥ بەهۆی ئەو بۆمبە نەوەییانەی لە لایەن ئەمریکەکانەوە لە هیرۆشیما و ناکازاکی یابانەکان درا، ، کە تا ئێستا خەڵکی ئەو وڵاتە بە دەست شوێنەوارییەوە دەناڵێنن و بووە هۆکاری گۆڕانی شێوە و بەژن و باڵا و هەموو شوێنێکیان گۆڕا، بەڵام پەنجەمۆری یابانییەکان سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییەی بەسەر لەش و شێوەیاندا هات هەر وەکو خۆی مایەوە."٢"

## بەندی دووەم: گەڕان بە دوای پەنجەمۆر لە شانۆی تاوان

بەهۆی ترس و کارە نایاساییەی تۆمەتبار دەیکات، لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی دووچاری دڵەڕاوکێ و پەشێوی دەبێتەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ڕژێنەکانی ئارەقە و بە هۆیەوە ئارەقەیەکی زۆر دەکات، لە ڕێگەیەوە دەبێتە هۆی دەردانی ئەو چەورییەی لە ژێر پێستی مرۆڤدایە، ئەو ئارەقە کردنەی وادەکات هەندێ چەوری بەسەر پەنجەکانەوە بێت، هەرکاتێ تۆمەتبار دەست بداتە هەر ماددە و لاشەیەکی ڕەق شوێنەواری پەنجەمۆرەکەی لە هێڵە بەرز و نزمەکانی سەرە پەنجەکانی بە دیاردەکەون لە شانۆی تاوان، زۆربەی تۆمەتباران بەهۆی دەستکردنیان بە کەلوپەل و شتەکان، شوێنەوار دوای خۆیان بەجێدێڵن،

ئەو تۆمەتبارانەی ئەزموونیان لە تاوانکاری هەیە هەوڵی ئەوە دەدەن شوێنەوار لە دوای خۆیان جێنەهێڵن، بە لە دەستکردنی دەستەوانە، هەندێ تۆمەتبار هەیە لە شانۆی تاوان ئەو شتانەی بەر دەستی کەوتوون شوێنەواری پەنجەمۆرەکان دەشێوێنی یان رەشیان دەکاتەوە بەسڕینەوەیان و تێکدانیان بە پارچە قوماشێك یان تەنێکی نەرم.

لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان بۆ دۆزینەوەی پەنجەمۆر، سەرەتا لەو شوێنانەی تۆمەتبار پێیدا هاتۆتە ژوورەوە و پێدا چۆتە دەرەوە دەستپێدەکات، لەگەڵ پشکنینی هەموو ئەو کەلوپەل و ئامێر و پارچە شوشە و شتومەکانەی لە سەر زەوی لە شوێنی ئاسایی خۆیان نین و تۆمەتبار هێناویەتییە سەر زەوی و هەوڵی هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆرەکان لە سەریاندا دەدات، لێکۆڵەر کێشەیەکی دێتە پێش ئەویش بوونی پەنجەمۆری زۆرە لەسەر شتەکان کە هەندێکی هی ئەندامانی ماڵەکەن، هەندێکیان هی ناسیار و برادەرەکانیانن، لەبەر ئەوە لێکۆڵەر دەبێ لەوە دڵنیا بێت ئەو پەنجەمۆرانەی لە شوێنەکەن هی تۆمەتبارە ئەوەش بە وەرگرتنی پەنجەمۆرەکانی ئەندامانی ماڵەکە و جیاوازی پێکردنیان بۆ دڵنیابوون کەهی تۆمەتبار نییە، بەهۆیەوە پەنجەمۆری نامۆی ماڵەکە دیاریدەکرێت، دوای دیاریکردنی پەنجەمۆرەکانی خانەوادە، ئینجا جیاوازی بەوانە دەکات کە گومانی ئەوە دەکات هی تۆمەتباران بێت.

## بەندی سێیەم: جۆرەکانی پەنجەمۆر

لە شانۆی تاوان چەند جۆرێك پەنجەمۆر بە دیار دەکەون کە هەندێکیان بە چاو دەبینرێن و هەندێکی تریان بە چاو نابینرێن، دووجۆرن:

### ١- پەنجەمۆری بینراو:

ئەو پەنجەمۆرانەن لە لایەن لێکۆڵەر و شارەزایان لە کاتی پشکنینی شانۆی تاوان بە چاو دەبینرێن، بەبێ ئەوەی هیچ ماندووبوونێکی بە دواوە بێت، وەك ئەو پەنجەمۆرانەی بە خوێن یان بۆیە یان هەرماددەیەك بە دیارکەوتەوە، شوێنەواری بە روونی و ئاشکرایی بە دیار دەکەوێت. ئەوەشی لە شێوەی ماکی پێوەنووسا و

به شوێنێك به دیار دەكەوێت، بۆ لێكۆڵەر هێندە سوودی نابێت بەهۆی ئەوەی هەندێ جار شێواون هێڵەكانی پەنجەمۆری زۆر به سەرەوە دیار نابێت، بەلاّم سوودی ئەوەی دەبێت سەرنجی لێكۆڵەر بۆ بۆچوونێكی دیاریكراو رادەكێشێت، بۆ نمونە بوونی ماكی خوێن و شوێنەوارەكەی له شانۆی تاوان ئەوە بەدیار دەخات یان تۆمەتبار خوێنی لێهاتووە، یان ئەوەتا خوێنەكە هی تاوانلێكراوە، ئەو خوێنە ئەگەر هی تۆمەتبار بێت، بۆ پشكنینی تاقیگەیی DNA زۆر سوودی دەبێت و به دڵنیایی بەهۆی ئەو خوێنەوە ناسنامەی تۆمەتبار دیاریدەكرێت.

**٢- پە نجەمۆری نەبینراو:**

ئەو جۆرە پەنجەمۆرانە به چاو نابینرێن بەڵكو بەهۆی پەیڕەوكردنی رێگەی تایبەت پەنجەمۆرەكە به دیار دەكەوێت، هەندێ جار ئەگەر له سەر رووی زۆر لوس بێت به چاو هەوڵبدرێت، هەندێ له شوێنەوارەكە به دیدەكرێت، هەروەك چۆن تۆمەتبار دەستی دابێتە رووی شوشە و فەخفوری و ئەو رووانەی زۆر لوسن، بەلاّم ئەوە ناكەوێتە خانەی به چاو بینراو، چونكە هێلەكان به روونی دیار نین، بەڵكو ئەو دیتنە هاوكاری لێكۆڵەر و شارەزایانی بەڵگەی تاوان دەدات به بوونی پەنجەمۆر لەسەر ئەو شوێنانە، پاشان به رێكاری تایبەت و به كارهێنانی هەندێ ماددەی كیمیایی و لێدانی تیشكی تایبەت له شوێنەواری پەنجەمۆرەكە بەدیار دەكەوێت و هەڵدەگیرێتەوە.

هەندێ جار بەهۆی كاڵی پەنجەمۆرەكە سەرەڕای به كارهێنانی پاودەر و لێدانی به فلچەی توكنی تایبەتی زۆر نەرم زۆر به كاڵی شوێنەواری پەنجەمۆرەكە به دیار دەكەوێت، لەم حالەتەدا پێویستە ئەو شتە بگوازرێتەوە تاقیگەی بەڵگەی تاوان بەهۆی ژووری هەڵم به رێگەی تایبەت ئەو پەنجەمۆرانەی به دیار ناكەون له رێگەی ئەو ژوورە به دیار دەكەوێت."٣" .

## بەندی چوارەم: هەڵگرتنەوەی پە نجەمۆر

ئەو شوێنانەی لێکۆڵەر و شارەزای هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆر گومانی ئەوەی لێدەکەن تۆمەتبار دەستی دابیتیٚ شوێنەوارەکە دیاریدەکەن و دەست دەکەن بە هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆر بە چەند ڕێگایەك

### ١-بەهۆی بەرکارهێنانی پاودەر :

دوای دیاریکردنی ئەو شوێنەی گومانی لێدەکرێت پەنجەمۆری لەسەر بێت، لێکۆڵەر و شارەزایانی بەڵگەی تاوان کە سندوقی تایبەتیان هەیە، هەموو پێداویستییەکانی هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆریان هەیە، سەرەتا پێویستە ئەو کەسەی پەنجەمۆرەکە هەڵدەگرێتەوە دەستکێشی تایبەت لە دەست بکات، ئینجا بەهۆی فلچەی توکنی نەرمی تایبەت بەم کارە دروستکراوە پاودەرەکە بەفلچە، بە سەر شوێنەواری پەنجەمۆرەکەی سەر ڕووەکە دادەکرێت، بە ئەسپایی و بە نەرمی بە شێوەی سوڕان نەك پاڵدانی لەسەر پەنجەمۆرەکە، دەسوڕێندریٚ و پەنجەمۆری سەر ڕووەکە بەهۆی ئەوەی چەورە، پاودەرە ڕەشەکەی بەسەردا دەنووسێت، شوێنەواری پەنجەکە بە هەموو هێڵ و خاڵەکانی سەری لە بەرزی و نزمی بە دیار دەکەوێت، پاشان بەهۆی لەزگەی ڕوونی تایبەت یان لە زگەی ڕوونی ئاسایی کە هەمووومان لە ژیانی ڕۆژانەمان بەرکاریدەهێنین، لەسەر بە دیارکەوتەکەی شوێنەواری پەنجەمۆرەکە دادەنرێت، ڕاستەوخۆ بە لە زگەکە دەنووسێت، پاشان لەزگەکە لە کاغەزی تایبەت یان هەر کاغەزێکی سپی دەدەین و پەنجەمۆرەکەی پێوە دەنووسێت، دەیگوازینەوە تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان بۆ جیاوازی پێکردنی بەهۆی ئامێر و کۆمپیوتەری تایبەت کەپەنجەمۆری گومانلێکراوان وەردەگیریٚ و جیاوازیان پێدەکرێت و بەهۆیەوە تۆمەتبار دەستنیشان دەکرێت.

لێکۆڵەر بۆ ئەوەی کارەکەی ڕێك و پێك بێت، دەبیٚ لە کاتی هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆرەکان، لە سوجێکی نزیك شوێنەواری پەنجەمۆرەکە شوێنێك کەمێك تەڕ دەکەین، پاودەرەکە بە فلچە لێدەدەین و بە نووکێکی تیژ زانیاری تەواو لەسەر شوێنی تاوان و ئەو کەسەی پەنجەمۆرەکە هەڵدەگرێتەوە دەنووسین، لەگەڵ

نووسینی کات و ڕێکەوت و ڕۆژ و هەموو ئەو زانیارییانەی بە پێویست دەزانرێ، لەگەڵ لێدانی لەزگەکە و هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆرەکە ئەویش هەڵدەگیرێتەوە و لە کاغەزە سپییەکە دەدرێت ئەوەش بۆ دڵنیایی کاری لێکۆڵەر و زانینی دادوەری لێکۆڵینەوەو دادگا، بە تەواوی زانیاری لە سەر پەنجەمۆرەکە شوێن و ئەو کەسەی بە کارەکە هەڵساوە.

## ٢-بەهۆی بەرکارهێنانی پاودەری موگناتیسی:

ئەو ڕێگەیەش وەکو ڕێگەی سەرەوە تەنیا ئەو پاودەرەی لەو ڕێگەیە بەرکاردەهێندرێت سیفەتی موگناتیسی هەیە، لە کاتی بەرکار هێنانی فلچەکە ئەو پاودەرە بەهۆی سروشتی موگناتیسی بە فلچەکە دەنووسێت، پاشان بە ئەسپایی بە شوێنەواری پەنجەمۆرەکە لەسەر ڕووەکە بە هەمان شێوەی سوڕاندنی نەك پاڵدان و فشار لەسەر نەکردن بە سەر پەنجەمۆرەکە دادەهێنرێت و شوێنەوارەکە بە دیار دەکەوێت، ئینجا بە کارهێنانی لەزگە و نووسینی زانیاری تەواو لە سوچێك بە کاغەزەی سپی دەنووسێندرێت و دەگوازرێتەوە تاقیگەی بەڵگەی تاوان.

لێکۆڵەر دەبێ ئەوەی لا ئاشکرا بێت پاودەری موگناتیسی زیاتر بۆ ڕووی کاغەز و داری ڕوو لوس، بە واتایەکی تر ئەو جۆرە پاودەرە بۆ هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆر لەسەر ئەو ڕووانەی ماددەی ئاسنیان تێدا نییە بەرکار دەهێندرێت، بەهۆی تێکەڵبوون و گرتنی ئاسنەکە وەکو قاسە و دەرگای ئاسن و تۆتۆمبێل و هەموو تەنە ئاسنەکان لەم حاڵەتە ئەگەر شوێنەکە ئاسنی نەبوو دەبێ پاودەری ڕەشی ئاسایی بەرکار بهێنرێت.

## ٣-هەڵگرتنەوەی لە تاقیگە:

هەندێ جار شوێنەواری پەنجەمۆر زۆر بە کاڵی لەسەر کەلوپەل و شتەکان بەدیار دەکەوێت، ئەوەش یان ئەوەتا تۆمەتبار زۆر بە توندی پاڵەپەستۆوە دەستی نەکردۆتە شوێنەکە، یان ئەوەتا ماوەیەکی زۆر بە هەر هۆکارێك بێت بەسەر پەنجەمۆرەکە دا ڕۆیشتووەو کاڵ بۆتەوە، لێرەدا لێکۆڵەر ئەو کەڵ وپەلانە بۆ

نمونە پەرداخێكە یان گوڵدانێكەی بە ڕێگەی هەڵگرتنی تایبەت لە سندوق یان زەرفی تایبەت دادەنرێت و ئەو شتەی بەڵگەكەی پێدەگوازرێتەوە بەپێی قەبارە و سروشتی شتەكە دەگۆڕدرێت، دەبردرێتە تاقیگەی بەڵگەی تاوان، لە ژووری هەڵم ( هییوم) كە ئامێری تایبەتی تێدایە و كەلوپەلەكەی پەنجەمۆری لەسەرە لەناو ئامێرەكە هەڵدەواسرێت، بەهۆی ماددەی تایبەت و سوپەر گیل، بۆ ماوەی چەند كاتژمێرێك دەمینێتەوە، بەهۆی ئەو ماددەیە هەڵمەكە شوێنەواری پەنجەمۆرەكە بە دیار دەكەوێت، ئینجا بە هەمان ڕێگەكانی سەرەوە بە پاودەری ڕەش و بەركارهێنانی لەزگە هەڵدەگیرێتەوە و دەخرێتە سەر كاغەز و پاشان بەهۆی ئامێر و كۆمپیوتەر لەگەڵ پەنجەمۆری گومانلێكراوان جیاوازی پێدەكرێت.

## ٤-هەڵگرتنەوەی بەهۆی لێدانی تیشكەوە:

لە ژیانی ڕۆژانەمان زۆر جار بە لایت یان تیشكی لێزەری كە لە شتێك دەدەین شوێنەواری جۆراوجۆر لەسەر تەنەكان دەبینین، لە شانۆی تاوانیش بۆ ئەوەی كاری لێكۆڵەر ئاسان بێت، بۆی بە دیار بكەوێت كە پەنجەمۆرەكان لە شانۆی تاوان لە كوێن بۆ دیاریكردنی شوێنیان بەهۆی لایت و تیشكەوە دەزانرێ ئەو شوێنە پەنجەمۆری لەسەرە یان بەپێچەوانەوە، ئەوەش هاوكای كاری هەڵگرەوەی پەنجەمۆر دەكات لە شوێن و دیاریركردنی پەنجەمۆرەكان بەسەر ڕوو و كەلوپەلەكانەوە، لە تاقیگەكانی بەڵگەی تاوانیش بە لێدانی تیشك بەهۆی ئامێری تایبەتەوە پەنجەمۆرەكان بە دیار دەكەون و پشكنینی لەڕێگەی بەرنامە و كۆمپیوتەرەوە پێ ئەنجامدەدرێت.

## بەندی پێنجەم: هێزی بەڵگەی پەنجەمۆر

پەنجەمۆر لە هەموو دنیا بە یەكێك لە بەڵگە بەهێزەكانی بواری لێكۆڵینەوەی بەڵگەی تاوان دادەنرێت، ئەو بەڵگەیە بەركار دەهێنرێت، بۆ بڕیاری كۆتایی دادگا و بەڵگەی سەلمێنەری تەواوە لەسەر تۆمەتبار، بەهۆیەوە تاوانەكەی ئاراستە دەكرێت و حوكمی لەسەر دەدرێت، لە زۆربەی وڵاتانی دونیا لە دادگاكانیان بەڵگەی پەنجەمۆر بە بەڵگەی تەواو دادەنرێت ئەگەر هیچ بەڵگەی تریش نەبێت

هۆکارێك دەبێت بۆ دانە پاڵی تۆمەت و دەرکردنی بڕیاری دادگا لەسەر تۆمەتبارەکە.

لە دادگاکانی کوردستان و عێراق پەنجەمۆر وەکو بەڵگە وەردەگیرێ و هەژماردەکرێت، بە بەڵگەیەکی ماددی و لە دژی تۆمەتبار بەرکاردەهێندرێت، دادگا دەتوانێ وەریبگرێت بۆ دەرکردنی حوکمی، بە پێچەوانە دەتوانێ بەرکاری نەهێنێت و پێی وەرنەگرێت، بۆیە وەرگرتنی وەکو بەڵگەی تاوان بۆ خەملاندنی دادگا دەگەڕێتەوە، بەلام بەستیویەتیەوە بە گرینە و بەڵگەی تر لەوانەیە دادگا بانگی شارەزای پەنجەمۆر بکات، سەبارەت بە چۆنیەتی جیاوازی پێکردنی لەگەڵ پەنجەمۆری گومانلێکراو و ئەو دەرەنجامەی لە پشکنینەکە و جیاوازی پێکردنەکەی دەرچووە چۆن بووە ئەوەش بۆ زیاتر بەرچاو روونی دادگایە.

لە سەردەمی ئەمڕۆ بەڵگەی پەنجەمۆر گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە بەڵگەکانی تاوان و بەهۆی هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆرەکانی تۆمەتباران لە شانۆی تاوان چەندین تاوان ئاشکرادەکرێن و تۆمەتبارانی پێ دەدۆزرێتەوە و دادگایی دەکرێن و سزا دەدرێن.

## بەندی شەشەم: سیستەمی ئەلیکترۆنی پەنجەمۆر

لەولاتانی دونیا و پێشکەوتوو لە بواری بەڵگەی تاوان، تۆمەتبارانی هەموو ولاتەکە پەنجەمۆریان وەردەگیرێ و لە کۆمپیوتەر و بە بەرنامەی تایبەت رێکدەخرێت، هەموو ئەو پەنجەمۆرانە لە هەموو شارەکانی ئەو ولاتە لە بنکەکانی پۆلیس و نوسینگەکانی نەهێشتنی تاوان و دادگاکان دەبن، لە کاتی رووداني تاوانێك و هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆر لە شوێنی تاوان پەنجەمۆرەکە هەڵدەگیرێتەوە و جیاوازی پێدەکرێت، لە ماوەی چەند خولەکێك تۆمەتبارەکە دەدۆزرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لە ولاتی ئێمەش هەوڵبدرێت ئەو سیستەمە پەیرە و بکرێت بەڵگەی تاوان لە کوردستان پەنجەمۆری هەموو گومانلێکراوێك و تۆمەتبارێك لە قۆناغی لێکۆڵینەوە وەربگرێ، با کۆبکرێتەوە لە ناو کۆمپیوتەر و بەهۆی سیستەم و بەرنامەی کۆمپیوتەری لە هەموو بنکەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان هەبێت، هەر

**کاتەك تاوانێك هەبوو راستەخۆ هەر لە شوێنەکەی گومانلێکراو پەنجەمۆری پشکنینی بۆ بکرێت، زانیاری تەواویش لەسەر پێشینەی تۆمەتبارەکەی تێدا بێت، نەوەك بە نووسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار چەندین رۆژی دەوێت، ئینجا دەرەنجامەکە دەردەچێت، لەبەر ئەوەی کاتیٚ تۆمەتبار دەستگیر دەکرێت، ئەگەر ئەو زانیارییانە لەبەر دەستدا بن، ئەوا راستەوخۆ جیاوازی پێدەکرێت لەگەڵ پەنجەمۆری تۆمەتباران، بەمەش کارێکی زۆر گرنگ پێشکەش بە دادگان دەکرێت بۆ هاوکاریکردنیان لە ئاشکراکردن و دۆزینەوەی تۆمەتباران بە زووترین کات." ٤"**

# بەشی دووەم: شوێنەواری پیٚ

**یەکێکە لە بەڵگەکانی تاوان کە تۆمەتبار لە شوێنی تاوان بەجێیدیلێت بە هۆیەوە لێکۆڵەر  بە دواداچوون بۆ جێنیشانی پێی تۆمەتبار دەکات یان بە پێخواسییە یان پێلاوی لەبەر بووە، بەهۆی شوێنەوارەکەوە دەتوانیٚ قەبارەی پێیەکە و خێرایی رۆیشتنی تۆمەتبار کە لە باری دەروونی نالەبار و پەلەکردندابووە یان باری ئاسایی بووە، ئەو لاو ئەو لای شوێنەکەی کردووە بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکات، تەنانەت بەهۆی جێنیشانی پێیەوە دەتوانریٚ کێشی تۆمەتبار بە رێژەیی بخەملێندرێت، ئەم خەملاندنانە و دیاریکردن و هەڵگرتنەوەی شوێنەواری پێی تۆمەتبار لە لایەن شارەزایانی ئەو بوارە و بەڵگەی تاوان بکرێت ئاکامی باش بەدەستەوە دەدات، شوێن پێی تۆمەتبار بەهۆی گەورەیی و بچوکی دەتوانریٚ بزانریٚ تۆمەتبار مێرد منداڵە یان نەوجەوان یان گەورەیە تەنانەت قەبارەی کەسەکە لە رووی هەیکەلەوە بچوکە یان گەورەیە، لە هەمان کاتدا دەتوانریٚ باری هۆشداری تۆمەتبار بزانین لە باری ئاساییدا بووە یان ماددەی هۆشبەر یان ماددە کحولییەکانی وەرگرتووە، بەهۆی شوێنەواری پێی لەدوای یەکترن یان بەلاداچووە، شوێنەواری پیٚ لەسەر ماددەی رەق یان نەرم و خۆڵ و قوڕ و خۆڵ لە هەر یەکەیان بە جۆرێك دەردەچێت، شوێنەکە چەندەی نەرم بێت ئەوەندە باشتر**

دەردەچێت، بەڵام شوێنەكە چەندەی رەق بێت كەمتر بە دیار دەكەوێت و لەم بارەدا شوێنەواری پێیەكە چی لەسەر بێت لە بۆیە و خوێن و گریس دەردەكەوێت، هۆكارێك دەبێت بۆ ناسینەوەی تۆمەتبار و ئەو شوێنەوارانە بەهۆی وەرگرتنی وێنەی فۆتۆگرافی وێنەیان دەگیرێ و بەهۆی گەچ هەڵدەگیرێتەوە یان شوێنەوارەكە بەدەور و پشتییەوە هەڵدەكەندرێت و دەگوازرێتەوە بۆ تاقیگە و پشكنینی لەسەر دەكرێت بۆ دیاریكردن و ناسینەوەی تۆمەتبار. "٥"

جێنیشانی پێ ئەو شێوەیە كە تۆمەتبار لە شوێنی تاوان بەجێیدیلێ لەو كاتەی پێی بەر شتێك دەكەوێت رەق بێت یان نەرم كاریگەری لەسەر شوێنەكە بە دەركردنی شێوەی پێ و خانەكان لەسەر ئەو شوێنە بە دیار دەكەوێت، كەپێی لەسەردانراوە، ئەو شوێنەوارە بە دیاری دەخات تۆمەتبار چۆن چۆتە شوێنی تاوان و لێی دەرچووە و لە شانۆی تاوان دەبێ ئەو جێ پێیانەی خاوەن ماڵەكان كێن لە هی تۆمەتبار جیابكرێتەوە، تاوەكو لێكۆڵینەوە دووچاری شێواندن و ناڕێكی نەبێتەوە، لەو كاتە لێكۆڵەر بە دوای ئوە جێپێیانە دەكەوێت، كە گومانی ئەوەی لێدەكرێت هی تۆمەتبار بێت لە رێگای چوونە نێو شوێنی تاوان و دەوروپشتی شوێنەكە و هەموو ئەو شوێنانەی گومان دەكرێت تۆمەتبار پێیدا رۆیشتبێت لە ژوورەكان و پێپیلكانە و رێگای هۆڵ و چوونە دەرەوە و دەوروپشتی قاسە و كەنتۆر و دۆلابەكان و ئەو شوێنانەی تۆمەتباران بۆ ئەنجامدانی تاوانەكەیان پێیدا رۆیشتوون، هەمووی بە وردی پشكنینی بۆ دەكرێت لەبەر ئەوەی شوێن پێی تۆمەتبار هەندێ جار دەبێتە هۆكاری دۆزینەوەی تۆمەتبار لە رێگەی بە دواداچوون لە شوێنەوارەكە تا دەگاتە شوێنی حەوانەی خۆی یان ئەو شوێنەی مەبەستییەتی بۆی دەچێت و هەندێ جار بەهۆی خانەكانی پێڵاوی تۆمەتبار دیاریدەكرێت.

بۆ نمونە/ تۆمەتبارێك لە رۆژێكی خۆڵاوی دەچێتە دزیكردن لە هاوسێیەكی كە چەند ماڵێك لێی دوورە دوای ئەنجامدانی دزییەكە خاوەن ماڵەكە بە ئاگا دێت و دزەكە بۆ ئەوەی نە ناسرێتەوە خاوەن ماڵەكە دەكوژێت و باری دەروونی

دەشڵەژێی و رادەکات و دەچێتەوە ماڵەکەی و لێی نایەتە دەرەوە، کاتێ پۆلیس دەگاتە شوێنەکە و شوێنەواری کاڵەی تۆمەتبار لە شانۆی تاوان بە دیدەکەن و بە دوایدا دەچن و تا دەگەنە بەردەم ماڵی تۆمەتبار و لە دەرگا دەدەن دەڵێنە تۆمەتبار پێڵاوت لە چ جۆرێکە؟ ئەویش پێڵاوێکی باتەیان پێ نیشاندەدات و پاش پشکنین کاڵەکە دەدۆزنەوە و تۆمەتبار دان بە تاوانەکەی دەنێت.

## بەندی یەکەم : جۆرەکانی شوێنەواری پێ

١- پێخواسی: هەندێ جار تۆمەتبار تا شوێنی تاوان بە پێڵاو دەچێت کە چووە شوێنەکە پێڵاوەکەی لەبەر دەکاتەوە، ئینجا تاوانەکەی دەکات.

٢- پێڵاو: کاتێ تۆمەتبار لە شانۆی تاواندا کاری تاوانەکەی ئەنجامدەدات جێنیشانی پێی لە شوێنە جیاجیاکانی شوێنی رووداو بە دیار دەکەوێت، بەڵام ئەگەر شوێنەکە لوس و رەق بێت ئەوا بە جوانی بە دیار ناکەوێت.

٣-گۆرەوی: هەندێ جار تۆمەتبار بە گۆرەوی تاوانەکەی ئەنجامدەدا بۆ ئەوەی شوێن پێی بە دیار نەکەوێت و شوێنەوارەکە بشێوێنێت.

٤-شوێن پێی دیار: ئەو شوێنەوارانەیە کە لە شوێنی نەرم بە شێوەیەکی باش بە دیار دەکەوێت و هەڵگرتنەوەی ئاسانە لە لایەن شارەزایانی بەڵگەی تاوان.

٥-شوێن پێی نادیار: جێنیشانی پێ لە سەر شوشە و رووی لوس و ساف بە دیار دەکەوێت هەندێ جار بەکاڵی بە دیار دەکەوێت و بە چاو دەبینرێت، هەندێ جاریش شوێن پێیەکە هەیە، بەڵام بەچاو نابینرێت، لەو کاتانە شارەزایانی بەڵگەی تاوان وەك چۆن شوێنەوارەکانی تر هەڵدەگرنەوە بەم شێوەیە هەڵدەگیرێتەوە.

## بەندی دووەم: شوێنەواری پێ لە شانۆی تاوان چی دەگەیەنێت

جێنیشانی پێ لە شانۆی تاوان لە رووی بەڵگەی تاوان بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵێك ماناو شیکردنەوەی هەیە:

١-ئاراستەی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی تۆمەتبار لە شانۆی تاوان دیاریدەکات.

٢-ژمارەی تۆمەتباران لە شانۆی تاوان دەزانرێ لەگەڵ رۆڵی هەریەكەیان و ئەوانەی لە دەرەوە چاودێرییان كردووە و ئەوانەی لە ناوەوە تاوانەكەیان كردووە.

٣-هەندێ سیفەت و ئاكاری تۆمەتباری پێ دیاریدەكرێت لە باری هۆشداری یان بێهۆشی تۆمەتبار كە هەنگاوەكانی تێكەڵدەبن یان تۆمەتبار شەلەیە یان سەرخۆش بووە.

٤-درێژی و كێشی تۆمەتباری پێدەزانرێت ئەگەر شوێنەكە نەرم بێت هەر چەند كێشی تۆمەتبار زۆر بێت، شوێنەواری خانەكانی پێ باشتر بە دیار دەكەون.

٥-تەمەنی تۆمەتباری پێدەزانرێت كە منداڵە یان مێرد منداڵە یان گەورەیە، لەبەر ئەوەی تۆمەتبار چەندەی گەورە بێت شوێنەوارەكە قوڵتر باشتر بە دیار دەكەوێت، لە هەمان كاتدا جێ پێی منداڵ بچوك دەبێت و لە شوێنەوارەكە بە دیاردەكەوێت كە هی منداڵە.

٦-شوێنی تاوانەكەی پێدیاریدەكرێت و هەندێ جار تۆمەتبار تاوانلێكراو لە شوێنێك دەگوازێتەوە شوێنێكی تر و لە جێ پێی بە دیار دەكەوێت.

### بەندی سێیەم: هەڵگرتنەوەی شوێنەواری پێ

لە شانۆی تاوان هەركاتێ شوێنەوارێكی تاوان دەبینرێت كە گومانی ئەوەی لێدەكرێت هی تۆمەتبارە، راستەوخۆ پارێزگاری لێدەكرێت، لە لایەن شارەزای بواری هەڵگرتنەوەی شوێنەواری پێ هەڵدەگیرێتەوە

١- هەڵگرتنەوەی جێ پێیەكە بە بەركارهێنانی گەچی شل و رەق و شەمێ و ماددەی تایبەت، كە دەكرێتە سەر خانەكانی شوێن پێیەكە و هەڵدەگیرێتەوە، بۆ جیاوازی پێكردنی لەگەڵ پێ و پێڵاوەكانی تۆمەتبار، ئەو كارە لە جۆرە جێنیشانانە دەكرێت كە نەرم بێت و خانەكانی پێڵاوەكەی لە شوێنەكە بە دیار دەكەوێت، بەڵام ئەو كارە بۆ شوێنی لوس و رەق ئەستەم دەبێت.

٢- هەڵگرتنەوەی جێ پێیەكە بە برینی دەوروپشتی شوێنەواری پێیەكە و گواستنەوەی بۆ تاقیگە و ئەو كردارە بۆ شوێنەواری پێ لە سەر بەرد و گەچ و دار بە كار دەهێندرێت.

٣- وەرگرتنی وێنەی فۆتۆگرافی شوێنەواری پێ لە هەموو لایەکەوە، لە هەمان کاتدا پێویستە راستەك لەگەڵ شوێنەوارەکە دابنرێت، تاوەکو درێژی و پانی بزانرێت.

## بەندی چوارەم: هێزی شوێنەواری پێ لە سەلماندنی تاوان

شوێنەواری پێ وەکو پەنجەمۆر بەهێز نییە بۆ سەلماندن و چەسپاندنی تاوان بەسەر تۆمەتبار، بەڵام کاریگەریشی هەیە و بەرکار دەهێندرێت، لەگەڵ بەڵگەی تر دەبێتە هۆکاری سەلماندن، بەڵام دادگا دەتوانێ پێی وەربگرێ یان پێی وەرنەگرێ، ئەو خەملاندن و وەرگرتنەی بۆ دادگا دەگەڕێتەوە، شوێنەواری پێی هێزی سەلماندنی وەکو پەنجەمۆر نییە، لەبەر ئەوەی دروستکردنی ئاسانە و، هەندێ جار تۆمەتبار بۆ ئەوەی سەر لە لێکۆڵەر بشێوێنێ پێڵاوی لە پێی خۆی گەورەتر لەبەر دەکات، یان شوێنەوارەکە لەبەر ئەوەی دیارە و بە ئاسانی دەشێوێندرێ و لادەبرێت. بەڵام لە کاتی بوونی شوێنەواری پێ بەپێخواسی ئەوە بە ئاسانی هێڵەکانی پێی تۆمەتبار دەناسرێتەوە و بەهۆیەوە جیاوازی لەگەڵ شوێن پێی گومانلێکراو دەکرێت، دەتوانرێ تۆمەتباری پێبناسرێتەوە، لەم کاتە هێزی سەلماندنی ئەو جۆرە شوێنەوار پێیە زۆر بەهێز دەبێت. "٦"

# بەشی سێیەم : شوێنەواری شوشە

هەندێ جار لەئەنجامی تاوان، شکاندنی شوشەی پەنجەرەکان و دەرگاکانی لە شانۆی تاوان لەگەڵدایە، ئەو پارچە شوشانە لە سەر جلوبەرگی تۆمەتبار یان لە ناو هۆکاری گواستنەوەکەی دەبینرێت، دوای دۆزینەوەی ئەو پارچە شوشانە لای تۆمەتبار لەگەڵ شوشەکانی شانۆی تاوان جیاوازیان پێدەکرێت و دەناسرێتەوە، لە کاتی بوونی پارچە شووشە لێکۆڵەر وەکو بەڵگە تەماشای دەکات و لێناگەڕێ کەس دەستی لێبدات و ئەو پارچە شووشانە لەناو زەرفی تایبەت دەکرێت و رەوانەی بەڵگەی تاوان دەکرێت، ئەو تاوانانەی لەناو هۆکارەکانی گواستنەوە

وەکو ئۆتۆمبێل و بارهەڵگر تاوانیان تێدا دەکرێت بەهۆی شکانی جامەکان هەندێ جار هۆکارێك دەبێت بۆ دۆزینەوەی تۆمەتبار.

بۆ نمونە: تاوانێکی کوشتن هەبوو لاشەی تاوانلێکراو لە شوێنێك فرێدرابوو دوای پشکنینی لاشەکە لە لایەن پزیشکی دادوەری پارچە شوشەك لەسەری تاوانلێکراو ئەو شوێنەی بریندار بوو دۆزرایەوە، دوای بە دواداچوون بینرا یەکێك لە برادەرەکانی جامی تەنیشتی شوفێری ئۆتۆمبێلەکەی شکاوە، دوای جیاوازی پێکردنی پارچە شووشەی سەری تاوانلێکراو لەگەڵ پارچە شوشەکانی نێو ئۆتۆمبێلەکە دەرکەوت وەکو یەکن و هی یەك سەرچاوەن، دوای لێکۆڵینەوە تۆمەتبار دانی بە تاوانەکەی ناو، لە کاتی ئەوەی تۆمەتبار شوفێر بووە تاوانلێکراویش لە تەنیشتی بووە و رایگرتووە یەکسەر سەری گرتووە و بەجامی تەنیشتی داداوە و پارچە شوشەی جامی پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکە دەچێتە سەری و گیان لە دەست دەدات.

هەندێ جار بوونی پارچە شوشە بە تایبەت لە کاتی شکانی بووبێتە هۆی ئەوەی خوێنی تۆمەتباری پێوەبنوسێ، ئەم دڵۆپە خوێنە لە دوای پشکنین و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی DNA دەزانرێ هیَ کێیە و تۆمەتباری پێ دەدۆزرێتەوە، یان ئەو پارچە شوشانە شوێنەواری پەنجەمۆری بە ئاسانی لەسەر هەڵدەگیرێتەوە. "٧"

# بەشی چوارەم: شوێنەواری تایە

زانستی بەڵگەی تاوان بەهۆی شوێنەواری تایەی هۆکارەکانی گواستنەوە لە ئۆتۆمبێلی ئاسایی و بارهەڵگر و ماتۆر و پایسکل و عارەبانە دەتوانێ ئاڕاستەی تۆمەتبار دیاریبکات، بەهۆی بوونی شوێنەوارەی تایەکە لە شانۆی تاوان، یان لەدەوروبەری یان رۆیشتنی روون و زەیت بە تایەکان بەجێدێڵێت، بە هۆیەوە دەزانرێ ئەو ئۆتۆمبێلە خێرایی چەند بووە بچوك بووە، یان بارهەڵگر، ئەمانە دەبنە هۆکار لێکۆڵەر بە هۆیەوە دەزانێت تۆمەتبار بەپێ بووە، یان هۆکاری

**گواستنەوەی ئۆتۆمبێل، یان شتی تر بووە، لەبەر ئەوەی زۆر جار تۆمەتبار ئەمانە بەرکار دەهێنێت، تا بە زووترین کات شوێنەکە بەجێبهێڵێت و هەندێ جار کەلوپەلی دزراوی پێیە و بەئۆتۆمبێل دەیگوازێتەوە.**

**شوێنەواری تایەی هۆکارەکانی گواستنەوە لە سەر خۆڵ و قوڕ زۆر بە جوانی بە دیار دەکەوێت، بەڵام لەسەر جادە ئەستەمە بە دیارکەوتنی، تەنیا ئەگەر شتێکی شل بە تایەکەوە بێت شوێنەوارەکەی بە دیار بخات یان لە کاتی خێرایی برێککردن شوێنەواری تایەکە بەسەر جادەکەوە بە دیار دەکەوێت.**

## بەندی یەکەم: سوودەکانی شوێنەواری تایەی هۆکارەکانی گواستنەوە

**١-دەتوانرێ بە هۆیەوە بزانرێ تۆمەتبار چ جۆرە هۆکارێکی گواستنەوەی لە تاوانەکەی بەرکارهێناوە، ئەوەش لە ڕێگەی شێوە و خانەکانی سەر تایەکە و قەبارەکەی.**

**٢-ئاڕاستەی تۆمەتبار ئەو کاتەی لێکۆڵەر دڵنیا دەبێت، کە تۆمەتبار هۆکاری گواستنەوەی بە کارهێناوە بە هۆیەوە ئاراستەی تۆمەتبار دەزانرێت، کە چۆن هاتووە و بەرە و کوێ ڕۆیشتووە، ئەوەش ئاسانکاری بۆ لێکۆڵەر دەکات بۆ دۆزینەوەی شوێنی تۆمەتبار.**

**٣-جۆر و شێوە و قورسی هۆکاری گواستنەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت تۆمەتبار چ جۆرە ئۆتۆمبێلێکی بەرکارهێناوە، ئایا باری قورس بووە واتا تۆمەتبار کەلوپەلی دزراوی گواستۆتەوە و جۆرەکەش بە پێوانی درێژی و پانی تایەکە و چەند لە یەکتر دوورن هەموو ئەو پێوەرانە جۆرەکەی دیاریدەکات.**

**٤-شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی تۆمەتبار بە تایبەت ئەگەر تۆمەتبار هی شوێنێکی نزیکی شانۆی تاوان بێت، هەر لە شوێنی دەرچوون بە دوای شوێنەوارەکە دەکەون تا ئەو شوێنەی ئۆتۆمبێلەکەی لێدەوەستێنرێت.**

**بۆ نمونە: لە گوندێکی دەوروبەری شارێکی کوردستان دزییەك دەکرێت لەسەر شینایی یەکێك لە جوتیارەکان، لێکۆڵەر و پۆلیس کە تەماشا دەکەن شوێنەواری**

تایەی ماتۆڕ لە شوێنەکە هەیە، ئەو شوێنە بۆ هاتن و دەرچوون بەرکار هاتووە، لە دادخواز پرسیار دەکرێت دەڵێ ماتۆڕمان نییە لە گوندیش ماتۆڕی زۆر هەیە، لە دوای شوێنەواری ماتۆڕەکە دەکەون لەبەر ئەوەی جادە نییە و خۆڵە تا شوێنەوارەکە لە بەردەم ماڵی تۆمەتبار تەواو دەبێت و دوای لێکۆڵینەوە تۆمەتبار دان بە تاوانەکەی دەنێت.

## بەندی دووەم: هەڵگرتنەوەی شوێنەواری تایە

بەهۆی ئەوەی شوێنەواری تایە بە کاردەهێنرێت لە لێکۆڵینەوە، دەبێتە هۆکاری دۆزینەوەی تۆمەتبار لێکۆڵەر لە کاتی بوونی ئەو شوێنەوارانە دەبێ پارێزگاریان لێبکرێت و لە لایەن شارەزایانی بەڵگەی تاوان هەڵبگیرێتەوە، هەمان رێگاکانی هەڵگرتنەوەی شوێنەواری پێ بۆ هەڵگرتنەوەی شوێنەواری هۆکارەکانی گواستنەوە بەرکار دەهێندرێت، لە وەرگرتنی وێنەی فۆتۆگرافی و بەرکارهێنانی گەچ و شەمێ ئەو کاتەی شوێنەواری تایەکە دیارە و خانەکانی قوڵن ئەوا لەسەر قوڕ و جادەی خۆڵ بە دیار دەکەوێ و دەتوانرێ هەڵبگیرێتەوە، ئەگەر ئەم رێگایە ئەستەم بوو بۆ هەڵگرتنەوە شوێنەوارەکە ئەگەر پێویستی کرد شوێنەواری تایەکە و هەندێ دەوروپشتی هەڵدەکەندرێ دەگوازرێتەوە تاقیگەی بەڵگەی تاوان بۆ جیاوازی پێکردنی لەگەڵ شوێنەوار و شێوە و خانەی ئەو تایانەی گوماندەکرێت هی هۆکاری گواستنەوەی تۆمەتبار بن. "٨"

# بەشی پێنجەم: شوێنەواری چەکی ئاگرینی

تاوان کردارێکە هەندێ جار پێویستی بەرکارهێنانی ئامێر هەیە و تۆمەتبار بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی و رزگارکردنی خۆی لە دەستی ئەو کەسانەی لە کاتی تاوانەکە دەیبینن چەك بەرکاردەهێنێت، لە ماوەی رابردوو بە تایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم لە تاوانەکان چەکی ئاگرینی زۆر بەرکارهاتووە، پەرچەکرداری تەقەکردن بە چەك کۆمەڵێك کاردانەوەی هەیە، لەوانە دەرچوونی گوللە و ئاگر و دوکەڵ و گاز و باڕووت و قەوان، کە هەریەکەیان لەمانە لە زانستی

بەڵگەی تاوان گرنگی خۆی هەیە و لایەنێکی تاوانەکە بۆ لێکۆڵەر ئاشکرا دەکات، بوونی شوێنەواریان دەریدەخات تۆمەتبار چ جۆرە چەکێکی بەرکارهێناوە و ئەو شوێنەوارانە هەندێکیان لەسەر دەستی تۆمەتبار بەهۆی گرتنی چەکەکەی بەدەست لە بوونی باڕووت و پارچە ئاسن، لەسەر لاشەی تاوانیش بوونی برین و باڕووت و دووکەڵ و شوێنی سووتاو دەرچوونی لێواری لولەی چەکەکە لەسەر لەشی تاوانلێکراو دەردەکەوێت. ئەم شوێنەوارانە لەسەر لەش و جلوبەرگی تاوانلێکراو بە دیار دەکەوێت، بۆ ئەوەی بزانرێت لە دووری یان نزیکی گوللەکەی بەرکەوتووە لە شێوەی برینەکە و بوونی باڕووت و شوێنەواری سووتان و غاز لە دەرووپشتی برینەکە لە کویێ چۆتە ژوورەوەو لە کوێ دەرچووە، ئەم شیکردنەوانەی برینەکە لە لایەن پزیشکی دادی دەکرێت کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە بۆ ئاشکرابوونی هەموو لایەنەکانی تاوانەکە، ئەوانی تر لە پشکنینی چەکەکە و بەشەکانی هەموو لە لایەن شارەزایانی بەڵگەی تاوان کە ئەو چەکە تەقەی پێدەکرێت و ئەو گوللەیەی لەناو لەشی تاوانلێکراو دۆزراوەتەوە یان قەوانەکانی لە شانۆی تاوان یان هەر شوێنەوارێکی تر چەکی ئاگرین هی ئەو چەکەیە دەستی بەسەردا گیراوە یان بە پێچەوانەوە، هەندێ لەو شوێنەواری چەکی ئاگرین لەسەر لاشەی تاوان و لە شانۆی تاوان بە چاو دەبینرێن و هەندێکی تریان بە ڕێگەی تایبەت، تاقیکردنەوە دەسەلمێندرێ و ڕاڤەدەکرێن بەهۆی مایکرۆسکۆبی گەورەکردن و تیشکی ژێر سوور و سەرووی وەنەوشەیی و وێنەگرتنی بە تیشکی سینی و تاقیکردنەوەی کیمیایی و شیکردنەوەی هەمەجۆری فیزیایی و تاقیگەیی هەمووی ئاسانکاری بۆ کاری لێکۆڵەر دەکەن، کە ئەوچەکە کێ بەرکاریهێناوە و چ جۆرەکە و تۆمەتبار لە چ گۆشەو دوورییەك تەقەی لە تاوانلێکراو کردووە و ئەم چەکە کەی بەرکارهاتووە و گوللەی لێدەرچووە. "٩"

پشکنینی شانۆی تاوان و هەڵگرتنەوەی چەك و بەشەکان و هەموو شوێنەوارەکانی بە ڕێگەی تایبەت دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو بەڵگانە لەناو نەچن

پێویستە لێكۆڵەر بە ڕێگەی زانستی پارێزگارییان لێبكات و وێنەیان لە چەند لایەكەوە بگیرێت، پاشان ئەو پارچانە بە ڕێكوپێكی هەڵدەگیرێتەوە بگرێتەوە و بیانخاتە ناو شێوە و قالب و زەرفی تایبەت، بە مەبەستی گواستنەوەیان بۆ تاقیگەكان، وا باشترە ئەو بەڵگانە راستەوخۆ ببردرێنە بەڵگەی تاوان یان راستەخۆ لە لایەن شارەزایانی بەڵگەی تاوان بە ڕێگەی تایبەت هەڵبگیرێنەوە و بیگوازنەوە تاقیگەكانیان بۆ پشكنین و راڤەكردنیان. لە هەمان كاتدا لاشەی تاوانلێكراو لە دەرخستنی رووی دەرەكی و شوێنی چوونە ژوور و هاتنە دەرەوەی گوللە و هەموو شوێنەوارەكانی سەری، لە لایەن پزیشكی دادی راپۆرتی پزیشكی لەسەری دەنووسرێت، بوونی زانیاری لە لایەن لێكۆڵەر لەسەر چەك و جۆرەكان و بەشەكانی لەگەڵ جۆرەكانی برین و زانیاری لەسەر لەشی مرۆڤ ، هۆكارێك دەبێت بۆ زیاتر روونكردنەوەی تەواوی لایەنەكانی تاوانەكە، لەبەر ئەوەی راپۆرتی پزیشكی دادوەری و بەڵگەی تاوان لە ناوەرۆكدا وەڵامی هەموو پرسیارەكانی لێكۆڵەرە كە لەم دوولایەنەی دەكات.

## بەندی یەكەم: ڕێكارەكانی لێكۆڵەر لە پشكنینی چەكی ئاگرینی

لە كاتی بوونی هەواڵێك لەسەر ڕوودانی تاوانێك تیایدا چەك بە كارهاتووە، بۆ نمونە لە رووداوەكە كوژراو هەیە، لەو كاتە لێكۆڵەر پێویستە كۆمەڵێك ڕێكار هەیە ئەنجامیبدات:

١- بە زووترین كات بچێتە شوینی تاوان.

٢- بردنی وێنەگری فۆتۆگراف و وێنەگرتنی شانۆی تاوان بە گشتیی و وێنەگرتنی چەك و بەشەكانی لەوێدەبینرێن

٣- ئاگاداركردنەوەی گرۆپی پشكنینی شوێنی تاوان شارەزایانی بەڵگەی تاوان بۆ ئامادەبوونیان لە شانۆی تاوان بە زووترین كات.

٤- هەڵگرتنەوەی هەموو بەڵگەکان لە ناویاندا ئەو چەك و فیشەك و بارووت و قەوانانەی ئەو شوێنەوارانەی بەهۆی چەکەوە دروستبووینە بە ڕێگەی زانستی پەیڕەوکراو.

٥- هەڵگرتنەوەی ئەو شوێنەوارانەی چەکی ئاگرین دروستی کردووە و لە شانۆی تاوان بەرچاو دەکەون لە دڵۆپە خوێن و شانەی مرۆڤ و پارچە گۆشت و هێسك و هەموو ئەوانەی لە ئاکامی بەرکارهێنانی چەك دەرکەوتوونە.

٦- دەرخستنی هەموو ئەو چەك و بەش و شوێنەوارانەی لە بەرکارهێنانی چەکەکە دروست بووە، لە کۆنووسێك و هەموو ئەمانەی بەرچاو دەکەون، دەنووسرێت لەگەڵ ئەوانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێ و ڕەوانەی تاقیگەکان دەکرێن.

٧- لە کاتی بوونی چەك لە شانۆی تاوان دوای وێنەگرتن و پشکنیی ئەو گوللانەی لەبەریەتی دەردەهێندرێت تاوەکو مەترسی چەکەکە نەهێڵدرێ.

٨- پێچان و هەڵگرتنی چەك و بەشەکانی لە ناو زەرف و قالبی تایبەت و گواستنەوەیان بۆ تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان. "١٠"

## بەندی دووەم: پێکهاتەکانی دەرچوونی چەکی ئاگرینی

### ١- گوللە:

بوونی گوللە لە شانۆی تاوان ئەوە دەگەیەنێت کە چەك لەم تاوانە بەرکارهێندراوە، گوللە یان لە ناو لەشی تاوانلێکراو دەدۆزرێتەوە یان لە شوێنێك، ئینجا دیار بێت و بەچاو ببینرێت یان لە ناو کەنتۆر و دیوار و مێز و هەر شوێنێکی تری شاراوە کە بەهۆی کونی گوللەکەوە دەتوانرێ بە دوایدا بچێت و بیدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی تۆمەتبار لەوانەیە ئەو کاتەی نەبێت کە هەموو شوێنەوارەکانی چەکەکە هەڵبگرێتەوە لە گوللە و قەوان، تەنانەت هەندێ جار چەکەکەشی لێبەجێدەمێنێ یان هەر بەو چەکە دەیکوژێت کە لەماڵەکە هەیە، هەندێ جار تۆمەتبار وا بیردەکاتەوە کە شوێنەوارەکان ئەوەندە گرنگی نەبێت لە

لێکۆڵینەوە و لەوەش پێچەوانەکەی راستە، ئەگەر بینرا شێوەی گوللەکە تێکچووە ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو گوللەیە بەر دیوار یان تەنێکی رەق کەوتووە، یان ئەوەتا لەناو لەشی تاوانلێکراو بەر رەقەیەك لە ئێسك کەتووە بووەتە هۆی تێکچوونی شێوەکەی، دوای ئەوەی هەموو ئەو شوێنەوارانە بە وردی پشکنینیان بۆ دەکرێت لە تاقیگە و بەڵگەی تاوان لەگەڵ چەك و گوللەکانی گومانلێکراو جیاوازی پێدەکرێت و، ئەگەر وەك یەك بن ئەوە دەگەیەنێ کە گومانلێکراو تاوانەکەی ئەنجامداوە، ئەگەر پێچەوانەکەی بسەلمێنێ کە چەکەکەی لێدزراوە و تۆمەتبارەکە تاوانەکەی پێکردووە و دوور و نزیك ئاگاداری و پەیوەندی بە تاوانەکەوە نییە.




(چەند جۆرێکی گوللە)

## ٢- قەوان:

لەکاتی دەرچوونی گوللە لە چەك لە تەنیشتی چەکەکە قەوانەکە وەك کاردانەوەیەك دەردەچێت و لە دووری چەند مەترێکەوە دەکەوێت، جۆر و شێوازی قەوان بەپێی چەکەکە دەگۆڕێ چەکەکە چەندەی گەورە بێت قەوانەکەشی گەورە دەبێت، بوونی قەوان لە شانۆی تاوان بۆ دۆزینەوەی تۆمەتبار گرنگی تایبەتی

**هەیە، لەبەر ئەوە لێکۆڵەر دەبێت پارێزگاری لەو قەوانانە بکات بە وێنەگرتن و هەڵگرتنەوە و رەوانەکردنی بۆ تاقیگەی بەڵگەی تاوان تا لەوێ جیاوازی پێدەکرێت، لەگەڵ قەوانی چەکی گومانلێکراو و فشاری دەرزی چەك و دەرچوونی لە چەك و بوونی فشاری بەشەکانی گەڕاوە و چوونە پێشی چەکەکە کاریگەریان لە سەر گۆڕینی شێوەی خانەکانی قەوانەکان هەیە، بەڵام ئەم گۆڕینە بۆ هەموو قەوانەکان وەکو یەك دەبێت تەنیا هەندێ جیاوازی زۆر بچووك نەبێت.**



**(جۆرێك لە قەوان)**

## ٣- باڕووت:

**دەرچوونی گوللە لە قەوان لە چەکەکە بەهۆی گڕگرتنی ئەو باڕووتەوە دەبێت کە لە ناو قەوانەکە هەیە، لە کاتی تەقەکردن شوێنەواری باڕووتەکە لەسەر خودی چەکەکە یان جلوبەرگ و پێستی تاوانلێکراو یان لەسەر دەست و جل و بەرگی تۆمەتبار بەدیدەکرێت، هەر چەکەی تێکەلاوی بارووتی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام هەموویان ئاگرینین و گڕ دەگرن شوێنەواری وردە باڕووت یان رەشکردن و سووتاندنی شوێنەکە ئینجا پێست بێت، یان جلوبەرگ بەجێدێڵێ و لەرێگەی هەڵگرتنەوەی باروت و شوێنەوارەکەی، پاشان جیاوازی پێکردنی لە تاقیگەی بەڵگەی تاوان لەگەڵ باڕووتی چەکی تۆمەتبار**

دەردەکەوێت کە ئەو بارووتە هەمان باڕووتە لەسەر لاشەی تاوان هەیە یان بەپێچەوانەوەشەوە.

لەبەر ئەوە هەڵگرتنەوەی بارووت و شوێنەوارەکەی لە لایەن شارەزایانی بەڵگەی تاوان لە شانۆی تاوان گرنکی هەیە و زۆر لایەنی شاراوەی تاوانەکە بۆ لێکۆڵەر ڕووندەکەنەوە. "١١"

## بەندی سێیەم: ڕێگەی زانستی بۆ پشکنینی شوێنەواری چەك

### ١-بینینی بەچاو:

لێرەدا شوێنەواری چەکی ئاگرین لە گوللە و قەوان و باڕووتەکە بەچاو دەبینرێت لە سەر جلوبەرگی تاوانلێکراو یان هەندێ جار شوێنەوارەکە لەسەر جلی تۆمەتباریش دەمینێت.

### ٢-بیینی بەهۆی هاوێنەی گەورەکردن

پشکێنەر بۆ زیاتر وردبوونەوە و دۆزینەوەی بەڵگەی تاوان لە شانۆی تاوان یان لەسەر لاشەی تاوان و شوێنی برینەکە، بە هاوێنەی گەورەکردن دەتوانێ شتە وردەکان دەبینێتەوە و بۆ کاری لێکۆڵەر سوودی زۆری دەبێت.

### ٣-بە کارهێنانی تیشکی ژێر سوور و سەرووی وەنەوشەیی

شارەزای بواری بەڵگەی تاوان بەهۆی ئەو تیشکانەوە شوێنەواری چەك لەسەر لەشی تاوانلێکراو و جلوبەرگەکەی دەتوانێ شوێنەواری رەساس و شوێنی چونە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی دەرچووی چەکەکە و دیاریکردنی چەندین شوێنەواری تر کە هاوکاری لێکۆڵەر دەبن بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکە گەیشتن بە راستییەکان.

### ٤-تاقیکردنەوەی کیمیایی

بە بەرکارهێنانی هەندێ ماددەی کیمیایی لەسەر چەکەکە یان جلوبەرگی تاوانلێکراو کۆمەڵێك شوێنەوار بەدیار دەکەون، لەوانە ماددەی پارافین کە هۆکاری دیاریکردنی ماددەی نترات و نیتریتە کە لە پێکهاتەی باڕووت هەنە، ئەو ماددە

پارافینە گەرمدەكرێت و دەتوێتەوە بە فڵچەی تایبەت بەناو لەپی ئەو كەسە دادەهێندرێت كە گومانی بەركارهێنانی چەكی لێدەكرێت و ئەگەر بەركاریهێنابێت و شوێنەواری باڕووت هەبێت دوای ساربوونەوە و رەقبوونی پارافینەكە لێدەكرێتەوە و ماددەكەی بەسەردا دەكرێت و ئەگەر باڕووت هەبێت رەنگی شین دەبێت.

### ٥-كرداری والكەر:

ئەو كردارەی بەركار دەهێندرێت بۆ دیاریركردنی بوونی باroot لەسەر جلوبەرگ و بەهۆی بوونی ماددەی نتراتی كە یەكێكە لە پێكهاتەكانی باroot، لەم كردارە كاغەزی وێنەگرتن دەهێندرێت و دەخرێتە نێو شلەی ترشی كبریت و وشكدەكرێتەوە، پاشان دەخرێتە نێو نەفتیل ئەمین و وشكدەكرێتەوە و دەخرێتە سەر ئەو جلەی مەبەستی پشكنینی لەسەرە و لە كاتی بوونی ماددەی نتراتی باڕووت رەنگی كاغەزەكە پرتەقاڵی هەڵدەگەرێت.

### ٦-وێنەگرتن بە تیشكی سینی

ئەو تیشكە بەكار دەهێندرێت بۆ دیاریكردنی گوللە و دەرهاویشتەكانی چەكی ئاگرینی لەنێو لەشی تاوانلێكراو بۆ ئەوەی لەلایەن پزیشكی دادوەری دەربهێندرێت و پاشان رەوانەكردنی بۆ بەڵگەی تاوان بە مەبەستی پشكنینیان.

## بەشی شەشەم: شوێنەواری تەقەمەنی ئاگرینی

هەندێ تاوان بەهۆی تەقەمەنی دەكرێت و بەهۆی بەهێزی تەقەمەنییەكە زەرەری گیانی و ماددی دەبێت، هەندێ لە تەقەمەنییەكان لە باڕووت و ماددەی كیمیایی و گڕگرتوو دروستدەكرێن كە سیفەتی زوو سووتان و زەرەرگەیاندن بە رووبەرێكی زۆریان هەیە لە ماوەیەكی زۆر كورتی وەكو چركەك لە ملیۆن چركە، بەهۆی فشاری هەوایی و گەرمی زۆری جۆرەها زەرەردەگەیەنێت و شوێنەواری جۆراو جۆر لە شانۆی تاوان بە جێدەهێڵێت ئەم زەرەر و شوێنەوارانە بە بڕی تەقەمەنییەكە و جۆرەكەی دەگۆڕێت.

## بەندی یەکەم: کاریگەری تەقەمەنییەکان لە شوێنەواری تاوان

بەهۆی بەهێزی تەقەمەنییەکان گرتنەوەی رووبەرێکی زۆری ئەو شوێنانەی کە تەقینەوەکە بەهۆی ئەو ماددانەی تێدایە دروست دەبێت، سێ هۆکاری سەرەکی لە تەقەمەنییەکان دەبێتە هۆکاری بە جێهێشتنی شوێنەوارێکی زۆر ناڕێك و تێکچوو لە شانۆی تاوان:

١- هێزی تەقەمەنییەکە.

٢- فشاری تەقەمەنییەکە.

٣- گەرمایی تەقەمەنییەکە.

ئەم سێ هۆکارە پێکڕا شوێنەواری شانۆی تاوان هەندێ جار بە جۆرێك تێك دەدەن کە هیچ شتێك نامێنی هەمووی دووچاری سووتان و تێکچوون دەبێتەوە، ئەوەش کاری لێکۆڵەر زەحمەت دەکات و هەندێ جار تەقینەوەکە قۆرتێکی گەورە دروست دەکات، لێکۆڵەر بەهۆی ئەو قۆرتەوە دەتوانێ بە هێزی و توندی تەقینەوەکە بە رێژەیی بخەملێنێت و شوێنی قۆرتەکە شوێنی بوونی تەقەمەنییەکەیە، کاتێ تەقیوەتەوە و هەمووی لە لایەن لێکۆڵەرەوە بە وردی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت و زۆر جار تەقینەوە تەقینەوەی تری لە دوای دێت یان بەهۆی بەشەکانی یان تەقینەوەکە یان بەهۆی دانانەوەی تەقەمەنی تر بۆ ئەوەی تەقینەوەی تر بکرێت، لەبەر ئەوە لێکۆڵەر بە ئاگادارییەوە پێویستە مامەڵە لەگەڵ ئەو شوێنانە بکات کە تەقینەوەیان تێدا ئەنجامدراوە، پێش ئەوەی لێکۆڵەر بچێتە شانۆی تاوان دەبێت شارەزایانی بواری تەقەمەنی شوێنەکە بشکنن، بەڵام دەستکاری شوێنەوارەکان نەکەن تەنیا لە کاتی پێویست نەبێت و شوێنەکە دەپشکنن تەقەمەنی دانراو نەماوە و هیچ زیانێك لە شوێنەکە نامێنێت، ئینجا لێکۆڵەر و گرووپی کار و شارەزایانی بواری بەڵگەی تاوان بچنە ناو شوێنەکە بۆ پشکنین و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان.

### بەندی دووەم: ڕێکارەکانی لێکۆڵەر لە پشکنینی تەقەمەنی

لەکاتی بوونی ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی تەقەمەنی دەکرێت کۆمەڵێك ڕێکاری تایبەت هەیە لێکۆڵەر دەیگرێتەبەر بۆ زانینی چۆنیەتی ڕوودانی تەقینەوەکە و جۆری تەقەمەنییەکە و ئەنجامدەران و زەرەمەندانی تەقینەوەکە:

١- خێرا چوون بۆ شوێنی تەقینەوەکە.

٢- پارێزگارێکردن لە شوێنەکە .

٣- وەرگرتنی هەموو ڕێکارەکانی خۆپارێزی پێش چوونە ناو شانۆی تاوان .

٤- ڕەوانەکردنی بەرکەوتووان و برینداەرکان بۆ نەخۆشخانە.

٥- دەستبەسەرداگرتنی هەموو هۆکاریکی گواستنەوە کە لە شانۆی تاوان بە دیدەکرێن، گرنگی بەو هۆکاری گواستنەوەیە دەدرێت کە گومانی تەقینەوەی لێدەکرێت .

٦- وێنەگرتنی شانۆی تاوان لە چەند گۆشە و شوێنێکەوە.

٧- بە وردی هەموو شوێنەوارەکان دەپشکێندرێن و گرنگیان پێدەدرێت .

٨- هەڵگرتنەوەی هەموو شوێنەوارەکان لەدار و شوشە و پلاستیك و ئاسن ماددەی تر کە گومانی لێدەکرێت بەرکار هاتبێت لە تەقینەوەکە .

٩- گواستنەوەی هەموو بەڵگەکان بۆ تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان بە مەبەستی پشکنینان و پێویستە لە ناو زەرفی تایبەت دابنرێن و لەسەر زەرفەکە هەموو زانیارییەك دەنووسرێت، ئەگەر مادەکان لێواری تیژیان هەبوو ئەوا پێویستە لەناو سندوقی تایبەت بگوازرێنەوە.

## بەشی حەوتەم: شوێنەواری ئاگرکەوتنەوە

لەسەردەمی ئەمڕۆ ئاگرکەوتنەوەی بە دەستی ئەنقەست زیادیکردووە لەسەر ئاستی جیهان بە شێوازی جیا ئەنجامدەدرێت، هۆکارەکانی جیاوازن و بەشێکیان بۆ وەرگرتنی پارە لە کۆمپانیاکانی دڵنیایی و هەندێکیان بۆ تۆڵەسەندنەوە و بەشێکی تریان بۆ شاردنەوەی شوێنەواری تاوان، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە

ئاگرکەوتنەوانە بە مەترسیدارترین کرداری تاوان هەژمار دەکرێت لە رووی زەرەرو زیان، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ئەستەمە و شوێنەوارەکان و بەڵگەکان بەهۆی ئاگرەوە دەسوتێن و لەناو دەچن، یان بەهۆی ئاو و ئەو ماددانەی بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە بەرکاریدەهێنن و چوونی پیاوانی ئاگرکوژێنەوەو کوژاندنەوەی ئاگرەکەو بە دەستکاریکردنی شوێنەکە بەڵگەکان لە شوێنی خۆیان نامێنن و بەشی هەرە زۆریان لە ناو دەچێت، ئەمەش کاری لێکۆڵەر زەحمەت دەکات بۆ پاراستن و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان، بەڵام لێکۆڵەر سەرەڕای ئەوە پێویستە کارەکانی خۆی بکات بە وودری هەوڵی دۆزینەوەی بەڵگەکان بدات، گرنگە هۆکاری ئاگرکەتنەوەکە بزانرێت بەدەستی ئەنقەستە یان ئاگرەکە خۆی بوویتەوە بەهۆی شۆرتێك یان بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، لەبەر ئەوەی لێکۆڵەر لە سەرەتای ئاگرکەتنەوەکە، ئەو ماددەی بۆتە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە زۆر شتی بۆ ئاشکرا دەکات، لە بوونی مادە سوتەمەنییەکان( نەوت و گاز و گازوایل و بەنزین) و پۆدرەی کبریت و فۆسفۆر و شقارتە و هۆکارەکانی تری ئاگرکەوتنەوە، یان هەر پارچە قوماش و کاغەز و مقەبایانەی تۆمەتبار مادە سوتەمەنییەکانیان پێدا دەکات، بەرکاریدەهێنێت بۆ تاوانی ئاگرکردنەوەکە، لێکۆڵەر هەوڵی ئەوە دەدات لە نێو ئەو خۆڵەمێش و سووتاوانە بەڵگەی ئەوەی دەست بکەوێت کە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە تاوان بووە و یان بۆ شاردنەوەی تاوانێکی تر و سووتاندنی هەموو بەڵگەکانی ئەو تاوانە بووە، ئەمەش لە لایەن تۆمەتبارەوە دەکرێت بۆ ئەوەی لێکۆڵەر بە لاڕێدا ببات و تاوانەکە لەسەر خۆی دووربخاتەوە و گومان لەسەری نەمێنێ بەهۆی سووتاندنی هەموو شوێنەوار و بەڵگەکان.

## بەندی یەکەم: رێکارەکانی لێکۆڵەر لە پشکنینی شوێنی ئاگرکەوتنەوە

بوونی شوێنەوار و بەڵگەکانی تاوان لە شوێنی تاوان کە بەهۆی ئاگرکەوتنەوە گومان دەکرێت تاوان بێت، کاری لێکۆڵەر زەحمەت دەبێت و پێویستی بە کۆمەڵێك رێکاری زانستی هەیە تاوەکو بەڵگەکان بدۆزرێنەوە لەم رێکارانە:

١-هەڵگرتنەوەی شوێنەواری ئەو مادانەی راستەوخۆی یارمەتی سووتان دەدەن لە شوشەیەکی تایبەت یان سندوقێك بە مەرجێك ئەو ماددانەی تێی دەکرێت بە هەوا نەڕۆن.

٢-وەرگرتنی هەندێ لە بەشی سەرەکی ئەو ماددانەی لە شوێنی ئاگرکەوتنەوەکە دەبینرێن لە جلوبەرگ و پەردە و دار و خۆڵەمێش و شوشە و ئەو ماددانەی سووتاون.

٣- هەڵگرتنەوەی بەشێکی ئەو شلەمەنیانەی لە شانۆی تاوان دەبینرێن.

٤-داخستن و هەڵگرتنی ئەو مادانەی وەکو بەڵگە دەستکەوتوون لە شوشە و ئامێر و هۆکاری ئاگرکردنەوە لە سندوقی تایبەت و نووسینی تەواوی زانیارییەکان لەسەر ئەو سندوقانە دەنووسریت، بە مەبەستی گواستنەوەیان بۆ تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان.

٥- خێرا گواستنەوەی ئەو بەڵگانە بۆ تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان.

٦- تۆمارکردنی هەموو بەڵگەکان و دەرخستنی شانۆی تاوان لە کۆنووسێك و لە لایەن ئامادەبووانەوە واژۆ دەکرێت.

٧-

## بەندی دووەم: کۆکردنەوەی خۆڵ و خۆڵەمێش لە شانۆی تاوان

بەهۆی ئەوەی خۆڵ و تۆز و خۆڵەمێش سیفەتی پێوەنووسان و گرتنیان لەسەر پێست و جلوبەرگی مرۆڤ هەیە، لەبەر ئەوە لێکۆڵەر لەرێی کۆکردنەوەی خۆڵ و خۆڵەمێشی ئەو شوێنەی سووتاوە، لە رووی لێکۆڵینەوە سوودی لێوەردەگرێت و لێکۆڵەر پێویستە لە رێی شارەزایانی بواری بەڵگەی تاوان لە شوشەی تایبەت هەڵیانبگرێتەوە و پشکنینیان بۆ بکرێت سوودی دەبێت بۆ:

١-زانینی ئەو شوێنەی تۆمەتبار لێوەی هاتووە.

٢-زانینی ئەو شوێنەی تۆمەتبار بۆ دەچێت.

٣-بە یەکتر بەستنەوەی تۆمەتبار بە تاوانەکە یان رووداوەکە. "١٢"

# بەشی هەشتەم: گرنگی پرچ لە لێکۆڵینەوە

پرچ یەکێکە لەو بەڵگانەی لەسەردەمی ئەمڕۆ بەهۆی پەیدابوونی ئامێری تەکنۆلۆژی لە تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان لە ئاشکراکردنی تۆمەتباران بەرکار دەهێندرێت و، بەرکارهێنانی ئەو بەڵگەیە ئاکامی باش بەدەستەوە دەدات بە تایبەت پرچ بە ئاسانی تێکناچێت بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە لە زانستی بەڵگەی تاوان سوودی لێوەردەگیرێت و بە هۆیەوە دەتوانرێت ناسنامەی تۆمەتباری پێ بدۆزرێتەوە، لەساڵی ١٩٥٠ بە دواوە لە جیهان تاڵە مووی پرچ وەکو بەڵگە لەبەردەم دادگاکان بەرکارهێنراوە، دەتوانرێ تاڵەمو و پشکنینی بۆ بکرێت لە رێگەی پشکنینی ریشاڵەکانی و بوونی رەنگی پرچ لەسەر ئەو تاڵەمووانە لە ژێر مایکرۆسکۆبی ئاسایی و ئەلیکترۆنی، کە بە تیشك کار بکەن دەتوانرێ ئەو ریشاڵانە و تاڵە مووانە شیکردنەوەی بۆ بکرێت لە شێوەی ریشاڵەکان و خانەکانی دەردەکەوێت سیفەتەکانی سەری چین و چۆن دابەشبوونە، پرچ لە دوو بەش پێك دێت مو و رەگی مووەکە بەو شێوەیەی باسمان کرد، وەکو بەڵگە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، سەبارەت بە رەگەکەی گرنگی تایبەتی بەخۆی هەیە لەبەر ئەوەی رەگی موو دەکرێ لە رێگەیەوە پشکنینی DNA بۆ بکرێت کە بەگرنگترین پشکنین دادەنرێت لە بواری بەڵگەی تاوان بێشك و گومان خوێندنەوە و زانیاری لە رێگەی ئەو پشکنینە هەموو گومانێك هەڵدەگرێت و دەتوانرێ تۆمەتباری پێبدۆزرێتەوە.

## بەندی یەکەم: ئەو شوێنانەی مووی لێیە لە شانۆی تاوان

١-لەشی تاوانلێکراو و تۆمەتبار: بەهۆی بە یەککەوتن و ئەنجامدانی تاوان لە لایەن تۆمەتبارەوە لە دژی تاوانلێکراو و لەوانەیە مووی تاوانلێکراو بکەوێتە سەر لەشی تۆمەتبار یان لە ژێر نینۆکەکانی تاوانلێکراو بدۆزرێتەوە.

٢-دەستی تاوانلێکراو: لەو تاوانانەی تاوانلێکراو بەرگری لە خۆی دەکات و لە کاتی خۆ دەربازکردن و بەرگری لە خۆکردن، تاڵە مووی تۆمەتبار دەکەوێتە نێو

دەستی تۆمەتبار و دەمێنێتەوە و تۆمەتباریش بەهۆی شلەژانی هەستی پێنکات و نازانیٚ ئەو بەڵگە چۆتە دەستی تاوانلێکراوەوە.

٣-جلوبەرگ و ناوجیٚ: ئەو تاوانانەی لە ناوجێی تۆمەتبار دەکریٚ، لە ئاکامی کردار و کاری تۆمەتبار لە شانۆی تاوان مووی بە جێدەمێنیٚ لەناو جلوبەرگی تاوانلێکراو یان هەر شوێنێکی شانۆی تاوان.

٤-لەسەر ئەو ئامێرانەی لەتاوانەکە بەرکار هاتوون: لە ئاکامی بەرکارهێنانی ئامێرێکی تایبەت و مامەڵەی تۆمەتبار بەو ئامێرانە لەوانەیە تاڵە مووی بکەوێتە سەر ئامێرەکە بۆ ماوەیەك بمێنێتەوە.

## بەندی دووەم: چۆنیەتی هەڵگرتنەوەی موو لە شانۆی تاوان

لە کاتی بوونی موو لە شانۆی تاوان یان لەسەر لاشەی تاوانلێکراو بە شێوەیەکی زانستی لە لایەن شارەزای بەڵگەی تاوان هەڵدەگیرێتەوە بەهۆی هەڵگرەوەی تایبەت و دەخرێتەو، ناو قوودیەك و هەڵدەگیریٚ، ئەو مووەی هەڵدەگیرێتەوە هەرچی پێوە بێت بەو شتەوە وەکو خۆی هەڵدەگیرێتەوە، واتا دەستکاری ناکرێت و خاوێن ناکرێتەوە، بۆ نمونە ئەو مووەی دەدۆزرێتەوە بە خوێنە وەکو خۆی بە خوێنەوە هەڵدەگیرێتەوە و رەوانەی بەڵگەی تاوان دەکرێت.


## بەشی نۆیەم: گرنگی ئارەقی مرۆڤ لە لێکۆڵینەوەدا

شیکردنەوە تاقیگەییەکان ئەوەیان روونکردۆتەوە لە رێگەی ئامێری هەستیار دەتوانن پێکهاتەکانی ئارەقەی مرۆڤ شیبکەنەوە و هەوڵیانداوە ئەو پێکهاتانە بە جۆرێك شیبکەنەوە، لە رێگەی بوونی ئارەقەی گومانلێکراو جیاوازی پێبکرێت، بە هۆیەوە دەناسرێتەوە کە ئەو ئارەقەیەی لە شانۆی تاوان دۆزراوەتەوە هی تۆمەتبارە یان هی یەکێکیترە.

دۆزینەوەی ئارەقی مرۆڤ لە شوێنی تاوان سوودی تری هەیە بەهۆی ئەو بۆنەی لە ئارەقەکەوە دەردەچێت لە رێگەی سەگی پۆلیسی ئارەقە بۆن دەکات و بە دوای تۆمەتبار دەکەوێت تا دەیدۆزێتەوە گەر تۆمەتبار لەو چوارچێوە و بازنەیە مابوو کە بۆنەکەی تێدایە.

## بەشی دەیەم: ناوکە ترشی DNA

مرۆڤ جگە لە خۆی لە رووی سیفەتە بۆماوەییەکانی سەر کرۆمۆسۆمەکانەوە لە هیچ کەسێك ناچێت و مرۆڤەکان لەم رووەوە لە یەکتر جیاوازن، هەر کەسەی هەڵگری سیفەتە بۆماوەییەکانی تایبەت بەخۆیەتی کە لە هیچ کەسێك ناچێت و بە هۆیەوە دەناسرێتەوە، لە دونیای ئەمڕۆشدا زانستی بۆماوەیی یەکێکە لە زانستە هەرە گرنگەکان کە خزمەتی مرۆڤایەتی پێدەکرێت، دۆزینەوەی خوێندنەوەی سیفەتەکانی مرۆڤەکان لە رێگەی ناوکە ترشی DNA لەسەر کرۆمۆسۆمەکان کە لەناو هەموو خانەکانی مرۆڤ هەیە، زۆر سوودی زانستی بەڵگەی تاوان گەیاندووە و هاوکاری کردووە بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی تۆمەتباران. سوود وەرگرتنی دەزگاکانی نەهێشتنی تاوان لەم زانستە بە کودەتایەکی گەورە لەسەر تۆمەتباران هەژمار دەکرێت، بەهۆی ئەوەی دەرچوون و رزگاربوونی تۆمەتبار لە دەست یاسا بەهۆی پشکنینیDNA زۆر ئەستەم دەبێت و لە رێی هەڵگرتنەوەی هەر شوێنەوارێکی بە جێماوی تۆمەتبار لە رووی خانەیی و شانەیی لە شانۆی تاوان و مەحالە دەربچێت و ناسنامەی تۆمەتبار بەرێژەی ١٠٠٪ لە رێگەی پشکنینی ترشی نەوەوی DNA ئاشکرا دەکرێت.




(ناوکە ترشی DNAی مرۆڤ )

پێشکەوتنی زانست ئەوەی دەرخستووە کەسەکان پێك ناچن لە هەندێ شوێنی دیاریکراو لەسەر ترشی نەوەوی و ئەو ترشە لەناو هەموو خانەکانی مرۆڤ هەیە، لەسەر ئەو ترشە گرێی بۆماوەیی هەیە کە هەڵگری هەموو سیفەتەکانی ئەو کەسەیە و ئەو ترشە دەتوانرێ دەربهێندرێت و پشکنینی لەسەر بکرێت، لە خوێن و لیك و سپێرم و نینۆك و رەگی پرچ و ئێسك و میز و هەموو شانەکانی لەشی مرۆڤ، واتا لە هەموو شوێنێکی لاشەی مرۆڤ هەیە و لە هەریەك لەم بەشانە دەتوانرێ وەربگیرێت.

## بەندی یەکەم: گرنگی DNA بۆ بەڵگەی تاوان

ناوکە ترشی DNA بۆ زانست بە گشتی و زانستی پزیشکی دادوەری گرنگی خۆی هەیە و لە رێگەی ئەو ترشەوە سیفەتە بۆماوەییەکانی مرۆڤەکان بە دروستی دەزانن، توانیویانە لە رێگەی ئەو زانستەوە مرۆڤەکان شیبکەنەوە و تەنانەت هەندێ دەوڵەت و کۆمپانیا لە رێگەی ئەو زانستەوە مرۆڤ و گیانلەبەری وەکو مەڕیان کۆپیکردووە، لە رێی ئەو زانستەوە خانەی تریان گەشە پێکردووە،

ئەوەش دەنگۆیەکی گەورەی لەسەر ئاستی دونیا دروست کرد، لە نێوان ئەوانەی رەتیان کردەوە و ئەوانەی بە پێشکەوتنیان زانی دروست کرد، ئەمەش ئەو بیرەی لای لێکۆڵەرەوانی بواری تاوان دروست کرد بە بەیەك بەستنەوەی ئەو زانستە بە زانستی بەڵگەی تاوان و لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییەیان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی سوودی وەرگرت بۆ رێگرتن و کەمکردنەوەوی تاوان لە رێگەی دەستگیرکرنیان بەهۆی پشکنینی ترشی نەوەوی، لەبەر ئەوە زانستی بەڵگەی تاوان توانیویەتی زۆر لە تۆمەتباران ئاشکرا بکات کە تاوانەکانیان زۆر بە وردی و لێزانیەوەیە ئەنجامداوە، دەتوانرێ نمونەی خوێن یان لیك یان هەر شانەیەکی تۆمەتبار لە شانۆی تاوان هەڵبگیرێتەوە پشکنینیDNA بۆ بکرێت بەم شێوەیە بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە لە رێگەی هەڵگرتنەوەی ئەو ترشە لە شانۆی تاوان و جیاوازی پێکردنی لەگەڵ هی تۆمەتباران.

## بەندی دووەم: رێکارەکانی هەڵگرتنەوەی ناوکە ترشی DNA لە شانۆی تاوان

ناوکە ترشی DNA پێك دێت لە دوو شریتی لێك ئاڵاو بە شێوەی پەیژەیەکی لوول پێچ، ئەم پێکهاتەیە لەناو هەموو خانەیەکی مرۆڤ دا بەدی دەکرێت وە هەموو زانیاریەك دەربارەی ئەو کەسە لە DNA کۆبۆتەوە لە هەموو خانەیەکی لەشی مرۆڤ بەدیدەکرێت و لە شانۆی تاوان لێکۆڵەر زۆر بە هەستیاری چۆن بەدوای بەڵگەکانی تردا دەگەڕێت بەهەمان شێوە دەبێ لە هەموو شوێنەوارێکی شانە و هەر شلەیەکی بە جێما و لە شوێنی تاوان دەگەڕێت، بە شێوەی تایبەت هەڵیاندەگرێتەوەو رەوانەی تاقیگەی بەڵگەی تاوانیان دەکات، ئینجا ئەو شوێنەوارانە شانە بن، خوێن و سپێرم و نینۆك و لیك و پرچ بێت راستەوخۆ لە لایەن شارەزای ئەو بوارە هەڵدەگیرێتەوە

هەموو ئەوانەی باسمان کرد ترشی ناوکیان تێدایە و دەتوانرێ پشکنینی DNA یان لەسەر بکرێت و کاتێ ئەو بەڵگانە هەڵدەگیرێتەوە بۆ جیاوازی پێکردنی لەگەڵ DNAی تۆمەتبار، واباشە بەهۆی سترییی تایبەتەوە بەناو پۆشی دەمی تۆمەتبار

بسوڕێندرێ و تەواو بەلیکە کە تەڕ دەبێت، ئینجا لێیدەگەڕێین تا وشك دەبێتەوە و دەخرێتە ناو زەرفی نایلۆن و زانیارییە پێویستییەکانی لەسەر دەنووسرێت و رەوانەی تاقیگە دەکرێت، پرسیارێك خۆی قووتدەکاتەوە ئایا خوێنیش ئەم ترشە یان بەشەکانی تری لەشی مرۆۋ تێیدا نییە؟ لە وەڵامدا وەك باسمان کرد هەموو خانەیەکی مرۆۋ ئەو ترشەی تێدایە بەڵام کە لیك بە باشی هەژمار دەکرێت لەبەر ئەوەی زوو وشکدەبێتەوە و بە ئاسانی دەگوازرێتەوە بۆ نمونە خوێن لە ناو نایلۆن تێکدەچێت و هەروەها گەر لە شوێنێکەوە کە دوور بێت بگوازرێتەوە لەوانەیە شی ببێتەوە و پێکهاتەکانی تێك بچێت، بەڵام ئەو ترشە لە هەموو شوێنێکی مرۆۋ هەیە و لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان هەرچی شلە و شانەی لەشی تۆمەتبارەکەی دەست دەکەوت دەتوانێ سوودی لێوەربگرێت بەرکاریبهێنێت لە پشکنینی DNA.

## بەشی یانزەهەم: دیاریکردنی ناسنامە

زانستی بەڵگەی تاوان تەنیا بە نچەمۆر نەوەستاوە تا بەهۆیەوە ناسنامەی تۆمەتبار دیارییبکات، بەڵکو ئەو زانستە ئێستا رێگەی جۆراوجۆر و زۆربەی ئەندامانی لەشی مرۆۋ دەتوانێ بەرکاربهێنێت بۆ ئاشکراکردنی تۆمەتبار، ناولەپ و گوێچکە و دەنگ و چاو و شیکردنەوەی شێوەی دەم و چاو هەمووی بەرکاردەهێنرێت، ئەوەش بەهۆی ئەو بازدانی زانستەکان و لە پاڵیاندا زانستی لێکۆڵینەوە لە تاوانە، بۆ قۆناغێکی تر و تۆمەتباران بەهۆی لێزانی و شارەزاییان گەر ئەو هەموو شێوازە بەرکار نەهێنرێت ئەوا ئاشکراکردنیان ئەستەمە.

هۆکاری پاراستنی سامانی مرۆۋ تەنیا قفل و کلیل بووە، بەڵام لەو سەردەمە بەهۆی پێشکەوتنی زانست توانراوە بەهۆی کۆد و کارتی تایبەت نەبێت، قاسە و دەرگای کەنتۆر و دەرگاکانی هۆڵی کۆبوونەوە و میوانخانەکان تەنیا بە کۆدی تایبەت دەبنەوە و کارتی زیرەکی بانکەکان و ژمارەی نهێنیەکان، بەڵام ئێستا لەو سەردەمە بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە بواری تەکنەلۆژیایەوە لە لایەن

**تۆمەتبارانەوە بەهۆی ئامێری تایبەت زۆر بە ئاسانی کۆد و ژمارە نهێنییەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی کۆمپیوتەرەوە ئاشکرا دەکرێن. لەگەڵ ئەوەش زانایانی بواری تەکنۆلۆژیا و کۆمپانیا زەبەلاحەکان هەوڵدەدەن ڕێگەی نویٚ دابهێنن بۆ دەستەو وەستانکردنی تۆمەتباران تا سنورێك بۆ تاوانەکانیان دابنرێت، تەنانەت لە هەندیٚ شوێنی تایبەت و لە بانکەکان و فرۆکەخانەکان لە ڕێگەی ناسنامەی تایبەتەوە بەهۆی پێوەرکردنی شێوەی وێنەی کەسەکە لە هەموو روێکەوە، لەگەڵ ئەوانەی پێی دەچن و ئەو کەسانەی ئەو ناسنامەیە هەڵدەگرن بەهۆی ئەو داتایانەی پێشوەخت تۆماریانکردووە دەبێتە هۆی ناسینەوەی کەسەکان، تەنانەت ئێستا لە ڕێگەی چاوە مۆر گوێیە مۆر لە فرۆکەخانەکان راستی و دروستی ناسنامە و هەڵگرەکەی بە ئاسانی دیاریدەکەن و هەندیٚ جاریش بۆ کردنەوەی دەرگا و شوێنی تایبەت جگە لە کۆد چاوە مۆر و دەنگەمۆر بەرکاردەهێنرێن، کەسەکە چاوەکانی دەخاتە سەر ئامێرەکە و دەزانیٚ کێیە یان لە ڕێگەی دەنگەوە کەسەکە بەهۆی دەرچوونی دەنگی و بەرکەوتنی بە ئامێرەکە ناسنامەی ئەو کەسە دیاریدەکات ئەوەش بەوە دەبێت پێشتر ئەو چاو و دەنگەمۆرانە خرابیتە نێو ئامێرەکە، لە هەندیٚ وڵاتان رادەی تاوان و زیرەکی تۆمەتباران گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەوڵی دزینی ئەو پەنجەمۆرو دەنگەمۆر و چاوەمۆر بدەن تا تاوانەکانیان ئەنجامبدەن. دەنگی مرۆڤ دەتوانریٚ لە ڕێگەی بەرنامەی کۆمپیوتەری لاسایی بکرێتەوە، بەڵام چاوەمۆر هەروەکو پەنجەمۆر گرنگی هەیە و هێڵەکانی ناو نیگا و بیلبیلەی چاوی مرۆڤ بە یەکتر ناچن، تەنانەت هێڵەکانی ناو چاوی راست وەکو هی چەپ نییە، لە توێژینەوەیەکی زانستی دەڵیٚ چاو ٢٦٦ تایبەتمەندی لێدۆزراوەتەوە، ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی کەسەکان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی چاوەوە.**

**ئێستا لە هەندیٚ وڵاتی پێشکەوتوو نیشانەکانی زیندەگی مرۆڤ بەهۆی ئامێری تایبەت دیاریدەکرێت، لە بەندیخانەکانی ئەمریکا ئامێریان هەیە بەندییەکان لەوانی تر جیابکاتەوە لە هەندیٚ وڵاتی پێشکەوتوو ئامێری پێشکەوتوویان هەیە**

لە هەر کوێیەکی ئەو وڵاتە تاوانێك بکات لە کۆمپیوتەر تۆمار دەکرێت و لەماوەی تەنیا چەند چرکەیەك دەچێتە هەموو بنکەیەکی پۆلیس و نووسینگەیەکی نەهێشتنی تاوان، لە شەقام پیاوانی پۆلیس و ئاسایش ئامێریان لایە راستەوخۆ هەموو زانیاری لەسەر هەر کەسێك داوا بکەن راستەوخۆ و بێ دواکەوتن پێیان دەدرێت. "١٣".

## بەشی دوانزەهەم: شوێنەواری ددان

مەبەست لە ددانی ئاسایی مرۆڤ و ددانی دروستکراو لە شێوەی تاخم و بەشەکان و گەزە کە دەبێتە دروست بوونی شوێنەوارێك لە سەر ئەو شوێنەی گازەکەی پێدەگیرێت، ددان هۆکارێکی نا راستەوخۆیە بۆ ناسینەوەی خاوەنەکەی بەهۆی گازگرتنی تاوانلێکراو لە لایەن تۆمەتبار و بە هۆیەوە تاوانلێکراو بریندار دەبێت یان گیان لە دەست دەدات، دۆزینەوەی ددان و پارچە و بەشەکانی لە هەر شوێنێکی تاوان بە هۆکارێکی رەق شکاوە و بەربۆتەوە شانۆی تاوان یان لە کاتی بەرگری تاوانلێکراو لەخۆی لەو کێشمەیەی نێوان تاوانلێکراو و تۆمەتبار ددانێك یان پارچەیەکی بەربۆتەوە. لەکاتی هەڵگرتنەوە و وێنەگرتن و گەورەکردنی و جیاوازی لەگەڵ ددانی گومانلێکراوان دەکرێت و بەهۆیەوە تۆمەتبار دەناسرێتەوە.

### بەندی یەکەم: شوێنەواری ددان

١-لەشی تاوانلێکراو، لەوانەیە تۆمەتبار بەهۆی گازگرتنی تاوانلێکراوی بریندار کردبێت، یان کوشتبێت،لەوانەیە شوێنەوار و پارچەی لەسەر جلو بەرگی و هەر شوێنێکی شانۆی تاوان.

٢-لەسەر پاشماوەی هەندێ خواردن و میوەجات بەجێبمێنێت.

٣-لەو شوێنانەی تەقینەوەی تێدا دەبێت و لە ئاکامی پارچەبوون لەوانەیە ددان بمینێت لە شانۆی تاوان بدۆزرێتەوە.

### بەندی دووەم: چۆنیەتی هەڵگرتنەوەی شوێنەواری ددان

شوێنەواری ددان بەهۆی وێنەگرتن وەردەگیرێ، یان ئەگەر شوێنەوارەکە کونی دروستکردبوو ئەوا بەشێوەی قالب دەردەهێندرێ و لەگەڵ شێوەی قالبی گومانلێکراو جیاوازی پێدەکرێت و بەهۆیەوە تۆمەتبار دەکرێ بناسرێتەوە و شوێنەواری ددان بەهۆیەوە دەکرێ لە تاوانی کوشتن و لاقەکردن تۆمەتباری پێدەناسرێتەوە، یان لە تاوانی بزر و تێیدا تاوانلێکراو نەناسراوە دەتوانرێ دوای جیاوازی پێکردن، بزانرێ هی کێیە خاوەنەکەی بدۆزرێتەوە.

## بەشی سێنزەهەم: شوێنەواری گوێیەمۆر

گوێیەمۆر لە دوای پەنجەمۆر دێت لە رووی گرنگی، لە زانستی بەڵگەی تاوان گرنگی زۆری پێدەدرێت و شوێنەواری هێڵەکانی سەر گوێی مرۆڤەکان جیاوازن و تەنانەت شوێنەواری گوێی راست بەهی چەپ ناچێت و هی مرۆڤەکان بە گشتیی لە رووی شێوە و قەبارەوە جیاوازی هەیە.

### بەندی یەکەم: ئەو شوێنانەی گوێیەمۆری لێیە

١-هەندێ جار تۆمەتبار بۆ ئەوەی بزانێ خاوەن ماڵ لە ماڵەوەیە گوییێ خۆی بە دەرگای سەرەکی یان هی ژوورەوە دەنێ و لەم بارە گوێیەمۆری تۆمەتبار دەکەوێتە سەر دەرگاکە.

٢-بۆ کردنەوەی قاسەکان بەهۆی بوونی کۆد و ژمارەی نهێنی بۆ ئەوەی تۆمەتبار گوێی لە لاچوونی راستەکانی نێو دەرگای قاسەکە بێت گوییێ خۆی پێوە دەنێت و شوێنەواری گوێیە مۆرەکان دەکەونە سەر قاسەکە.

٣-هەندێ جار تۆمەتبار بۆ هاتنە ناو شوێنەکە رێگای تەسك دەگرێتە بەر، لەو کاتەی شوێنەکە لووس و ساف بێت گوێی بەریان دەکەوێت و شوێنەواری گوێیە مۆرەکە بەجێدەمێنێت.

**٤–لە كاتی بەربوونەوەی تۆمەتبار بەهۆی شڵەژان و ترس و تاریكی شوێنەكە بەر دەبێتەوە و گوێی بەر شوێنی لوس دەكەوێت و شوێنەواری گوێیە مۆر بەجێدەمینێت.**

**٥–هەندێ جار تۆمەتبار بەهۆی ماندوو بوون و شەكەتی و دڵنیابوونی لە شوێنەكە هەندێ پاڵدەداتەوە و پشت و سەری بەشتەكانی شانۆی تاوان لەوانە مێز یان فێنككەرەوە، لە ئاكامدا شوێنەواری گوێیەمۆری لە سەر شوێنەكە بەجێدەمێنێ.**

## بەندی دووەم: چۆنیەتی هەڵگرتنەوەی گوێیەمۆر

**هەر وەك چۆن پەنجەمۆر هەڵدەگیرێتەوە، بەهەمان شێوەش گوێیە مۆر هەڵدەگیرێتەوە و جیاوازی لەگەڵ گوێیە مۆری تۆمەتبار پێدەكرێت بە هۆیەوە دەزانرێ تۆمەتبار كێیە.**

**بۆ نمونە: ساڵی ١٩٨٥ تاوانێكی سەر سوڕهێنەر لە وڵاتی یابان روویدا و بووە هۆی سەرنجی جیهان، دوو ئافرەت یانەیەكی شەوانەیان هەبوو هەردووكیان بەڕێوەیان دەبرد و لە ئاكامی كاركردنیان نەگەیشتنە یەكتری و شەوێكیان یەكێكیان هاوبەشەكەی دەخنێكنێ و دەیباتەوە شوێنی حەوانەوەی، دوای لێپرسینەوە تۆمەتبار نكۆڵی دەكات و دەڵێ تاوانلێكراو ئەو شەوەی كوژراوە لەگەڵ من نەبووە، دوای پشكنین هەندێ گوێیە مۆریان دۆزیەوە لەسەر زەوی و یەكێك لە لێكۆڵەرەكان تاوانەكەی وەكو خۆی شیكردەوە، نەریتی یابانییەكانە هەندێ جار لە سەر زەوی یان شتی رەق دەنوون لەوكاتەی تاوانلێكراو خەوتووە، تۆمەتبار بەسەریدا درێژبووە بۆ ئەوەی بیخنكێنێ و لە ئاكامدا چەند جارێك گوێی بەر تەبەقی رەقی زەوییەكە كەوتووە و شوێنەواری گوێیەمۆری لەسەر زەوییەكە بە جێماوە. دوای هەڵگرتنەوەو جیاوازیپێكردنی لەگەڵ گوێیەمۆری هاوبەشەكەی دەركەوت هی ئەوەو تۆمەتبار دانی بە تاوانەكەی ناو بە سزای خۆی گەیشت.**

# بەشی چواردەهەم: شوێنەواری نینۆك

هەندێ جار لەو تاوانانەی تاوانلێکراوی تێدایە، بەهۆی بەرگری تاوانلێکراو لە خۆی، هەوڵدانی بۆ دەربازبوونی لەدەستی تۆمەتبار رنۆك دەهاوێت ئەوەش دەبێتە هۆی داڕوشان و برین لەسەر لەشی تۆمەتبار، یان هەندێ جار خودی تۆمەتبار بەهۆی لێدان و بە لادا بردنی تۆمەتبار نینۆکی بەر شانەی تاوانلێکراو دەکەوێت و بەشێك لە شاناکە دەکەوێتە ژێر نینۆکی تۆمەتبار یان لە کاتی تاوانەکانی خنکاندن و لاقەکردن نینۆکەکانی تۆمەتبار بەر لاشەی تاوانلێکراو دەکەوێت و شانەکانی دەکەونە ژێرەوەی نینۆکەکە.

## بەندی یەکەم: گرنگی هەڵگرتنەوەی نینۆك

لە شانۆی تاوان هەندێ جار بەهۆی بەرکەوتنی بە شوێنی رەق نینۆکی تۆمەتبار دەدۆزرێتەوە، یان لە ئاکامی بەرگری تاوانلێکراو نینۆکی تۆمەتبار بەر لەشی تاوانلێکراو دەکەوێت و دەشکێت و دەدۆزرێتەوە و رێگەکانی هەڵگرتنەوەی نینۆك لە شانۆی تاوان تا پشکنینی بۆ بکرێت چی لەسەرە و هی کێیە:

١-لێکردنەوەی نینۆکی تاوانلێکراو تۆمەتبار پاشان پشکنینی نینۆکەکان چی شانە و گۆشتی لە ژێرەو پاشان جیاوازی پێکردنیان بۆ ناسینەوەیان.

٢-نینۆکە چی لە بنە لە گۆشت و شانە یان چی لەسەرە لە خوێن و شلەی تر لەسەری هەڵدەگیرێتەوە و پاشان جیاوازی پێدەکرێت.

٣-نینۆکەکان دوای لێکردنەوەی لەناو زەرفی کاغەز هەڵدەگیرێ و زانیاری تەواو لەسەر زەرفەکە دەنووسرێت و ئینجا رەوانەی تاقیگە دەکرێن بۆ پشکنینیان.

# بەشی پانزەهەم: شوێنەواری سپێرم

سپێرم شلەیەکی سپی روو لە زەردییە و لە ئەندامی نێرینەی پیاو دەردەچێت و زیندووە و لە هەندێ تاوان بە تایبەت لە تاوانی ناپاکی هاوسەرییەتی و لاقەکردن بەسەر جلوبەرگی تاوانلێکراو تەنانەت هەندێ جار تۆمەتباریش بە دیار دەکەوێت، یان لەو شوێنەی تاوانلێکراو لاقەکراوە بە تایبەت ژووری نووستن و

سەر جێی نوستن بە شێوەی دڵۆپ و ماك بە سەر شوێن و جلەوە دەبێت، لە ڕێگەی هەڵگرتنەوەی دەتوانریٚ پشکنینی بۆ بکرێت لەگەڵ هی گومانلێکراو جیاوازی پێبکرێت و بە هۆیەوە تۆمەتبار دەناسرێتەوە، ئەو شلەیە بە چاویش لەسەر جلوبەرگ و فەرش و سەر جیٚ و دۆشەك و بەتانی دەبینرێت و دەناسرێتەوە، هەندیٚ جار ئافرەتەکە ڕەوانەی پشکنین دەکرێت و پزیشکی دادوەری لە ڕاپۆرتەکەی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لە نێو یان دەوروپشتی ئەندامی زاوزێی ئافرەتەکە سپێرم هەیە و سپێرمەکە هەڵدەگیرێتەوە، لەهەندیٚ تاوانیش تۆمەتبار کە دەبینیٚ تاوانلێکراو ئافرەتە لاقەی دەکات و شوێنەواری سپێرمی لە شانۆی تاوان یان لەسەر تاوانلێکراو بەجێدەمێنیٚ و پشکنینی بۆ دەکرێت و سپێرمەکە هەڵدەگیرێتەوە، لەڕووی پشکنینەوە دەتوانریٚ لە ڕێگەی سپێرمەوە جگە لە پشکنینەکانی تر پشکنینی ناوکە ترشی DNA بۆ بکرێت، کە پشکنینێکی گرنگە و بە هۆیەوە دەتوانریٚ تۆمەتبار بدۆزرێتەوە.

## بەشی شازدەهەم: شوێنەواری خوێن و شلەکانی تری مرۆڤ

ئەو تاوانانەی توند و تیژی لەگەڵدایە و ئامێر و چەکی تێدا بەرکار دەهێندرێت و خوێنیش لە شانۆی تاوان بەدیدەکرێت، هەندیٚ تاوان هەیە شوێنەواری خوێن و شلەکانی تری مرۆڤ لە لیك و شلەکانی تری بەسەر لەشی تاوانلێکراو یان جلوبەرگی و شوێنەکانی تری شانۆی تاوان لە وانە دیوار و زەوی لە سەر فەرش و کۆمبار و کەنتۆر و دەرگاو پەنجەرەکانەوە هەیە، یان لە ناو حەوز و گەرماو و لەسەر چەك و ئامێری بەرکار هاتوو لە تاوانەکە بەجێدەمێنێت لە شێوەی دڵۆپ یان لێخشان و شوێنەوارەکەی دیار دەبێت بۆ نمونە تاوانلێکراو دەگوازرێتەوە شوێنێکی تر لە کاتی گواستنەوەی شوێنەواری خوێنی بە ژێریدا دیار دەبێت، بوونی خوێن لە شانۆی تاوان ئەوە دەگەیەنێت ئەو خوێنە یان هی تاوانلێکراوە یان هی تۆمەتبارە، لەو کاتەی تۆمەتبار تاوانلێکراو بە ئامێر یان چەك دەکوژێت خوێن لەو شوێنە بەجیدەمێنیٚ قەبارەی خوێنەکە ئەوە دەردەخات ئەگەر خوێنەکە

هی تاوانلێکراو بێت کە خوێنی زۆری لێ ڕۆیشتووە دووچاری خوێنبەربوون بووە، هەندێ جار لە ئاکامی بەرگری تاوانلێکراو لە گیانی خۆی ئامێرێك بەرکار دەهێنێت و بەر تۆمەتبار دەکەوێت و لە ئاکامدا تۆمەتبار بریندار دەبێت و خوێنی لە شوێنی تاوان بەجێدەمێنێ، بوونی ئەو خوێنە گرنگی خۆی هەیە دوای پشکنین و هەڵگرتنەوەی لەگەڵ هی گومانلێکراوان جیاوازی پێدەکرێت و تۆمەتباری پێ ئاشکرا دەکرێت.

## بەندی یەکەم: ڕێگەکانی هەڵگرتنەوەی خوێن

**١-خوێنی شل:**

لە هەندێ تاوان دوای ئەوەی بە زووترین کات لێکۆڵەر و شارەزایانی بەڵگەی تاوان دەگەنە شوێنەکە تاوانەکە زۆری بەسەردا نەڕۆیشتووەو خوێن یان شلەی تر هێشتا وشك نەبوونەتەوە و بە شلی ماونەتەوە، لەم بارە بەهۆی سرنجەوە رادەکێشرێ و دەخرێتە نێو تیوبی تایبەتەوە یان لەسەر کاغەزی پالأوتن دادەکرێ تا وشك دەبێتەوە، ئینجا دەگوازرێتەوە تاقیگە و پشکنینی لەسەر دەکرێت.

**٢-خوێنی مەیوو**

ئەم جۆرە خوێن شلانەی لەش لە دۆخی شلی تێپەڕیون بە ماوەیەکی کەم مەیوون، بەڵام وشك نەبوونەتەوە، بەهۆی پەمۆ یان شاشێکی پاك هەڵدەگیرێتەوە، دەخرێتە سەر شوێنێك تا وشك دەبێتەوە، ئینجا هەڵدەگیرێ و دەگوازرێتەوە تاقیگە.

**٣-خوێنی وشك بوو**

ئەو ماکانەی بەهۆی ئەو خوێنەوە دروستبووە، ئەگەر گەورە بوو ئەوا بە ئامێری تیژی پاکی تایبەت بە هەڵکەندنی هەڵدەگیرێتەوە، ئەگەر بچوك بێت ئەوا بەهۆی شاشی تەڕ هەڵدەگیرێتەوە، ئەگەر لەسەر ئامێر و کەلوپەل بوو دەتوانرا بگوازرێتەوە بە ئامێر و کەلوپەلەکەوە دەگوازرێتەوە، تاقیگە بە مەبەستی پشکنین.

## بەندی دووەم: گرنگی خوێن و شلەکان لە زانستی بەڵگەی تاوان

١-ناسینەوەی ناسنامەی تۆمەتبار: بەهۆی پشکنینی خوێنەکە و جیاوازی پێکردنی لەگەڵ هی تۆمەتبار.

٢-چەسپاندنی رەچەڵەك و بابایەتی: لەو بارانەی منداڵ دەبێت لە ئاکامی تاوانێك بۆ نمونە تاوانی لاقەکردن یان ناپاکی هاوسەرییەتی لە رێگەی پشکنینی خوێن بە دیار دەکەوێت ئەو منداڵە کێ باوکییەتی.

٣-دیاریکردنی جوڵەی تۆمەتبار لە شوێنی تاوان ئەگەر تۆمەتبار بریندار بووبێت و خوێنی لێڕۆیشتبێت.

٤-دیاریکردنی شوێنی تاوانلێکراو لە شانۆی تاوان و گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر بەهۆی ئەو خوێنەی لێی رۆیشتووە.

٥-لە رێگەی پشکننینی خوێنەوە دەزانرێ تۆمەتبار لەژێر کاریگەری مادەی هۆشبەر بووە یان بە پێچەوانە.

٦-لەو تاوانە هاتۆچۆییانەی روودەدەن بەهۆی پشکنینی خوێنەوە دەزانرێ تۆمەتبار چەند مادەی هۆشبەری وەرگرتووە بەهۆی دیاریکردنی رێژەکە لە خوێنی تۆمەتبار.

٧-بەهۆی خوێنەوە بە شێوەیەکی نزیکەیی دەتوانرێ کاتی ئەنجامدانی تاوان دیاریبکەین، لەبەر ئەوەی خوێن و شلەکانی لەش چەندەی کاتی بەسەر بچێت دەمەی و پاشان وشك دەبێتەوە. "١٤" .

---

"١" المحقق القضائي التحقيق في مسرح الجريمة، اعداد من قبل (الارمر كروب) مشروع تدريب الادلة الجنائية- دورة تقوية المحقق العدلي ٨-٢٠١٠/٦/٩ .

"٢" الجريمة واساليب البحث العلمي – حسين محمد علي – القاهرة ١٩٦٠ لاپەرە ( ١٧٩).

"٣" اصول التحقيق الاجرامي تأليف الدكتور سلطان الشاوي طبعة بغداد ١٩٨١ صفحه (١٧٥-١٨٠ ).

**" ٤" المحقق القضائي التحقيق في مسرح الجريمة، اعداد من قبل (الارمر كروب) مشروع تدريب الادلة الجنائية- دورة تقوية المحقق العدلي ٨-٢٠١٠/٦/٩ .**

**"٥"شبيب عيماد- قضايا جنائية ٢٠٩ مقالة في انترنيت.**

**"٦" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي طبعة بغداد ١٩٨١ صفحه (١٨٣)**

**"٧"شبيب عيماد- قضايا جنائية ٢٠٩ مقالة في انترنيت.**

**"٨" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي طبعة بغداد ١٩٨١ صفحة (٢١٣-٢١٥).**

**"٩" ذنون احمد مقالة (الجريمة و الاسلحة النارية) ٢٠١٠ انترنيت.**

**"١٠" كشف الجريمة بالوسائل العلمية الحديثة، عبدالعزيز حمدي الجزء الاول الطبعة الاولى قاهرة ١٩٦١ صفحه (١٢٥).**

**"١١" اصول التحقيق الاجرامى تأليف الدكتور سلطان الشاوي طبعة بغداد ١٩٨١ صفحه (١٩٥-٢٠٢).**

**"١٢"شبيب عيماد- قضايا جنائية ٢٠٩ مقالة في انترنيت**

**"١٣" هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**"١٤" الادلة الجنائية و التحقيق الجنائي، الدكتور منصور عمر المعايطة -عمان ٢٠٠٧.**

# فەسڵی حەوتەم:
# شێوازی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان

بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن

بەشی دووەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی خۆکوشتن

بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی دزیکردن

بەشی چوارەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی ئاگرکەوتنەوە

بەشی پێنجەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی لاقەکردن

بەشی شەشەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی رفاندن

بەشی حەوتەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی مادە هۆشبەرەکان

بەشی هەشتەم: لێکۆڵینەوە لە رووداوی هاتووچۆ

بەشی نۆیەم: لێکۆڵینەوە لە دزیکردن لە ماڵ و باڵەخانەکان

بەشی دەیەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی دزینی قاسە

بەشی یازدەهەم: لێکۆڵینەوە لە رووداوی بزربوونی کەسەکان

# بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن

کوشتن کۆنترین تاوانە مرۆڤ ئەنجامیداوە، بە قێزەوەنترین تاوان لە نێو تاوانەکان هەژمار دەکرێت، بەهۆی ئەوەی هیچ کەسێك جگە لە خودا مافی وەرگرتنەوە گیانی مرۆڤی نییە، ئینجا چ کوشتن و لە ناوبردنی مرۆڤێك ئەوپەڕی پێشێلکردنی مافی بەرامبەرە، کاتێ کەسێ ڕێگە بەخۆی دەدات گیانی کەسێك بسەنێتەوە و کۆتایی بە ژیانی بهێنێت، هەموو یاساکانی دونیا توندترین سزایان بۆ ئەو کەسانە داناوە کە تاوانی کوشتن بە هەر هۆیەکەوە ئەنجامدەدەن، یاساکانی سەردەمی ڕۆمانی و فیرعەونی و حەموڕابی و شەریعەی ئیسلامی پێش و پاش ئەوانیشەوە بە هەموو شێوازێك هەوڵیانداوە و یاسایان داڕشتووە بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی تاوانی کوشتن، بە تایبەت کوشتنی بە قەستی پێکهاتوو لە بنچینەی ماددی، کوشتن کرداری تۆمەتبارە بۆ هەڕەشەکردنە تاوانلێکراو و کۆتایی هێنان بە ژیانی و بنچینەی مەعنەوی پێشی دەڵێن (مەبەستی تاوانکاری) کەنیەت و ئیرادەی تۆمەتبار لە ئەنجامدانی تاوانەکەی دژ بەتاوانلێکراو دەیکات.

یاسادانەری عێراقی پێناسەی کوشتنی بە قەستی نەکردووە بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە پێناسەکەی دیار نەبێت، بەڵکو هەموو یاساکانی دونیا لەسەر ئەو تێگەیشتنە کۆکن کوشتن کۆتایی هێنانە بە ژیانی کەسێك و لێسەندنەوەی گیانیەتی.لەبەر ئەوەی هۆکاری سەرەکی لە کوشتن دەبێ لەسەر کەسێك ئەنجامبدرێت کە زیندوو بێت و گیانلەبەرەکە مرۆڤ بێت، ئەگەر کوشتن لەسەر گیانلەبەری تری وەکو ئاژەڵ بکرێت وەکو هی مرۆڤ لە ڕووی یاساییەوە ڕاڤە ناکرێت، بەڵکو کوشتنی ئاژەڵ تاوانێکی ترە، کاتێ تاوانی کوشتن دەکرێت دەبێ ئەو کەسەی تاوانەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت لە کاتی کوشتنەکە لە ژیاندا بێت. ئەگەر پێش کوشتنەکە ئەو مرۆڤە گیانی دەرچووبێت ئەوە توانی کوشتن نییە، بەڵام ئەگەر تاوانی کوشتنەکە لەسەر تاوانلێکراو لە کۆتاییەکانی ژیانی بێت تەنانەت ئەگەر لە هۆش خۆی چووبێت ئەوا تاوانی کوشتنە.

**بۆ نمونە: لە هەندێ تاوانی کوشتن یەکلایی کراوەتەوە کە کوشتنی بە قەست کردارەکە و مەبەستی تاوانکاری تێدایە، کاتی تۆمەتبار بە ئۆتۆمبێل پێ لە تاوانلێکراو دەنێت پێش ئەوە هەردوولا بەشەڕ هاتوون لە ئەنجامدا تاوانلێکراو گیان لەدەست بدات ئەوە کوشتنی بەئەنقەستە لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە(١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ و هەموارکردنەکانی لەسەر جێبەجێدەکرێت.**

**نمونەیەکی تر تۆمەتبار سۆپای پێکراو دەگرێتە تاوانلێکراو بەهۆیەوە دەسووتێ و گیان لە دەست دەدات دادگای پێداچوونەوەی عێراقی ئەو تاوانەی بە کوشتنی بە ئەنقەست بەپێی مادەی (٤٠٥) ی یاسای سزاکانی بەرکاری عێراقی دانا نەك تاوانی ئاگرکەوتنەوە.**

**کوشتنی بە پێشینەی ئامادەکاری و چاوەڕوانی واتا تۆمەتبار بەرنامەڕێژی بۆ کوشتنی تاوانلێکراو دەکات، لەم کاتەدا سزای تۆمەتبار لە بەندکردنی هەتایی تا دەگاتە لە سێدارەدان بەپێی مادەی ٤٠٦ی یاسای سزاکانی عێراقی بەرکار، لەبەر ئەوەی باری توندکردنی تاوانی کوشتنی بە ئەنقەستە، ئامادەکاری تەنیا بۆ تاوانی کوشتن نییە، بەڵکو ئامادەکاری لە لایەن تۆمەتبار بۆ تاوانەکانی تریش دەبێت و ئەوکاتەی تۆمەتبار مەبەستی تاوانکاری هەیە هەڵدەستێت ئامادەکی بۆ ئەنجامدنی تاوانەکەی لە دژی کەسێك ئەنجامدەدات و بە مێشك و دەروونێکی هێمن ئەو ئامادەکارییانە دەکات و هەموو پێداویستی جێبەجێکردنی تاوانەکە فەراهەمدەکات و، ئەوکاتە تۆمەتبار باری تاوانەکەی دەزانێ کە کارێکی مەترسیدار لەسەر کەسێك دەکات و لە ئەنجامدانەکەی دوودڵ نییە، بەڵکو ئیرادە و نیەتی تاوانەکە لە مێشکی تەواو چەکەرەی کردووە، تۆمەتبار دەزانێ ئەو کارەی ئەنجامیدەدات تاوانە و بەپێی یاسا لە سەری سزا دەدرێت، لەبەر ئەوەی یاسادانەر دەرفەتی ئەوە ناداتە تۆمەتبار ئەگەر نەزانێ سزای ئەو کردارە چییە ئەنجامیدەدات ئەوا هەر تۆمەتبارە و هەڵدەسێ تاوانەکە دەکات، دەڵێ نەمزانیوە سزای لە سەرە بۆیە بە سزای کردارەکە بزانێ یان نەزانێ بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانەکەی سزا دەدرێت، تەنانەت ئەگەر بەو یاسایەش نەزانێ تاوانەکەی**

ئەنجامدا هەروەك ئەوەیە دەزانێ ئەوەش دەروونی پڕ قین و تاوانی تۆمەتبارەکە دەگەیەنێت، ئەوە قۆناغی ئامادەکاری تۆمەتبارە بۆ تاوانەکەی و ئینجا قۆناغی چاوەڕێکردن و دەستپێکردن بە تاوانەکە دەستپێدەکات، تۆمەتبار ئامادەیە و هەموو پێداویستییەکانی لەبەر دەستدایە و لە باری دەروونی هێمندایە، لە شوێنێك  تۆمەتبار چاوەڕێی تاوانلێکراو دەکات و لەناکاو لێی پەیدا دەبێت و تاوانی لە دژ دەکات بێ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی پێبدات بەرگری لە خۆی بکات و هۆکارێك دەبێت تۆمەتبار بەهۆی ئەوەی تاوانلێکراو ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات بە ئاسانی بتوانێ رابکات، ئەو باری چاوەڕێکردنە هۆکارێك دەبێت بۆ توندکردنی باری تاوانەکە، چاوەڕێکردن دووباری بنچینەی هەیە، یەکیان کاتەکەیە کە بۆ ماوەیەك تۆمەتبار لە چاوەڕوانی ئەو کەسە دەبێت کە تاوانی لە دژدەکات لەگەڵ بنچینەکەی تر شوێنەکەیە تێیدا تۆمەتبار چاوەڕێی تاوانلێکراو دەکات.

**بۆنمونە:** ئەگەر دادگەرییانە سەلمێندرا تۆمەتبار پیلانی کوشتنی تاوانلێکراو برایەکەی هەبوو، دەمانچەی هێنا و چاودێریکردن تا گەیشتنە لای و راستەوخۆی هەر دوو کیانی کوشت، لێرەدا دادگای پێداچوونەوە دەڵێ تۆمەتبار لە باری هزری و دەروونی تەواو و بە هێمنی ئەنجامداوە لێرە لەسەر هەر یەك لە تاوانەکانی بەپێی مادەی(٤٠٦)ی یاسای سزاکان سزا دەدرێت کە سزاکەی لەسێدارەدانە.

**نمونەیەکی تر:** تۆمەتبار دەمانچە ئامادە دەکات و بەرە و دوکانی تاوانلێکراو دەچێت و بە گەیشتنی بە شوێنی رووداو و دەست بە تەقەکردن بەبێ پێشەکی قسەکردن بکات و کەسەکە بکوژێ، دادگای پێداچوونەوە دەڵێ مادەی ( ٤٠٦)ی یاسای سزاکانی بەسەردا جێبەجێدەکرێت کەسزاکەی لەسێدارەدانە ."١"

پێش ئەوەی لێکۆڵەر دەست بە لێکۆڵینەوە بکات لە تاوانی کوشتن کۆمەڵێك پرسیار بە مێشکیدا دێت کە هەر یەك لەو پرسیارانە گرنگی خۆیان هەیە لە

ڕێکارە یاساییەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوان بۆ ئەوەی روونبێتەوە کە کردارەکە تاوانی کوشتنە یان پێچەوانەکەی:

## یەکەم: تاوانلێکراو

١- ناسنامەی تاوانلێکراو کەسایەتی و کار و پیشە و تەمەن و هەموو زانیارییەکان.

٢- کەی تاوانلێکراویان کوشت؟

٣- لە کوێ تاوانلێکراویان کوشت ؟

٤- چۆن تاوانلێکراویان کوشت ؟

## دووەم: شوێنەواری تاوانەکە

١- ئەو برینانەی لەسەر لەشی تاوانلێکراون چین؟

٢- چ ئامێرێك لە تاوانەکە بەرکارهاتووە؟

٣- ئایا شوێنەواری خوێن هەیە یان نییە؟

٤- پەنجەمۆر و جێنیشانی پێ لە شانۆی تاوان هەیە؟

٥- شوێنەواری ماددی وەکو چەك و قەوان و چەقۆ هەیە؟

٦- کوشتنەکە ئەگەر بە چەك و ئامێر نەبوو، ئایا شوێنەواری ژەهر یان خنکان لە سەر لاشەی تاوان و لە شانۆی تاوان هەیە؟

## سێیەم : تۆمەتبار

١-  تۆمەتبار کێیە؟

٢- چەند تۆمەتبار تاوانەکەیان ئەنجامداوە؟

٣- شوێنی تۆمەتبار یان تۆمەتباران لە کوێیە؟

## چوارەم: شاهێدی

١-شاهێد هەیە؟

٢- شاهێدەکان کێن؟

٣- سوود لە شاهێدییەکان وەردەگیرێ ؟

لێکۆڵەر لە کاتی وەرگرتنی هەواڵی کوشتنێکی کەسێك ئەو هەموو پرسیارە دەبێ بە مێشکیدا بێت و بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانە دەگەڕێت، بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانیان لەبەر ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە هۆکاری ئاشکرابوونی تاوانەکە و دەستگیرکردنی تۆمەتبارانە، بۆ گەیشتن بە وەڵامەکان لێکۆڵەر ئەو رێکارانە ئەنجامدەدات:

١-  خێرا چوون بۆ شانۆی تاوان.

٢- پشکنینی شانۆی تاوان

٣- وەرگرتنی وتەی تاوانلێکراو ئەگەر لە ژیان مابوو.

٤-  گەڕان بە دوای شاهێد و وەرگرتنی وتەکانیان.

٥- هەڵگرتنەوەی بەڵگەکانی تاوان.

## بەندی یەکەم : لێکۆڵینەوە لە تاوانی زانراو

لێکۆڵەر هەندێ ڕێکاری لێکۆڵینەوە هەیە لە کاتی گەیشتنی هەواڵی کەسێکی کوژراو دەستپێکی کارەکانی دەبێت، بەلاّم ئەو کارانەی لێکۆڵەر لەم قۆناغەی لێکۆڵینەوە دەیکات گرنگی خۆیان هەیە، کاتی ڕوودانی تاوانەکەیە بەڵگەکان هێشتا لە جێگەی خۆیانن و ماون و لە هەندێ باردا تۆمەتبار لە شوێنی تاوان دەبینرێ و دەستگیر دەکرێ و لە هەندێ باری تر شوێنەکەی بەجێهێشتووە، بەلاّم نزیکە و بەهۆی جێنیشانی ڕۆیشتنەکەی و ئەو شوینەوارانەی بەجێی هێشتووە دەبینرێتەوە و دەستگیر دەکرێت، ڕێکارەکان بریتین لە:

## یەکەم: ڕێکاری لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیس

کاتێ هەواڵی کوشتن دەگاتە بنکەی پۆلیس لە لایەن هەواڵدەر یان زانیاریدەری بنکەکە کۆمەڵێك ریکار هەیە ئەفسەری لێکۆڵینەوە و ڕێپێدراو ئەنجامیدەدەن:

١- کردنەوەی کۆنووس و وەرگرتنی وتەی هەواڵدەر و تۆمارکردنی کاتی گەیشتنی هەواڵی کوشتنەکە و شوێنی ڕوودانی تاوانەکە و ناسنامەی کوژراو و کاتی ڕوودان و ناسنامەی تۆمەتبار یان تۆمەتباران و چۆنیەتی ڕوودانی تاوانەکە و ئەو هۆکارانەی لە پشت تاوانەکەوەن، هەوڵدەدرێت زۆرترین زانیاری لەسەر ڕێکارانەی سەرەوە وەربگیرێت، بەلاّم مەرج نییە هەواڵدەر وەلاّمی ئەو پرسیارەی لابێت بەلاّم هەولّ دەدرێت زۆرترین زانیاری لە سەر تاوانەکە لێوەربگیرێت.

٢- ئاگادارکردنەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە و پزیشکی دادوەری و هونەری و وێنەگری تاوانکاری و شارەزایانی بواری بەڵگەی تاوان.

٣- خێرا چوون بۆ شوێنی ڕووداو و گواستنەوەی ژمارەیەك پۆلیس بۆ دەستبە سەرداگرتنی شانۆی تاوان بە مەبەستی پاراستنی شوێنەوار و بەڵگەکانی تاوان.

٤- نووسینی کاتی جوڵەکردن و هەموو ئەو کەسانەی لە شوێنەکەن و دوورخستنەوەی خەڵك لە شانۆی تاوان و دانانی پاسەوان لە بەردەم دەرگاکان بۆ قەدەغەکردنی چوونە ژوور و هاتنە دەرەوە.

## دووەم: ڕێکارەکانی لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان

کاری لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان گرنگی زۆری هەیە لەبەر ئەوە لێکۆڵەر دەبێ زۆر ورد و هەستیار و وشیار بێت، تاوەکو بتوانێ بە شێوەیکی یاسایی و زانستی کارەکانی بکات و شانۆی تاوان بە زووترین کات بکاتە هۆکاری ئاشکرابوونی تاوانەکە و دەستگیرکردنی تۆمەتباران.

١- تۆمارکردنی کات و ڕۆژی گەیشتن بە شوێنی تاوان.

٢- دانانی میکانیزمێك بۆ پاراستنی هەموو بەڵگە و شوێنەوارەکان.

٣- تۆمارکرددنی ناوی هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵی کاردەکەن و دابەشکردنی کارەکان بە سەریاندا هەریەکە و بەپێی شارەزاییەکەی.

٤- تۆمارکردنی ناوی هەموو ئەو کەسانەی لە شوێنی تاوانەکەن و ئەنجامدانی ڕێکاری دروست بۆ قەدەغەکردنی چوونە دەرەوە و لێك جیاوازکردنەوەیان بە مەبەستی وەرگرتنی وتەی هەر یەکەیان بە تەنیا.

٥- قەدەغەکردنی هاتنە ژوورەوەی تاکەکان بە مەبەستی پاراستنی بەڵگە و شوێنەوارەکان.

٦- دەستگیرکردنی تۆمەتبار یان گومانلێکراو بە هۆیەکی دروست ئەگەر لە شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بوون.

**٧- جیاکردنەوەی شاهێدەکان لە ئامادەبووانی تر بە مەبەستی وەرگرتنی وتەکانیان بەجیا.**

## سێیەم: پشکنینی شوێنی تاوان

**پشکنینی شانۆی تاوان لە لایەن لێکۆڵەر بە شێوەی هونەری و زانستی هۆکاری سەرەکی دەبێت بۆ دەستکەوتنی سەرەداوی تاوانەکە لەبەر ئەوەی هەر بەڵگەی لە شوێنی رووداو گرنگی خۆی هەیە و لایەنێکی شاراوەی تاوانەکە بۆ لێکۆڵەر ئاشکرا دەکەن.**

**١-دیاریکردنی شوێنی تاوان لە کوێیە وکەوتۆتە کێ و چی لێ نزیکە لەگەڵ باسکردنی باری کەش و هەوا و لە کاتی روودانی تاوانەکە و، ئایا رۆژە یان شەوە هەوا سافە خۆڵاوییە بارانە یان بەفرە یان مانگەشە یان تاریکە لەگەڵ دەرخستنی سروشتی شوێنەکە، لەگەڵ کێشانی هێڵکاری شوێنی رووداو.**

**٢-دیاریکردنی شوێنی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی تۆمەتبار لە شوێنی تاوان.**

**٣- گەڕان و دۆزینەوەی شوێنەواری تاوانکاری لە شانۆی تاوان، لە بوونی پەنجەمۆرو جێنیشانی پێی و تایەی هۆکارەکانی گواستنەوەو بوونی شلەکانی لەشی مرۆڤ و بۆن و ئامێری کەوتوو لە شوێنکە و بوونی گوللە و قەوان و بارووت و دیاریکردنی شوێنی چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەی گوللە ئەگەر هەبوو ، هەموو ئەو بەڵگە ماددیانە پارێزگاریان لێدەکرێت تا لە لایەن شارەزایانی بواری بەڵگەی تاوان هەڵدەگیرێنەوە.**

**٤-دەرخستنی شوێنی تاوان لە پێش روودانی تاوانەکە و وەسفکردنی تێکچوونی شوێنەکە لەگەڵ روودانی تاوانەکە.**

**٥- تاوتوێکردنی ئەو پرسانەی زۆر پێویستن لەگەڵ پزیشکی دادوەری و هونەرییەکان و شارەزایان بەڵگەی تاوان و ڕێپێدان و زەمینە خۆشکردن بۆیان تا کارەکەیان لە پاراستن و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان بە ڕێك و پێکی ئەنجامبدەن.**

**٦- تۆمارکردنی تێبینییەکان لە لایەن لێکۆڵەر لەسەر ئەو شتانەی بەرچاوی دەکەون و سەرنجی ڕادەکێشن بۆ ئەوەی لە بیریان نەکات.**

**٧- تۆمارکردنی هەموو ئەو ڕێکارانەی دەکرێت لە کۆنووسێك و ڕێکخستنیان.**

## چوارەم: پشکنینی تەرمی کوژراو

**دوای ئەوەی لێکۆڵەر دەگاتە شوێنی ڕووداو ڕێکارەکانی پاراستنی شوێنەکە دەکات و لەکاتی بوونی تەرمی کوژراو لە شانۆی تاوان هەندێ ڕێکاری گرنگ هەیە ئەنجامیان دەدات.**

**١- دیارکردن و وەسفکردنی شێوەی کەوتنی تەرمەکە و گریمانکردنی لەو شوێنەی لێیهاتۆتە دەرێ، تا خستویانەتە ئەو شوێنەی لە دوایی لەوێ کەوتبوو، لەگەڵ دیاریکردنی دووری و نزیکی شوێنەکە و دەرخستنی ژوورەکان.**

**٢- تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی تەرمی کوژراوەکە دەناسنەوە.**

**٣- وەسفکردنی تەرمی کوژراوەکە بە وردی لە ڕووی ڕەگەز و قەبارە و ڕەنگی پێست و پرچ و سمێل و ردێنی هەیە یان نییەتی تەمەنی بە نزیکەیی، ئەو شوێنەوارو ماکانەی لەسەر تەرمەکە هەیە.**

**٤- وەسفکردنی جلوبەرگی کوژراو دیاریکردنی ئەو ماك و شوێنەواری شلەکانی لەشی مرۆڤ لەوانە خوێن و ئەوان تر ئەگەر هەبن، لەگەڵ شوێنەواری**

**دڕان و کونبوونی جلەکان ئەگەر بە چەقۆ یان گوللە کوژرابێت، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی هەموو ئەو شتانەی لە گیرفانی کوژراو دەدۆزرێتەوە.**

**٥- وەسفکردنی ئەو برین و شوێنەواری لێدان و خنکان ئەگەر هەبن، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هەر شانەو شتێکی تۆمەتبار لەسەر تەرمەکە لەناو دەستی بەجێمابێت.**

**٦- ئەگەر لێکۆڵەر گەیشتە شوێنی تاوان و تاوانلێکراو بریندار بوو، بەهەر شێوەیەك زۆر بە کورتی لە کاتی گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە لێکۆڵەر وتەکانی وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی هەرچی بڵێت گرنگی هەیە و دەبێ لێکۆڵەر راستەوخۆ لە ناسنامەی تۆمەتبارەکە بپرسێ، ئینجا هۆکاری تاوانەکە و بە کورتی بۆ ئەوەی بە زووترین کات بریندارەکە بگوازرێتەوە نەخۆشخانە بە مەبەستی چارەسەرکردن.**

## پێنجەم: دەستگیرکردنی تۆمەتبار

**لێکۆڵەر کاتی ئەرکەکانی بە شێوەیکی رێکوپێك جێبەجێدەکات و شانۆی تاوان بە شێوەیەکی زانستی پشکنینی بۆ دەکرێت، کۆمەڵێك شت بۆ لێکۆڵەری ڕووندەبێتەوە بە هۆیەوە لە تۆمەتبار نزیك دەبێتەوە و دەستگیری دەکات.**

**١- هەوڵدان بۆ زانینی ناسنامەی تۆمەتبار و هۆکارەکانی ڕوودانی تاوانەکە بەهۆی دزی یان کێشەی کۆمەلایەتی و تۆڵەسەندنەوەیە یان هەر هۆکارێکی تر و راستەوخۆ دەستگیردەکرێت، ئەگەر لە شوێنەکە نەبوو زانیاری لەسەر شوێنی تۆمەتباران وەردەگیرێ و بڕیاری دادوەر دەستەبەر دەکرێت بۆ پشکنینی شوێنی تۆمەتباران و راستەوخۆ رێکاری چوون بۆ شوێنەکە و دەستگیرکردنیان دەکرێت.**

٢- پشکنینی تۆمەتبار و بەشداربووان لەگەڵیدا چیان پێیە و گیرفانیان هەموو پشکنینی بۆ دەکرێت هەموو شتەکان دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

٣- وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو ئامێر و چەکانەی تۆمەتبار بۆ ئەنجامدانی تاوانەکەی بەرکاریهێناوە بە تایبەت ئەگەر لە شوێنێك شاردبیتیەوە.

٤- وەرگرتنی وتەی شاهێدەکان و تۆمەتبار و رووبەڕووکردنەوەیان بە بەڵگەکان وەرگرتنی دانپێنانی تۆمەتبار ئەگەر دانی بە تاوانەکە نا کە ئەنجامی داوە.

٥- هەموو ئەو رێکارانەی لێکۆڵەر ئەنجامیدەدات لە کۆنووسێك تۆماردەکرێت.

## بەندی دووەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتنی نادیار

مەبەست لە کوشتنی نەزانراو و نادیار ئەو تاوانانەن تێیدا تۆمەتبار نەناسراوە و تاوانلێکراو ناسراوە و بارێکی تری تۆمەتبار و تاوانلێکراو نەناسراون.

## یەکەم: رێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن و تۆمەتبار نادیارە

لێکۆڵەر هەندێ جار تاوانی لەم جۆرەی دێتە پێش کە تەرمی کوژراو ناسراوە، تاوانەکە لە لایەن کەسێك ئەنجامدراوە نەناسراوە، کۆمەڵێك رێکار هەیە لێکۆڵەر دەیگرێتەبەر.

سەرەتای رێکارەکان هەر وەکو لێکۆڵینەوەیە لە تاوانی کوشتنی زانراو لەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییەی لە بنکەی پۆلیس دەکرێت، لە کردنەوەی کۆنووس وەرگرتنی وتەی هەواڵدەر کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانەکە و پشکنینی شوێنی تاوان هەڵگرتنەوەی بەڵگەکانی تاوان و پشکنینی تەرمی کوژراو وەرگرتنی وتەی شاهێدەکان هەموو ئەو کارانەی لێکۆڵەر بە مەبەستی دۆزینەوەی تۆمەتبارە ئەگەر دەستگیر نەکرابێت، لە شانۆی تاوان و لێکۆڵەر

**کاتێ تۆمەتبار شوێنی روودانی تاوان بەجێدەهێڵێ کۆمەڵێك رێکار هەیە ئەنجامیدەدات:**

**١- لە رێگەی خزم و کەسە نزیکەکانی کوژراو زانیاری لەسەر ئەو کەسانە بە دەستدەهێنرێت کە لە تاوانلێکراو نزیکن و هاوڕێی ئەون و هەروەها وەرگرتنی ناونیشانی ئەو شوێنانەی تاوانلێکراو بۆی دەچێت.**

**٢-وەرگرتنی زانیاری لەسەر دوژمنەکانی کوژراو و ناسنامە و هۆکاری دوژمنایەتییەکە.**

**٣-بەدواداچوونی ئەو شەڕو هەرایانەی تاوانلێکراو لەگەڵ کەسەکان کردوویەتی لەگەڵ هۆکاری شەڕەکان.**

**٤-وەرگرتنی زانیاری لەسەر شوێنی کارکردنی تۆمەتبار و ئەو کەسانەی لێی نزیك.**

**٥-لێکۆڵینەوە لە هەموو پەیوەندییە نهێنییەکانی کوژراو لە رووی سۆزدارییەوە ئەگەر هەبێت .**

**٦-زانیاری کۆکردنەوە لەسەر کێشە کۆمەلأیەتییەکانی کوژراو لە رووی تەلأق و لێکجیابوونەوە و دەستگیرانی و ئەو کێشانەی لەم رووەوە هەیە.**

**٧-کێبڕکێی کوژراو لە رووی کار و کەسایەتی لەگەڵ ئەو کەسانە و پەیوەندییان .**

**٨-یەکلایی کردنەوەی هۆکاری کوشتنەکە بەهۆی دزیکردن و دەستکەوتی ماددییەوە بووە یان ئەو هۆکارانەی باسکراون .**

**٩-پشکنینی شوێنی نیشتەجێبوون و کاری کوژراو بۆ دەستکەوتن و دۆزینەوەی هەر نووسراو بەڵگەیەك هۆكارێك بێت بۆ نزیکبوونەوە لە تۆمەتبار و ئاشکرادنی ناسنامەکەی.**

**١٠-هەر کەسێکی گومانلێکراو لە شوێنەکە و لە بەر چاوان خۆیان وونکرد لێکۆڵەر دەبێ بە دواداچوونی بۆ بکات و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات.**

**١١-لێکۆڵەر لە کاتی بوونی گومانلێکراو راستەوخۆ لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو هۆکارانەی تاوانەکەیکردووە بوونی و ئامادەبوونی لە شوێنەکان و ئەو کەسانەی لەگەڵبوونە لەکاتی تاوانەکە و پشکنینی شوێنی کارو ئەو جێگایانەی گومانلێکراو تێیدا دەمێنێتەوە.**

**١٢-تۆمارکردنی ئەو رێکارانەی لێکۆڵەر دەیکات لە کۆنووسێك.**

## دووەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن ، کوژراو نەناسراوە

**تاوانلێکراو لەو جۆرە تاوانانە ناسنامەکەی نادیارە و نەناسراوە، یان ئەوەتا لاشەی کوژرا و تێکچووە یان تێکنەچووە.**

## لقی یەکەم: رێکاری لێکۆڵینەوە لە کاتی دۆزینەوەی تەرمی تێکنەچوو.

**کۆمەڵێك رێکار هەیە لە بنکەی پۆلیس و لای لێکۆڵەر ئەنجامدەدرێت لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لە لایەن هەواڵدەر بە بوونی تاوانێکی کوشتن.**

**١- کردنەوەی کۆنووسی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لە تاوان.**

**٢- وتەی هەواڵدەر وەردەگیرێ و لە کۆنووسەکە دەنووسرێتەوە .**

٣- خێرا چوون بۆ شانۆی تاوان لەگەڵ تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی هاوەڵی لێکۆڵەر بۆ شوێنی ڕوودانی تاوان .

٤- تۆمارکردنی کاتی گەیشتن و کاتی دۆزینەوەی تەرمی تاوانلێکراو .

٥- پشکنینی ئەو شوێنەی تەرمی کوژراوەکەی لێدەدۆزرێتەوە و شوێنەکە دیاریدەکرێت بەپێی چوار دەوری .

٦- پشکنینی تەرمەکە و شێوەی کەوتنی لە شانۆی تاوان، ئەو شوێنەوارانەی هەیە کە ئایا لە شوێنێکەوە گواستراوەتەوە یان هەر تاوانەکەی لە دژدا کراوە لەم شوێنە بووە .

٧-پشکنین بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنەوار و ماك و دڵۆپە خوێن یان هەر شلەیەکی لەشی مرۆڤ .

٨-دەرخستنی ماك و شوێنەواری تاتۆ و کوتان و ددانی زێڕ و برینی کۆن و ئەو شتانەی لە گیرفانییەتی.

٩-پشکنینی تەرمی کوژراو ئەو نیشانانەی لەسەریەتی بۆ ڕوونکردنەوەی پیشەی کوژراو ئەو شتانەی لەسەر لاشەی کوژراو بەجێهێڵدراون.

١٠-پرسیارکردن لە ناسنامەی کوژراو لەو کەسانەی تەرمەکە دەناسنەوە.

١١-وێنەگرتنی تەرمی کوژراو لە چەند گۆشە و بارێکەوە .

١٢-شارەزایانی بەڵگەی تاوان بۆ وەرگرتنی پەنجەمۆری کوژراو بۆ ئەوەی بزانرێ پێشینەی تاوانی هەیە یان نییەتی.

**١٣-هەڵگرتنی تەرمی کوژراو لە پزیشکی دادوەری بۆ پشکنین و هێشتنەوەی تا ناسنامەی کوژراوەکە دەدۆزرێتەوە.**

**١٤-بلاۆوکردنەوەی زانیاری لەسەر شێوە و روخساری تەرمەکە پیشاندانی بەو کەسانەی دەیناسنەوە.**

**١٥-بلاۆوکردنەوەی زانیاری و روخساری تەرمی کوژراو لە بلاۆوکراوەی تاوانکاری بە مەبەستی ناسینەوەی لاشەکە.**

**١٦-لەکاتی لێبوونەوەی سەری تەرمی کوژراو لە دەوروپشتی شوێنەکە یان لە رێگەی سەگی پۆلیسی بە دوای سەرەکەی دەگەڕێ بە مەبەستی دۆزینەوەی .**

**١٧-گەڕان بە دوای ئەو سیفەت و روخسارەی کوژراوەکە لە تۆماری وونبوەکان و داواکراوان.**

**١٨-تێگەیشتن لە حالەتی بوونی تەرمە کە کارەکە تاوانە یان تاوان نییە و بەهۆی قەدەر و رووداو بووە.**

## لقی دووەم : رێکاری لێکۆڵینەوە لە کاتی دۆزینەوەی تەرمی تێکچوو.

**ئەو رێکارانەی پێویستە لە بنکەی پۆلیس بە کردنەوەی کۆنووس و وەرگرتنی وتەی هەواڵدەرو چوون بۆ شوێنی تاوان گەڕان و پشکنین بۆ شوێنەکەی ئامادەکردنی تیمی شارەزایان و بەڵگەی تاوان دەکرێت لەگەڵ کۆمەڵێك رووکاری تر.**

**١- وەرگرتنی زانیاری لە هەواڵدەر و چوون بۆ شانۆی تاوان و تۆمارکردنی کاتی گەیشتن بە شوێنەکە و تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی هاوەڵ و هاوکاری لێکۆڵەرن.**

٢- پشکنینی شوێنەکە و تەرمەکە بەشێوە و ڕێسای پشکنینی شوێنی ڕووداو.

٣- دەرخستن و وەسفکردنی هەموو شوێنەوارەکان و جلوبەرگی کوژراوەکە.

٤- پشکنین بۆ دۆزینەوەی هەر شتێکی گرانبەها لای تەرمە تێکدراوەکە و دەوروپشتی و دەرخستنی نیشانە دیارەکانی وەکو ددانی زێڕو یان کەوتنی ددان یان بوونی نیشانەو تاتۆی لاشەی کوژراوەکە.

٥- وەسفکردنی پاشماوەی کوژراوەکە و هەر ئەندامێکی لەشی کوژراوەکە کە دەدۆزرێتەوە و ڕەوانەکردنی بۆ پزیشکی دادوەری دەرخستنی ڕەگەز و تەمەنی کوژراوە تێکچووەکە کە ئایا دەتوانرێ بە هۆیەوە سیمایەك بدات بۆ ناسینەوەی.

٦- تۆمارکردنی هەموو ڕێکارەکان لە کۆنووسی پەڕاوی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە.

٧- گەڕان لە نێو بڵاوکراوەی تاوانکاری و تۆماری ونبووەکان بۆ دۆزینەوەی زانیاری و پەیوەندەییەکیان لەگەڵ کوژراوەکە.

## بەشی دووەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی خۆکوشتن

خۆکوشتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بە کۆمەڵێك هۆکارەوە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات و پێویستە شرۆڤەی بۆ بکرێت و جیابکرێتەوە لە تاوانی کوشتن، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان ماهیەتی تایبەتی هەیە و کوشتن بەپێی یاسا سزای لەسەرە بەڵام هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بەپێی یاسای عێراقی تاوان نییە، ئەو کەسەی هەوڵی خۆکوشتن دەدات ئەوە زۆر بە ڕاشکاوی لە مادە (٤٠٨)ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە(١١١) ساڵی ١٩٦٩ و هەر لەو مادەیە هاتووە ئەو کەسەی هانی کەسێك بدات بۆ خۆکوشتن سزا دەدرێت، واتا یاسادانەر سزای بۆ ئەو

کەسە دانەناوە کە هەوڵی خۆکوشتن دەدات بەڵکو سزای ئەو کەسە دەدات کە هانی خۆکوشتنەکە دەدات، دیاردەی خۆکوشتن لە ساتە وەختی ئەمڕۆدا زۆر زیادی کردووە و شارەزایانی ئەو بوارە پێویستە بە وردی ئەو دیاردەیە شیبکەنەوە و لە هۆکارەکانی بکۆڵنەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە.
تاوانی خۆکوشتن بە کۆمەڵێك دیاردە جیادەکرێتەوە لە تاوانی کوشتن و پزیشکی دادوەری ئەوە یەکلایی دەکاتەوە لە کاتی پشکنین و توێکاری تەرمەکە ئەو کەسە خۆی کوشتووە یان کوشتویانە، لێکۆڵەر پێویستە هەندێ ڕێسای گشتی خۆکوشتن بزانێ بۆ ئەوەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی یەکەم و سەرەتایی ئاراستەی لێکۆڵینەوەکەی ڕاست و دروست بێت، لێکۆڵەر لە کاتی بوونی حاڵەتی خۆکوشتن ئەگەر نیشانەکان ئەوەشیان ڕوونکردەوە ئەو کەسە خۆی کوشتووە دەبێ بە باری تاوانی کوشتنی هەژمار بکات و دەست بە لێکۆڵینەوە بکات، تا پێچەوانەکەی دەسەلمێندرێ. ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر هەیە بەرکاردەهێندرێت لە لایەن ئەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن و لێکۆڵەر کۆمەڵێك ڕێسا بە هۆیەوە خۆکوشتن لە تاوانی کوشتن جیادەکاتەوە.

## بەندی یەکەم: ڕێسا گشتییەکانی ناسینەوەی خۆکوشتن.

لێکۆڵەر دەتوانێ لە ڕێگەی هەندێ دیاردە و نیشانە و ڕێساوە بزانێ ئەو حاڵەتە مردنەی هەیە خۆکوشتنە یان ئەوەتا تاوانی کوشتنە لەوانە:
١- هۆکارکانی خۆکوشتن زۆرن هەر وەك شێوازەکانی کوشتنیش زۆرن، لەبەر ئەوە لێکۆڵەر دەبێ بچێتە نێو ژیانی تایبەتی خۆکوژەکە و لە لایەنەکانی تەندروستی و دارایی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و باری هۆشداری و تەندروستی عەقلی، بۆ ئەوەی بزانرێ مردنەکە خۆکوشتنە و ئەو کەسە کێ هانیداوە خۆی بکوژێت و هاندەرەکە کێیە؟ لەبەر ئەوەی تاوانی کردووە و سزا دەدرێت، ئەو

هاندانەی ڕاستەوخۆ بە قسە و گوفتار بێت یان بە ناردنی نامە و مەسج بێت دەکەوێتە خانەی هاندان بۆ خۆکوشتن و سزای لەسەرە.

٢- هەندێ خۆکوشتن هەیە کەسەکە نامەیەك لە دوای خۆی بە جێدەهێڵی هۆکاری خۆکوشتنەکەی دەنووسێ، زۆر جار دەڵێ کەس هانی نەداوم و خۆم کوشتووە، یان ناوی کەسێك دەدات کە هۆکارە بۆ خۆکوشتنەکەی و هۆکاری خۆکوشتنەکەی بڵاودەکاتەوە، لێکۆڵەر  بەدواداچوون دەکات بۆ دڵنیابوون لەو نووسراوە کە هی ئەوە؟ ئەو نووسیویەتی یان خەتی یەکێکی ترە؟، لەبەر ئەوەی زۆر جار تاوانی کوشتن نووسراوی بەم شێوەیەی لە تەك بەجێدەهێڵدرێ لە لایەن تۆمەتبارەوە تاوەکو سەر لە لێکۆڵەر بشێوێنی.

٣- پشکنیی شوێنی تاوان لە لایەن لێکۆڵەرەوە بایەخی خۆی هەیە بۆ ئەوەی دەربکەوێ ئەو کەسەی خۆی کوشتووە یان کوشتوویانە، تەرمی کەسەکە گواسترابێتەوە بۆ ئەو شوێنە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، بۆ لە شوێنێك گواستراوەتەوە شوێنێك؟ ئەو کەسانەی گواستوویانەتەوە کێن؟ ئینجا لەو شوێنە پشکنین بۆ ئەو بەڵگانە دەکرێت کە نیشانەی خۆکوشتنن یان تاوان، ئەمانە هەمووی دەریدەخەن و بەرچاو ڕوونی دەدەنە لێکۆڵەر لە چۆنیەتی ڕوودانی خۆکوشتنەکە یان کوشتنەکە.

٤-  پشکنینی تەرمی مردووەکە و چی لەسەر جلوبەرگی هەیە و ئەو نیشانانەی لەسەر تەرمەکە هەیە، لە برین و شوێنەواری بەرگری لەخۆکردن و ئازار و ئەشکەنجە لەسەر لاشەی مردووەکە هاوکاری لێکۆڵەرن، ئەو پشکنینە کاری پزیشکی دادوەرییە، بەڵام مانای ئەوە نییە لێکۆڵەر سەیری تەرمەکە نەکات، ئەو نیشانانە ببینی کە هۆکاری کوشتنەکەن.

بۆ نمونە: بوونی چەند گوللەیەك و لە چەند شوێنێکی جیا لە لاشەی مردووەکە نیشانەی ئەوەی گوللەی لە خۆنەداوە بەڵکو لێیدراوە، زۆر خۆکوژ بە گوللەیەك لە سەری یان لە دڵی کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت، یان بوونی شوێنەواری ئازار و ئەشکەنجە و برین لەسەر تەرمەکە مانای تاوان دەگەیەنێت. لێکۆڵەر بە وردی پشکنینی جلوبەرگی تۆمەتبار دەکات تا بزانێ بەرگری کردووە بوونی نیشانەی دڕانی جلەکان و لێبوونەوەی قۆپچە و بە لاڕێداچوونی ئەملاوئەولای جلوبەرگەکانی مانای بەرگری دێت، لە لایەن کەسەکەوە واتا کوشتوویانە پێش ئەوە گیان لە دەست بدات بەرگری لە خۆی کردووە، تەنانەت ئەو باڕووت و قەوانانەی لە نزیك و دووری تەرمەکە نیشانەن کە خۆکوشتنە یان کوشتنە.

٥- شێوەی کەوتنی تەرمی مردووەکە هۆکارێکە بۆ زانینی جۆری مردنەکە، هەندێ تۆمەتبار شێوەی کەوتنی مردووەکە وا لێدەکەن کە نیشانەی خۆکوشتن بێت بۆ نمونە چەکەکەی دەخەنە دەستی و لە لایەك پاڵی لێدەکەنەوە کە لە خۆیداوە و گیانی دەرچووە، لە کاتی دانانی بەو شێوەیە ئەو دڵۆپە خوێنانەی بەسەر جلەکان و دیوار و زەوییەوەیە دەریدەخەن کە مردنەکە تاوانە یان بە پێچەوانە.

**بۆ نمونە:** کەسێك دەکوژرێت دەمانچەکەی بە دەستەوە دەدەن و پاڵی بە دیوار دەدەن و وا نیشان دەدرێت کە خۆی کوشتووە، کاتێ لێکۆڵەر دەگاتە شوێنەکە تەماشا دەکات هیچ خوێنێك بە دیوارەکەیەوە نییە و بەڵکو لەسەر زەوی خوێنەکە بڵاوبۆتەوە، ئەوە نیشانەیە کە تاوانە، لێکۆڵەر بەوە گەیشتە ئەو دەرەنجامە کەسێ گوللە لەسەری بدات بێشك شوێنەری چەکەکە و خوێن بەدیوار دەبن، ئەوەی تێبینی کرد خوێنەکە تەنیا لەسەر زەوی بڵاوبۆتەوە بەو واتایەی

کەسەکە لەسەر زەوی کوژراوە پاشان شانی بەدیواردراوە و دەمانچەکەی خراوەتە دەستی.

## بەندی دووەم: ڕێسا تایبەتییەکانی ناسینەوەی خۆکوشتن

### یەکەم: خۆکوشتن و چەکی ئاگرینی

ڕووداوی چەکی ئاگرینی شوێنەواری زۆر لەسەر لەشی قوربانییەکە بەجێدەهێڵێت بەهۆی ئەو فشارە بە هێزەی لە چەکەکە و ئەو باڕووتەی پاڵ بە گوللەکەوە دەنێت، لە نزیك بەرکەوتنی چەکی ئاگرینی جگە لە دروستکردنی کراوەی چوونە ژوورەوەی گوللە و پەیدابوونی برین شوێنەواری فشاری چەکەکە و باڕووت و وردە ئاسن بە جێدەهێڵێت، کۆمەڵێك نیشانە هەن دەربڕی ئەوەن ئەو کەسەی بە چەکی ئاگرین کۆتایی بە ژیانی هاتووە کوژراوە یان خۆی کوشتووە ئەو نیشانانە رەها نین، بەڵکو دەکرێ لێکۆڵەر بە هۆیانەوە جۆرەکە بناسێتەوە لەگەڵ راپۆرتی پزیشکی و شارەزایانی بواری بەڵگەی تاوان دەگاتە ئەنجامی کۆتایی.

١- لە تاوانی خۆکوشتن بە چەك قوربانییەکە زۆربەی ئەو شوێنانەی لەشی هەڵدەبژێرێ، کە دەستی پێیان دەگات و شوێنەکە مەترسیدارە وەکو دڵ و دەم و چاو و تەنیشت و پێشی کەللەی سەر.

٢- لە خۆکوشتن راستەوخۆ چەکەکە بە لەشی کەسە خۆکوژەکە دەنوسێ لەبەر ئەوە شوێنەواری باڕووت لەسەر جەستەی کەسەکەوە دەبێت.

٣- لە تاوانی خۆکوشتن لەبەر ئەوەی کەسە خۆکوژەکە باری دەروونی تێکدەچێت و دەترسێت زۆر فشار دەخاتە سەر چەکەکە و ئەو شوێنەوارە لەسەر جەستەکەی دەردەچێت و شوێنەکەش هەندێ شەقبوونی تێدا دەکەوێت زۆر جار باڕووتی لێ بەدیدەکرێت.

٤- له تاوانی خۆکوشتن دواوەی چەکەکە لە کاتی گەڕانەوەی چەکوشی بزماری تەقەکردن ناوەوەی پەنجەی گەورە و ئەو تەنیشتی وردە ئاسن و باڕووت و هەندێ جار برین بە دیار دەکەوێت، بەهۆی زەختکردن و فشار خستنە سەر چەکەکە بەهۆی ئەو پەنجانەوە بەهۆی نالەباری باری دەروونی کەسە خۆکوژەکە.

٥- کەسی خۆکوژ زۆربەی جارەکان تەنیا یەك فیشەك لە خۆی دەدات، بەلام لە کاتی کوشتن تۆمەتبار هەوڵدەدات زۆرترین گوللە لە قوربانییەکە بدات تاوەکو دڵنیا دەبێت لە کوشتنی.

٦- هەندێ جار بەهۆی فشار و ترس و تێکچوونی باری دەروونی دەستی خۆکوژەکە کە چەکەکەی تێدایە تووشی رەقبوون دەبێت و بە زەحمەت چەکەکەی لەدەست دەردەهێندرێتەوە.

## دووەم: خۆکوشتن لە رێگەی دروستکردنی برین لە جەستە

دروستکردنی برین لەو شوێنانەی نزیکە دەستن لە لایەن کەسی خۆکوژ ئەوە دەردەخات ئەو کەسە لە رێگەی دروستکردنی برینەکە مەبەستی بووە کۆتایی بە ژیانی بهێنێت.

١- خۆکوژ برین لەو شوێنانەی لەشی دروستدەکات کە نزیکە دەستن و شوێنەکە مەترسیدارن بە تایبەت دەگەڕێت لە دەماری خوێن و دەیبڕێت بە مەبەستی خوێنبەربوون پاشان مردنی بەو هۆیەوە.

٢- کەسی خۆکوژ جلەکانی هەڵدەکات و قۆپچەکانی دەستی یان ئەوانیتر دەگاتەوە تاوەکو بە ئاسانی برینەکە دروست بکات.

**٣- بوونی برینی زۆر نیشانەی خۆکوشتنە لەبەر ئەوەی خۆکوشتن بەچەك تەنیا برینێك کە ئەویش شوێنی چوونە ژوورەوە و دەرەوەی لەسەر لەشی قوربانییەکەیە.**

**٤- ئەو ئامێرەی کەسەکە خۆی پێ کوشتووە لە ناو دەستی یان لە نزیکی تەرمەکە دەبێت.**

**٥- کەسی خۆکوژ دەماری خوێن دەکاتە ئارمانج بۆ خۆکوشتنی لە کاتی بە ئامێرەکە لە دەمارەکە دەدات شوێنەکە و شێوازی لێدانەکەی خۆکوژ دیارە لە دەماری ملی کەستوونییە ئەو بە ئاسۆیی لێدەدات واتا دەمارەکان چۆن بن ئەو دەیکاتە پیتی کۆکردنەوە (+) بۆ ئەوەی بە تەواوی ببینڕدرێت و خۆێنبەربوون رووبدات.**

**٦- بوونی شوێنەواری ئازار و ئەشکەنجە هەرچەندە شوێن و جۆری برینەکان نیشانەی خۆکوشتنی کەسەکە بن، بەڵام شوێنەواری برین و داڕووشان و بەستنەوەی دەست ئەوا بەڵگەی تاوانن ئەو کەسە دووچاری ئەشکەنجە بۆتەوە، ئینجا بەم شێوەیە کوژراوە تا واینیشاندەن کە خۆی کوشتووە.**

## سێیەم: خۆکوشتن و هەڵواسین

**خۆکوشتنێکی باوە بەهۆی حەبل و وایەر و قوماش و چەفیە دەبێت بە دەوری ملی دەدرێت خۆی پێ هەڵدەواسی، دەبێتە هۆی وەستانی هەناسەدان و وەستانی چوونی خوێن بۆ سەر لە ئاکامدا کەسەکە دەبورێتەوە و پاشان دەمرێت، هەندێ جار پچڕانی دڕکەمۆخی بڕبڕەی پشتی کەسە خۆکوژەکەی لەگەڵدایە. نیشانەکانی هەندێ جار قوربانییەکە چاوی بۆ دەرەوە زەقدەبێتەوە و دەم و چاوی**

هەڵدەئاوسیٚ و لێوەکانی و پەنجەکانی مۆر هەڵدەگەڕێن و نیشانەکانی خۆکوشتن و تاوانی هەڵواسین دەناسرێتەوە بە چەند نیشانەیەك.

١- چۆنیەتی بەستانی شێوازی حەبلەکە لە ملی خۆکوژ هەندیٚ جار دەکەوێتە لا چەپ ئەگەر خۆکوژ راستان بێت و بە پێچەوانەوە و هەندیٚ جار لە پێشەوە حەبلەکە توند دەکات.

٢- لەناو ماڵ بوونی کورسی لای تەرمی خۆکوژەکە نیشانەی خۆکوشتنە، کورسی یان هەر هۆکارێت بۆ بەرزبوونەوە نەبێت بەمانی تاوانی کوشتنە چونکە تۆمەتبار بەچی بەرزبۆتەوە.

٣- تێبینکردنی ئەو شتەی تۆمەتبار خۆی پیٚ هەڵواسیوە و خنکاوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی قوربانیەکان بە قایشی خۆی یان حەبل و سۆندەی ماڵەکەی خۆیان کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

٤- هەندیٚ جار برین و داڕووشان لە لاشەی قوربانییەکە دەبێت بەهۆی راکێشانی لە لایەن تۆمەتبار و بەرگری لە خۆکردنی تا دەگەیەنرێتە ئەو شوێنەی تۆمەتبار مەبەستییەتی لێی هەڵبواسی و وانیشانبدات کە خۆی کوشتووە.

٥- تێبینیکردنی هەر شتێك لەسەر جلوبەرگ و لەشی تاوانلێکراو کە سوودی بو لێکۆڵەر دەبێت تاوەکو بزانیٚ باری مردنەکە تاوانە یان خۆکوشتنە.

## چوارەم: خۆکوشتن و خنکاندن

خنکاندن و وەستانی هەناسە بەهۆی نەچوونی ئۆکسجین بۆ سەر، دوای چەند خولەکێکی کەم دەمرێت، ئەوەش یان بە دەست یان بەربەستێك لە کاتی خستنە سەر ڕێڕەوی هەناسەی قوربانییەکە، کۆمەڵێك نیشانە دروست دەبێت بە هۆیەوە لێکۆڵەر دەزانێ ئەو کەسە کوژراوە یان خۆیکوشتووە، دەم و چاوی مردووەکە هەڵئاوسا و دەبێت و چاوەکانی دێنەدەرێ و لێوەکانی و پەنجەکانی مۆرهەڵدەگەرێ، ئەستەمە باری مردنی بەم شێویە واتا خنکان بە دەستی خۆکوژەکە خۆی بێت، زۆربەی حاڵەتەکانی خنکان تاوانکارییە، لێکۆڵەر بەهۆی ئەو برین و داڕووشانەی لەسەر لاشەی قوربانییەکە هەیە دەتوانێ خوێندنەوەی دروست بۆ ئەم باری مردنە بکات کە خۆکوشتنە یان تاوانی کوشتنە.

## پێنجەم: خۆکوشتن و خنکانی نقومبوون لە ئاو

نقومبوون لە ئاو بۆ ماوەی چەند خولەکێك دەبێتە هۆی ئەوەی کرداری هەناسە لەکار بکەوێت و لە ئاکامدا کەسەکە دەمرێت، هەندێ خنکانی ناو ئاو تاوانە و هەندێکی تر کەسی خۆکوژ پەنای بۆ دەبان خۆی دەخاتە رووبار و زێی و دەخنکێت، ئەم دوو بارە زۆر بە ئەستەم لە یەکتر جیادەکرێنەوە، بەهۆی نەبوونی نیشانەی زۆر دیار و زەق، بەڵام لێکۆڵەر دەتوانێ بەهۆی نیشانەکانی سەرجلوبەرگ و ئەو برینانەی لەسەر لاشەی مردووەکەوە هەنە لەوانەی بوونی برینی چەقۆ یان گوللە یان برین و داڕووشان کە هۆکارەکەی توندوتیژی لە ئاکامی بەرگریکردنە لەخۆ بەهۆەیوە دەزانرێ ئەو کەسە خۆیکوشتووە یان کوژراوە.

## شەشەم: خۆکوشتن و ژەهراوییبوون

ژەهراویبوون وەرگرتن و پێدانی مادەی ژەهراوییە کە دەبێتە هۆکاری تێکچوونی شانەکانی ناوەوەی لەش و دەبێتە هۆی مردن و زۆربەی بارەکانی ژەهراوییبووون تاوانە، تەنیا ئەو بارانە نەبێت کەسەکە بەهۆی ئەو مادانەوە هەوڵی خۆکوشتن

**دەدات، بەهۆی ئاسانی ئەو جۆرە کوشتنە بە مادەی ژەهراوی یان ئەوەتا لە ڕێگەی دەم ڕاستەوخۆ یان لە ناو ئاو و شلە و خواردن یان لە ڕێگەی سرنج لێدان لە دەمار و شانە ئاسان نابێت باری مردووەکە کە خۆی کوشتووە یان کوژراوە، لێکۆڵەر هەموو ئەو شوێنەوارانەی سەر لەش و جلوبەرگ و کەلوپەلی دەروپشتی مردووەکە پشکنینی وردی بۆ دەکات، بوونی حەبی جۆراوجۆر و وەرگرتنی زیاتر لە چەند دانەیەك واتای هەوڵی خۆکوشتن دێت، بەڵام بوونی مادەی ژەهراوی و مادەی زەرنیخ لە ناو کوپی چای مانای تاوانی کوشتن دێت.**

**بۆ نمونە: مردنێکی بە ماددەی زەرنیخ هەبوو کەسی مردووەکە پیربوو زۆر**



**( وێنەیەکی خۆکوشتن و ژەهراوییوون بە دەرمان )**

**دەوڵەمەند بوو، دوای ئەوەی مادەی زەرنیخ بەهۆی پشکنینی لە پزیشکی دادوەری بە دیارکەوت و گوایە نامەیەکی داننان بە خۆکوشتن لە لای ئەو کەسەوە بەجێماوە، لەبەر هۆکاری پیربوونی خۆی کوشتووە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت دوو کوڕی کەسە مردووەکە ڕێکدەکەون و باوکیان ژەهراوی دەکەن و دەیکوژن،**

تاوەکو میراتی لێوەربگرنەوە و نامەیەکیشیان نوسیبوو تاوەکو وادەرببخەن کە خۆی کوشتووە، لە ئەنجامی لێکۆڵنیەوە دەرچوو ئەوان ژەهرخواردیان کردووە لە رێگە لێدانی دەرزی و پاش جیاوازیپێکردنی خەتیان دەرچوو یەکێکیان نامەکەی نووسیووە و دوای دەرکەوتنی ئەو بەڵگانە دانیان بە تاوانەکەیان نا کە ئەوان بۆ سامان و پارە باوکیان کوشتووە. "٢"

## بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی دزیکردن

تاوانی بەدزی بردنی سامانی گواستراوەی کەسێکە لە لایەن تۆمەتبار بە نیازی دەستبەسەرداگرتن و سوود وەرگرتنی ئەو کەسەیە کە تاوانی دزییەکە ئەنجامدەدات و وەرگرتنی سیفەتی تاوان کرداری دزین دەبێ چوار بنچینەی تێدا بێتە دی:

١-کرداری دزینەکە.

٢-کرداری دزینەکە لەسەر سامانی گواستراوە.

٣-خاوەنی سامانەکە تۆمەتبار نییە و کەسێکیترە.

٤-نیازی تاوانکاری

مەرج نییە ئەو بردن و دەست بەسەرداگرتنەی سامانی تاوانلێکراوەکە تەنیا بە دەست بێت، بەڵکو کرداری بردنەکە بە دزی هەژمار دەکرێت، ئەگەر تۆمەتبار بەهۆی ئامێر و هۆکارێکی تری لەم جۆرە و بەهۆی ئاژەڵ و منداڵ و بەرکارهێنانی خەوتنی موگناتیسی و حیسابی بانکی و لە رێگەی کۆمپیوتەر، بۆ نمونە بەرکارهێنانی سەگ و مەیمونی راهێنرا و بۆ بردنی سامانی گواستراوە بە تاوانی دزیکردن هەژمار دەکرێت.



( هەوڵێکی تاوانکردن )

**تاوانی دزیکردن بەپێی یاسای سزاکانی عێراقی و هەرێمی کوردستان بە بەسزادانی تۆمەتبار دەبێت و هەندێکیان باری توندکردنی بە پێی یاسا بە دیاریکراوی لە سزاکە بەسەردا دەسەپێندرێت، بەو واتایەی ئەو بارانەی بە توندکردن هەژماردەکرێن، لەوە زیاتر دادگا ناتوانێ بارێکی تر زیاد بکات لەخۆیەوە ئەگەر لە یاسای سزاکان نەهاتبێت، تاوانی دزیکردنی ئاسایی دەکەوێتە نێو بارێك یان زیاتر، ئینجا لە رووی یاساوە دەکەوێتە خانەی دزیکردن لەگەڵ باری توندکردن، ئەم بارانەش بریتین لە:**

**١-شوێنی دزیکردنەکە :**

**شوێنی نیشتەجێبوون یان هەر بەشێکی تر و شوێنی پەرستن و رێگای گشتی و شوێنێك بە دیوار و سیم دەور درابێت و دزی لێبکرێت تاوانەکە سزای باری توندکردن دەیگرێتەوە.**

**٢-کاتی دزیکردنەکە :**

**بارەکە توند دەبێت ئەگەر تاوانی دزیکردنەکە لە کاتی شەو و شەڕ و کارەساتێکی مرۆیی بوو.**

**٣-ژمارەی تۆمەتبارەکان :**

تاوانی دزییەکە بارەکەی توندکردن دەبێت ئەگەر دزیکردنەکە لە لایەن زیاتر لە تۆمەتبارێك ئەنجامبدرێت.

**٤-سیفەتی تۆمەتبار :**

سزای دزیکردنی باری توندکردنی لەگەڵدا دەبێت، ئەگەر تۆمەتبار خزمەتکار و کرێکار و دروستکەر و کارمەندی میری، یان هەر کەسێك کارێکی خزمەتگوزاری گشتیی پێ راسپاردرابێت، یان لەگەڵ یەکێك لە شوێنەکە رێکەوتبێت.

**٥-شێوازی دزیکردنەکە:**

تۆمەتبار هەڵدەستی بە دزیکردنەکە بە زۆری و هەڕەشەلێکردن بەچەك و هەڵسان و شکاندن و بەرکارهێنانی کلیل یان بە هەر فرت و فێڵێك بیکاتەوە، یان بانگەشەی هەڵسان بە کارێکی گشتی و شکاندنی مۆری دەزگایەکی رەسمی و دادگای لەسەر بێت و دزی لێبکرێت. "٣"

## بەندی یەکەم: کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر تاوانی دزییەکە

لێکۆڵەر لە کاتی بوونی تاوانی دزیکردن پێویستی بە دەستکەوتن و کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاری هەیە لە قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوە، بۆ ئاراستەی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی دروست دەسپێبکات و لە دەستگیرکردنی تۆمەتبار نزیك ببێتەوە لەوانە:

١- کات و رۆژی روودانی دزییەکە.

٢- شوێنی سامانە دزراوەکە پێش دزینی.

٣- هۆکاری دانانی سامانەکە لەو شوێنە.

٤- ناسنامەی ئەو کەسەی بە پارە دزراوەکەی زانیوە.

٥- لیستێك بەناوی ئەو کەسانەی زانیاریان هەیە کە سامانەکە دزراوە.

**٦- لیستێك بەناوی ئەو کەسانەی شوێنی پارەکەیان زانیوە.**

**٧- ئەو کەسانەی بە پارەکە گەیشتوون و بینویانە لەو شوێنە.**

**٨- لیستێك بەناوی ئەو کەسانەی پێش و پاش دزینی سامانە گواستراوەکە نزیکبوونەتەوە.**

**٩- خاوەنی سامانە دزراوەکە کێیە؟.**

**١٠- جۆری پارە دزراوەکە یان هەر زانیارییەکی ورد لەسەری.**

**١١- زانیاری کۆکردنەوە لەسەر گومانلێکراوان ئەو ناوانەی دادخواز دەیدات، تا بزانریٚ باری ئابووریان لە چ ئاستێکدایە.**

**١٢- لێپێچنەوە لەگەڵ گومانلێکراوان.**

**١٣- پشکنینی شوێنی رووداو پەنجەرەکان شکاون یان نا، هەروەها ئەو ئامێرانەی بەرکارهاتوون بۆ هاتنە ژوورەوە.**

**١٤- هەڵگرتنەوەی ئەو ئامێرانەی ئەو شوێنەیان پێشکێندراوە کە سامانە دزراوەکەی تێدابووە.**

**١٥- تێبینیکردنی جێنیشانی پیٚ و خەملاندنی هی چ جۆرە کەسێکە رەگەزی چییە، گەورەیە یان بچوك .**

**١٦- هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆری گومانلێکراوان.**

١٧- تێبینیکردنی هەر شلەیەکی لەش لەوانە خوێن لەسەر دەرگا و پەنجەرە و ژوورەکان.

١٨- دیاریکردنی شوێنی دزیکردنەکە لە شانۆی تاوان لەوانە کەنتۆر و دۆلاب و قاسە یان هەر شوێنێکی تر کە سامانەکەی تێدا هەڵگیراوە.

١٩- تێبینیکردنی شوێنەواری هەر سیفەت و نەریتێکی تۆمەتبار لە شانۆی تاوان بەجێهێڵدرابێت.

٢٠- تێبینیکردنی دەوروپشتی شوێنی رووداني دزییەکە.

## بەندی دووەم: رێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانی دزیکردن

دوای ئەوەی لە قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوە لێکۆڵەر هەڵدەستیٚ بە کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجامدانی رێکاری یاسایی بۆ تاوانەکە و هەڵدەستی بە ئەنجامدانی :

١- کردنەوەی کۆنووسی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لە تاوانی دزییەکە.

٢- وەرگرتنی وتەی هەواڵدەر و دادخواز، تۆمارکردنی هەموو ئەو زانیارییانەی لەسەر دزییەکە، لە جۆری سامانە دزراوەکە و کات و شوێن و ناوی خاوەنی سامانە دزراوەکە و دیاریکردنی شوێنی تاوانەکە و هەر زانیارییەکی تر پەیوەندی بە تاوانی دزییەکەوە هەبێت.

٣- خێرا چوون بۆ شوێنی تاوان و لێکۆڵەر تا زانیارییەکان وەردەگریٚ و ئەو رێکارە یەکەمینییانە دەکات، پێویستە چەند پۆلیسێك رەوانەی شوێنی رووداني تاوانەکە بکات، بۆ پارێزگاریکردن لە شانۆی تاوان بە مەبەستی نەفەوتان و تێکنەچوونی بەڵگەکان.

**٤- لێکۆڵەر نابێ لێبگەڕێ بەهەر هۆیەك تەنیا ئەگەر بریندار هەبوو پێویستی بە چارەسەرکردن هەبوو هیچ کەسێك لە شانۆی تاوان بچێتە دەرەوەو بێتە ژوورەوە.**

**٥- ئاگادارکردنەوە کارمەندانی بەڵگەی تاوان و شارەزیانی بواری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری.**

**٦- لێکۆڵەر لە شانۆی تاوان دەست دەکات بەرکاری پشکنین بە شێوەیەکی زانستی و هونەری و دیاریکردنی شوێنەوار و بەڵگەکان و پاراستن و هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆرو جێنیشانی پێ و ئەو ئامێرانەی لە تاوانی دزییەکە بە کارهاتوون، یان هەر مادەیەکی تر گومانی لێدەکرێت هی تۆمەتبار بێت لە چەقۆ و چەك و پاکەتە جگەرە و کلێنکس و شقارتە و یان هەر شتێکی تر تۆمەتبار بەجێیهێشتبێ.**

**٧- دیاریکردنی شوێنی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی تۆمەتبار لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانی دزییەکە.**

**٨- دیاریکردنی شێواز و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانی دزییەکە.**

**٩- دەرخستنی شوێنی تاوانەکە و دیاریکردنی ئەو شوێنەی سامانە گواستراوەکەی لێدانراوە، بۆ نمونە دۆلاب شێوەکەی چۆنیەتی شکاندن و کردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتووە.**

**١٠- دیاریکردنی سیفەتەکانی تۆمەتبار لە ڕێگەی ئەو شوێنەوار و بەڵگانەی لە دوای بە جێماوە لەوانە:**

**أ- رەگەز و تەمەنی تۆمەتبار.**

**ب- سیفەت و پیشەی تۆمەتبار.**

**ج- چۆنیەتی هاتنە ژوورەوە، شکاندنی دەرگاو پەنجەرە یان بەرکارهێنانی دەرنەفیس و مشار و بۆڕی و بەرکارهێنانی قاندرمە.**

**ت- چۆنیەتی چوونە دەرەوەی تۆمەتبار بە هەمان شوێن گەڕاوەتەوە یان شوێنێکی تری بەرکارهێناوە بۆ جێهێشتنی شانۆی تاوان.**

**د- هۆکاری گواستنەوەی بەرکارهاتوو بە هاتنی تۆمەتبار بۆ شانۆی تاوان و گواستنەوەی سامانە گواستراوە دزراوەکە.**

**ه- چەند کەس کاری دزییەکەیان ئەنجامداوە.**

**و- کاتی روودانی تاوانەکە زۆر گرنگە لە رۆژ بووە یان بە شەو لەبەر ئەوەی بە رۆژ گریمانی دیتنیان لە لایەن کەسێکەوە لێدەکرێت و لەوانەیە تۆمەتباران بناسێت یان بیانناسێتەوە.**

**ز- مەبەستی دزینەکە چیە بۆ دەستکەوتنی سامانی یان هۆکاری تۆڵەسەندنەوە و کێشەی کارو پیشەی ئابووری لە دواوەیە.**

**ح- سیفەت و رەفتارە تایبەتەکانی تۆمەتبار، زۆر تۆمەتبار هەیە رێگەیەکی تایبەتی بۆ دزیکردن هەیە، یان لە هەر تاوانێك شوێنەوارێکی تایبەت بەخۆی کە دەربڕە لە شێوازی دزیکردنکە و ناسینەوەی ئەو شێوازە.**

**ی- شوێنەواری بەجێماو لە پەنجەمۆر و پێیەمۆر و شوێنەواری هۆکاری گواستنەوە.**

**١١- پەیوەندیکردن بە تۆماری تاوانکاری بۆ پشکنین لەو زانیاری و سیفەتانەی لایان هەیە جیاوازی پێکردنیان لەگەڵ گومانلێکراوەکان.**

**١٢- وەرگرتنی وتەی خاوەن سامانە دزراوەکە لەسەر بڕ و پێکهاتەکەی.**

**١٣- لێکۆڵینەوە لەباری ئەو کەسانەی لەو شوێنەن یان کاردەکەن لە کارمەند و خزمەتکار و پاککەرەوەو پەیوەندییان بە خاوەنەکەی و نزیکیان لە سامانە دزراوەکە.**

**١٤- دابەشکردنی دەستەی نهێنی و گەیاندنی زانیاری بە کەسە باوەڕپێکراوەکان بۆ ئەوەی چاوکراوە بن لەکاتی زانین و بینینی گومانلێکراوان. "٤" .**

# بەشی چوارەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی ئاگرکەوتنەوە

**لە کاتی ڕوودانی تاوانی ئاگرکەوتنەوە و خێرا کوژاندنەوەی بەهۆی ئاگرکوژێنەوە کارێکی باش دەبێت و لێکۆڵەر بە ئاسانی دەتوانیّ لە هۆکاری ئاگرکەتنەوەکە بکۆڵێتەوە و ئاشکرای بکات، بەڵام ئەگەر ئاگرەکە زۆر بێت و درەنگ بکوژێتەوە ئەوا زۆربەی بەڵگەو شوێنەوارەکان لەگەڵی دەسوتێن و لێرەدا کاری لێکۆڵەر قوڕس دەبێت، ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە یان ئەوەتا کەسێك بە ئەنقەست و دەیکات یان بەقەست و مەبەستێکەوە دەیکات، ئەمەش دەکەوێتەی خانەی تاوان و یاسا سزای بۆ داناوە یاسادانەری کوردستان و عێراق بەهۆی مەترسی زۆر و زەرەری زۆری ئەم ڕووداوانە سزای توندی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکانن:**

**١- سزا دەدرێت بە سزای تاوانکاری هەر کەسێك بە قەست ئاگر بەرداتە سامانی گواستراوە و نەگواستراوە.**

**٢-سزا دەدرێت ئەو کەسەی ئاگر لە سامانی گواستراوە و نەگواستراوەی خۆی بەربدات بە هۆیەوە گیان و سامانی کەسانی تر بخاتە مەترسییەوە.**

٣- سزا دەدرێت ئەو كەسەی بە ئەنقەست لە دەستی بە هەڵە ئاگر بەربووە ماڵی گواستراوە و نەگواستراوە، بە هۆیەوە گیان و سامانی هاووڵاتییان بكەوێتە مەترسییەوە، چەندەی ئاگرەكە زیاتر بێت سزاكەی باری توندكردن وەردەگرێت.

## بەندی یەكەم: ئەركی لێكۆڵەر لە كاتی ئاگر كەوتنەوە

لێكۆڵەر جگە لە كاری لێكۆڵینەوە لەتەك پیاوانی ئاگركوژێنەوە و پۆلیس و تیمەكانی تر ئەركەكانی بەجێدەگەیەنێت، هاوكاری یەكتر دەبن بۆ سەرخستنی كارەكانیان و كەمكردنەوەی زەرەر و زیان و تاوەكو بتوانێ بە شێوەیەكی رێكوپێك ئەركەكانی بەجێبگەینێ:

١- وەرگرتنی گوتەی هەواڵدەر یان خاوەنی ئەو شوێنەی ئاگری تێبەربووە .

٢- دەوردان و كۆنترۆڵكردنی دەوروپشتی ئەو شوێنەی ئاگری تێبەربووە.

٣- رزگاركردنی ئەو كەسانەی گیانیان لە مەترسیدایە بەهۆی ئاگرەكەوە.

٤- ئاگاداربوون لەو دەرگا و پەنجەرە و شوێنە كراوەكان نەوەك گڵپە بكەن و ئەوانی نزیك لەو شوێنەش بسوتێنێ.

٥- هاوكاریكردنی پیاوانی ئاگركوژێنەوە لە رێنیشاندان و ئاسانكردنی ئەركەكانیان.

٦- چۆڵكردنی رێگا و شەقامی بەردەم و نزیك شوێنە ئاگر تێبەربووەكە.

٧- پارێزگاریكردن لەو كەلوپەل و ئامێرانەی لە شوێنەكەن بەهۆی پیاوانی ئاسایش و پۆلیسەوە.

٨- گرنگیدان بە زیانلێكەوتووان و بریندارەكان و یارمەتیدانیان.

٩- ڕێگەگرتن لە تالأن و دزینی شوێنە ئاگر تێپەربووە.

## بەندی دووەم: ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە کاتی ئاگر کەوتنەوە.

لەکاتی ڕوودانی ئاگرکەوتنەوە لەهەر شوێنێك کۆمەڵێك ڕێکار هەیە لێکۆڵەر دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی ئاگر کەوتنەوەکە بە کرداری تاوان کرابێت بزانرێت و ناسنامەی ئەو کەسانە ئاشکرا بکرێت کەبوونەتە هۆی ئاگر کەتنەوەکە.

١-وەرگرتنی گوتەی هەواڵدەر و خاوەن شوێنە ئاگر تێبەربووەکە.

٢-ئاگادارکردنەوەی تیمی شارەزایان و بەڵگەی تاوان تا بە زووترین کات بگەنە شوێنەکە.

٣- خێرا چوون بۆ شوێنی ئاگر تێبەربووەکە.

٤-دەست بەسەرداگرتنی دەوروپشتی شوێنەکە و گواستنەوەی سووتاو و بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە لە لایەن تیمی پزیشکی.

٥- لێکۆڵەر کاتی گەیشتنی بە شوێنی ئاگر کەوتنەوەکە تۆمار دەکات و بەشێوەی زارەکی و خێرایی لە چۆنیەتی ئاگر کەوتنەوەکە دەپرسی و یەکەم کەس ئاگرەگەی بینیوە، سەرەتا لە یەك شوێن ئاگر کەوتنەوەکە دروست بوو یان چەند شوێنێك؟

٦- لە کاتی ئاگر کەوتنەوەکە هەر کەسێ لەناو شوێنەکە ببینرا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، کە بۆ لەو شوێنەیە و چ پەیوەندی بە خاوەن شوێنەکەیەوە هەیە.

٧- پشكنینی شوێنی رووداوی ئاگركەوتنەوەكە و گەڕان لە دوای ئەو ماددیەی بۆتە هۆی ئاگر كەوتنەوەكە، لە كبریت و سووتەمەنی و هەر ماددەیەكی بەركاردەهێنرێت بۆ ئاگركەوتنەوە.

٨- تێبینیكردنی دەرگا و پەنجەرەكان كە كراوە بوونە یان شكێندراون.

٩- تێبینی و تەماشاكردنی دۆڵاب و قاسە بۆ ئەوەی بزانرێ دزی لەو شوێنەكراوە پێش سووتاندنی، لەبەر ئەوەی هەندێ دز بۆ نەهێشتنی شوێنەواری دزییەكەی و دوورخستنەوەی گومان لەسەر لە دوای ئەوەی ئامانجی دزییەكەی دەپێكێ، شوێنەكە ئاگر تێبەردەدات.

١٠- تێبینیكردنی هەموو ئەو شوێنەواری پێ و تایە لە شوێنە سووتاوەكە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە لە كاتی لێكۆڵینەوە سوودی هەبێت بۆ ئاشكراكردنی هۆكاری ئاگر كەوتنەوەكەو دەستگیركردنی تۆمەتباران.

١١- پشكنینی وایەری كارەبا و ئامێرە كارەباییەكان كە بە هەڵە و ئەنقەست لەناو یەكترنرابن بە مەبەستی شۆڕت پێكردنیان.

١٢- هەڵگرتنەوەی هەموو ئەو بەڵگانەی گومانی لێدەكرێت بەركار هاتبن بۆ ئاگر كردنەوەكە و رەوانەكردنیان بۆ تاقیكەكانی بەڵگەی تاوان.

١٣- لێكۆڵینەوە لەباری شوێنەكە كە دڵنیایی هەیە یان نییەتی، لەبەر ئەوەی هەندێ جار شوێنێك دەسوتێندرێت لە لایەن خودی خاوەن شوێنەكە بە مەبەستی وەرگتنی پارەی قەرەبووی دڵنیایی.

١٤- وەرگرتنی تەواوی زانیاری لەسەر شوێنەكە لە خاوەنەكەی كەچی هەبووە، پێشتر چی روویداوە ناكۆكی و ئەو كەسانەی دوایین كات پێش ئاگركەوتنەوەكە لە شوێنەكە بووینە.

١٥- ئەگەر لاشەی سووتاوی مردوو هەبوو راستەوخۆ رەوانەی پزیشكی دادوەری دەكرێت، تاوەكو بزانرێت هۆكاری مردنەكەی سووتانە یان كوژراوە، ئینجا سووتێنراوە.

١٦- ئەنجامدانی هێڵكاری و نەخشەی شوێنی رووداوی سووتانەكە.

١٧- وەرگرتنی زانیاری و وتەی شاهێدەكان كە زانیارییان لەسەر ئاگر كەوتنەوەكە هەیە.

١٨- تۆماركردنی ئەو رێكارانەی ئەنجامدەدرێت لە كۆنووسی پەڕاوی لێكۆڵینەوە و واژۆكردنی.

## بەشی پێنجەم: لێكۆڵینەوە لە تاوانی لاقەكردن

ئەو جۆرە تاوانانە لە هەموو كۆمەڵگەیەك بوونی هەیە، جار هەیە قوربانی تاوانەكە مێیە و جاریش هەیە نێرە، ئینجا قوربانییەكە گەیشتبێتە تەمەنی یاسایی یان نەگەیتشتبێتە ئەو تەمەنە، تەمەنی بالقبوون هەرچەندێك بێت، لەبەر ئەوەی زۆرلێكردن و فرت و فێڵ و وادەی بە درۆی تێدایە، یاسا سزای ئەو كەسانە دەدات و تەمەنی قوربانییەكە جۆری سزاكە دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە لێكۆڵینەوە لە تاوانی لاقەكردن وردبینی و ژیری زۆری پێویستە و كۆمەڵێك رێسا هەیە لێكۆڵەر دەیگرێتە بەر لە كاتی رووداني تاوانی لاقەكردن و ئابڕووبردن:

١- لێكۆڵینەوە لە جۆری پەیوەندی نێوان تۆمەتبار و تاوانلێكراوی لاقەكراو، لەبەر ئەوەی لەوانەیە دەستگیرانی بێت یان خۆشەویستی یەكتر بن و هاوسێ

**یان هاوڕێی یەکترن یان کچ هەیە لە ترسان دەیخاتە سەر کەسێکی نەناسراو یان ناسراو.**

**٢- لێکۆڵینەوە لەو فرت و فێڵەی تۆمەتبار لەگەڵ قوربانییەکە بەرکاریهێناوە، زۆر جار دەڵێن تۆمەتبار خواردن یان خواردنەوەی پێداون پاشان ئاگایان لەخۆ نەماوە، هەندێ تۆمەتبار دەستەسڕی بەماددە هۆشبەر بەرکاردێنێ و دەیخاتە سەر دەم و کەپووی تاوانلێکراو لە هۆش خۆی دەچێت و ئینجا تۆمەتبار چی بوێ لەگەڵی دەکات.**

**٣- لێکۆڵینەوە لە جۆری چەك و ئامێرانەی تۆمەتبار بۆ ترساندنی لاقەکراوەکە بەرکاریدەهێنێت تاوەکو ئارەزووەکانی بەجێ بگەیەنێت.**

**٤- تێبینی کردنی کەسی لاقەکراو کە ژنە یان کچە لە کاتێك کچ بێت خوێنی لێهاتووە.**

**٥- لێکۆڵینەوە لە شوێنەواری بەرگریکردنی تاوانلێکراو کە هیچ برێن و داڕووشان لەسەر لەشی شوێنەواری هەیە.**

**٦- پشکنینی جلوبەرگی دەرەوەو ناوەوەی لاقەکراوەکە، لە هیچ شوێنێك دڕاوە، یان هەر شلەیەکی لە خوێن و سپێرم لەسەری بێت، ڕەوانەی تاقیگە دەکرێت بۆ پشکنینی.**

**٧- ئەگەر تاوانلێکراو کچ بوو گومانی ئەوەی لێکرا کە پەردەی کچێنی نەمابێت ڕەوانەی پزیشکی دادوەری یان پزیشکی تایبەتمەند دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێ چی شوێنەواری برین و داڕووشان لەسەر لەشی هەیە و برینەکان کۆنن یان**

**نوێن، هەروەها ئایا ئەو کەسە کچە یان ژن جۆری لاقەکردنەکە و ئەگەر پەردەی کچێنی نەمابێت ماوەکە چەندە نەیماوە.**

**٨- پشکنینی ئەو شوێنەی تاوانی لاقەکردنەکەی تێدا ئەنجامدراوە، شوێنەکە داخراوە هاوسێیەکانی ئایا لە کاتی هاوارکردن دەنگ دەگاتە هاوسێیەکان یان ناگاتێ .**

**٩- پشکنینی شوێن و دۆشەکەی کاری لاقەکردنەکەی لەسەر ئەنجامدراوە لەگەڵ تێبینیکردنی سەر زەوی دیوار کە هیچ جۆرە شلەیەکی خوێن و سپێرمی پێوەیە، ئەگەر هەبوو لە ڕێگەی شارەزایانی بەڵگەی تاوان هەڵدەگیرێنەوە و ڕەوانەی تاقیگەکان دەکرێن.**

**١٠- لێکۆڵێنەوە لەگەڵ تۆمەتبار دەکرێت ئەگەر نکۆڵی لە تاوانەکەی کرد، داوای وەڵام و ڕوونکردنەوەی لێدەکرێت، بۆچی تاوانلێکراوی لاقەکراو تۆمەتباری دەکات و پەیوەندی لەگەڵیدا چییە؟.**

**١١- پشکنینی جلوبەرگی تۆمەتبار لە کاتی بینینی هەر شتێك و دڵۆپ و ماکێك ڕەوانەی پشکنین دەکرێت.**

**١٢- گوێگرتن لە گوتەی هەر یەك شاهێدەکانی بەرگری و سەلماندن بۆ گەیشتن بە ڕاستی تاوانی لاقەکردنەکە.**

**١٣- لێکۆڵینەوەی نهێنی ورد لە ڕابردووی هەر یەك لە تۆمەتبار، لە ڕووی پەیوەندی ڕەوشتییەوە لە چ ئاستێکە لەبەر ئەوەی زانینی ڕابردوویان زۆر شت بۆ لێکۆڵەر ڕووندەکاتەوە.**

**١٤- ئاسانکاری بۆ تۆمەتبار و تاوانلێکراوی لاقەکراو دەکرێت، سەربارەت بە دەرفەتی بەستنی گرێبەستی مارەبڕین لە دادگا بۆ ئەوەی خانەوادەی هەردوولا تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی و دوژمنکاری نەبنەوە.**

**بۆ نموونە: کەسێك لە گەڕەکی کەڕامە لە موسل سەردانی لێکۆڵەر دەکات و پێی دەڵێت جیرانەکەمان کوڕێکیان هەیە، کچەکەمی کە تەمەنی ١٧ ساڵە کردۆتە ژن و پەردەی کچێنی نەهێشتووە، ئەو ڕووداوەش پێش شەش سەعات بووە، دوای دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە کچە قوڕبانییەکە وتی زۆر دەچمە ماڵی جیرانەکەمان ئەو جارە کە چووم کەسیان لە ماڵ نەبوو، کوڕەکەیان منی هەڵخەڵەتاند و وادەی هێنان و مارەکردنی پێدام و منیش خۆم دایە دەست وکردمیە ژن، ئەو کاتە خوێنیشم بینی، وتی ئێستاش خوێنەکە هەر بە لەشمەوەیە، پاش ڕەوانەکردنی بۆ پزیشکی دادوەری دەرکەوت پەردەی کچێنییەکەی زۆر لە مێژە نەماوە هی چەند ڕۆژێك نییە، بەڵکو هی چەند مانگە و شوێنەواری برینێك لەناو لەشی هەیە کە پێدەچێت برینەکە بەهۆی ئامێرێکی ئاسنی تیژ بێت، دوای لێپرسینەوە لەگەڵ کچەکە ئاشکرایکرد، کە ئەوانەی وتویەتی هەمووی درۆیە، بەڵکو پێش شەش مانگ کراوەتە ژن لە لایەن خاوەن فڕنی سەمونی نزیك ماڵیان، کە هەموو بەیانییەك دەچوو سەموونی لێدەکڕی و پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ خاوەن سەمونخانەکە دروستکردبوو، وتی ئەو بەیانییە باران بوو کە چووم کەس لە فڕنییەکە نەبوو خاوەن فڕنییەکە قسەی خۆشی بۆ کردم و وتی وەرە ژوورەوە با گەرمت کەمەوە، منیش چووم وتم بە گەرمایی فڕنییەکە گەرمم دەکەیتەوە وتی نەخێر بە گەرمایی خۆم گەرمت دەکەمەوە و منی خستە باوەشی خۆی و ئەوە گەرمت دەکەمەوە و لە ناو باوەشی بووم قسەی خۆشی بۆ دەکردم و وتی دەتهێنم و با هەر لە ئێستاوە کاری سێکسیت لەگەڵ بکەم، ئەوەبوو منیش خۆم بۆی شلکرد و پەردەی کچێنیمی دڕاند و دوای دەستگیرکردنی خاوەن فڕنییەکە دانی بە تاوانەکە نا کە ئەو کردوویەتی و ئێستاش ئامادەیە بیهێنێت.**

# بەشی شەشەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی رفاندن

تاوانی رفاندن لە سەردەمی ئەمڕۆ روو لە زیاد بوونە و ئەو تاوانە بۆ زۆر مەبەست ئەنجامدەدرێت، لە لایەن تۆمەتبارێك یان دەستەیەك لە تۆمەتبار ئەنجامدەدرێت زۆربەی کاتەکان زیاتر لە تۆمەتبارێکن، بۆ ئەوەی کاری رفاندنەکە ئاکامی هەبێت، هۆکاری رفاندن زۆرن هەیە بۆ کاری سێکسی و هەیە بۆ مەبەستی دەستکەوتنی پارە و سامان دوای رفاندنی تاوانلێکراوەکە، بەرامبەر ئازادکردنی تۆمەتباران داوای پارە لە خانەوادەکەی دەکەن، هەندێ جار رفاندن بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە و کوشتن دەکرێت و هەندێ جار منداڵی کچی جوان دەرفێندرێت، لە لایەن تۆمەتبارانەوە دەدزرێت فێری سەما و کاری بەدڕەوشتی دەکرێن کاتێ گەورەدەبن پارەیان پێ پەیدا دەکرێت، ئێستا رفاندنی تر پەیدابووە کەسانێك دەرفێندرێن بە مەبەستی لێکردنەوەی یەکێك لە ئەندامانی لەشی بۆ نمونە گورچیلە و هەندێ جار تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجامدەدرێت، هەندێکیان ئەندامەکانی لەشیان بەرکار دەهێنن یان دەیفرۆشن، بۆیە ئەو تاوانە بە یەکێك لە تاوانە قێزەوەنەکان هەژماردەکرێت یاسا سزای ئەو کەسەی کاری رفاندنەکە و ئەوەی هاوکاری دەکات و ئەوانەیشی تاوانلێکراوەکە لای خۆیان بەند دەکەن دەدات، لەبەر هەستیاری تاوانەکە لێکۆڵەر کۆمەڵێك رێکار هەیە دەیگرێتە بەر لە کاتی لێکۆڵینەوەی لە تاوانی رفاندن:

١- وەرگرتنی زانیاری تەواو لەسەر کەسی رفێندرا و منداڵ بێت یان گەورە لەگەڵ وێنەیەکی رفێندراو لەگەڵ وەرگرتنی کات و شوێنی رفاندنەکە

٢- وەرگرتنی گوتەی ئەو شاهێدانەی کاری رفاندنەکەیان بینیوە.

٣- لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەی کەسە رفێندراوەکە دەکرێت، کە دوژمنکارن لەگەڵ کەس بە شەڕ هاتوون و کێبڕکێیان لەگەڵ کێ هەیە.

٤- گفتوگۆ کردن لەگەڵ کەسە نزیکەکانی کەسە رفێنڕاوەکە بۆ ئەوەی بزانرێ لەگەڵ کەس کێشەی هەبووە یان هەڕەشەی لێکراوەو لەکاتی رفاندی ئۆتۆمبێلیان بینیوە جۆر و ژمارە و رەنگ و مۆدێلی چ بووە و تۆمەتباران چەند کەس بوون.

٥- بڵاوکردنەوەی وێنەو زانیاری لەسەر کەسە رفێنڕاوەکە بۆ بنکەکانی پۆلیس و بازگەو نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان.

٦- لە خاڵی رفاندنەکە دەست بە پشکنین دەکرێت بەرە و ئەو رێگا و شوێنەی تۆمەتباران پێیدا رۆیشتوون بە ماوە رووبەرێکی زۆر دەورووبەرەکە پشکنینی بۆ دەکرێت.

٧- تۆمارکردنی ناو و وێنە و زانیاری کەسە رفێنڕاوەکە لە بڵاوکراوەی تاوانکاری بۆ زۆربوونی هەوڵەکان لە پێناو دۆزینەوەی رفێنڕاوو دەستگیرکردنی تۆمەتباران.

٨- داوا لە هۆبەی تۆماری تاوانکاری دەکرێت بۆ زانینی ناسنامەی ئەو کەسانەی لە پێشتر کاری رفاندنیان کردووە.

٩- لە کاتی دۆزینەوەی رفێنڕاوەکان دەبێ لێکۆڵینەوە لە راستی و دروستی بانگەشەی رفاندنەکەیان بکرێت، لەبەر ئەوەی زۆر جار مێردمنداڵان بەهۆی کاری خراپ و چوون بۆ جێگەی خراپ بانگەشەی رفاندنیان لە لایەن کەسانی نەناسراو دەکرێت.

١٠- لەو تاوانانەی رفاندن کە داوای پارەی تێدا دەکرێت، لێکۆڵەر لەگەڵ خانەوادەی کەسە رفێنڕاوەکە رێکدەکەون بۆ دانانەوەی کەمین بۆ تۆمەتباران و

دوای دانانی شوێنی وەرگرتنی پارەکە دەکرێت و پۆلیس شوێنەکە کۆنترۆڵ دەکەن و لە کاتی گەیشتنی تۆمەتبارن دەستگیر دەکرێن.

١١- وردبینی لە بانگەشەی رفاندن ئەگەر تۆمەتباران تەلەفۆنیان بۆ خانەوادەکە نەکردبوو، لێکۆڵەر دەبێ ئەوەی بە بیر دابێت لەوانەیە کەسە بزربووەکە تۆتۆمبێل لێیداوە خنکاوە یان بزربووە یان خۆی هەڵاتووە، ئەوانە لە رێگەی نەخۆشخانەکان و بڵاوکراوەی تاوانکاری بگەینرێتە راستی و دروستی بانگەشەکە کە تاوانی رفاندنە.

١٢- بەدواداچوون و چاودێریکردنی ماڵ و هێڵەکانی تەلەفۆنی خانەوادەی تاوانلێکراو تاوەکو سەرەداوێك دەست بکەوێت.

١٣- لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لەسەر شوێنی کەسی رفێندرانەوە راستەوخۆ لەگەڵ دەستەی پۆلیس بۆ شوێنە دەچن و رفێندراوەکە رزگار دەکرێت و تۆمەتباران دەستگیر دەکرێن.

## بەشی حەوتەم: لێکۆڵینەوە لە تاوانی مادە هۆشبەرەکان

مادە هۆشبەرەکان گەورەترین مەترسین لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی و زەرەری گەورە بە کومەڵگە و خودی کەسەکە و ئابوورییەکەی دەگەیەنێت، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزان و لەناوچوونی ئەو کەسەی ئاڵودەی ماددەی هۆشبەر دەبێتەوە. ئێستاش هەموو سنوورە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی بڕیوە و لەسەر ئاستی جیهان گەورەترین بازرگانی پێوە دەکرێت، سەرەڕای دانانی سنوور بۆ تەشەنەکردنی و دەرکردنی یاسا بۆ سزادانی ئەو کەسانەی بازرگانی پێوە دەکەن و دەیفرۆشن و ئەوانەی بەرکاریدەهێنن، نەتوانراوە سنووری بۆ دابنێرێت رێگە لە ئاڵودەبوونی بگیرێت، تەنانەت لەسەر

ئاستی نێودەوڵەتیش چەندین ڕێککەوتننامە لە لایەن وڵاتانەوە واژۆ کراوە بۆ ڕێگەگرتن لە چاندن و بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر، لەبەر ئەوەی ماددەی هۆشبەر کە چەندین جۆری هەیە، لەبنەڕەتدا تەنیا بۆ مەبەستەکانی پزیشکی و نەخۆشی و ئەنجامدانی نەشتەرکەرییەکان بەرکار دەهێندرێت.

## بەندی یەکەم: تۆمەتبارانی ماددەی هۆشبەر

ماددەی هۆشبەر لەسەر هەموو ئاستەکان گرنگی پێدەدرێت لەبەر ئەوەی دەرکەوتەی خراپی زۆری لێوە دێتەبەرهەم، تەنانەت بەرکارهێنان و هەڵگرتن و وەرگرتن و چاندنی تاوانە و ئەوانەی مادەی هۆشبەر وەردەگرن زۆر جار تاوان ئەنجامدەدەن، یان خودی ماددەی هۆشبەر تاوانی پێ ئەنجامدەدرێت لە کوشتن و بێ هۆشکردن بۆ رفاندن بەرکار دەهێندرێت، لەبەر ئەوە بە جۆرەها شێواز پێشی لێدەگیرێ، ئەو بارانەی خوارەوە بە تاوان هەژمار دەکرێت و تۆمەتبارانی سزا دەدرێن.

١- چاندنی مادده هۆشبەرەکان و پاککردنەوە لێدەرهێنانی مادەدی هۆشبەر بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لەناو خەڵك تاوانە و ئەنجامدەرانی سزا دەدرێن.

٢- هێنان و ناردنە دەرەوەی مادده هۆشبەرەکان تاوانە و ئەنجامدەرانی سزا دەدرێن.

٣- ئەوانەی ماددەی هۆشبەریان لایە، لە دەست یان لە ماڵ و دوکانەکانیان دەگیرێ سزا دەدرێن.

٤- بەرکارهێنان و وەرگرتنی ئەو مادده هۆشبەرانە تاوانە و کەسەکە لەسەری سزا دەدرێت.

## بەندی دووەم: ڕێکارەکانی لێکۆڵەر لە تاوانی ماددەی هۆشبەر

کارکردن و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ماددەی هۆشبەر بۆ لێکۆڵەر و تەنانەت دەسەڵاتیش ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لەم بوارە کارە دەکەن زۆر ژیرانە و هونەرییانە کار بەم ماددە هۆشبەرانە دەکەن، ڕێگا و شێوازی جۆراو جۆریان هەیە بۆ بازرگانی پێکردنی بەهۆی ئەو مەترسییە زۆرەی لەو ماددەیە هەیە، بازرگانانی ماددەی هۆشبەر درک بەوە دەکەن لە لایەن بازگە و دەزگاکانەوە چەندە بە وردی و لێزانانە پشکنین دەکرێت و ئەو ماددە هۆشبەرانە بۆ گواستنەوەیان لە جێگەی زۆر هەستیار دەشاردرێتەوە، تاوەکو پۆلیس و نووسینگەی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر درکی پێنەکەن و نەیدۆزنەوە، لەو شوێنانە لە یەکتری وەردەگرن کە لە چاوی پۆلیس دوور بێت. بۆ نمونە لەناو ئاو و زەلکاوەکان یان دەیخەنە ناو تایەی سپێر و ناو مەکینەی ئۆتۆمبێل و قایش و کەعبی پێڵاو و ناودار و بۆڕی و تەنانەت هەندێ جار دەیخەنە ناو هەناوی مرۆڤەکان، لەبەر ئەوە ڕاوەدوونانی ئەو کەسانەی مامەڵە بە ماددەی هۆشبەر دەکەن زۆر زەحمەتە و ئەرك و ماندووبوون شەونخونی و بەدواداچوونی زۆری پێویستە.

کۆمەڵێك ڕێکاری لێکۆڵینەوە هەیە لێکۆڵەر دەیگرێتەبەر لە تاوانەکانی ماددەی هۆشبەر:

١- دانانی بەرنامەیەکی چاودێریکردن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی لە ناوەوە و دەرەوە کار بە مادەی هۆشبەر دەکەن.

٢- چاودێریکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە ئەوانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرێت ماددەی هۆشبەر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك بگوازنەوە.

٣- هەوڵبدرێ لە ڕێگەی ئەو کەسانەی ڕادەسپێردرێن لەو کەسانە نزیکببنەوە کە کاریان بازرگانی کردنە بە ماددەی هۆشبەر و وەرگرتنی زانیاری لێیان

دەربارەی کارەکەیان چۆنیەتی وەرگرتن و گواستنەوە و دابەشکردنی لەگەڵ زانینی ناسنامەی ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن.

٤- لەکاتی پشکنیندا بۆ ماددەی هۆشبەر هەموو ئەو ئامێر و قاپ و سرنج و دەرزی و کاس و فنجانانەی بەرکار هاتوون بۆ وەرگرتنی مادەی هۆشبەر هەلدەگیرێنەوە.

٥- لەکاتی پشکنینی ئەو کەسانەی ماددەی هۆشبەر بەرکاردەهێنن، هەندێك لە پۆلیسەکان کاری پشکنینەکە دەکەن و هەندێکیان چاودێری و پاسەوانی تاوەکو کەس رانەکات و لەکاتی پشکنین لە کەنتۆر و قەنەفە و کەلوپەلەکان دوور دەخرێنەوە، بۆ خۆیانی تێدا حەشار نەدەن و هەموویان دەستیان بڵند دەکەن تانۆرەی پشکنینیان دێت تاوەکو مادده هۆشبەرەکانی لایانە فرێی نەدەن.

٦- پشکنینی کەسەکانی گومانی مادەی هۆشبەریان لێدەکرێت زۆر بە ووردی دەکرێت لە جلوبەرگی دەرەوە و ناوەوە و گیرفانەکان و پێلاو و گۆرەوی و قایش و پاکەتی جگەرە و چەرخ و شقارتە و جانتا قەڵەم و هەموو ئەو شتانەی لایەنی پشکنینی بۆ دەکرێت.

٧- پشکنینی شوێنی مامەڵەکردنی ماددەی هۆشبەر بە سەلیقەوە دەکرێت لە پشکنێنی ماڵەکە و ژوورەکان و کۆگە و چێشتخانە و فڕن و ئامێرەکانی چێشتخانە و ئامێرەکانی چێشتلێنان و بنمیچ و زەوی و سندوق و گەرماو و ناو و پشتی وێنەی هەڵواسرا و کیسە و گوش و پشت دەرگا و هەموو ئەو شوێنانەی لێکۆڵەر گومانی لێدەکات ماددەی هۆشبەری تێدایە.

٨- بەرکارهێنانی سەگی پۆلیسی بۆ دۆزینەوەی مادە هۆشبەرە شاردراوەکان و زۆر کاریگەرە لەبەر ئەوەی سەگی پۆلیسی بە بۆن راستەوخۆ لە هەر کوێ بوایە دەیدۆزیەوە.

٩- دوای دۆزینەوەی ماددەی هۆشبەر کۆنووسێك بۆ ئەو مەبەستە رێکدەخرێت، سەبارەت بەو شوێنەی پشکنینی بۆ کراوە، لەگەڵ کەسەکان و کێشی ماددە هۆشبەرەکە و ئەو کەسانەی لەوێبوونەوە، دەستگیرکراون هەموو ئەو زانیاریانە رێرەوی پێدەکرێت و تۆماردەکرێت.

١٠-رەوانەکردنی ماددە هۆشبەرەکە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تاقیگەیی بۆ ئەوە بزانرێ مادەی هۆشبەرە و جۆرەکەی و کایگەری چییە.

١١-وەرگرتنی وتەی شاهێدەکان و تۆمەتباران.

١٢-تۆمارکردنی هەموو ئەو رێکارانە لە کۆنووسی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لە تاوانی ماددە هۆشبەرەکە و واژۆکردنی.

## بەشی هەشتەم: لێکۆڵینەوە لە رووداوی هاتووچۆ

رووداوەکانی هاتووچۆ یەکێکن لە هۆکارەکانی گیان لە دەستدان و زەرەری ئابووریشی هەیە، بە تایبەت لەم دواییە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان هۆکارەکانی هاتووچۆ لە ئۆتۆمبێلی بچوك و گەورە و بارهەڵگر و ماتۆر و پایسکل لە دونیا ئەم رووداوانە روو لە زیادبوونن، ساڵانە ئاماری رووداوی هاتووچۆ و بریندار‌بوون و گیان لە دەستدان زیاد دەکات، وڵاتان هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ بۆ کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ و ساڵانە بڕە پارەیەکی ئێجگار زۆر بۆ چاککردنی رێگاوبان و دانانی هێماکانی هاتووچۆ دادەنرێت، بەڵام هەر بێ سوودە و ناتوانرێ رووداوی هاتووچۆ کەمبکرێتەوە بە تایبەت لە وڵاتە

پێشکەتووەکان کە لە رووی ئابوورییەوە گەشەسەندوون، هاووڵاتییان بە ئاسانی دەتوانن هۆکارەکانی هاتووچۆ بەدەستبهێنن و ژیانی ئەو وڵاتانەش زۆر بەخێرایی بەڕێوەدەچێت و مرۆڤەکان کاتی ئەوەیان نییە بەپێ هاتووچۆ بکەن، بەڵکو پێویستییان بەوە هەیە بە زووترین کات بە ئۆتۆمبێل بگەنە جێگاکە و بەمەش رووداوی هاتووچۆ زیاد دەبێت، ئەوە سەرەرای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لەوانە زۆر قسەکردن بە مۆبایل لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل رووداوی هاتووچۆی لێدەکەوێتەوە و تەنانەت هەندێ ئۆتۆمبێل ڤیدیۆ و سیدی دەنگ و رەنگی تێدایە و ئەوەش هەندێ جار شوفێر بە تەماشاکردنیان رووبەڕووی رووداوی هاتووچۆ دەبێتەوە.



( رووداوی هاتووچۆ )

## بەندی یەکەم: رێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە رووداوی هاتووچۆ

لێکۆڵەر لە کاتی بوونی رووداوی هاتووچۆ، پێویستە بە زووترین کات بگاتە شوێنی رووداوەکە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە خێرا بریندارەکان و قوربانیانی پێکدادانەکە رەوانەی نەخۆشخانە بکات، ئەگەر رەوانە نەکرابوون، لەو کاتەی لێکۆڵەر دەگاتە شوێنی رووداوەکە، رووداوی هاتووچۆ یان ئەوەتا تەنیا یەك

**ئۆتۆمبێل دەیکات بۆ نمونە وەردەگەڕێ یان خۆی لەشتێك دەدات یان خۆی بەکەسێك یان چەندین کەس دادەدات، یان ئەوەتا دوو ئۆتۆمبێل بە یەکتر دەکەون و ڕووداوی هاتووچۆ هەیە چەندین ئۆتۆمبێل بەر یەکتر دەکەون و ڕووداوەکە گەورە و بریندار و قوربانی زۆر دەبێت، لەم ڕووداوانە کۆمەڵێك ڕێسا و ڕێکار هەیە لێکۆڵەر دەیگرێتە بەر بەم شێوەیە:**

**١- کردنەوەی کۆنووسی پەڕاوی ڕووداوی هاتووچۆکە.**

**٢- وەرگرتنی گوتەی هەواڵدەر و تۆمارکردنی کاتی گەیشتنی هەواڵەکە و لێکۆڵەر خێرا بەرەو شوێنەکە دەڕوات و کات گەیشتن و کاتی ڕوودانی ڕووداوی هاتووچۆیەکە تۆمار دەکات.**

**٣- ڕەوانەکردنی بریندار و قوربانییەکانی ڕووداوەکە بۆ نەخۆشخانە بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.**

**٤- تۆمارکردنی ناوی بریندارەکان و مردووەکانی ڕووداوەکە ئەگەر هەبن، وەرگرتنی وتەوییان سەبارەت بە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوی هاتووچۆکە.**

**٥- وەرگرتنی زانیاری لەسەر شێوازی ڕوودانی ڕووداوەکە و ڕێژەی هەڵە و جۆر و ژمارە و ڕەنگ و مۆدێلەکان و کۆکردنەوەی تەواوی زانیاری لەسەریان .**

**٦- ڕاگرتنی شوفێرە سەرپێچیکەرەکان و وەرگرتنی ناسنامە و ساڵانەی ئۆتۆمبێل مۆڵەتی شوفێری، ڕەوانەکردنیان بۆ لای پزیشکی تایبەتمەند تا ڕوونبێتەوە کە ماددەی هۆشبەر و خواردنەوە کحولییەکانیان وەرگرتووە یان بەپێچەوانەوە.**

**٧- دوورخستنەوەی خەڵك لە رووداوەكە و دانانی پاسەوان لە شوێنەكە و رێكخستنەوەی هاتووچۆ لەسەر رێگاكان.**

**٨- لێكۆڵینەوە لە ناسنامەی مردووەكان ئەگەر هەبوون، دەرهێنانی هەموو ئەو شتانەی لە گیرفانیەتی و خستنە ناو زەرفێكی تایبەت بۆ ئەوەی بزرنەبێت و پشكنینی تەرمی مردووەكە دەكرێت بۆ ئەو شوێنەوارانەی لەسەریەتی لە خوێن و ماك و هەر شلەیەكی تر بزانیٚ برینەكانی لەچی هاتوونە. پاشان رەوانەی پزیشكی دادوەری دەكرێت.**

**٩- هێلكاری و پشكنینی شوێنی رووداوەكە و دیاریكردنی شوێنی پێكدادانەكە و ئاڕاستەی هۆكارەكانی هاتووچۆ چۆن بووە و لە كویٚ هاتوون؟ دیاریكردنی خاڵی شوێنەواری رەشی تایە لەسەر شەقامەكە و پێوەركردنی تا ئەو شوێنەی رووداوەكە بووە، ئەوەش ئاڕاستەیان و خێرایی و رێژەی هەڵەیانی پیٚ دیاریدەكرێت.**

**١٠- پشكنینی هۆكارەكانی هاتووچۆ كە رووداوەكەیان كردووە، لەگەڵ ئەو زیانانەی بەریان كەوتووە.**

**١١- تۆماركردنی باری كەش و هەوا ساماڵە یان بەفر و باران یان خۆڵبارین كە لەم دواییە ئەویش بۆتە هۆكاری روودانی هاتووچۆی زۆر لەسەر رێگاكان.**

**١٢- وێنەی شوێنی رووداوەكە و هۆكارەكانی گواستنەوە كە لە رووداوەكەن لە چەند گۆشە و لایەكەوە دەگیرێت.**

**١٣- ئەگەر رووداوەكە پێكدادانی دوو ئۆتۆمبێل بوو، لێكۆڵەر لە رێگەی هونەرییەكانی هاتووچۆ پێویستە ئەوە بزانیٚ كە كام ئۆتۆمبێل زێدەرۆیی لە هێلی**

خۆی کردووە و دەرچووتە سەر هێڵی ئەویتر ، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە خاڵی بەریەکەوتنەکە دیاریبکرێت بەهۆیەوە رێژەی هەڵەی تۆتۆمبێلەکان دەزانرێت.

١٤- رەوانەکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ لای شارەزا و هونەرییەکانی ئەو بوارە بۆ پشکنینیان و کە هۆکارەکانی سەلامەتی تەواو بووە پێش رووداوەکە یان کەموکوڕی تێدا هەبووە، لە ستۆپ و برێك و لایت و هێما لایت و ئاوێنە هۆکارەکانی تر بخنە روو لەراپۆرتیان.

## بەندی دووەم: هێلکاری رووداوی هاتۆچۆ

کێشانی هێلکاری رووداوی هاتووچۆ ووردی و لێزانی دەوێت بۆ پێوەرکردنی دووری و دیاریکردنی ئاڕاستەکان و لەگەڵ ئەو رێسایانەی باسمان کردن کۆمەڵێك رێسای تر هەیە لێکۆڵەر دەیگرێتە بەر بۆ هێلکاریکردنی رووداوی هاتووچۆ:

١-دیاریکردنی شوێنی رووداوەکە و چەسپاندنی نزیکترین خاڵەکانی رووداوی هاتووچۆکە.

٢-دەرخستنی دووری هۆکارەکانی گواستنەوە لە شوێنی رووداوەکە بەمەتر لەگەڵ رێگاکە.

٣- دیاریکردنی راستی و خواربوونەوەی رێگاکە لە شوێنی رووداوەکە.

٤-باری بەرزی نزمبوونەوەی رێگاکە، ئایا کاری چاککردنەوە یان قۆرتی تێدا هەبووە لەو شوێنەی روودواوەکە روویداوە.

٥- دیاریکردنی شوێنی هۆکارەکانی گواستنەوە و دووری نێوان تایەی پێشەوە و دواوە لەگەڵ لایەکی رێگاکە.

**٦- دیاریکردنی دووری نێوان هۆکارەکانی گواستنەوە لەگەڵ یەکتری و ئینجا لەگەڵ شوێنی رووداوەکە.**

**٧- دیاریکردنی شوێنی خوێن و پارچە ئاسن و شوشە و هەر کەلوپەلێکی تر لە شوێنی رووداوەکە بێت.**

**٨- دیارکردنی شوێنەواری رەشی تایەکانی هۆکاری گواستنەوە لەو کاتەی ستۆپیان کردووە تا خاڵی بەریەککەوتن.**

**٩- دیاریکردنی ئاراستە و شوێنی تەرمی مردووەکان ئەگەر هەبن، لەگەڵ هەر شوێنەوارێکی تر لە دەوروپشتی هەبێت.**

**١٠- لە کۆتایی لێکۆڵەر هەموو شتەکان تۆمار دەکات کەپەیوەندی بە رووداوی هاتووچۆکە هەبێت.**

## بەشی نۆیەم: لێکۆڵینەوە لە دزیکردن لە ماڵ و باڵەخانەکان

**بەهۆی ئەوەی ئەو شوێنانە دەوردراون بە دیوار و خاوەن ماڵیش دەرگا و پەنجەرەکان دادەخات، لەبەر ئەوە لە لایەن تۆمەتبار کاری چوونە ناو حەوشی ماڵەکە یان بینایەکە ئینجا کردنەوە یان شکاندنی دەرگا و پەنجەرەی دەوێت تا بچێتە ژوورەوە بۆ ئەنجامدانی کاری دزییەکەی، ئەم جۆرە دزییانە تۆمەتبار لە گەڕەکەی خۆی یان دەچێتە گەڕەکێك هەر کە زانی ماڵێك لە ماڵەوە نین راستەوخۆ دەچنە ناوی دزییەکەی لێدەکەن، یان ئەوەتا تۆمەتبار ئارمانجی دزییەکەی دیاریدەکات کام ماڵە و هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ماڵەکە و کاتی چوونە دەرەوەیان چاودێری دەکات، پاشان لە کاتێکێ دا دەرفەتی بۆ بڕەخسێ کاری دزییەکەی ئەنجامدەدات. هەندێ جار بەهۆی هەڕەشە یان دانی پارە بە خزمەتکار یان کارمەندێکی ماڵ و دوکان و کۆمپانیا رێکدەکەن لەکاتی چوونەوەی هەمووان**

پەنجەرەیەك یان دەرگایەك بە کراوەیی بۆ دزەکە بەجیدێڵی، پاشان ئەو دێت دزییەکە دەکات. هەندێ جار دزەکە بۆ کردنەوە دەرگاکان کلیلی جۆراوجۆری لایە، هەروەها بۆ کردنەوەی پەنجەرەکان ئامێری تایبەتی لایە و جامەکان دەبڕێت.

کۆمەڵێك رێسا هەیە لێکۆڵەر لە کاتی بوونی تاوانی دزی لە ماڵ و دوکان و کۆمپانیاکان دەکرێت دەیگرێتە بەر لەوانە:

١- کردنەوەی کۆنووسی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە.

٢- وەرگرتنی گوتەی هەواڵدەر و دادخواز وەرگرتنی تەواوی زانیاری لەسەر کات و شوێن و ماڵە دزراوەکە.

٣- لێکۆڵەر بە زووترین کات پۆلیس رەوانەی شوێنی رووداني تاوانەکە دەکات بۆ پارێزگاریکردن لە شوێنەکە و پاراستنی بەڵگەکانی تاوان.

٤- ئاگادارکردنەوەی شارەزایان و کارمەندانی بەڵگەی تاوان تا بێنە شوێنی رووداني تاوانەکە.

٥- لێکۆڵەر بە خێرای دەچێتە شوێنی رووداني تاوانەکەو دەستدەکات بەرکاری پشکنین.

٦- پشکنینی شانۆی تاوان بەپێی رێنماییەکانی پشکنین و پاراستن و هەڵگرتنەوەی هەموو شوێنەوارەکانی، پەنجەمۆر و پێ و تایە و دڵۆپە خوێن و ئامێری بەرکارهاتوو لە شکاندنی دەرگا و پەنجەرە و چۆنیەتی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی تۆمەتبار و رەوانەکردنی ئەو بەڵگانە بۆ تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان و پشکنینیان بۆ دەکرێت لەگەڵ هی گومانلێکراوان جیاوازییان پێدەکرێت.

**٧- دیاریكردنی شێوازی تاوانكاری لە دزییەكە و سیفەتەكانی تۆمەتبار، بە هۆیەوە مەزندە دەكرێت كە رەگەزی چ بووە، گەورە یان بچوك بووە.**

**٨- وەرگرتنی وێنەی فۆتۆگرافی شوێنی تاوان و هەموو شوێنەوارەكان و ئەو شوێنانەی شكێندراون و دەستكاری كراون .**

**٩- هێڵكاری شوێنی رووداوەكە دەكێشرێت.**

**١٠-پەیوەندیكردن بە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری تاوانكاری و زانیاریان لەسەر چۆنیەتی دزینەكە و سیفەتەكانی تۆمەتبارەكە پێدەدەن تا وەكو ئەوانیش رێنمایی پێ دەردەكەن و گشتاندنی بۆ دەكەن.**

**١١-وەرگرتنی وتەی دادخواز كە خاوەنی شوێنەكەیە سامانەكەی لێدزراوە، كە بڕی پارەكە چەندە و ئەو كەلوپەلانە چین لێی دزراوە.**

**١٢-لێكۆڵینەوە لەوەی كەسێكی دیاریكراو چەند رۆژ پێش دزییەكە تێبینی كرابێت كە چاودێری ئەو شوێنە دەكات و كۆكردنەوەی زانیاری دەرهەقی.**

**١٣-لێكۆڵینەوە و كۆكردنەوەی زانیاری لەباری خزمەتگوزار و ئەو كەسانەی لای خاوەن كارەكە كار دەكەن یان هاتووچۆی شوێنەكەیان كردووە.**

**١٤-تۆماركردنی ئەوانەی دزراون لە بڵاوكراوەی رۆژانەو هەفتانەی تاوانكاری بۆ یەكخستنی هەوڵەكانی هەموو بنكەكانی پۆلیس و نوسینگەكانی نەهێشتنی تاوان.**

**١٥-رەوانەكردن و دابەشكردنی دەستەی نهێنی و هەواڵدەر بۆ ئەو شوێنانەی گومانی ئەوەی لێدەكرێت ماڵە دزراوەكەی لێبێت.**

# بەشی دەیەم : لێكۆڵینەوە لە تاوانی دزینی قاسە

تاوانی دزی قاسەی ئاسن لەم دواییە بەرەو زیاد بوون چووە و پسپۆڕیان وەرگرتووە و هەندێ دز بۆتە پیشەی تایبەتیان و تەنیا كاری كردنەوە و شكاندنی قاسەی ئاسن دەكەن، دزی لێدەكەن، لەسەردەمی ئێستادا قاسەی پێشكەتوو دروست بووە، لەوەی راستەوخۆی لەگەڵ دروستكردنی خانوو بینایە دەخرێتە ناو دیوار و هەندێكی تر بە كۆد دەكرێتەوە و تەنانەت ئێستا بەهۆی پەنجە و چاوەمۆر دەكرێنەوە. ئینجا بە رێگای جۆرا و ئامێری تایبەت و كلیل و كۆد قاسەكان دەكەنەوە، هەندێ جار بەهۆی نەبوونەوەی قاسەكان تۆمەتبارەكە هەڵدەستێ بە گواستنەوەی قاسەكە لە شوێنەكەی بۆ شوێنێك كە خۆی دیاریدەكات، ئینجا دەیشكێنێ و هەوڵی كردنەوەی دەدات.



( شكاندنی قاسە )

كۆمەڵێك رێكاری لێكۆڵینەوە هەیە لێكۆڵەر دەیگرێتە بەر لە كاتێ روودانی تاوانی دزیكردنی قاسەی ئاسن :

١- كردنەوەی كۆنووسی پەڕاوی لێكۆڵینەوە.

٢- وەرگرتنی گوتەی تاوانلێكراو یان خاوەنی شوێنەكە، سەبارەت بە چۆنیەتی كردنەوە و دزینی قاسەكە و كاتی دزینەكە و قاسەكە چی لێدزراوە لە پارە و زێڕ و نووسراو و بەڵگەنامە و هەر كاغەزێك و شتێكی گرانبەها.

**٣- پشكنینی شوێنی تاوان و هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆر و شوێنەوارەكانی تر و ئامێرەكانی بەركارهاتوو لە كردنەوەی قاسەكە.**

**٤- وەرگرتنی رای شارەزایانی بواری قاسە لە چۆنیەتی كردنەوە و شكاندنی قاسەكە.**

**٥- ئەگەر قاسەكە بە كلیكە و كۆدی خۆی بەبێ شكاندن كرابێتەوە بیری لێكۆڵەر یەكسەر بۆ لای ئەو كەسانە دەچێت كە كلیل و كۆدی قاسەكەیان لایە و لێكۆڵینەوە لەوەش دەكات ئەگەر كلیل و كۆدەكە دزرابێت.**

**٦- لێكۆڵینەوە لە باری گومانلێكراوان كە پێشتر پێشینەیان هەیە، وەئایا باری ئابووریان چۆنە؟**

**٧- دیاریكردنی شێوازی تاوانكارییەكە كە تۆمەتبار چۆن تاوانەكەی ئەنجامداوە، لە رێگەی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە و كە ئایا دەرگا و پەنجەرە و قاسەكەی شكاندووە یان بە كلیل كردوونیەتییەوە، لەبەر ئەوەی چۆنیەتی كردنەوەی قاسە هەر تۆمەتبارەی شێوازی كردنەوەی خۆی هەیە، هەیانە بە كلیل و هەیانە بە ویلدنی كاربۆن، دەرگای قاسەكە كە دەتوێنێتەوە یان بە مادەی كیمیایی تایبەت یان كونكردن و شكاندنی قاسەكە بە دڕێل.**

**٨- بلاوكردنەوەی جۆری قاسە و ماڵە دزراوەكەی نێو قاسە لە بلاوكراوەی رۆژانە و مانگانەی تاوانكاری بۆ بەیەكخستنی توانا و هەوڵەكانی هەموو بنكە و نووسینگەكان.**

**٩- ئەگەر قاسەکە گواسترابێتەوە بۆ شوێنێکی تر هەوڵدەدرێت زانیاری لە هەر شاهێدێك بینبیەتی، یان چوون بە دوای ئەو شوێنەوارەی تۆمەتباران لە کاتی گواستنەوەی قاسەکە بەجێیان هێشتبێت.**

**١٠- پشکنینی تەواوی شوێنەکە و هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان لەسەر قاسەکەش هەرچی شوێنەواری پەنجە و خوێن یان مو و لیك و ئارەقە یان هەر شلەیەکی تر هەبێت و پشکنینی لە تاقیگەکانی بەڵگەی تاوان بۆ دەکرێت.**

**١١- دابەشکردن و رەوانەکردنی دەستەی تایبەت بۆ ئەو شوێنانەی شتی گرانبەهای تێدا دەفرۆشرێ، بۆ ئەوەی ئەگەر تۆمەتبار کەلوپەلە دزراوەکە بهێنن بۆ فرۆشتن بناسرێنەوە و دەستگیر بکرێن. "٤"**

## بەشی یازدەهەم: لێکۆڵینەوە لە رووداوی بزربوونی کەسەکان

**یەکێك لە قورسترین کارەکان دۆزینەوەی کەسە بزربووەکانە و ئەو کارە ئەرك و ماندووبوونی زۆر دەداتە لێکۆڵەر، بەهۆی بوونی گریمانی زۆر لەسەر کەسە بزربووەکە کە ئایا خۆی بزربووە یان رفاندوویانە، هۆکاری بزربوونەکەی چییە؟ هەڵاتووە لەگەڵ برادەرەکانی و ماڵی جێهێشتووە یان دووچاری رووداو بۆتەوە و لە نەخۆشخانەیە یان خۆی کوشتووە یان شەڕی کردووە و تاوانێکی ئەنجامداوە گیراوە، لەبەر شەرم و ترس نەوێرایە ماڵەوەیان ئاگادار بکاتەوە.**

**لێکۆڵەر کۆمەڵێك رێسا و رێکاری لێکۆڵینەوە هەیە دەیگرێتە بەر لە کاتی بزربوونی کەسێك بە مەبەستی دۆزینەوەی:**

**١- کردنەوەی کۆنووسی پەڕاوی لێکۆڵینەوە.**

**٢- وەرگرتنی وتەی هەواڵدەر بە وردی و بە تەواوی.**

٣- وەرگرتنی ناوی تەواوی کەسە بزربووەکە نازناو و سیفەت و ئاکار و رەنگی و لە کاتی دەرچوونی چی لەبەر بووە.

٤- وەرگرتنی چەند وێنەیەکی نوێی کەسە بزربووەکە لە خانەوادەکەی.

٥- گەڕان بە دوای کەسە بزربووەکە، لە نەخۆشخانە و پزیشکی دادوەری بنەکەکانی پۆلیس.

٦- لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسە نزیکەکانی بزربوو بۆ ئەوەی هۆکاری بزربوونەکە بزانرێ.

٧- وەرگرتنی زانیاری لەسەر کار و پیشە و کێبڕکێی کەسە بزربووەکە لەگەڵ ناکۆکی لە ماڵ و شوێنی کارکردنی.

٨- قسەکردن لەگەڵ هاوڕێیە نزیکەکانی کەسە بزربووەکە و وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەدرێسی ماڵیان.

٩- چوون بۆ ئەو شوێنانەی کەسە بزربووەکە بە بەردەوامی بۆی دەچێت.

١٠-گەڕان و تۆمارکردنی ناوی لە تۆماری بڵاوکراوەی تاوانکاری.

١١-بڵاوکردنەوەی وێنە و ناوی لە دەزگاکانی راگەیاندن.

١٢-ئەگەر کەسە بزربووەکە ئەجنەبی بوو، ئەوا جگە لە زانیارییانەی لەسەر خودی کەسە بزربووەکە وەردەگیرێ پەیوەندی بەو فڕۆکەخانە دەکرێت کە ئەو کەسە لێی دابەزییە و کەی لە کوێ هاتووە و کێ لەگەڵیدا بووە، سیفەت و رەنگ و

**ئاکاری چۆنە، بە چ مەبەستێك هاتووە و بۆ لای کێی و لە ڕێی چ کۆمپانییەك هاتووە و شوێنی نیشتەجێبوونی لە کوێیە. "٥".**

---

**"١"موسوعة مصطلحات القانون الجنائي الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه ( ٣٣).**

**"٢" علم التحقيق الجنائي الحديث، بين النظريات و التطبيق تأليف:الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ (صفحه ٢٢٧).**

**"٣" موسوعة مصطلحات القانون الجنائي الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي الجزء الثاني بغداد ٢٠٠٢ صفحه ( ١١٦) .**

**"٤" التحقيق الجنائى قانون وفن، الدكتور عبدالستار الجميلى– والسيد محمد عزيز – بغداد ١٩٧٢ صفحه ( ٢٦٤–٢٧٧)**

**"٥" المرشد العلمي للمحقق، اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي(صفحه ١٨٥)**

# فەسڵی هەشتەم:
# بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتی و جۆرەکانی دادگا و تایبەتمەندییەکانیان.

بەشی یەکەم: هەندێ لە بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە

بەشی دووەم: کۆنووسەکانی لێکۆڵینەوەی تاوان

بەشی سێیەم: پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە پزیشکی دادوەری

بەشی چوارەم : پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە بەڵگەی تاوان

بەشی پێنجەم : پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە داواکاری گشتی

بەشی شەشەم: جۆرەکانی دادگا و تایبەتمەندییەکانیان

# بەشی یەکەم: هەندێ لە بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە

دادوەری لێکۆڵینەوە لە دەستپێکی لێکۆڵینەوە لە تاوان تاوەکو پەڕاوەکە جیادەکرێتەوە و رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت، کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ دەردەکات و ئەو بڕیارانە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئاشکراکردنی لایەنی گرنگ لە تاوانەکە هەیە، بە هۆیەوە تۆمەتباران ئاشکرادەکرێن و هەر رێکارێك لە لێکۆڵینەوە بکرێت بە بڕیار و ئاگاداری دادوەری لێکۆڵینەوە دەبێت، هەندێ لە بڕیارە گرنگەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە تاواندا:

## یەکەم: تاوانی کوشتنی ئەنقەست

دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی یاسا کارەکانی بەڕێوە دەبات و یاسا هەموو رێکارەکان و سنووری دەسەلاتی لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ساڵی ١٩٧١و هەموارکردنەکانی دیاریکردووە، ئەویش بەهۆیانەوە بڕیاری دروست لە بارەیانەوە دەردەکات، لە تاوانی کوشتن دادوەری لێکۆڵینەوە هەندێ بریار دەردەکات:

١-تەرمی کوژراو رەوانەی پزیشکی دادوەری دەکرێت بە مەبەستی توێکاری بۆ زانینی هۆکاری مردنەکە ئاسایی بووە یان هۆکاری تاوانی تێدایە.

٢-وتەی هەواڵدەر و داواکاری مافی کەسی وەردەگیرێ.

٣-وتەی شاهێدەکانی رووداو وەردەگیرێ.

٤-چەك و ئامێری بەرکارهاتوو لە تاوانەکە رەوانەی بەڵگەی تاوان دەکات بە مەبەستی پشکنین.

٥-داوای ئەنجامدانی پشکنین و هێڵکاری بۆ شوێنی رووداو دەکات.

٦- بەهۆی ئەوەی تۆمەتبار تاوانی کردووە مادده(_____) لەسەر جێبەجێدەکرێت بڕیارمدا بە راگرتنی تۆمەتبار لە رۆژی ( / / ) تاوەکو ( / / ).

٧- وێنەی تۆماری تۆمەتبار بە پەڕاوەکە ببەسترێت.

٨-وەرگرتنی پەنجەمۆری تۆمەتبار لە بەڵگەی تاوان و جیاوازی پێکردنی لەگەڵ پەنجەمۆری هەڵگیراوە لە شانۆی تاوان.

٩-پێشینەی تۆمەتبار لە بەڵگەی تاوان کە ئایا پێشینەی تاوانی هەیە و لە رابردوو بە چی حکومدراوە وەڵامەکەی بە دەستمان بگات.

## دووەم: رەوانەکردنی تۆمەتبار بۆ دادگای تایبە تمەند

دوای وردبینی لە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بەهۆی بوونی بەڵگەی تەواو لەسەر تۆمەتبار و بوونی شاهێدی سەلماندن بۆ چەسپاندنی تاوانەکە لەسەر تۆمەتبار دادگا بڕیاریدا رەوانەکردنی تۆمەتبار بۆ دادگای تایبەتمەند.

## سێیەم: ئازادکردنی تۆمەتبار

دوای وردبینی لە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو، دادگا هیچ شتێکی تری دەست نەکەوت جگە لە وتەی دادخواز و تۆمەتباریش نکۆڵی لە تاوانەکە کرد و شاهێدی بەرگری هێنا، بۆیە دادگا بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتباریدا، ئەگەر بە تاوانی تر رانەگیرابێت یان داواکراو نەبێت بەهۆی تۆمەتی تر، رێکاری لێکۆڵینەوە بە شێوەی کاتی داخرا، بڕیارەکە دەرکرا بەپێی ماددەی (١٣٠ ) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی.

## چوارەم: درێژکردنەوەی ماوەی راگیرانی تۆمەتبار

هەر تۆمەتبارێك لەسەر تاوانێکی دیاریکراو بگیرێ ماوەکەی لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە ماوەی گرتنی درێژ دەکرێتەوە، تا لێکۆڵینەوە تەواو دەکرێ، بەهەموو بارەکان بە پێی یاسا و درێژکردنەوەیەی راگیرانی تۆمەتبار لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە لە شەش مانگ نابێ تێپەڕ بکات، لە دوای ئەو ماوەیە رەزامەندی دادگای تاوانی دەوێت کە لە سەرووی دادگای لێکۆڵینەوەیە.

## پێنجەم: دەرکەوتنی بەڵگەی نوێ

بەهۆی دەرکەوتنی بەڵگەی نوێ لەسەر تۆمەتبار(ــــ)ی ئازادکراو، دادگا بڕیاریدا بە دووبارە دەسپێکردنەوەی لێکۆڵینەوە و دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردنەوە لە دژی تۆمەتبار بەپێی ماددەی (ــــ)یاسای سزایی"١".

## شەشەم: گۆڕینی ماددەی یاسایی

لە کاتی لێکۆڵینەوە بە دەستکەوتنی بەڵگە یان ئەو بەڵگانەی خراونەتە بەر دیدی دادگا بەس نین بۆ تۆمەتبارکردنی تۆمەتبار بە مادەیەکی یاسایی، لەبەر ئەوە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە دادوەر دەتوانێ مادەی یاسایی بگۆڕێ بە مادەیەکی یاسایی تر کە زیاتر لە گەڵ تاوانەکە دەگونجێ و دادوەری لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە بڕیارەکە دەردەکات:

کرداری تۆمەتبار(ــــ) مادەی (بۆ نمونە ٤٥٢ لە یاسای سزاکان) ی لەسەر جێبەجێدەبێت نەوەك مادەی (٤٤٢)ی یاسای سزاکان، لەبەر ئەوە بڕیارمدا بە گۆڕینی دەرخستنی باری یاسایی مادەکە بە (٤٥٢ یاسای سزاکان) لە جیاتی مادەی ( ٤٤٢)ی یاسای سزاکان.

## حەوتەم: ناردنی مردوو بۆ پزیشکی دادوەری

هەموو بارێکی مردن پێویست ناکات ڕەوانەی پزیشکی دادوەری بکرێت، تەنیا ئەو مردنانە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری دەکرێن کە هەست دەکرێت باری تاوانی تێدایە و ئەو کەسە بە مردنی خۆی نەمردووە، بۆیە دادگا بڕیار دەدات تەرمی مردووەکە ڕەوانەی پزیشکی دادورەی بکرێت بۆ توێکاری بەمەبەستی دیاریکردنی هۆکاری مردنەکە ئاساییە یان تاوانکارییە و دادوەری لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە بڕیار دەردەکات:

بەهۆی گومانکردن لە مردنی تاوانلێکراو(ــــ) بڕیارمدا بە ڕەوانەکردنی تەرمی مردووەکە بۆ پزیشکی دادوەری بۆ دیاریکردنی هۆکاری ڕاستەقینەی مردنەکە.

## هەشتەم: نەناردنی مردوو بۆ پزیشکی دادوەری

بە پێچەوانەی باری حەوتەم کە باسمان کرد ئەگەر گومان لە مردنی کەسەکە نەکرا کە بەهۆی تاوانەوە گیانی لە دەست دابێت ئەوا تەرمی مردووەکە دەدرێتەوە خانەوادەکەی و بڕیارەکە بەم شێوەیە دەردەچێت:

مردنی هاوڵاتی (لێرە ناوی مردووەکە دەنووسرێ) گومانی تاوانی لێناکرێت و بەهۆی نەبوونی هیچ گومانێکی تاوانکاری لەسەری و هۆکاری مردنەکەی دیار و

ئاشکرایە ئەویش (بۆ نمونە نەخۆشی وەستانی دڵە بەپێی راپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانە)، لەبەر ئەوە بڕیارمدا مردووەکە بدرێتەوە دەست خانەوادەکەی.

## نۆیەم: مەرجەکانی پێکهاتن

پێکهاتنی لایەنەکان لە یاسا هەیە، بەڵام ئەو پێکهاتنە نابێ وادە و مەرجی تێدابێت، هەر کاتێ ئەمانەی تێکەوت دادگا پێکهاتنەکە رەتدەکاتەوە و دادوەر بەم شێوەیە بڕیاری خۆی دەردەکات:

پێکهاتن رەتدەکرێتەوە ئەگەر بە مەرج ببەسترێتەوە و دادخواز لێخۆشبوونەکەی بەستۆتەوە بە مەرج و پێکهاتنی لەگەڵ تۆمەتبار بە مەرجی( ــــــــــ) لەبەر ئەوە بڕیارمدا بە رەتکردنەوەی داواکە.

## دەیەم: وەرگرتنی داوای تایبەت

هەندێ لە تاوان ئەوانەی لە ماددەی (٣)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی برگە (أ )دا هاتووە هیچ کەسێك و لایەنێك ناتوانێ جوڵەی پێبکات، تەنیا تاوانلێکراو خۆی دەتوانێ داوا بنوسێ و پێشکەش بە دادگای بکات بەم شێوەیە:

ناتوانرێ داوا جوڵەی پێبکرێت لەو تاوانانە تەنیا بە سکاڵای تاوانلێکراو یان هەر نەبێت کەسێ بەپێی یاسا نوێنەرایەتی بکات، بەپێی مادەی (٣)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی برگە ( أ ).

## یازدەهەم: یەکخستنی دوو داوا

کاتێ چەند دادخوازێك سکاڵا لە تۆمەتبارێك دەکەن و هەریەکەیان بە جیا، بەڵام بەیەکەوە بەستراون و کاتێ دادگا تەماشای داواکان دەکات لە رووی کات و شوێنەکەوە یەکن بەهۆی هەمان رێڕەو و رێکاری یاسایی لە دژی تۆمەتبار، بڕیار دەدات هەردوو داوا یەکبکرێت و دادوەر بڕیاری خۆی لەم بارەیەوە بەم شێوەیە دەردەکات:

بەهۆی ئەوەی دوو دادخواز(ــــ و ــــ) سکاڵایان لە دژی تۆمەتبار( ــــ) بەیەکەوە بەستراون و باری روودانی تاوانەکان یەك کات و شوێنیان هەیە، بۆیە بڕیارمدا بەیەککردنیان.

## دوازدەهەم: دەسپێنەکردنەوەی لێکۆڵینەوە

کاتێ تاوانلێکراو سکاڵا لە دژی تۆمەتبار بەرزدەکاتەوە، ناتوانێ بۆ هەمان کێشە سکاڵا لەو دادگایە بەرزبکاتەوە، لەبەر ئەوە دادگا لەسەر ئەو تاوانە دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە، لەم تاوانە بڕیاری خۆی دەردەکات پێویست ناکات جارێکی تر لە داوایەکی تری هەمان تاوان لێکۆڵینەوەی تر بکات و دادوەری لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە بڕیار دەدات:

ناوەڕۆکی داوای پێشوو وەرگرتنی رێکاری یاساییە لە دژی تۆمەتبار(ـــــ) لەم سکاڵایە دووبارە بۆتەوە و لە پێشتر بڕیاری دادگای پێدەرچووە و دەبێتە هۆی رێگەنەدان بە دووبارە لێکۆڵینەوەی سەر لە نوێ لەو داوایە بۆیە سکاڵاکەی رەتکرایەوە.

## سێزدەهەم: تایبەتمەندی شوێن

کاتێ تاوانێك لە شوێنێك روودەدات دەبێ دادگای ئەو سنوورە لێکۆڵینەوەی تێدا بکات و بڕیار بەم شێوەیە دەردەچێت:

دوای وردبینیکردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە دەرکەوت تاوانەکە لە ناوچەی (ـــــ) روویداوە، بۆیە بە بڕیار ئەو پەڕاوە رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی (ـــــ) کرا بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوە بەپێی تایبەتمەندی شوێن بەپێی ماددەی (٥٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی.

## چواردەهەم: رەوانەکردنی پەڕاو بۆ دادگای تایبەتمەند

کاتی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە هەموو رێکارەکان تەواو دەبن، وتەی لایەنەکانی داوا هەمووی وەردەگیرێ و بەڵگەکانی تاوان ئامادە دەکرێت، لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت دادگا بڕیاری رەوانەکردنی پەڕاوەکە دەدات بۆ دادگای تایبەتمەند بەم شێوەیە:

بەهۆی تەواوبوونی لێکۆڵینەوە دەرهەق بە تۆمەتبار (ـــــ) بەپێی مادەی (ـــ) یاسای سزاکان، بۆیە بڕیارمدا پەڕاوەکە روانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت.

## پازدەهەم: نکۆڵیکردنی تۆمەتباری دانپێنەر

لەو کاتەی تۆمەتبار تاوانەکەی ئەنجامدەدات و دەستگیر دەکرێت بەپێی تاوانی بینراو، لە کاتی لێکۆڵینەوە دەستکەوتنی بەڵگەکان تۆمەتبار بڵێ تاوانەکەم نەکردووە بەهۆی ئەو بەڵگانەی دەسەلمێنن تاوانەکەی کردووە، بۆیە بە ئارەزوو ویستی خۆی دوور لە هەموو فشار و هەڕەشەیەك دان بە تاوانەکە دەنێت، بەڵام پاشان پەشیمان دەبێتەوە بەهۆی:

١-بەهۆی خودی خۆی

٢-کاتی تۆمەتبار دەچێتە بەندینخانە لەوێ برادەرەکانی هاوکاری دەکەن و پێی دەڵێن پەشیمان بەوە، لەو کاتە دادوەری لێکۆڵینەوە وەرگرتنی پاشکۆی وتەی تۆمەتباری دانپێنەر رەتدەکاتەوە و بڕیارەکە بەم شێوەیە دەبێت:

تۆمەتبار (ـــ) پێشتر بە ویستی خۆی دانی بە تاوانەکەی ناوە لە بەردەم ئێمە بە بێ فشار و هەڕەشە و ئازاردان بەپێی بڕیارمان لە رێکەوتی ( / / ) لەبەر ئەوە بڕیارمدا بەرەتکردنەوەی وەرگرتنی پاشکۆی وتەکەی بەنکۆڵیکردن.

## شازدەهەم: شاهێدی تۆمەتباری دانپێنەر لەسەر تۆمەتبارانی نکۆڵیکار

تۆمەتباری دانپێنەر سیفەتی شاهێدی وەردەگرێ ئەو کاتەی دان بە تاوانەکە لەسەر خۆی و ئەوانیتر دەنێت ، لەو کاتەی وتەی وەردەگیرێ دەبێتە شاهێد لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە لەسەر تۆمەتباران، بڕیارەکە بەم شێوەیە دەبێت:

وتەی تۆمەتباری دانپێنەر (ـــ) وەردەگیرێ بە سیفەتی شاهێد لەسەر تۆمەتبارانی نکۆڵیکار(ـــ)و (ـــ)لە پێشم ئامادە دەبێت لە رۆژی( | | ) لە دوای جیاکردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوەکەی بۆ دوو پەڕاوی جیا.

## حەڤدەهەم: شاهێدی بەرگری

کاتێ دادگا تاوان ئاڕاستەی تۆمەتبار دەکات و بەهۆی ئەو تاوانەوە دەستگیر دەکات و رایدەگرێ لە بەندینخانە، تۆمەتبار مافی بەرگری لەخۆکردنی هەیە و

دەتوانیٚ تاوانەكەی خراوەتە پاڵی رەتیبكاتەوە و بڵیٚ من نەمكردووە لە هەمان كات ئەگەر شاهێدی رەتكردنەوەی تاوانەكەی لەسەری هەبێت، دادگا رێگەی پێدەدات ئەو شاهێدانە بهێنێتە بەردەم دادگا تا وتەكانیان وەربگیریٚ، بۆ ئەو مەبەستە دادوەری لێكۆڵینەوە بەم شێوەیە بڕیاری لەسەر دەردەكات:

تۆمەتبار (ـ) لە خانەی بەرگریكردنی لە خۆی دەڵیٚ كاتی رووداني تاوانەكە من لە دووری (ــ) تاوانەكە بووم و خەریكی پیشەی خۆم بووم، بۆ ئەوەش شاهێدی هەیە، بۆیە شاهێدەكان لە بەردەمم ئامادە دەكرێن بۆ وەرگرتنی وتەكانیان.

## هەژدەهەم: شیاوی شاهێدی

كاتیٚ شاهێد وتەكانی وەردەگیریٚ دەبیٚ شیاوی هەبێت لە رووی ئەقلی و هۆش و تەمەن و هەموو ئەو مەرجانەی پێویستە لە شاهێدییەكەی هەبێت، ئەگەر یەكێك لەو مەرجانەی لە دەستدا ئەوا شاهێدییەكەی هەژمار ناكرێت و رەتدەكرێتەوەو بڕیار لەم بارەیەوە بەم شێوەیە دەدرێت:

شاهێدی (ـــ) وەرگیراوە و پێچەوانەی بیر و هۆشی شاهێدیەكەی لەسەر یەكەوە نەبووە و گومان لە تەندروستی دەكرێت و لە كاتی وەرگرتنی وتەكانی ئاگاداری ئەوە نەبوو چی دەڵێت، بۆیە بڕیارمدا بە نەشیاوی شاهێدییەكە.

## نۆزدەهەم: پشكنینی شانۆی تـاوان

لە كاتی رووداني تاوانێك دادوەری لێكۆڵینەوە ئاگادار دەكرێتەوە و ئەویش بڕیاری پشكنینی شوێنی تاوانەكە دەدات بۆ هەڵگرتنەوەی بەڵگەكانی تاوان و لێكۆڵینەوە لە چۆنیەتی رووداني تاوانەكە و دەستگیركردنی تۆمەتباران بەم شێوەیە:

لە پێناو دەرخستنی چۆنیەتی رووداني تاوانەكە و زانینی تۆمەتباران، پێویستە بە زووترین كات بچنە شوێنی تاوان و هەڵگرتنەوەی بەڵگەكانی تاوانكاری و چەسپاندنی شوێنەكە و دەرخستنی بەشێوەیەكی تەواو دروست لە كۆنووسەكە.

## بیستەم: تۆمەتباری شێت

ئەو کەسەی تاوان ئەنجامدەدات ئەگەر دەرکەوت شێتە و دواکەوتنی مێشکی هەیە، ئەوا تۆمەتبار لێپسراویەتی لەسەر لادەکەوێت و دەدرێتەوە کەس و کاری یان دەخرێتە نەخۆشخانەی دەروونی بۆ چارەسەرکردنی، دەرچوون لە لێپسراویەتی تەنیا بە بانگەشە نابێت، بەڵکو تۆمەتبار رەوانەی لیژنەی پزیشکی دەکرێت و ئەوان تۆمەتبار دەپشکنن و راپۆرتی دەرخستەی ئاکامی پشکنینەکە بۆ دادگا دەنێرنەوە، ئەگەر شێت یان کاڵفامی هەبوو ئەوا بەرپرسیارییەتی تاوانەکەی لەسەر لادەچێت بەم شێوەیە بڕیارەکە دەردەچێت:

بڕیارمدا بە نابەرپرسیارییەتی تۆمەتبار (ـــ) لەسەر تاوانی (ـــ) لەبەر ئەوەی دەرکەوت تۆمەتبار نەخۆشە بە نەخۆشی (ـــ)کە لە راپۆرتی پزیشکی ژمارە (ـ)ی رۆژی ( | | )ی لیژنەی پزیشکی هاتووە، ئەو نەخۆشیەش هۆکارە بۆ ئەوەی ئاگاداری کردارەکانی نەبێت، رێگریمان نییە بدرێتەوە کەس وکاری بە مەرجێك پارێزگاری لێبکەن ئەگەر نا رەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی.

## بیست و یەك: تۆمەتباری بچوك

بەرپرسیارییەتی تاوان تەمەنی دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەگەر لەو تەمەنە بچوکتر بێت، ئەوا بەرپرسیارییەتی نایگرێتەوە، دەدرێتەوە خانەوادەکەی، بەڵام پەرلەمانی کوردستان کردوویەتی بە (١١)ساڵی تەواو کردبێ بەپێی یاسای دیاریکردنی تەمەنی بەرپرسیارییەتی سزایی لە هەرێمی کوردستان بەژمارە (٢٠٠١/١٤)، ئینجا لە رووی یاساییەوە بەرپرسیار دەبێت لە کرداری تاوان و سزا دەدرێت، ئەگەر یانزە ساڵی تەواو نەکردبێ بەرپرسیار نابێت:

بەهۆی ئەوەی تۆمەتبار(ـ)بەرپرسیار نییە بەپێی یاسا بەهۆی بچوکی تەمەنی کە لە رێرەوەی لێکۆڵینەوە و ناسنامەی کەسی هاتووە، بڕیارمدا بە رەتکردنەوەی سکاڵاکە و داخستنی داواکە بە شێوەیەکی کۆتایی بەپێی مادەی (١٣٠|أ)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بەرکار.

## بیست و دوو: خێرا لێپرسینەوەی تۆمەتبار

تۆمەتبار بەپێی یاسا پێویستە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لێپرسینەوەی لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر لەگەڵدا بکرێت، لەو ماوەیەدا نەکرێ بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی نایکات و بۆیە بەپێی یاسا لەو ماوەیەدا لێپرسینەوە دەبێ بکرێ بەپێی مادەی (١٢٣)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بەرکار.

## بیست و سێ: ڕەوانەکردنی بەڵگەکان بۆ بەڵگەی تاوان

لەکاتی هەڵگرتنەوەی بەڵگە لە شانۆی تاوان پێویستە بە زووترین کات ڕەوانەی بەڵگەی تاوان بکرێت بەم شێوەیە:

بۆنمونە: دەمانچەی دەست بەسەردا گیراو ڕەوانەی لای شارەزای بواری چەك لە بەڵگەی تاوان دەکرێت، بۆ ئەوەی جیاوازی پێبکرێت لەگەڵ ئەو گوللانەی لە شوێنی تاوان دەرچوون تا بزانرێ لەو دەمانچەیە دەرچووە.

## بیست و چوار: پێشینەی تاوان

کاتێ تۆمەتبار دەستگیر دەکرێ و ڕێکاری لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدرێت، نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان دەکرێت، پێشینەی تۆمەتبار بنێرن تا بزانرێ لە ماوەی ڕابردوو تاوانی تری کردووە یان بە پێچەوانە، لەبەر ئەوەی بوونی تاوانی پێشینە کاریگەری لەسەر سزای تاوانەکەی دەبێت، بەم شێوەیە:

داوا لە بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان دەکەین، پێشینەی تۆمەتبار (ـــ) ڕەوانە بکەن ئەگەر لە تۆماری بەڵگەی تاوان هەبێت.

## بیست و پێنج: شاردنەوەی تۆمەتباری هەڵاتوو

بەپێی یاسا هەر کەسێك هاوکاری ڕاکردن و شاردنەوەی تۆمەتبار بدات ئەوا سزا دەدرێت، بەڵام تەنیا ئەندامانی خانەوادە لە بنەچە و لقەکانی خێزان لێی بە دەرکراوە ئەگەر تۆمەتبارەکە بشارێتەوە لە ڕووی یاساوە سزا نادرێت:

لە دادخواز (ـــــ) دەگەیەندرێت یاسا قەدەغەی شاردنەوەی تۆمەتباری هەڵاتوو دەکات، تەنیا ئەندامانی بنەچە و لقەکانی خێزانی سزا نادرێن.

## بیست و شەش: جیاکردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوەی تۆمەتباری راگیراو لە هەڵاتوو

لەکاتی ئەنجامدانی تاوان لە لایەن دووکەس یان زیاتر ئەوانەی دەستگیر دەکرێن پەڕاوەکەیان جیادەکرێتەوە لە تۆمەتباری هەڵاتوو بەم شێوەیە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات:

پەڕاوی لێکۆڵینەوەی تۆمەتباری راگیراو(ـــ) جیادەکرێتەوەو سەربەخۆ دەبێت، بە پیێ مادەی (ـــ)یاسای سزاکان، رێڕەوەی پێدەکرێت و پێشکەش دەکرێت تا بڕیاری گونجاوی دەرهەق دەردەچێت، وە داوای سەرەکی تایبەت دەبێت بە تۆمەتباری هەڵاتوو (ـــ) بەپێی مادەی (ـــ) لە یاسای سزاکان.

### بیست و حەوت: وردبینیکردن

دوای ئەوەی قۆناغی یەکەم و سەرەتایی لێکۆڵینەوە لە تاوان تەواو دەبێت، دەستدەکرێت بە وردبینیکردن لە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بزانریێ چی کەموکوڕی هەیە تا تەواو بکرێت و دادوەری لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە بڕیار دەدات:

تێخوێندنەوەیەك پێشکەش بکرێت لە رێکار و قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی کەموکوڕی پەڕاوەکە بە مەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە و پەڕاوەکە وربینیبکریێ بۆ دیاریکردنی هەر کەموکوڕییەك.

## بیست و هەشت: ناسنامەی کەسی تۆمەتبار

هەموو پەڕاوێکی لێکۆڵینەوە چەند پێداویستییەکی دەوێت کە تایبەتە بە تۆمەتبار و دەبیێ بە پەڕاوەکە ببەسترێن، جگە لە پێشینەی تۆمەتبار دەبیێ ناسنامە و وێنەی تۆماریش بە پەڕاوەکە ببەسترێت و بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە دەبێت:

ناسنامەی باری شارستانی و وێنەی تۆماری خێزانی تۆمەتبار (ـــ) بە پەڕاوی لێکۆڵینەوە ببەسترێت.

## بیست و نۆ: دەستبەسەردا گرتنی ئۆتۆمبێلی دزراو

کاتێ هەواڵی ئۆتۆمبێلی دزراو دەگات، زانیاری تەواو لەسەر ئۆتۆمبێلەکە دەدرێتە بنکەکان و بازگە و دەستەکانی پۆلیستی نێو شار و ڕێگاکانی دەرەوەی شار تاوەکو دەستی بە سەردا دەگیرێت بەم شێوەیە:

زانیاری لەسەر ئۆتۆمبێلی ژمارە (ـ) جۆری (ـ) ڕەنگی (ــ)مۆدێل (ـ) گشتاندنی پێدەکرێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکە و شوفێرەکەی و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆ بۆ دیاریکردنی زانیاری و خاوەنی ڕاستەقینەی.

## سی: داوا لە دادخواز دەکرێت شاهێدی سەلماندن ئامادە بکات

کاتێ دادخواز سکاڵای تۆمار دەکات کە مافی خوراوە لە لایەن تۆمەتبارەوە، دادگا سکاڵاکەی لێوەردەگرێت و دەستدەکرێت بە ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی لە تاوانەکە و دادگا داوا لە دادخواز دەکات شاهێدی سەلماندن بۆ بانگەشەکەی بهێنێ، تابتوانێ بۆ دادگا بسەلمێنێ کە تۆمەتبار هەڵساوە بە پێشێلکردن و خواردنی مافی بەم شێوەیە بڕیاری دادوەر دەردەچێت:

داوا لە دادخواز (ــ) دەکرێت شاهێدی سەلماندن لە بەردەم ئەو دادگایە ئامادە بکات و ناوەکانیان بهێنێ لەگەڵ زانیاری لەسەریان بە تایبەت شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ ئەوەی پێڕاگەیاندنیان بۆ بکرێ و وەتەکانیان وەربگیرێت.

## سی و یەك: کردنەوەی گۆڕ

کرداری مردن سەبارەت بە لێکۆڵەر گومانی تاوانی لێدەکرێت، تا پێچەوانەکەی دەچەسپێت و هەندێ جار دوای ئەوەی مردووەکە دەخرێتە گۆڕەوە، ئینجا گومانی ئەوە دەکرێت ئەو کەسە بە ئاسایی نەمردبێت، بەڵکو بەهۆی کرداری تاوانەوە گیانی لە دەست داوە ئەوەش دوای ئەوە دێت زانیاری یان بەڵگەیەك دەدۆزرێتەوە لەسەر گومانکردنی تاوان لە دژی کەسە مردووە نێژراوەکە، بۆیە دادوەر بڕیار دەدات گۆڕەکە هەڵبدرێتەوە و تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری

**بکرێت، تا توێکاری بۆ بکرێت ئەو ڕاستییە دەربکەوێت کە مردنی ئاساییە یان تاوانە، بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە دەبێت:**

**بەهۆی ئەو گومانەی دەرکەتووە بۆ دڵنیابوون کە ئایا تاوانلێکراو (ـــ) خۆی مردووە یان بەهۆی کرداری تاوانی تۆمەتبارەوە گیانی لە دەستداوە، بۆیە بڕیارمدا بەپێی ماددەی (٧١)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بە کردنەوەی گۆڕەکەی بە ئامادەبوونی پزیشکی دادوەری و لێزان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و کەسوکاری مردووەکە بۆ گەیشتن بە هۆکاری ڕاستەقینەی مردنەکە.**

## سی و دوو: جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیار

**خێرا جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای لێکۆڵینەوە گرنگی ئەوەی هەیە لێکۆڵینەوەی تەواو دەبێت و پەڕاوەکە دواناکەوێت و تۆمەتباران بە زووترین کات دەستگیر دەکرێن، لەبەر ئەوە دادگای لێکۆڵینەوەی لەکاتی دواکەوتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بە دوای نوسراویان نووسراوی تر دەکەنەوە و تیایدا جەخت لە جێبەجێکردنی بڕیاری پێشوویان دەکەنەوە وەك ئەو شێوەیە خوارەوە:**

**لەڕۆژی(   |   |   )بڕیارمان دەرکرد بە دەستگیرکردنی تۆمەتبار (ـــ) لەگەڵ تێپەڕبوونی ماوەی مانگێك بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە، لە پەڕاوەکە تێبینیمان کرد هیچ هەوڵێکی جدی نەدراوە بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار (ـ) بۆیە داوا دەکەین هۆکارەکەیمان بۆ ڕوون بکەنەوە، هەروەها بەزووترین تۆمەتبار دەستگیر بکەن.**

## سی و سێ: ڕەوانەکردنی بەڵگەی ساختەکراو

**لە تاوانی ساختەی نووسراوی فەرمی دەزگاکان لەگەڵ تۆمەتبار ڕەوانەی بەڵگەی تاوان دەکرێت بە مەبەستی جیاوازیکردن بەواژۆ و نووسین بۆ دەرکەوتنی ڕاستی و ناڕاستی بەڵگەنامەکە کە ئایا ساختەیە یان ساختە نییە و لە بەڵگەی تاوان بەهۆی ئامێری تایبەت شێوازی نووسین، ئەگەر ساختەکردنەکە نووسینی**

دەستی بێت لەگەڵ واژۆكان هەموو جیاوازیپێدەكرێت، لەم رووەوە بەم شێوەیە نووسراو ئاراستەی بەڵگەی تاوان دەكرێت:

نووسراوی گومان لەسەر كە ساختەی لەسەر كراوە لەگەڵ تۆمەتبار رەوانەی بەرێوەبەرایەتییەتەكان( بەڵگەی تاوان ) دەكەین بۆ نووسین و جیاوازی پێكردن بۆ زانینی ئەو نووسراو و واژۆیە ساختەیە یان ساختە نییە، ئاكامی راپۆرتەكە بە پەراوەكە ببەسترێ و لەگەڵ تۆمەتبار ئامادەی بەردەم بكرێ لە دوای دەرچوونی ئاكامەكەی.

## سی و چوار: بەنهێنی كردنی لێكۆڵینەوە

هەندێ جار بەهۆی هەستیاری تاوانەكە و ئەو شوێنەی تاوانەكەی لێ ئەنجامدراوە، تاوەكو تۆمەتباران بە ئاكامی لێكۆڵینەوە نەزانن، بە زووترین كات دەستگیر بكرێن دادگای لێكۆڵینەوە بڕیار دەدات لێكۆڵینەوەكە بە نهێنی ئەنجامبدرێت، تا دەركەوتنی راستییەكان و ئاشكرابوونی تۆمەتباران و بڕیار لەم بارەیەوە بەم شێوەیە دەردەچێت:

بەهۆی گرنگی و هەستیاری پەراوەكە و بۆ رۆچوون و زیاتر قوڵبوونەوەی لێكۆڵینەوە بڕیارمدا لێكۆڵینەوە لەم پەراوە بە نهێنی بەرێوەبچێت لەو كاتە و بۆ ماوەی مانگێك بۆ گەیشتن بە راستییەكان.

## سی و پێنج: پەڕاوی لێكۆڵینەوە دەخرێتە بەردەست داواكاری گشتی

یاسا بۆ پاراستنی مافی گشتی و مافی تۆمەتبار رێگەیداوە داواكاری گشتی پەراوی لێكۆڵینەوە ببینێ و سەیری هەموو بڕیارەكانی دادوەری لێكۆڵینەوە بكات، و راو تێخوێندنەوەی خۆی بۆ بكات و داوای هۆكاری نەخستنە بەردەمی پەراوەكە بكات و دەتوانێ تانە لەهەر بڕیارێكی لێكۆڵینەوە بدات، لەكاتی پێشێلكردنی یاسا و مافی دادخواز و تۆمەتبار پەراوی لێكۆڵینەوە بەم شێوەیە دەخرێتە بەردەم داواكاری گشتی و هەر كاتێ دادوەری لێكۆڵینەوە بڕیارێك لە پەراوی لێكۆڵینەوە بدات دەبێ بیخاتە پێش داواكاری گشتی:

ئەم پەڕاوە بخرێتە بەردەم داواکاری گشتی و تێبینی و تانەیان لەسەر بڕیارمانان.

## سی و شەش: هەڵوەشاندنەوەی دەستەبەری

لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە هەندێ تاوان تۆمەتبار داوای دەستەبەری کەسی و دەستەبەری بڕێك پارە کە دانانی بڕەکەی پەیوەندی بە تاوانەکە و مەزندەی دادوەرەوە هەیە دادەنرێت و تۆمەتبار ئازاد دەکرێت، بەڵام لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە بەردەوامدەبێت تا کۆتایی لێکۆڵینەوە ئەگەر تاوانەکە لەسەری چەسپا ئەوا رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت بۆ دادگاییکردن و ئەگەر نەچەسپێ ئەوا پەڕاوی لێکۆڵینەوەکە دادەخرێت، لەم قۆناغە بە هەر هۆیەك بێت ئەو کەسەی دەبێتە دەستەبەری تۆمەتبار، دەستەبەرییەکە هەڵبوەشێنێتەوە لەو کاتە دادگا بڕیاری دەستگیرکردن و راگرتنی تۆمەتبار دەداتەوە بەم شێوەیە:
بڕیارمدا بە هەڵوەشاندنەوەی دەستەبەری (ـــ) وە راگرتنی تۆمەتبار (ـــ) بەهۆی نەبوونی دەستەبەری و هەرکاتێ دەستبەری هەبێت ئازادەکرێتەوە.

## سی و حەوت: پشکنین

کرداری پشکنین بەپێی یاسا رێکخراوە، دەبێ بەپێی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە کرداری پشکنین ئەنجامبدرێت بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار و ماڵی دزراو و لەکاتی چوون بۆ شوێنەکە بڕیارەکە بە خاوەن ماڵەکە یان شوێنەکە نیشاندەدرێت و بڕیاری داوەری لێکۆڵینەوەش بەم شێوەیە دەبێت:
دەرکەوتووە کە ماڵی ژمارە (ـــ) لە گەڕەکی (ـــ) کراوەتە شوێنی خۆ حەشاردان و شاردنەوەی ماڵ و سامانی دزراو لە تاوانی (ـ) بۆیە بڕیارمدا بە چوونتان بۆ ئەو شوێنە و پشکنینی شوێنەکە و ژوورەکانی بۆ ئەو مەبەستە، گومانلێکراو (ـ) دەستگیر بکەن و لەگەڵ دەستبەرداگرتنی ماڵی دزراو.

## سی و هەشت: ئامادە نەبوونی تۆمەتبار

لەکاتی دەرچوونی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە بە ئامادەبوونی تۆمەتبار بۆ بەردەم دادگا بڕیار دەردەچێت بە دەستگیرکردنی تۆمەتبار بە زۆری هێنانی بۆ بەردەم دادگای لێکۆڵینەوە و بڕیارەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

بەهۆی پێڕاگەیاندنی تۆمەتبار(ـــ) بەپێی یاسا و ئامادەنەبوونی بۆ چەند جارێك دوای پێڕاگەیاندنی بەشێوەی فەرمی تا بێتە بەردەم دادگا، وەهیچ هۆکارێکی نەبوو بۆ ئامادەنەبوونی، بۆیە بڕیارمدا بە دەرکردنی یاداشتی دەستگیرکردنی تۆمەتبار(ــــ) بەپێی مادەی(ــــ) یاسایی و ئامادەکردنی لە بەردەم دادگا.

## سی و نۆ: ئازادکردنی تۆمەتبار بە دەستەبەری

لە قۆناغی لێکۆڵینەوە تۆمەتبار دەتوانێ لە دادگا داوا بکات بە دەستەبەری لە هەندێ تاوان ئازادبکرێت تا قۆناغی لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە داوایەك پێشکەش بە دادگا دەکات کەسێك دەبێتە دەستەبەری یان بەرامبەر بڕێك پارە و دادگا بۆی هەیە بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتبار بە دەستەبەری بدات یان داواکە ڕەتبکاتەوە و تۆمەتبار بە دەستەبەری ئازاد نەکات بڕیارەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

لەبەر ئەوەی کرداری تاوانی تۆمەتبار(ــــ) ماددەی (ـــ) لە یاسای سزاکان لەسەر جێبەجێدەبێت و ئەو تاوانەش دەستەبەری تێدا دەکرێت و تۆمەتبار داوایەکی بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش کردووە تا ئازاد بکرێ بە دەستەبەری، ترس لە هەڵاتنی نییە و کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە نییە لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوە لە قۆناغی کۆتاییە، بۆیە بڕیارمدا بە ئازادکردنی دەستەبەری کەسی ناسراو و هێنانی نوسراوی موختار یان فەرمانگەی دادنووس لەگەڵ هاوپێچکردنی ناسنامە و وێنەی پسولەی خۆراکی دەستەبەر بە ئازادکردنی تۆمەتبار (ـــ) بە دەستەبەری ئەگەر لەسەر هیچ تاوانێکی تر ڕانەگیراوە، لەهەمان کاتدا دادوەری لێکۆڵینەوە دەتوانێ بەرامبەر بڕە پارەیەك تۆمەتبار ئازاد بکات، ئەو بڕە پارەیە بۆ

ئامادەبوون و هەڵنەهاتنی تۆمەتبارە و پارەکە لەسندوقی دادگا دادەنرێ بەهۆی چەکی بانکی و دوای تەواوبوونی قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تۆمەتبار و بریاری دادگا پلەی بنبڕ وەربگرێ ئەو برە پارەیە بۆ تۆمەتبار دەگەڕێندرێتەوە.

## چل: رەتکردنەوەی دەستەبەری تۆمەتبار

هەندێ تاوان هەیە بە دەستەبەری تۆمەتبار ئازاد ناکرێت بە تایبەت لە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست و سزاکەی زۆر بێت لەو کاتە دەستەبەری لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە رەتدەکرێتەوە و تۆمەتبار ئازاد ناکرێت و بڕیارەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

بەهۆی رێنەدانی یاسا و ئەو تاوانەی ئاڕاستەی تۆمەتبار (ــ) بەپێی ماددەی (ـــ) یاسای سزایی کراوە سزاکەی لە سێدارەدانە، بۆیە بڕیارمدا بەرەتکردنەوەی داواکاری تۆمەتبار(ـــ) بۆ ئازادکردنی بە دەستەبەری .

## چل و یەك: داوای ئامادە بوونی سەربازان

ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی تۆمەتبار کراوە بە تاوانێك سەرباز بوو پێویستە نووسراو بۆ ئەو شوێنە بکرێت کە تیایدا سەربازە و بۆ ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە رەزامەندی وەزارەتی بەرگری پێویستە نووسراوەکە بەم شێوەیە دەبێت:

بەهۆی ئەوەی تۆمەتبار(ـــ) ئەفسەری سەربازییە، داوا لەوەزارەتەکەتان دەکەین رەزامەندی بنوێنن بە ئەنجامدانی رێکاری لێکۆڵینەوە لە دژی بەپێی ماددەی (ــ) یاسای سزایی و وەڵامەکە بە پەڕاوەکە دەبەسترێت.

## چل و دوو: پێکهاتنەوە

ئەو تاوانانەی پێکهاتنی تێدا دەکرێت و مافی گشتی تێدا نییە لایەنەکانی داوا لە یەکتر نزیکن، بۆ پارێزگاریکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادگا دەتوانێ بە

پێکهاتنەوەی لایەنەکانی داوا رازی بێت و پەڕاوی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەی کۆتایی دابخات و بڕیارەکەی بەم شێوەیە دەبێت:
لەبەر ئەوەی دادخواز (ــ) لەگەڵ تۆمەتبار (ــ) پێکهاتۆتەوە لەبەردەم ئەو داداگایە، وە بۆ دادگاش روونبۆوە کە پەیوەندی نزیك لەنێوانیان هەیە، وەپێکهاتنەوە دووبەرەکی ناهێڵێت، پەیوەندی نێوانیان ئاسایی دەبێتەوە، بۆ رەزامەندیم نواند بە پێکهاتنەوەیان و داخستنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی کۆتایی بەپێی ماددەی (١٩٧|ب) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بەرکار، وە ئازادکردنی تۆمەتبار ئەگەر لەسەر هیچ تاوانێکی تر داواکراو نەبێت.

## چل و سێ: دووبارەبوونەوەی هەمان سکاڵا

لەو کاتەی دادخواز سکاڵایەك لەسەر تۆمەتبار ئاڕاستەی دادگای لێکۆڵینەوە دەکات و پاشان لە مافە کەسییەکانی خۆی لە سزایی و مەدەنی خۆش دەبێت بەهەر هۆیەك پەڕاوەکەی لێکۆڵینەوە دادەخرێت بە شێوەی کۆتایی و هەڵسێ بە دووبارە بەرزکردنەوەی سکاڵا لە هەمان دادگا و سەبارەت بە هەمان بابەت لێرەدا دادگای لێکۆڵینەوە سکاڵاکەی رەتدەکاتەوە بەم شێوەیە:
دادخواز (ــ) پێشتر سکاڵای بۆ ئەم دادگایە بەرزکردۆتەوە و لە مافەکانی کەسی خۆی خۆشبووە و لێکۆڵینەوە لەسەری بە شێوە کۆتایی داخراوە، بۆیە نابێ جارێکیتر لێکۆڵینەوە سەر لەنوێ ئەنجامبدرێتەوە.

## چل و چوار: گلدانەوەی سامانی تۆمەتباری هەڵاتوو

لە کاتی ئەنجامدانی تاوانێك لە لایەن تۆمەتبار و هەڵاتنی لە دەستی یاسا و دادگا دوای ئەنجامادانی کۆمەڵێك رێسا لە ئامادەبوون و بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبار، بەڵام هەر دەستگیرنەکراو بە هەڵاتوو مایەوە، ئەوا بەپێی یاسا بۆ دادگا هەیە گلدانەوە بخاتە سەر سامانی گواستراوە و نەگواستراوە تۆمەتبار بە مەبەستی دەستگیرکردنی و بڕیارەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

**تۆمەتبار(ـ) تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی تاوان بەپێی ماددەی(ــــ) یاسای سزایی و لەیەن ئەو دادگایە بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی شوێنی نادیارە تۆمەتبار (ــــ) دەستگیرنەکراوە، بۆیە بڕیارمدا بە گلدانەوەی سامانی گواستراوە و نەگواستراوەی تۆمەتبار بەپێی ماددەی (١٢١)ی لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی.**

## چل و پێنج: مافی سکاڵا

**یاسا ماوەی بۆ دادخواز دیاریکردووە تا سکاڵای پێشکەش بکات و لە هەمان کاتدا ماوەی دیاریکردووە لە دوای پێشکەشکردنی سکاڵاکەی بۆ ماوەی سێ مانگ، لەو کاتەی تاوانلێکراو بەتاوانەکە دەزانێ و لەو ماوەی سێ مانگە دەبی سکالا بەرزبکاتەوە بۆ ئەنجامدانی رێکاری یاسایی لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوە لە دژی تۆمەتبار.**

**هەروەها دادوەری لێکۆڵینەوە چەندین بڕیاری دیکە هەیە دەیدات بەپێی جۆری تاوان دەگۆڕێ و هەروەها هەموو ئەو بڕیارانەی دادوەری لێکۆڵینەوە دەیدات، دەخرێتە بەردەم داواکاری گشتی دەتوانی رای خۆی و تانە لە بڕیارەکان بدات، هەروەك چۆن لایەنەکانی داوا ( دادخواز و تۆمەتبار ) بۆیان هەیە تانە لە بڕیارەکان بدەن لە بەردەم دادگای تاوان، لە هەمان کاتدا هەردوو لایەن دادخواز و تۆمەتبار مافی ئەوەیان هەیە هەر لەقۆناغی سەرەتایی لێکۆڵینەوە پارێزەریان هەبێ و بەرگری لە مافەکانیان بکات.**

# بەشی دووەم: کۆنووسەکانی لێکۆڵینەوەی تاوان

## یەکەم: کۆنووسی پشکنینی شوێنی رووداو لە تاوانی دزین:

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ــــــ) یان ن.نەهێشتنی تاوانی( ) ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**کۆنووسی پشکنینی شوێنی رووداو**

لەسەر ئەو هەواڵەی پێمانگەیشت لەسەر دزینیماڵی دادخواز (ــــ) ژمارەی خانوو(ــ) لە شاری (ــ) لە گەڕەکی(ــــ)، دوای پەیوەندی کردن بە دادوەری لێکۆڵینەوەو بڕیاری بەڕێزیان لەم رووەوە، بە یاوەری دادخواز و ئەفسەری لێکۆڵینەوە و ژمارەیەك پۆلیس بە ئۆتۆمبێلی ژمارە (ــ پۆلیس) چووینە شوێنی روودانی تاوانەکە، پۆلیسەکان دابەشکران بۆ پاراستنی شوێنەکە و قەدەغەکردنی دەرچوون و چوونە ژوورەوە لە ماڵەکە و پارێزگاریکردن لە شوێنەوارەکانی تاوان و ماڵەکە (ــ کم) لە بنکەی پۆلیس (ــ) دوورە و لە پشکنینەکە دەرکەوت:

١-دوای پشکنینی دەورووبەری ماڵەکەی دزی لێکراوە هیچ شوێنەوارێکی ماددی نەبوو کە بۆ لێکۆڵینەوە سوودی هەبێت.

٢-ئەو ماڵەی دزی لێکراوە رووبەرەکەی (ــــ) یەك نهۆمە و دوو ژووری نوستن و هۆڵ و ژووری پێشوازی میوان لێبوو.

٣-لە هۆڵ و ژووری میوان و ژووری نوستنی بەرامبەر ژووری پێشوازی میوان کە کەلوپەلی ناوماڵی لێبوو وەکو خۆیبوو دەستکاری هیچ نەکرابوو.

٤-لە ژووری نووستنی بەرامبەر هۆڵەکە کە دەکەوێتە لای راستی خانووەکە کە رووبەری (٤X٣) بوو کەنتۆر و دوو کورسی و مێزێك و هەڵگرێکی جلوبەرگ و تابلۆیەك بە دیوارەوە بوو، کەنتۆرە چوار دەرگەیەکە کرابوو جلوبەرگ و

کەلوپەلەکانی هێنرابووە ناوەڕاست ژوورەکە و دەرکەون کە سندوقێکی داری تێدابوو شکێنرابوو بڕی ملیۆنێك دینارو ٢٠ مسقال زێڕی عەیار ٢١ لێدزرابوو.

٥-هیچ پەنجەرەیەکی ماڵەکە نەشکابوو.

٦-دەرگای بەیتونە بڵند کرابوو لە نێو بەستەرەکانی هاتبوونە دەرەوە و دەرگاکەیان لێکردبۆوە.

٧-بەڵگەی تاوان پەنجەمۆری سەر دەرگاکە و کەنتۆر و سندوقە شکاوەکەیان هەڵگرتەوە.

٨-وێنەی شوێنی رووداو گیرا لە لایەن وێنەگری تایبەت بە تاوانکاری.

٩-بۆ مەبەستە ئەو کۆنووسە رێکخراو لە لایەن ئامادەبووانەوە واژۆ کرا.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| واژۆی<br>دادخواز | واژۆی<br>شاهێد | واژۆی<br>شاهێد | واژۆی<br>ئەفسەری<br>لێکۆڵینەوە | واژۆی<br>لێکۆڵەرەوەی<br>دادوەری |

## دووەم: کۆنووسی پشکنینی شوێنی رووداو لە تاوانی کوشتن

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ــــــ) یان ن.نەهێشتنی تاوانی( )      ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

### کۆنووسی پشکنینی شوێنی رووداو

لەسەر ئەو هەواڵەی پێمانگەیشت لەسەر کوژرانی (ــــ) لە خانووی ژمارە (ــ) لە شاری (ــ) لە گەڕەکی(ــــ) کە خاوەنەکەی(ــــ)، دوای پەیوەندی کردن بە دادوەری لێکۆڵینەوە و بڕیاری بەڕێزیان لەم رووەوە، بە یاوەری هەواڵدەر و ئەفسەری لێکۆڵینەوە و ژمارەیەك پۆلیس بە ئۆتۆمبێلی ژمارە (ــ پۆلیس) چووینە شوێنی روودانی تاوانەکە، پۆلیسەکان دابەشکران بۆ پاراستنی شوێنەکە و قەدەغەکردنی دەرچوون و چوونە ژوورەوە لە ماڵەکە و پارێزگاریکردن لەشوێنەوارەکانی تاوان و ماڵەکە (ــ کم) لە بنکەی پۆلیس (ــ) دوورە و لە پشکنینەکە دەرکەوت:

١-دوای پشکنینی دەورووبەری ماڵەکەی تاوانی کوشتنی لێکراوە هیچ شوێنەوارێکی ماددی نەبوو کە بۆ لێکۆڵینەوە سوودی هەبێت.

٢-ئەو ماڵەی تاوانی کوشتنی لێکراوە رووبەرەکەی (ــــ) یەك نهۆمە و دوو ژووری نوستن و هۆڵ و ژووری پێشوازی میوان لێبوو.

٣-لە هۆڵ و ژووری میوان و ژووری نوستنی بەرامبەر ژووری پێشوازی میوان کە کەلوپەلی ناومالی لێبوو، وەکو خۆیبوو هیچ شتێك دەستنەکەوت کە سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت.

٤-لە ژووری نووستنی بەرامبەر هۆڵەکە کە دەکەوێتە لای راستی خانووەکە کە رووبەری (٤X٣) بوو کەنتۆر و دوو کورسی و مێزێك و هەڵگرێکی جلوبەرگ و تابلۆیەك بە دیوارەوە بوو، لە دیوار لای چەپی ژوورەکە پێنج دڵۆپە خوێن بەدیدەکرا، لە ناوەڕاستی ژوورەکە تەرمی کوژراوەکە کەوتبوو لەسەر سك بوو

**سەری کەوتبووە دەرەوەی دەرگای ژووەرکە و لە ژێر تەرەکە خوێنێکی زۆر رژابوو.**

**٧-بەڵگەی تاوان پەنجەمۆری سەر دەرگاکان و پەنجەرە و کەنتۆر و مێزەکان هەڵگرتەوە.**

**٨-لە ناو ژووەرەکە هیچ ئامێرێك نەدۆزرایەوە کە هۆکاری کوشتنەکە بن.**

**٩-وێنەی شوێنی رووداو تەرمی کوژراوەکە گیرا لە لایەن وێنەگری تاوانکاری بەڵگەی تاوانکاری.**

**١٠-بۆ مەبەستە ئەو کۆنووسە رێکخراو لە لایەن ئامادەبووانەوە واژۆ کرا.**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **واژۆی** | **واژۆی** | **واژۆی** | **واژۆی** | **واژۆی** |
| **داواکاری** | **شاهێد** | **شاهێد** | **ئەفسەری** | **لێۆڵەرەوەی** |
| **مافی کەسی** | | | **لێکۆڵینەوە** | **دادوەری** |

## سێیەم: کۆنووسی کرداری نۆڕینی بەرێنمایی

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لەبنکەی پۆلیسی (ـــــ) یان ن.نەهێشتنی تاوانی(   )   ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**<u>کۆنووسی کرداری نۆڕینی بەرێنمایی</u>**

لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە لە رێکەوتی / / بۆ ئەنجامدانی کرداری نۆڕینی بە ڕێنمایی، لەبەر ئەوەی تۆمەتبار (ـــ) دانی بە تاوانەکەی ناوە بە دزینی ماڵی دادخواز (ـــ) ژمارەی خانوو(ـــ) لە گەڕەکی(ـــ) دوای ئامادەکردنی تۆمەتباری دانپێنەر لە بنکە، داوامان لێکرد کردارەکەمان بۆ بکاتەوە لە شوێنی رووداو، بە ویست و ئارەزووی خۆی رەزامەندی نواند و بە یاوەری ئەفسەری لێکۆڵینەوە و ژمارەیەك پۆلیس بە ئۆتۆمبێلی(ـــ پۆلیس) بەرێکەوتین و تۆمەتباری دانپێنەر رێنمایی کردین بەرەو گەڕەکی (ـــ)بڕۆین و لەوێ پێی وتین بۆ نمونە بڕۆنە کۆلانی سێیەم کە چووین لە ماڵی ژمارە پێنجی لای راستی کۆلانەکە لە بەردەم ماڵی دادخواز وتی بوەستن و ئەو ماڵەیە دزیم لێکردووە، لە شوێنی رووداو تۆمەتبار بەسەر دیواری حەوشەی ماڵەکە کەوت و چووە باخچە و لەوێ بە بۆڕییەك کیلۆنی دەرگای سەرەکی شکاندو چووە ژوورەوە لە دواوەی لای راست چووە ژوورێك جەکمەجەی مێزەکانی شکاند هیچی لێنەدۆزیەوە، پاشان کەنتۆری جلوبەرگی کردەوە پشکنی هیچی نەدۆزیەوە، پاشان چووە ژووری پێشوازی میوانان لەسەر تەلەفزیۆن مۆبایلێکی جۆری ئایفۆن ١١ پلەس و کاتژمێرێکی دەستی پیاوانی دزی و خستیە گیرفانیەوە، پاشان بە هەمان شوێن کەهاتە ژوورەوە چووە دەرەوە، وتی لە بەردەم دەرگا ئۆتۆمبێلی پۆلیس وەستاو منیان دەستگیرکرد بۆ ئەم مەبەستە ئەو کۆنووسە رێکخراو لەلایەن ئامادبووانەوە واژۆ کرا.

| پەنجەمۆر تۆمەتباری دانپێنەر | واژۆی شاهێد | واژۆی شاهێد | واژۆی ئەفسەری لێکۆڵینەوە | واژۆی لێکۆڵەرەوەی دادوەری |
|---|---|---|---|---|

## چوارەم: کۆنووسی کرداری ناسینەوە

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــ) یان لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی( ) ژمارە/**

**ڕێکەوت: / /**

**کۆنووسی کرداری ناسینەوە**

**لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە لە ڕێکەوتی / / بۆ ئەنجامدانی کرداری ناسینەوە لە کاتژمێر (ـــ) هەڵساین بە ئەنجامدانی کرداری ناسینەوە لە لایەن دادخواز (ـــ) دەربارەی ناسینەوەی تۆمەتبار (ـــ) بەهۆی ئەو دزییەی ئەنجامیدابوو لە بازاری (ـــ) لە گەڕەکی(ـــ) دوای ئەوە دادخواز لە بنکە ئامادەبوو تۆمەتباری نەدیبوو لە ژوورێك بە تەنیا دامانبوو بۆ ئەوەی تۆمەتبار نەبینێ و ئاگاداری ریزبەندی کرداری ناسینەوەکە نەبێت، پاشان لەگەڵ تۆمەتبار حەوت کەسمان ئامادەکرد کە لە جلوبەرگ و شێوە و بەژن و روخسار لە تۆمەتبار دەچوون تۆمەتبار کەوتە ریزبەندی چوارەم و ریزبەندییەکە بەم شێوەیە بوو:**

**١-(ـــ) ٢-(ـــ) ٣-(ـــ) ٤- (تۆمەتبار ) ٥-(ـــ) ٦-(ـــ) ٧-(ـــ) ٨-(ـــ)**

**پاشان داوا لە دادخواز کرا سوێندی یاسایی خوارد و بەرەو ریزبەندییەکەمان برد بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی تۆمەتبار و دوای وردبوونەوەو، تەماشاکردنی یەکە یەکەی کەسەکانی ریزبەندییەکە لە تۆمەتبار چووە پێشەوە، پەنجەی بۆ درێژکرد و وتی ئەوە دزی لێکردوومە و هەڵساوە بە دزینی بڕی پارە (ـــ) لەنێو جانتاکەم، پاشان دادخوازمان بردەوە ژوورەکەی و ڕێزبەندییەکەمان گۆڕی ئەمجارە تۆمەتبارمان هێنایە ریزبەندی حەوتەم و دیسان دادخواز هات و دەستنیشانی تۆمەتباری کردەوە کە دزی لێکردووە، بۆ ئەم مەبەستە ئەو کۆنووسە ڕێکخراو لە لایەن ئامادبووانەوە واژۆ کرا.**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **پەنجەمۆر تۆمەتباری دانپێنەر** | **واژۆی دادخواز** | **واژۆی شاهێد** | **واژۆی شاهێد** | **واژۆی ئەفسەری لێکۆڵینەوە** | **واژۆی لێکۆڵەرەوەی دادوەری** |

## پێنجەم: کۆنووسی کرداری رووبەڕووبوونەوە

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لەبنکەی پۆلیسی (ـــــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**ڕێکەوت: / /**

### کۆنووسی کرداری رووبەڕووبوونەوە

لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە لە ڕێکەوتی / / بۆ ئەنجامدانی کرداری رووبەڕووبوونەوە، لە کاتژمێر (ـــ) هەڵساین بە ئەنجامدانی کرداری رووبەڕووبوونەوەو تۆمەتباری دانپێنەر (ـــ) لە بنکە ئامادەکرا بۆ رووبەڕووبوونەوەی لە بەرامبەر بە تۆمەتبارانی نکۆڵیکار (ـــ) و (ـــ) و ئەوانیش ئامادەکران دەستکرا بە رووبەڕووبوونەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-سەرەتا پرسیار لە تۆمەتباری دانپێنەر (ـــ) کرا، سەبارەت بە دانپێنانەکەی و لە وەڵامدا وتی: ........................وتەکەی دەنووسرێ............ .

٢-پاشان پرسیارمان لە تۆمەتباری نکۆڵیکار(ـــ) کرد سەبارەت بە قسەکانی تۆمەتباری دانپێنەر ئەویش وتی:.........وتەکەی دەنووسین........ .

٣-ئینجا هەمان پرسیارمان ئاراستەی تۆمەتباری نکۆڵیکارەکەی تر بەناوی(ـــ) کرد سەبارەت بە قسەکانی تۆمەتباری دانپێنەر ئەویش وتی:.........وتەکەی دەنووسین........

ئەم مەبەستە ئەو کۆنووسە ڕێکخراو لە لایەن ئامادبووانەوە واژۆ کرا.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پەنجەمۆر تۆمەتباری دانپێنەر | پەنجەمۆری تۆمەتباری نکۆڵیکار | پەنجەمۆری تۆمەتباری نکۆڵیکار | واژۆی ئەفسەری لێکۆڵینەوە | واژۆی لێکۆڵەرەوەی دادوەری |

## شەشەم: پسولەی ئامادەبوونی تۆمەتبار

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**بنکەی پۆلیسی (ــــــ) یان ن.نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**ڕێکەوت: / /**

**بۆ / تۆمەتبار (ــــــ)**

**بابەت/ ئامادەبوون**

**پێویستە لەسەرت لەبنکەمان ئامادەبێت لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی ڕۆژی ( / / ) بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تاوانەی ئاڕاستەتکراوە بەپێی ( ...) یاسای سزایی کە دژت پێشکەشکراوە لەلایەن دادخواز (....)، لەکاتی ئامادەنەبوونت بڕیاری دەستگیرکردنت بەپێی یاسا دەردەچێت.**

**مۆری بنکە** **واژۆ**

**من تۆمەتبار( ) پسولەی پێڕاگەیاندنی ئامادەبوونم پێگەیشت و بۆ ئامادەبوونم لە بەردەم لە بنکەی پۆلیسی (ــ) لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی ڕۆژی ( / / ) و واژۆمکرد.**

**واژۆی** **واژۆی**

**پێڕاگەیەنەر** **تۆمەتبار:**

**ڕۆژی: / /**

# حەوتەم : کۆنووسی ئامادەبوونی شاهێد

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**بنکەی پۆلیسی (ـــــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**بۆ / شاهێد (ـــــــــ)**

**بابەت/ ئامادەبوون**

**پێویستە لە سەرت لە فەرمانگەکەمان ئامادەبێت لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی رۆژی( / / ) بۆ دانی شاهێدیت لە سکالأی پێشکەشکراو لە لایەن دادخواز(....)لە دژی تۆمەتبار(...)بەپێی ماددەی(...) ئەگەر ئامادەنەبیت لە بەرامبەردا بڕیاری ئامادەکردنت بە زۆری لە دژدا دەردەچێت بەپێی یاسا.**

**مۆری بنکە**      **واژۆ**

**من شاهێد( ) پسولەی پێڕاگەیاندنی ئامادەبوونم پێگەیشت و بۆ ئامادەبوونم لە بەردەم لە بنکەکەتان (ــ) بۆ شاهێدی لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی رۆژی ( / / ) و واژۆمکرد.**

**واژۆی**      **واژۆی**

**پێڕاگەیەنەر**      **شاهێد:**

**رۆژی: / /**

## هەشتەم: کردنەوەی کۆنووس لە تـاوانی کوشتن

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ــــــ) یان ن. نەهێشتنی تـاوانی ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**<u>کردنەوەی کۆنووس</u>**

**هەواڵدەر(ــ) هاتە بنکە و هەواڵی کوشتنی براکەی تاوانلێکراو (ــ) لە لایەن (ــ) بۆیە ئەم کۆنووسە کرایەوە و لەسەر بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە دەستکرا بە لێکۆڵینەوە.... ناو و واژۆی لێکۆڵەر**

## هەشتەم: ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە لە تـاوانی کوشتن

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ــــــ) یان ن. نەهێشتنی تـاوانی ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**<u>ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە</u>**

**بەپێی ئەو هەواڵەی پێمانگەیشت لەسەر کوشتنی تاوانلێکراو(ــ) پەیوەندیم کرد بە دادوەری لێکۆڵینەوە، ڕووداوی تاوانەکەم پێڕاگەیاند و دوای بڕیاریان چووینە شوێنی ڕووداو بۆ کاری پشکنین و تەواوکردنی ڕێکاری لێکۆڵینەوە، لەگەڵ هەواڵدەر چووینە شوێنی ڕوودانی تاوانەکە کە لە گەڕەکی(ــ) کە لە تایبەیمەندی شوێنی بنکەکەمانە، کۆنووسی پشکنینەکە ئامادەکرا لەگەڵ هێڵکاری تەرمەکە و دەرخستنی شوێنی ڕوودانی تاوانەکە...... ناو و واژۆی لێکۆڵەر**

## نۆیەم: کۆنووسی دەسبەسەرداگرتنی چەقۆ

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**<u>کۆنووسی دەستبەسەرداگرتنی چەقۆ</u>**

**بەپێی ئەو هەواڵەی پێمانگەیشت لەسەر کوشتنی تاوانلێکراو (ـــ)و دوای ئاگادارکردنەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە و لەسەر بڕیاری بەڕێزیان چووین بۆ شوێنی رووداو بۆ کاری پشکنین، باوکی کوژراو چەقۆیەکی (٢٠سم) دەسك داری پێداین و وتی ئەو چەقۆیە لە نزیك تەرمی تاوانلێکراو بەجێهێڵدرابوو و تاوانلێکراو پێدەچێ بە جێی هێشتبێ و خۆشی هەڵاتووە، بۆ هەڵگرتنەوەی پەنجەمۆری سەر چەقۆیەکە پارێزراوە لامان بۆ پشکنینی لە بەڵگەی تاوان و مۆری کۆنووسی لێدراو واژۆکرا لە لایەن من باوکی تاوانلێکراو.... ناو و واژۆی لێکۆڵەر**

## دەیەم: کۆنووسی ئامادەبوونی تۆمەتبار

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**<u>رێڕەوی لێکۆڵینەوە</u>**

**لە کاتی بوونم لە بنکەی پۆلیس تۆمەتبار (ـــ) ئامادەبوو خۆی ناساند و ئاگاداری ئەو تاوانە بوو کە ئاڕاستەیکراوە بەپێی ماددەی (ـــ) بەپێی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە دەستکرا بە لێکۆڵینەوەو وتەکانی وەرگیراو بۆ ئەم مەبەستە ئەو رێڕەوە رێکخرا..... ناو و واژۆی لێکۆڵەر**

# یانزەهەم: وەرگرتنی وتەی تۆمەتبار

**دادگای لێکۆڵینەوەی ( ..... )**

**یان فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــ) یان نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی (ـــــــ)**

**ڕێکەوت: / /**

**وتەی تۆمەتبار(ـــــ) لە دایکبووی(ـــ) پیشە(ـــ) دانیشتووی(ـــ) نزیك (ـــ)**

**ژمارەی مۆبایل(ـــ) دوای خۆپێناساندم :**

........................**وتەی دەنووسرێ**........................ **ئەمەش و تەکانمە.**

**پەنجەمۆری تۆمەتبار** **واژۆی لێکۆڵەر**

# دوانزەهەم: وەرگرتنی وتەی دادخواز

**دادگای لێکۆڵینەوە.....**

**یان فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــ) یان نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی (ـــــــ)**

**ڕێکەوت: | |**

**وتەی دادخواز(ـــــ) لە دایکبووی(ـــ) پیشە(ـــ) دانیشتووی(ـــ) نزیك (ـــ)**

**ژمارەی مۆبایل(ـــ) دوای خۆپێناساندم.......... و سوێندی یاسایی خوارد و وتی:**

........................**وتەی دەنووسرێ**........................ **ئەمەش و تەکانمە.**

**واژۆی دادخواز** **واژۆی لێکۆڵەر**

## سێزدەهەم: وەرگرتنی وتەی شاهێد

دادگای لێکۆڵینەوە.....

یان فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری

لە بنکەی پۆلیسی (ـــــ) یان نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی (ـــــــ)

ڕێکەوت: | |

وتەی شاهێد(ـــــــ) لە دایکبووی(ـــ) پیشە(ـــ) دانیشتووی(ـــ) نزیك (ـــ)

ژمارەی مۆبایل(ـــ) دوای خۆپێناساندم.......... و سوێندی یاسایی خواردو وتی:

........................وتەی دەنووسرێ.......................ئەمەش و تەکانمە.

واژۆ شاهێد — واژۆی لێکۆڵەر

## چواردەهەم: وەرگرتنی وتەی داواکاری مافی کەسی

دادگای لێکۆڵینەوەی.....

یان فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری

لە بنکەی پۆلیسی (ـــــ) یان نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی (ـــــــ)

ڕێکەوت: / /

وتەی داواکاری مافی کەسی (ـــــ) لە دایکبووی(ـــ) پیشە(ـــ) دانیشتووی(ـــ) نزیك (ـــ) ژمارەی مۆبایل(ـــ) باوکی تاوانلیکراو (ـــ)ی تەمەن ١٠ ساڵ دوای خۆپێناساندم........ و سوێندی یاسایی خوارد و وتی:

....................وتەی دەنووسرێ......................ئەوەش وتەکانمە.

واژۆی داواکاری مافی کەسی — واژۆی لێکۆڵەر

## پازدەهەم: وەرگرتنی وتەی زامدار لە نەخۆشخانە

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری** **ژمارە/**

**لە نەخۆشخانەی(ــــــ)** **کات/**

**ڕێکەوت: / /**

**وتەی زامدار یان سووتاو (ــــــ) لە دایکبووی (ـــ) پیشە(ـــ) دانیشتووی (ـــ) نزیك (ـــ) ژمارەی مۆبایل (ـــ) ، دواى خۆپێناساندم کە لێکۆڵەرەوەی دادیم و سوێندی یاسایی خوارد و وتی:**

**........................ئەوەش وتەکانمە........................وتەی دەنووسرێ.**

**واژۆ** **واژۆ**

**زامدار** **لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

## شازدەهەم: ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە لە نەخۆشخانە

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری** **ژمارە/**

**لە نەخۆشخانەی(ــــــ)** **کات/**

**ڕێکەوت: / /**

**<u>ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە</u>**

**ئەمشەو کاتژمێر (ـــ) لە لایەن بنکەی پۆلیس و ئیدارەی نەخۆشخانەی (ـــ) ئاگادارکرامەوە کە کەسێکی زامدار یان سووتاویان هێناوە لە هۆش خۆی نییە، دوای چوونم بۆ بەشی پێشوازی چارەسەری تەماشام کرد زامدار لە هۆش خۆی نییە، بۆیە ئەم ڕێڕەوەم ڕێکخست.**

**واژۆ** **واژۆ**

**پزیشکی چارەسەرکار** **لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

## حەڤدەهەم: ڕێرەوی لێكۆڵینەوەی بەستنی پێشینەی تۆمەتبار

**فەرمانگەی لێكۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنكەی پۆلیسی (ـــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**ڕێكەوت: / /**

**بۆ بەڕێز دادوەری لێكۆڵینەوە(ـــــ)**

**نووسراوی بەڵگەی تاوان سەبارەت بە ڕەوانەكردنی پێشینەی تۆمەتبار(ـــ) دەخەینە بەردەم بەڕێزتان، كە تیشك دەخاتە سەر ئەوەی تۆمەتبار پێشینەی تاوانی نییە، بۆ بەستنی بە پەڕاوی لێكۆڵینەوە و بینین و بڕیاری گونجاوتان لەم ڕووەوە...... ناو و واژۆی لێكۆڵەر**

## هەژدەهەم: ڕێڕەوی لێكۆڵینەوەی بەستنی ڕا پۆرتی پزیشكی دادوەری

**فەرمانگەی لێكۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنكەی پۆلیسی (ـــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**ڕێكەوت: / /**

**بۆ بەڕێز دادوەری لێكۆڵینەوەی (ـــــ)**

**نووسراوی فەرمانگەی پزیشكی دادوەری سەبارەت بە توێكاری تەرمی تاوانلێكراو(ـــ) دەخەینە بەردەم بەڕێزتان، بۆ بەستنی بە پەڕاوی لێكۆڵینەوەو بینین و بڕیاری گونجاوتان لەم ڕووەوە.**

**مۆری فەرمانگە** | **واژۆ**

**لێكۆڵەرەوەی دادوەری**

## نۆزدەهەم: ڕێرەوی لێکۆڵینەوەی بەستنی وێنەی تۆماری خێزانی

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**ڕێکەوت: / /**

**بۆ بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە(ـــــ)**

نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و باری شارستانی سەبارەت بە ڕەوانەکردنی وێنەی تۆماری خێزانی تۆمەتبار (ـــ) دەخەینە بەردەم بەڕێزتان بەستنی بەپەڕاوی لێکۆڵینەوەو بینین و بڕیاری گونجاوتان لەم ڕووەوە.

مۆری فەرمانگە　　　　　　　　　　**واژۆ**

**لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

## بیستەم: کردنەوەی کۆنووس لە تاوانی دزین

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**ڕێکەوت: / /**

**<u>کردنەوەی کۆنووس</u>**

هەواڵدەر(ـــ) هاتە بنکە و هەواڵی دزینی ماڵی دادخواز (ـــ)ی پێڕاگەیاندین کە دەکەوێتە شاری (ـــ) گەڕەکی(ـــ) بۆیە ئەم کۆنووسە کرایەوە...واژۆ و ناوی لێکۆڵەر.

## بیست ویەك: كۆنووسی پشكنینی تۆمەتبار

**فەرمانگەی لێكۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنكەی پۆلیسی (ـــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**رێكەوت: / /**

**<u>رێڕەوی لێكۆڵینەوە</u>**

**بە پێی بڕیاری دادوەری لێكۆڵینەوە داوام لە رێپێدراو (ـــ) كرد تۆمەتبار (ـــ) بپشكنێت و لە ناسنامەكەی دەركەوت ناوی (ـــ)و لە دایكبووی (ـــ) كاری (ـــ)دانیشتووی (ـــ) لە ئاكامی پشكنین لەناو گیرفانی چەقۆیەكی بچوك دۆزرایەوە لەگەڵ پاكەتێك جگەرەی جۆری (ـــ) چەرخ كە درایە سندوقی دڵنیایی بنكە و ئەم كۆنووسەكە مۆر و واژۆی ئامادەبووان.**

## بیست و دوو: كۆنووسی دیاریكردنی رێژەی كحول

**فەرمانگەی لێكۆڵەرەوەی دادەوری**

**لە بنكەی پۆلیسی (ـــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی ( ) ژمارە/**

**رێكەوت: / /**

**<u>رێڕەوی لێكۆڵینەوە</u>**

**لە كاتی لێكۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبار (ـــ) بۆم دەركەوت كە سەرخۆشە و لەسەر بڕیاری دادوەری لێكۆڵینەوە بۆ ئەو مەبەستە رەوانەی تاقیگەی نەخۆشخانە كرا بۆ پشكنینی خوێنی و دیاریكردنی رێژەی كحول لە نێو خوێنی تۆمەتبار، لەگەڵ رێپێدراوی بنكە هاتەوە و راپۆرتی پزیشكی نەخۆشخانەیان هێنابۆوە كە رێژەی كحولیان لە نێو خوێنی دیاریكردبوو بۆیە ئەو رێڕەوە رێكخرا.... ناو و واژۆی ئامادەبووان.**

## بیست وسێ: کردنەوەی کۆنووسی رووداوی هاتووچۆ

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ــــــ)** **ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**کردنەوەی کۆنووس**

**لەکاتی بوونم لە فەرمانگە تەلەفۆنێکم بۆ کرا لە لایەن کەسێکەوە بەناوی(ـــ) کە هەواڵی رووداني پێکداداني دوو ئۆتۆمبێلی پێڕاگەیان لەسەر رێگای (ـــ) بۆیە ئەو کۆنووسە رێکخرا.**

**مۆری فەرمانگە** **واژۆ**

**لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

## بیست و چوار: کۆنووسی پشکنین و هێڵکاری رووداوی هاتووچۆ

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ــــــ)** **ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**کۆنووسی پشکنین و هێڵکاری**

**بەپێی ئەو هەواڵی پێمان گەیشت کە دوو ئۆتۆمبێل لە رووداوی هاتووچۆ پێکدادانیان کردووە و لەسەر بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوە چوومە شوێنی رووداوەکە دەکەوێتە شەقامی (ـــ)لە گەڕەکی (ـــ) بەرامبەر یان نزیك (ـــ) و دەرکەوت تۆتۆمبێلی جۆری (ـــ) ژمارە (ـــ) رەنگی (ـــ) مۆدێل (ـــ) لە دواوە لە ئۆتۆمبێلی جۆری (ـــ) ژمارە (ـــ) رەنگی (ـــ) مۆدێل (ـــ) داوە و لە ئەنجامدا بووەتە هۆکاری مردنی شوفێرەکەی بە ناوی (ـــ) شوێنەواری برێکیش لەسەر شەقامەکە دیاربوو، تیمی هاتوچۆ هێلکاری شوێنی رووداویان کرد و بەپەڕاوەکە بەسترا..... مۆری فەرمانگە و واژۆی لێکۆلەر.**

## بیست و پێنج: رەوانەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ شارەزای هونەری

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی (   )   ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**<u>رێڕەوی لێکۆڵینەوە</u>**

**بەپێی ئەو زەرەر و زیانانەی بەر هەردوو ئۆتۆمبێلی کەوتووە بەهۆی رووداوی هاتووچۆ هەردوو ئۆتۆمبێل رەوانەی لای شارەزای هونەری لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆکرا ئۆتۆمبێلی جۆری (ـــ) ژمارە (ــ) رەنگی (ـــ) مۆدێل (ـــ) هەروەها لە ئۆتۆمبێلی جۆری (ـــ) ژمارە (ــ) رەنگی (ـــ) مۆدێل(ـــ) بە مەبەستی پشکنین و دیاریکردنی کەموکوڕی و ئەو زەرەرەی پێیانەکەتووە و بۆیە ئەم رێڕەوە رێکخرا..... مۆری فەرمانگە و واژۆی لێکۆڵەر**

## بیست و شەش: رەوانەکردنی بریندارانی رووداوی هاتووچۆ

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ـــــــ)   ژمارە/**

**رێکەوت: / /**

**<u>رێڕەوی لێکۆڵینەوە</u>**

**برینداران( .....ناوی بریندارەکان......) لەسەر بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوە رەوانەی نەخۆشخانەکران بە مەبەستی چارەسەرکردنیان و دیاریکردنی ئەوەی کە شوفێرەکان ماددەی هۆشبەریان وەرگرتووە یان نا، بە ڕاپۆرتتان لە ئاکادمی دەرچوونی پشکنینەکان ئاگادارمان بکەنەوە بۆ بەستنی بە پەڕاوی لێکۆڵینەوە و بۆیە ئەو رێڕەوە رێکخرا..... مۆری فەرمانگە و واژۆی لێکۆڵەر.**

## بیست و حەوت: ڕێگەکانی ئامادەکردنی تۆمەتبار

١-نوسراوی ئامادەکردن یان ئامادەبوون

٢-یاداشتی ئامادەکردن و دەستگیرکردن یان راگرتن.

٣-گلدانەوەی سامانی گواستراوە و نەگواستراوەی تۆمەتبار.

## بیست و هەشت: هەندێ لە بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە

١-ئامادەکردنی تۆمەتبار.

٢-بڕیاری دەستگیرکردن.

٣-بڕیاری پشکنین.

٤-راگرتنی تۆمەتبار.

٥-درێژەدان بە راگرتنی تۆمەتبار .

٦-ئازادکردنی تۆمەتبار بە دەستەبەری.

٧-رەزامەندی لەسەر پێکهاتنەوە.

٨-رەوانەکردنی تۆمەتبار بۆ لیژنەی پزیشکی بۆ بە دیارخستنی شیاوی بیر و مێشکی.

٩-ئازادکردنی تۆمەتبار و داخستنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە چ بەکاتی یان هەمیشەیی.

١٠- رەوانەکردنی تۆمەتبار بۆ دادگای تایبەتمەند.

١١- ئەمە و چەندین بریاری دیکە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە دەدرێت بەپێی جۆر و تاوان و پێویستی لێکۆڵینەوە.

## بیست و نۆ :ڕێژەی کحول لە خوێن

١-(سفر -٥٪) لە ژێر کاریگەری کحول نییە.

٢-( ٥٪-١٠٪) لە ژێر کاریگەری کحول نییە.

٣-( ١٠٪- ١٥٪) لە ژێر کاریگەری کحولدایە.

٤-( ١٥٪ و زیاتر) لە ژێر کاریگەری کحولدایە.

## سی: ڕێکخستنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە

**پەڕاوی لێکۆلینەوە ڕێکدەخرێ بەدوو وێنە، وێنە رەسەن بۆ دادگای تایبەتمەند و وێنەکەی تر بۆ داواکاری گشتی.**

**١–بڕیاری راوانە کردن، کردنەوەی کۆنووس، ڕێرەوەکانی لێکۆڵینەوە.**

**٢– هەواڵدەر– وتەی دادخواز – داواکاری مافی کەسی**

**٣– وتەی نوێنەرانی یاسایی فەرمانگەکان ئەگەر لە داواکە هەبن.**

**٤– وتەی شاهێدانی سەلماندن.**

**٤–پشکنین و هێڵکاری شوێنی تاوان.**

**٥–راپۆرتەکان– راپۆرتی پزیشکی– راپۆرتی بەڵگەی تاوان.**

**٦–کۆنووسەکانەکانی دەست بەسەرداگرتن و دانەوە.**

**٧– تۆماری خێزانی تۆمەتبار**

**٨–پێشینەی تۆمەتبار**

**٩– وتەی تۆمەتبار..**

**١٠–وتەی شاهێدی بەرگری.**

**١١–نووسراو پێڕاگەیاندنەکان.**

**١٢–بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە.**

**١٣–کۆنووسی تۆمەتبارکردن.**

**١٤–راپۆرتی کۆتایی.**

**١٥–پێرست .**

**١٦– هەموو پەڕاوەکە دەخرێتە نێو فایل بە قەیتان دەبەسترێت و لەسەر فایلەکە تەواوی زانیاری پەڕاوەکە دەنووسرێت. "٣".**

**سی و یەك: پشکنین و هێڵکاری شوێنی تاوان:** **دەبێ بەنووسین و هێلکاری بکرێ و بەدۆسیەکە ببەسترێت.**

# سی و دوو: كۆنووسی رەوانەكردن بۆ پزیشكی دادوەری

**فەرمانگەی لێكۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنكەی پۆلیسی (ــــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی(     )               ژمارە:**

**رێكەوت: / /**

**بۆ فەرمانگەی پزیشكی دادوەری**

**بەپێی بڕیاری دادوەری لێكۆڵینەوەی (......) لە رۆژی (   / / ) لەگەڵ نێردراومان(ــ) تۆمەتباری بەندكراو(ــ) كەوێنەی لەسەرەوە هەڵواسراوە و مەچەكی چەپی مۆركراوە بە مۆری فەرمانگەكەمان رەوانە دەكەین بۆ پشكنینی لەشی تا بزانرێ شوێنەواری ئازار و ئەشكەنجەدانی لەسەرە یان بە پێچەوانە، بە ئاكامی پشكنینەكەتان ئاگادارمان بكەنەوە و وێنەی لەسەر نوسراو هەیە..... مۆر و وژۆی لێكۆڵەر.**

## سی و سێ: ڕەوانەکردنی پەڕاو بۆ دادگای لێکۆڵینەوە

**فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

**لە بنکەی پۆلیسی (ــــــ) یان ن. نەهێشتنی تاوانی (   ) ژمارە/**

**ڕێکەوت: / /**

**بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی( ......... )**

**ب / پەڕاوی لێکۆڵینەوە**

**بەپێی بڕیاری دادوەر (......) لە ڕۆژی ( / / )**

**پەڕاوی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە تۆمەتبار/ تۆمەتبار یان تۆمەتباران(.....................) بۆتان ڕەوانە دەکەین لەگەڵ پێرستی پەڕاوەکە و بەمەبەستی وەرگرتنی و لەگەڵ ڕێزدا.**

| لە | بۆ | تێبینی |
|---|---|---|
| | | |

**مۆری فەرمی** **واژۆ**

**لێکۆڵەرەوەی دادوەری**

# سی و چوار: یاداشتی گرتن

**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی( ....... )**

**دادگای لێکۆڵینەوەی ( ......... )**

**<u>یاداشتی دەستگیرکردن</u>**

**بۆ هەموو ئەندامانی ڕێکخستنی دادوەری و یەکەکانی پۆلیس و هەر کەسێك ئەو یاداشتەی دەکەوێتە دەست و تەکلفیکراو و ڕێپێدراون بە دەستگیرکردنی تۆمەتبار :**

**١-ناوی چواری و ناسناوی.............................................**

**٢-شوێنی دانیشتن...........................................**

**٣-پیشەی...................................................**

**٤-جۆری تاوان و مادده یاساییەکەی...............................**

**٥-وەسفەکانی................................................**

**ئامادەی بکەن بۆ بەردەممان لەبەر ئەوەی تۆمەتبارە لەو سکالآیەی لە دژی تۆمارکراوە لە بنکەی پۆلیسی.............................................**

## واژۆ و مۆری دادگا

# سی و پێنج: بڕیاری ڕەوانەکردن

**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی( ....... )**

**دادگای لێکۆڵینەوەی ( ........ )**

**ژمارە:**

**ڕێکەوت:**

**بڕیاری ڕەوانەکردن**

| ناوی سیانی تۆمەتبار | تەمەن | پیشە | شوێنی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|---|
| | | | |

١- تاوانەکە و ماددە یاساییەکە:

٢- شوێنی ڕوودانی تاوانەکە:

٣- کاتی ڕوودانی تاوانەکە:

٤- ناوی تاوانلێکراو:

دادخواز یان داواکاری مافی کەسی:

٥- بەڵگەکان

٦- پەڕاوی لێکۆڵینەوە

# بەشی سێیەم: پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە پزیشکی دادوەری

## بەندی یەکەم: پەیوەندی لێکۆڵەر و پزیشکی دادوەری

لە کاتی ڕوودانی هەر تاوانێك لێکۆڵەر بە تەنیا ناتوانێ کارەکانی بکات و بگاتە ئاکامی کۆتایی لێکۆڵینەوە، بێ ئەوەی پەنا بۆ لایەنی تر نەبات، پزیشکی دادوەری یەکێکە لەو لایەنانەی لێکۆڵەر زۆر سوودی لێوەردەگرێت لە کاتی لێکۆڵینەوەی تاوان بە تایبەت لەو تاوانانەی بریندار و باری مردن هەیە، لێرەدا پزیشکی دادوەری هوکاری لێکۆڵەر دەبێت و لێکۆڵەر ناتوانێ بڕیاری خۆی لەسەر ئەو بارانە بدات ئەگەر تاوانلێکراو ڕەوانەی پزیشکی دادوەری نەکات بۆ دیاریکردنی جۆر و زەرەرەی پێیکەوتووە، ڕاپۆرتەکانی پزیشکی دادوەری زۆر لایەن بۆ لێکۆڵەر سەبارەت بە تاوانەکە ڕووندەکەنەوە و دەبنە هەوێنی دروستبوونی دیدگای سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە و هۆکار و پاڵنەرەکان کەوای لە تۆمەتبار کردووە تاوانەکەی ئەنجامبدات، ڕاپۆرتی پزیشکی ڕاستەوخۆ لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن کاریگەری لەسەر بڕیاری دادگا هەیە و هەندێ جار دەکەوێتە مەزندەی دادوەر و هەندێ جاریش دەبێتە هۆکاری یەکلاییکردنەوەی بڕیارەکانی دادوەر لەگەڵ بەڵگەکانی تری تاوان دەبنە دروستکەری بڕیاری کۆتایی دادگا:

## بەندی دووەم: کاریگەری پزیشکی دادوەری لەسەر لێکۆڵینەوە لە تاوان

١-کاریگەری لەسەر جولاندنی داوای سزایی لە دژی تۆمەتبار دەبێت

٢-کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی دادگا دەبێت.

٣-هۆکارەکانی مردن و کوشتن دیاریدەکات.

٤-دیاریکردنی ئەو ئامێرانەی لە تاوانەکە بەرکارهاتوون.

٥-دیاریکردنی ڕێژەی زەرەرەی بەر تاوانلێکراو کوتووە.

٦-ڕێژەی بە زۆری و ئازارو ئەشکەنجە تۆمەتبار لە دژی تاوانلێکراو دیاریدەکات.
٧-دیاریکردنی جۆری تاوانەکە.
٨-دیاریکردنی چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە.

## بەندی سێیەم: تویکاری پزیشکی دادوەری لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری

### یەکەم: مردن

هەموو مرۆڤێك بە کارکردنی زیندەگییەکانی لەشی دەژی و بەردەوامی بە ژیانی دەدات، بەهۆی هەناسە و کارکردنی دڵ و کۆئەندامە دەمار کار و رەفتارەکانی راست و رێك دەبن و هەر کەموکوڕییەك لەم بوارانە و وەستانیان دەبێتە هۆکاری مردن، لێرەدا پزیشکی دادوەری بە توێکارییەکانی لەسەر تەرمی مردوو ئەوانەی گومانی کاری تاوانکاری لێدەکرێت دەتوانێ دیاریبکات هۆی مردنەکە چییە، ئاساییە بەهۆی وەستانی یەکێك لە نیشانە زیندەگییەکان ئەو کەسە مردووە یان مردنەکە نائاساییە و بەهۆی کاری تۆمەتبارەوە یەکێك لەو زیندەگییانە وەستاوە و بووەتە هۆی مردنی ئەو کەسە.

هۆکارەکانی مردن هەندێکیان بەچاو دەبینرێن و هەندێکیان بە چاو نابینرێن، پزیشکی دادوەری دەتوانێ هەردووکیان دیاری بکات ئەوەی بەچاو دەبینرێت و ئەوانەی بە چاو نابینرێت، لەوانەی هۆکاری مردن ئەگەر ماددەی ژەهراوی بێت بە توێکاری شانەکانی ناوەوەی مردووەکە دەزانرێ ژەهراویکراوە و جۆری ژەهرەکەش چییە، یان ئەوەتا برینی ناوخۆ هەیە کە لە دەرەوە هەستی پێناکرێ و نابینرێ، بەڵام بووەتە هۆی مردنەکەش ئەوەش لەوانەیە بەهۆی کرداری تاوانکاری تۆمەتبارەوە بێت و پزیشکی دادوەری هەموو ئەوانە دیاریدەکات و لە رێگەی راپۆرتی هۆکاری مردنەکە دەداتە دادگا و ئەمەش بەهۆی توێکاری تەرمی مردووەکە لە چەند روێکەوە دەبێت:

١-پشکنینی پزیشکی دەرەوەی مردووەکە.
٢-پشکنینی برینەکانی سەر لەشی مردووەکە.

**٣-توێكاری ناوەوەی مردووەكە.**

## دووەم: برینەكان

**پزیشكی دادوەری لە ڕێگەی توێكاری و پشكنینەكانی بۆ سەر لەشی تاوانلێكراو دەتوانێ جۆری برینەكان دیارییبكات، بە چەقۆ و چەك و دار و ئاسن و ئامێری تیژ و چەندین جۆری تر كەدەبنە هۆی دروستبوونی برینەكە و جۆری ئامێرەكەی بووەتە هۆی دروستبوونی برینەكە، چ لەسەر لەشی تاوانلێكراو یان ناوەوەی لەشی دیاریدەكات، بەمەش جۆری تاوانەكە دیار دەبێت. هەندێ برین هەیە سادەنە دوای ماوەیەك چاكدەبنەوە و هەندێ برین هەن سەختن و دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەندامێكی لەشی مرۆڤ یان دەبێتە هۆكاری مردن، ئینجا هەموو ئەو برینانە و ڕێژەی چاكبوونەوە و دروستبوونی تێكچوونی شێوەی لەشی تاوانلێكراو دیاریدەكات، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بەهۆی ئەو كردارە تاوانكارییە تاوانلێكراو ئەندامێكی لەشی لە دەست بدات چاوی یان دەستی یان قاچی ئەوانە هەموو لە ڕاپۆرتی پزیشكی دادوەری دەنووسرێت و دەبنە هۆكاری جوڵاندن و دیاریكردنی جۆری تاوانەكە، بەو هۆیەشەوە دەبێت دیاریكردنی جۆری ماددەی سزایی كە تۆمەتباری پێ تۆمەتبار دەكرێت.**

## سێیەم: تاوانی لاقەكردن

**پزیشكی دادوەری لە دیاریكردنی ئەو تاوانە ڕۆڵی كاریگەر دەگێڕێ و دەتوانێ دیاری بكات تۆمەتبار بە زۆر ئەو كارەی كردووە یان پێچەوانە بەهۆی ئەو برینانەی لەسەر لەشی تاوانلێكراو هەیە بەهۆی بەرگری تا لاقەنەكرێت، دیاردەكرێ تاوانە یان تاوان نییە، پزیشكی دادوەری دیاریدەكات ئەو كچە پەردەی كچێنی ماوە یان نەماوە، لە هەمان كاتدا لە كوڕ دیاریدەكات كە لاقەكراوە یان بەپێچەوانە و كاتی لاقەكردنەكە كە زۆر گرنگە پزیشكی دادوەری دیاریدەكات، ئەگەر كۆن بێت لە ڕاپۆرتەكەی دەڵێ ئەو كچە پەردەی كچێنی نەماوە بەڵام چەند ڕۆژێكە یان مانگێكە یان زیاتر لە باری كوڕیش دیاریدەكات كە**

ماوەكەی چەندە ئەو كوڕە لاقەكراوە، لە هەمان كات سپێرمی پیاو لەناو لەشی كچەكە یان لەسەر جلوبەرگی هەموو دەپشكنیٚ و دەبنە هۆكاری گرنگ بۆ دیاریكردنی تۆمەتبار و جۆری تاوانەكەی روویداوە.
پزیشكی دادوەری بەشێكی گرنگی دانەبڕاوی كارەكانی لێكۆڵەرن لە لێكۆڵینەوەی تاوانكاری و بەهۆی پزیشكی دادوەرییەوە، لێكۆڵەر دەگاتە زۆر راستی و دەستكەوتنی سەرەداوەكانی تاوانەكە و هۆكارێكە بۆ گەیشت بە قۆناغی كۆتایی لێكۆڵینەوە."٤"

## بەندی چوارەم: پرسیارەكانی لێكۆڵەر لە پزیشكی دادوەری دەیكات

لێكۆڵەر لە كاتی گومانكردنی لەهەر بارێكی تاوان ئەوا تاوانلێكراو رەوانەی پزیشكی دادوەری دەكات و كۆمەڵێك پرسیار ئاڕاستەی دەكات، پزیشكی دادوەریش لەسەر ئەو پرسیارانە توێكاری و پشكنین بۆ تاوانلێكراو دەكات و لەرێگەی راپۆرتی پزیشكی وەلامی لێكۆڵەر دەداتەوە:

### یەكەم: پرسیارە گشتییەكان

١-دیاریكردنی هۆكاری راستەقینەی مردنەكە ؟
٢-شوێنەواری لێدانی دەرەكی لە لەشی مردووەكە هەیە ؟
٣-ئەو هۆكارە بەس بۆ روودانی مردنەكە ؟
٤-هەر شتێكی تر سوودی بۆ لێكۆڵینەوە هەبێت ؟
٥-رەوانەكردنی راپۆرتی پزیشكی دادوەری بۆ (.......).

### دووەم: پرسیارە تایبەتەكان

١-دیاریكردنی هۆكاری راستەقینەی مردنەكە ؟
٢-دیاریكردنی ماوەی مردنەكە؟
٣-دیاریكردنی جۆری چەكی بەركارهاتوو؟
٤-دیاریكردنی جۆری ئامێری بەركارهاتوو؟

٥-شوێنەواری باڕووت لەسەر تەرمی مردووەکە هەیە؟
٦-ئاراستەی چوونە ژوورەوە و دەرچوونی گوللەکان لە سەر تەرمەکە؟
٧-دەرخستنی ژمارە و دیاریکردنی جۆری گوللەکان؟
٨-دیاریکردنی دووری گوللەکان؟
٩-هۆکاری مردنەکە تەنیا سووتانەکەیە؟
١٠-پەردەی کچێنی ماوە یان نەماوە؟
١١-هۆکاری مردنەکە تەنیا خنکانە؟
١٢-شوێنەواری برین و داڕووشان لەسەر تەرمی مردووەکە هەیە؟
١٣-ئایا هیچ جۆرە ماددەیەکی ژەهراوی خواردووە؟
١٤-خنکانەکە خۆ کوشتنە یان کوشتنە؟
١٥-شوێنەواری نێربازی هەیە؟

## سێیەم: پرسیارەکانی لە پزیشکی دادوەری دەکرێت لە کاتی سووتـان

١- دیاریکردنی هۆکاری راستەقینەی مردنەکە ؟
٢- شوێنەواری لێدانی دەرەکی لە لەشی مردووەکە هەیە ؟
٣- هۆکاری مردنەکە تەنیا سووتانەکەیە؟
٤-ئایا هیچ جۆرە ماددەیەکی ژەهراوی خواردووە؟
٥- دیاریکردنی ماوەی مردنەکە؟
٦- پەردەی کچێنی ماوە یان نەماوە؟ ئەگەر سووتاوەکە کچ بوو
٧-شوێنەواری نێربازی بەسەر لەشییەوە هەیە؟ ئەگەر سووتاوەکە کوڕ بوو
٨-هەر شتێکی تر سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت ؟
٩-رەوانەکردنی راپۆرتی پزیشکی دادوەری بۆ دادگای (........).

## چوارەم: پرسیارەکانی لە پزیشکی دادوەری دەکرێت لە کاتی کوشتن بە گوللە

١-دیاریکردنی هۆکاری راستەقینەی مردنەکە ؟

٢-شوێنەواری لێدانی دەرەکی لە لەشی مردووەکە هەیە ؟

٣-دیاریکردنی جۆری چەکی بەرکارهاتوو؟

٤-شوێنەواری باڕووت لەسەر تەرمی مردووەکە هەیە؟

٥-ئاڕاستەی چونە ژوورەوە و دەرچوونی گوللەکان لەسەر تەرمەکە؟

٦-دەرخستنی ژمارە و دیاریکردنی جۆری گوللەکان؟

٧-دیاریکردنی دووری گوللەکان؟

٨-دیاریکردنی ماوەی مردنەکە؟

٩-هەر شتێکی تر سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت ؟

١٠-رەوانەکردنی راپۆرتی پزیشکی دادوەری بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی (.......).

## پێنجەم: پرسیارەکانی لە پزیشکی دادوەری دەکرێت لە کاتی کوشتن

١-دیاریکردنی هۆکاری راستەقینەی مردنەکە ؟

٢-شوێنەواری لێدانی دەرەکی لە لەشی مردووەکە هەیە ؟

٣-شوێنەواری برین و داڕووشان لەسەر تەرمی مردووەکە هەیە؟

٤-ئایا هیچ جۆرە ماددەیەکی ژەهراوی خواردووە؟ ئەگەر گومانی ژەهراویکردن بکرێت؟

٥-شوێنەواری لێدان و ئازاردان بەسەر لەشییەوە هەیە؟

٦-شوێنەواری خنکان یان خۆکوشتن پێوە دیارە؟

٧- شوێنەواری نێربازی بەسەر لەشییەوە هەیە؟ ئەگەر کوڕ بوو

٨-پەردەی کچێنی ماوە یان نەماوە؟ ئەگەر سووتاوەکە کچ بوو

٩-هەر شتێکی تر سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت ؟

١٠-رەوانەکردنی راپۆرتی پزیشکی دادوەری بۆ دادگای (.......).

## شەشەم: پرسیارەکانی لەپزیشکی دادوەری دەکرێت لە کاتی دۆزینەوەی پارچەی مرۆڤ.

١-ئەو پارچانە هی مرۆڤن یان گیانلەبەری تر؟

٢-رەگەزی ئەو پارچانە مێیە یان نێر؟

٣-کاتی شاردنەوەی ئەو پارچانە چەند دەبێت؟

٤-ئامێری بەرکارهاتوو لە پارچەکردنەکە چییە؟

٥-ئەو پارچانە هی یەك کەسن یان زیاتر؟

٦-هۆکاری راستەقینەی مردنەکە چییە؟

٧-هەر شتێکی تر سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت؟

٧- رەوانەکردنی راپۆرتی پزیشکی بۆ (......).

## حەوتەم: پرسیارەکانی لە پزیشکی دادوەری دەکرێت لە کاتی ژەهراوییوون

١-شوێنەواری لێدانی دەرەکی لە لەشی مردووەکە هەیە ؟

٢-دیاریکردنی هۆکاری راستەقینەی مردنەکە ؟

٣-شوێنەواری لێدان و ئازاردان بەسەر لەشییەوە هەیە؟

٤-ژەهرایبوونەکە خۆکوشتنە یان کوشتنە؟

٥-مادده ژەهراوییەکە راستەوخۆ مرۆڤ دەکوژێت؟

٦-جۆری ئەو ژەهرە چییە؟

٧-بە زۆر ئەو مادده ژەهراوییە خراوەتە دەمی مردووەکە؟

٨- هەر شتێکی تر سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت ؟

٩-رەوانەکردنی راپۆرتی پزیشکی دادوەری بۆ (.......).

## هەشتەم: پرسیارەکانی لە پزیشکی دادوەری دەکرێت لە کاتی رووداوی کارەبا

١-شوێنەواری لێدانی دەرەکی لە لەشی مردووەکە هەیە ؟

٢-دیاریکردنی هۆکاری راستەقینەی مردنەکە ؟

٣-شوێنەواری لێدان و ئازاردان بەسەر لەشییەوە هەیە؟

٤-لێدانی کارەباکە هۆکاری مردنەکەیە؟

٥-لێدانی کارەباکە بەهەڵە بووە یان خۆکوشتنە؟

٦-رەوانەکردنی راپۆرتی پزیشکی دادوەری بۆ (.......).

٧-هەر شتێکی تر سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت ؟

## نۆیەم: پرسیارەکانی لە پزیشکی دادوەری دەکرێت لە کاتی خنکان

١-شوێنەواری لێدانی دەرەکی لە لەشی مردووەکە هەیە ؟

٢-دیاریکردنی هۆکاری راستەقینەی مردنەکە ؟

٣-شوێنەواری لێدان و ئازاردان بەسەر لەشییەوە هەیە؟

٤-خنکانەکە هۆکاری مردنەکەیە؟

٥-ئەو شتەی بەرکارهاتووە بۆ خنکانەکە چییە؟

٦-خنکانەکە خۆکوشتنە یان کوشتنە؟

٧-شوێنەواری نێربازی بەسەر لەشیەوە هەیە؟ ئەگەر کوڕ بوو

٨-پەردەی کچێنی ماوە یان نەماوە؟ ئەگەر سوتاوەکە کچ بوو

٩-ئایا هیچ جۆرە ماددەیەکی ژەهراوی لە لەشیەتی؟

١٠-هەر شتێکی تر سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت ؟

١١-رەوانەکردنی راپۆرتی پزیشکی دادوەری بۆ (.......).

### دەیەم: پرسیارەکانی لە پزیشکی دادوەری دەکرێت لە کاتی لاقەکردنی مێینە و نێربازی

١-شوێنەواری لێدانی دەرەکی لە لەشی مردووەکە هەیە ؟
٢-دیاریکردنی هۆکاری راستەقینەی مردنەکە ؟
٣-شوێنەواری لێدان و ئازاردان بەسەر لەشییەوە هەیە؟
٤-جوتبوون روویداوە یان رووینەداوە؟
٥-پەردەی کچێنی جگە لە جووتبوون هۆکاری نەمانی تری هەیە؟
٦-هیچ نەخۆشییەك لە شوێنی جوتبوونەکە پەیدا بووە؟
٧-شوێنەواری نێربازی بەسەر لەشییەوە هەیە؟ ئەگەر کوڕ بوو
٨-پەردەی کچێنی ماوە یان نەماوە؟ ئەگەر سووتاوەکە کچ بوو
٩-ئایا هیچ جۆرە ماددەیەکی ژەهراوی لە لەشییەتی؟
١٠-کاتی روودانی جووتبوونەکە چەندە؟
١١-لاقەکردنکە بووەتە هۆی ئەوەی سکپڕی دروست بووبێت؟
١٢-هەر شتێکی تر سوودی بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت ؟
١٣-رەوانەکردنی راپۆرتی پزیشکی دادوەری بۆ (.......).

## بەشی چوارەم : پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە بەڵگەی تاوان


لە دەستپێکی کاری لێکۆڵەر لە کاتی روودانی تاوان و ئەنجامدانی رێکارەکانی لێکۆڵینەوە پەیوەندی بە بەڵگەی تاوان دەکات، بە مەبەستی هەڵگرتنەوەی شوێنەواری تاوانکاری لە شانۆی تاوان، ئەوەش دەوەستێتە سەر جۆری تاوان لە هەندێ تاوان پێویست بە یەك شارەزای بواری بەڵگەی تاوانە هەندێکی تر زیاتر، بەڵام وا باشترە لە کاتی روودانی هەر تاوانێك پێویستە بانگهێشتی بەڵگەی تاوان بکرێت و بۆ هاتنیان وا باشە تیمی کاریان بە تەواوی بگەنە شوێنی رووداو، لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان ئەرکێکی هەیە، وا باشە هەر پسپۆڕی شارەزا لە بواری خۆی کارەکەی بکات، نەوەك کارەکە تێکەڵ ببێت و گرنگە تیمی بەڵگەی تاوان لەگەڵ

لێكۆڵەر بە خێرایی بچنە شوێنی تاوان و پارێزگاری لە شوێنەواری بەڵگەكان بكرێت، تا لە لایەن شارەزایانەوە هەڵدەگیرێتەوە بە شێوەی هونەری و زانستی بەڵگەی تاوان و لێرەدا ئەو تیمە چەندەی لەگەڵ لێكۆڵەر پەیوەندییان پتەو بێت و لەگەڵ یەكتر هاوكار بن و بەگیانی پێكەوە كاركردن وەك یەك تیم هێندە لێكۆڵینەوە لە تاوانەكە بە ئاكام دەگات و تاوانەكە ئاشكرا دەبێت و تۆمەتبارانیش دەستگیر دەكرێن.

بەڵگەی تاوان هاوكار و ئاسانكاری زۆر بۆ كاری لێكۆڵەر دەكات و هۆكارێكە بۆ گەیشت بە راستی رووداوەكە، بەهۆی ئەو بەشانەی لە بەڵگەی تاوان هەیە و هەڵدەستێت بە كاری پشكنین و تاقیكردنەوە، بۆ ئەوەی هاوكاری لێكۆڵەر بن لە گەیشتن بە ئاكامی باش لە لێكۆڵینەوەو وەڵامی هەموو پرسیارەكانی لێكۆڵەر سەبارەت بە نادیاری و شاراوەیی هەندێ لایەنی لێكۆڵینەوە دەدەن، بۆیە كاری بەڵگەی تاوان و پزیشكی دادوەری و شارەزایان تەواوكەری كاری لێكۆڵینەوەن، بێ ئەوانە لێكۆڵەر ناتوانێ هەموو لایەنە شاراوەكانی تاوانەكان ئاشكرا بكات و بەڵگەی تاون لە رێگەی تاقیگەكانی هاوكاری لێكۆڵەر دەكات و وەڵامی پرسیارەكانی دەداتەوە، بوونی ئەو تاقیگەیانە لە بەڕێوەبەرایەتییەكانی بەڵگەی تاوان لە شوێنێك بۆ شوێنك دەگۆڕێ و لە چەندین بەش و تاقیگە پێكدێت لەوانە:

١-بەشی مەختوتات:

لەم بەشەی بەڵگەی تاوان ئەو نووسراو بەڵگەنامانەی وەكو پاسپۆرت و ناسنامە و رەگەزنامە و دراو، ئەوەی بە دەست دەنووسرێت یان بە ئامێری چاپەمەنی و مۆر و واژۆ هەمووی دەپشكنێ، لە كاتی گومانكردن بە دەستكاریكردن و ساختەكردنی دەتوانێ دیاریبكات كە ئەوانە ساختەیان تێدا كراوە یان بەپێچەوانەوە.



( تاقیگەیەکی بەڵگەی تاوان لە هەرێمی کوردستان )

**٢-بەشی چەك و تەقەمەنی و ئاگرکەوتنەوە:**

**لەم بەشە هەرچی تەقینەوە و ئاگرکەوتنەوە و گوللە و قەوان و دەمانچە و ئامێری چەك کە هۆکاری تاوانکاری بێت، دوای پشکنین لە رێگەی راپۆرتیان بۆ لێکۆڵەری شیدەکەنەوە.**

**٣-تاقیگەی تاوانکاری:**

**لەم بەشە هەرچی بەڵگەی خوێن و مو و ددان و شوێنەواری قوڕ و شوشە و پاشماوەی ئۆتۆمبێل و ئامێری تاوان بەگشتی دەپشکنن، دەتوانن هۆکاری تاوانکاری لێبەدەست بهێنن ئەگەر کردارەکە بەهۆی تاوانەوە ببێت لە لایەن تۆمەتبارەوە .**

**٤-بەشی مۆری تاوانکاری**

**لەو بەشە شارەزایانی بەڵگەی تاوان هەڵدەستن بە جیاوازی پێکردنی مۆرە شوێنەواری بەڵگەکان لەگەڵ هی گومانلێکراوان و هەموو شوێنەوارەکانی پەنجەمۆر و جێنیشانی پێ و شوێنەوای هۆکاری گواستنەوە و دەپشکنن، لە**

**ڕێگەی بە لێکۆڵەر ڕادەگەیەنن بە شێوەیەکی وورد دەرخستنیان و ئایا بۆ گومانلێکراو دەگەڕێنەوە یان بە پێچەوانە.**



**( ئامێرێکی نێو تاقیگەی بەڵگەی تاوان لە هەرێمی کوردستان )**

**٥-بەشی وێنەگری تاوانکاری:**

**بەهۆی ئامێری فۆتۆگرافی و ڤیدیۆیی پێشکەوتوو هەڵدەستێ بە وێنەگرتنی شانۆی تاوان و هەموو بەڵگە و شوێنەوارەکان تاوانلێکراوان لە چەند گۆشە و دووری نزیکییەوە.**

**٦- بەشی DNA**

**لەم بەشە پشکنینی بۆ ئەو ترشە لە ناو خانە زیندەگی و خوێن و ڕەگی مو و لیك دەکرێت، لە شانۆی تاوان هەریەك لەو بەڵگانە دەست بکەوێت و گومانی لێبکرێت ئەو پشکنینەی بۆ دەکرێت، ئەوە باشترین پشکنینە لەبەر ئەوەی ئەو ترشە هی هیچ کەسێك بە یەکێکی تر ناچێت.**

**٧-بەشی پەنجەمۆر**

**ئەو بەشە گرنگی خۆی هەیە هەر تۆمەتبارێك تاوانێکی کردبێ، پەنجەمۆری وەردەگیرێ و لەو بەشە ئەرشیفێك هەیە، هەموو ئەو پەنجەمۆرانەی تێدا**

هەڵدەگیرێت هەر کەسێك تاوانێك بکات لەوێ پەنجەمۆری دەبێت و دادگای لێکۆڵینەوە نووسراو بۆ هەر تۆمەتبارێك دەکات تا بزانرێ ئەو کەسە پێشینەی تاوانەی هەیە یان نییە، چونکە ئەوە کاریگەری لەسەر بڕیاری دادگا دەبێت لە سەری دەردەچێت.



( ئامێرێکی تاقیگەی بەڵگەی تاوان لە هەرێمی کوردستان )

٨-بەشی هیوم:

لەو بەشە ئەو شوێنەوارانەی زۆر کاڵن لە رێگەی هەڵگرتنەوە دەرناکەون دەهێنرێن لەناو ئەو ئامێرە دادەنرێن بە چەند قۆناغێك دادەچێت و شوێنەوارەکان لەسەر کەلوپەلەکان بە دیار دەکەون.

٩-بەشی وێنەگرتن:

لەم بەشە لە چەند لایەکەوە وێنەی تۆمەتبار دەگیرێت تاوەکو بخرێتە سەر پێشینەی و هەموو زانیارییەکیان لابێت، تاوەکو هەر کاتەی لایەنێکی دادگایی داوای وێنە و زانیاری لەسەر تۆمەتبارێکی دیاریکراو بکات، هاوکاری بکەن بیاندەنێ بۆ ئاسانکاری کارەکانی دادگاکان

## بەندی یەکەم: ئەو پرسیارانەی لێکۆڵەر لەسەر چەك لە بەڵگەی تاوان دەیکات

١-ئەو چەکە کار دەکات و تەقەی پێدەکرێت؟

٢-لە ماوەی کورت تەقە بەو چەکە کراوە و ماوەکە چەندە بە نزیکەیی؟

٣-ئایا چەکەکە چەور کراوە لەو نزیکانە؟

٤-رۆژی تەقەکردن لەو چەکە لەگەڵ رۆژی تاوانەکە / / یەکن؟

٥-ئەو چەکە لە کاتی بەربوونەوە بە زەوی یان بەرکەوتنی بەشتی رەق تەقە دەکات؟

٦-تەقەی زۆری پێکراوە لەم ماوەیەوە؟

٧-ئایا شوێنەواری خوێن یان گۆشت یان مێشك یان شانەی لەشی مرۆڤی بە سەرەوەیە؟

## بەندی دووەم: ئەو پرسیارانەی لێکۆڵەر لەسەر قەوان و گوللەی چەك لە بەڵگەی تاوانی دەکات

١-ئەو گوللە و قەوانانە هی ئەو چەکەیە لای تۆمەتبار بووە لە شانۆی تاوان دۆزراوەتەوە؟

٢- ئەو گوللانەی لە لەشی تاوانلێکراو هاتۆتە دەرەوە هەمان گوللەی ئەو چەکەن؟

٣-ئەو قەوان و گوللانە هی یەك چەکن یان زیاتر؟

٤-ئەو گوللە و قەوانانەی لە شانۆی تاوان دۆزراونەتەوە هی ئەو چەکەن یان لە شوێنی تر هێنراون؟

٥-جۆری چەکەکە و گوللە و قەوانەکان چین؟

## بەندی سێیەم: ئەو پرسیارانەی لێکۆڵەر لەسەر نووسراوی بە دەست لە بەڵگەی تاوانی دەکات

١-ئەو نووسراوی دەستییە هی گومانلێکراوە؟

٢-ئەو واژۆیەی لەسەر نووسراوەکەیە ساختەیە یان بە پێچەوانە؟

٣-ئایا شێواندن و زیادکردن لەسەر نووسراوەکە هەیە؟

٤-هیچ وشەو رستەك لە نێو نووسراوەکە زیادکراوە لە لایەن گومانلێکراو؟

٥- ئەو نووسینە هی ئەو کەسەیە کە واژۆی لەسەرە یان هی یەکێکی ترە؟

٦-ئەو قەڵەمەی بەرکارهاتووە بۆ پێشتر گومانلێکراو لە نووسینی تر بەرکاریهێناوە؟

ئەمەو، چەندین پرسیاری تر لێکۆڵەرەکە بە بیری دێت لە هەر تاوانێك بۆ گەیشتن بە راستییەکان لە شارەزیانی بەڵگەی تاوانی دەکات چ لەسەر نووسراوی دەستی یان بە ئامێری چاپ یان مۆر و دروا و پاسپۆرت نووسراوی فەرمی دەزگاکان هەر هەمووی بە ئامێری ورد و پێشکەوتوو لە بەڵگەی تاوان پشکنینی لە لایەن شارەزایان بۆ دەکرێت و راستییەکان بۆ لێکۆڵەر دەدۆزنەوە و ئاسانکاری بۆ کاری لێکۆڵەر دەکەن، بەڵام پێویستە ئەو بەڵگانە بەپێی هەندێ مەرج رەوانەی بەڵگەی تاوان بکرێت:

١-خێرا رەوانەکردنی بەڵگەکان بۆ بەڵگەی تاوان، لەبەر ئەوەی هەندێ بەڵگە هەیە کاتی بەسەردا بڕوات تێکدەچێت یان نامینێ.

٢-راستەوخۆ لە شانۆی تاوان دوای هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان راستەوخۆ بنێردرێنە بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان، لەبەر ئەوەی هەندێ جار ئەو بەڵگانە بە گواستنەوەیان بۆ شوێنی تر، ئینجا بۆ بەڵگەی تاوان و دەستکاری دەکرێن، سوودیان لێوەرناگیرێت.

٣-بەڵگەکانی تاوان کە هەڵدەگیرێنەوە پێویستە لەلایەن شارەزایانی بەڵگەی تاوان و پسپۆڕی تایبەت بەو بوارە هەڵبگیرێنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی بەڵگەکان

هەڵدەگرێتەوە گەر شارەزا نەبێت و بە شێوەی هونەری و زانستی بەڵگەکان هەڵنەگرێتەوە ئەوە سوود لە بەڵگەکان وەرناگیرێت بەپێی پێویست.

٤-پارێزگاریکردن لە بەڵگەکان و دەستکارینەکردنیان تا تیمی شارەزایانی بەڵگەی تاوان دەگەنە شانۆی تاوان.

٥-ئەو پرسیارانەی لە بەڵگەی تاوان دەکرێت سەبارەت بە شوێنەوار و ئامێرەکانی بەرکارهاتوو لە تاوان روون و سادە و ئاشکرا بن، نەوەك پرسیاری بە گومان و ئاڵۆز و نادیار بکرێت ئەوە کارەکە دەشێوێنیٚ.

٦-پێویستە هەر پشکنینێکی شوێنەوار پێویستی بە شارەزای بەڵگەی تاوان هەبێت راستەخۆ ئاراستەی ئەوان بکرێت، نەوەك لایەنی تر کە هەندێ جار ئەو هەڵەیە دەکرێت بۆ نمونە سەبارەت بە دراوی ساختە لە جیاتی رەوانەی بەڵگەی تاوان بکرێت رەوانەی بانکەکانی پارە دەکرێت. "٥"

## بەشی پێنجەم : پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە داواکاری گشتی

## بەندی یەکەم: داواکاری گشتی

لە سەدەی رابردوو بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بیری مرۆڤ سەبارەت مافەکانی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی دادپەروەری لە بوارە جیاکان هات، بۆ ئەوەی مافەکانی تاك لە کۆمەڵگە پارێزراو بێت و ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە فەراهەم بووبێت، کۆمەڵێك دەزگای جۆراو جۆر دروستبوون لەوانە دەزگای داواکاری گشتی لە عێراق و کوردستان هاتە کایەوە یاسایەك بۆ ئەم مەبەستە رێکخراو ناوی لێنرا یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ کە تا ئێستا چەندین جار هەندێ لە ماددەکانی هەموارکراوە، ئەوەش بەهۆی ئەو گەشە و پێشکەوتنەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی جیهان دروست بووە ئەم دەزگایە تا ئێستا پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە دیوە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان پاشکۆی یاسای لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەرچوو کە کاری داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان رێکخست.

داواکاری گشتی رۆڵی کاریگەری لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن دەبینێ، بۆ پاراستنی مافی گشتیی و دەسەلأتی ئەو دەزگایە گرنگە لە نێو دادگاکان بەفراوانی تاوەکو گەیشتە ئەو بارەی جگە لە چاودێریکردنی بوار تاوانکاری و داوای سزایی و چاودێری داواکانی باری مەدەنیش دەکات لە دادگاکان بە رۆڵی خۆی هەڵدەستێت. مافی جولأندنی داوای هەیە لە بەردەم دادگاکان بۆ پاراستنی مافی گشتیی و چاودێری و گەڕان بە دوای بەڵگە لە تاوانەکان دەکات و دەسەلأتی دادوەری لێکۆڵینەوەی هەیە، ئەگەر ئەوەی دواییان ئامادەنەبوو لەگەڵ هاتنی دادوەری لێکۆڵینەوە دەسەلأتەکەی تەواو دەبێت و دەتوانێ داوابکات  بە گواستنەوەی داوا لە تاوان و کەتن دەتوانێ داوا لە تۆمەتبار بکات لەشی ببینرێ و وێنەی بگیردرێ و پەنجەمۆری وەربگیرێ و یان وەرگرتنی خوێن و مووی پرچ و نینۆنەکان و دەتوانێ رای خۆی لە سەر داواکردن بۆ گلدانەوەی سامانی گواستراوە و نەگواستراوە تۆمەتباری هەلأتوو بدات، دەتوانێ سەرپەرشتی کاری لێکۆڵەر بکات و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی ببینێ و راو سەرنجیان دەربارە بدات، هەروەها دادوەری لێکۆڵینەوە ئەو بڕیارانەی دەیدات دەیخاتە بەردەم داواکاری گشتیی بۆ ئەوەی رای خۆی لەسەر بدات، هەروەها داواکاری گشتی پێویستە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تاوان و کەتن ئامادە بێت و دەتوانێ تێبینی و داواکارییەکانی خۆی سەبارەت بەو لێکۆڵینەوەیە بدات، داواکاری گشتی ئامادەی دادگایی هەموو داگاکانی سزایی دەبێت، تەنیا دادگای پێداچوونەوە نەبێت و هەورەها ئامادەی دادبینی دادگای باری کەسی و مەدنی و کار و دادگاکانی تر، دەبێت دەتوانی گفتۆگۆی لایەنەکانی داواکان بکات و تێبینی و داواکارییەکانی خۆی پێشکەش بەو دادگایانە بکات ئەمە و کاری زۆری تری داواکاری گشتی کە لە یاساکەیان هاتووە و دەتوانێ ببێتە فاکتەری بە دیهێنانی دادپەرەوەی و سەروەری یاسا ئەگەر ئەرکەکانی وەکو لە یاساکە هاتووە جێبەجێبکات.

## بەندی دووەم: ئارمانج لە یاسای داواکاری گشتی

١-پاراستنی سیستەمی وڵات و ماڵ و سامانی گشتی و چاودێریکردن و چەسپاندنی سەروەری یاسا و بە دیهێنانی دادپەروەری لە نێو کۆمەڵگە.

٢-لەگەڵ لایەنی دادوەریی بەشداری لە خێرا ئاشکراکردنی کارە تاوانکارییەکان دەکات.

٣-کارکردن بۆ خێرا یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لە دادگاکان .

٤-چاودێریکردنی جێبەجێبوونی بڕیار و ڕێساکان و سزاکان بە پێی یاسا.

٥-بەشداریکردن لە هەڵسانگاندنی یاساکان و گونجانیان لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگە.

٦-بەشداریکردن بۆ ڕێگەگرتن لە کردارە تاوانکارییەکان و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو لەم بارەیەوە.

٧-بەشداریکردن لە پاراستنی خێزان و منداڵان.

## بەندی سێیەم: تایبەتمەندییەکانی داواکاری گشتی

داواکاری گشتی نوێنەرایەتی مافی گشتی و پارێزەری دادپەروەرییە لە کۆمەڵگە و ڕێسای کارکردنی بەپێی یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، داواکاری گشتی دەزگایەکی پەرت و بڵاونییە بە کۆمەڵن لە رووی کارەوە سەرووی خۆیان هەیە پێیەوە پابەند دەبن، ئەویش سەرۆکایەتی داواکاری گشتییە و دەگەڕێنەوە بۆ وەزیری داد لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، لە داگاکان ئامادەی هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن دەبن و دەتوانن تێبینییەکان و داواکاری پێشکەش بکەن لە هەر دادگاییکردن و دادبینییەك، لە تایبەتمەندییەکانی داواکاری گشتی:

### ١- پابەندبوون بەسەرووی خۆیان:

داواکاری گشتی سەرووی خۆیان هەیە پێیەوە پابەند دەبن و کارەکان و ئەرکەکانیان بەسەر دابەشدەکات کەئەویش وەزارەتی دادە، لە هەمان کاتدا چاودێری کارەکانیان دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە لەهەر کەموکورییەك لە کارەکانیان هەبێت.

### ٢-سەربەخۆیی

داواکاری گشتی لە کارەکانی سەربەخۆیە و جگە لە سەرووی خۆی هیچ لایەنێك ناتوانێ دەستبخاتە کارەکانیەوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە کارەکەیان بە دڵسۆزی بە جێبگەینن و دادگا ناتوانێ ئاڕاستەی داواکاری گشتی بکات یان رێنمایی بکات، لەسەر ئەو تێبینی و داواکارییانەی ئەوان لەسەر دادگایی و دادبینییەکان هەیانە، لە کێشە و داواکان دەیانبێت، تەنانەت وەزیری دادیش ناتوانێ دەستبخاتە نێو ئەو داوایانەی داواکاری گشتی بۆ پاراستنی مافی گشتی جوڵەی پێدەکەن.

### ٣- پارچەنەبوون

دەزگای داواکاری گشتی یەکن و پارچە نابن، هەموو داواکاری گشتی کارەکانی یەکتر تەواو دەکەن، بۆ نمونە ئەگەر داواکاری گشتییەك لە قۆناغی لێکۆڵینەوە ئامادەبوو یەکێکی تر لە قۆناغی دادگایی و یەکێکی تر لە قۆناغی تانە لێدان ئاساییە لەبەر ئەوەی کاری دەزگاکە بە گشتی یەك ئارمانجی هەیە.

### ٤-بەرپرسیارنەبوون

داواکاری گشتی بۆ ئەوەی بتوانێ کارەکانی بە رێکوپێکی بە جێبگەینێ ئەو ئەرکانەی لەسەریەتی جێبەجێیان بکات، ئەوا بەبێ ترس کاردەکات و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نییە و یاسا پارێزگاری یاسایی بۆ فەراهەم کردووە، بەرامبەر ئەو دڵنیایی هەیە لە کارەکانی و ئازادانە و بێباکانە بێ ئەوەی ترسی لە لێپێچینەوە هەبێت تێبینی و داواکاری و تانەکانی خۆی پێشکەش دەکات، مادام مەبەستی جێبەجێبوونی یاسایە و لانەدانییەتی لە لایەن هیچ لایەکەوە، بەڵام

پێویستە ئەوە مەبەستی بێت ئەگەر نییەتی ئەوە نەبێت دووچاری بەرپرسیارییەتی لەسەرووی خۆیەوە دەبێت.

## بەندی چوارەم: رۆڵی داواکاری گشتی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە تاوان

داواکاری گشتی وەکو بنەمای گشتی بە پێی یاسا لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری کاری بەشداریکردنە لە گەڵیان بۆ ئاشکراکردنی کردارە تاوانکارییەکانە لە نێو کۆمەڵگە، وەك چۆن دەسەڵاتی دادوەری کار بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنی تاوان لە نێو خۆی وڵات دەکات، ئەویش هاوکاری ئەو دەسەڵاتە دەبێت بۆ دیاریکردنی سنوورێك بۆ تۆمەتباران بە ئاشکراکردن و دادگاییکردنیان و لە قۆناغی دەسپێکی گەڕان و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان چاودێریدەکات، بۆ هەڵگرتنەوەی بەڵگەکان و مافی سەرپەرشتیکردنی کارەکانی لێکۆڵەر و ئەندامانی رێکخستنی دادوەری بکات و ئەو لایەنانەی کاری لێکۆڵینەوە لەتاوان دەکەن، لەسەریانە هەر تاوان و کەتنێك رووبدات داواکاری گشتی پێیەوە ئاگاداربکەنەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو کردارە تاوانکارییانە پەیوەندی بە مافی گشتی هەیە و پارێزەری ئەو مافانە داواکاری گشتی دەیخاتە ئەستۆی خۆی، بۆیە هەر دیاردەیەك و کردارێك لە لایەن هەر کەسێك و لایەنێك بکرێت و زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت و مافی گشتی تێدا پێشێلبکرێت، ئەوا داواکاری گشتی راستەوخۆ بەری لێدەگرێت بە جوڵاندنی سکاڵا لەسەر ئەو کەس و لایەنانەی مافی گشتییان پێشێلکردووە.

لەو کاتەی دادوەری لێکۆڵینەوە لە قۆناغی سەرەتایی لێکۆڵینەوەی تاوانێکدایە، داواکاری گشتی چاودێری بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە دەکات، سەرنج و تێبینی خۆی لەسەریان دەخاتە روو لەو کاتەی مافی تاك و دڵنیایی ماڵ پێشێلدەکرێت، داواکاری گشتی لەو کاتەی لە شانۆی تاوانە و دادوەری لێکۆڵینەوە لەوێ نییە ئەوا مافی ئەوەی هەیە دەستدەکات بە کاری لێکۆڵینەوە و دەسەڵاتی بەوە تەواو دەبێت کە دادوەری لێکۆڵینەوە دەگاتە شوێنەکە و ئەگەر هەر ئەو دادوەرەی لێکۆڵینەوە داوا لەداواکاری گشتییەکە بکات بەردەوامی بدات

بە کاری لێکۆڵینەوە ئەوا دەتوانیٚ هەر بەردەوام بێت، ئامادەبوونی داواکاری گشتی لە کاتی ئەنجامدانی رێکاری لێکۆڵینەوە ئامادەبوونی پێویستە و ئەگەر لەویٚ نەبێت ئەو رێکارانەی لێکۆڵینەوە نابیٚ ئەنجامبدرێن و سەیری هەموو پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوە دەکات و راو سەرنج و داواکارییەکانی دەخاتە روو، دادوەری لێکۆڵینەوە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە هەموو ئەو بڕیارانەی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە دەیدات سەبارەت بە پشکنین و دەستگیرکردن و راگرتن و درێژکردنەوەی راگرتنی تۆمەتبار هەموو بڕیارەکانی تر دەیدات، دەبیٚ بیخاتە بەردەم داواکاری گشتی ئەویش لە یاسایی ئەو بڕیارانە دەڕوانێت راو سەرنجی لەم باریەوە دەخاتە روو، دەتوانیٚ تانە لەو بڕیارانەی دادوەری لێکۆڵینەوە بدات و بەمەش داواکاری گشتی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە رۆڵی کاریگەر دەگێڕێت، لە قۆناغەکانی تریش لە کاتی دادگایی و دەرچوونی بڕیاری دادگا و کاتی تانەدان لە بڕیارەکانی دادگا هەمان رۆڵ دەبینێت، ئەوکار و ئەرکانەی داواکاری گشتی نیشانەی جموجۆڵ و زیندوویەتی ئەو دەزگایە گرنگەیە بۆ کەمەڵگە. "٦"

## بەشی شەشەم: جۆرەکانی دادگا و تایبەتمەندییەکانیان

### بەندی یەکەم: جۆرەکانی دادگا

دادگاکان راستەوخۆ کارەکانیان لە لایەن ئەنجومەنی دادوەری رێکدەخرێت و ئەم دەسەڵاتە بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧ ماددەی دووەم سەربەخۆیە کەتیایدا هاتووە (دادگاکان سەربەخۆن و هیچ دەسەلاتێکیان بەسەرەوە نیە جگە لە یاسا)، لە یاسا بەو لاوە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا نییە و تەنانە لە پەرلەمان بودجەی سەربەخۆی بۆ تەرخان دەکرێت، واتا دادگاکان سەربەخۆن و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەوی و تا دەگاتە حکومەتیش و هیچ کاریگەرییەك لە سەر بڕیارەکانیان نییە و بەپێی یاسا حوکمی خۆیان دەردەکەن بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان و سزادانی تۆمەتباران، دانیشتنەکانی دادگا ئاشکرا بەڕێوەدەچن تەنیا

ئەگەر دادگا بڕیار بدات بە نهێنی بێت لەبەر ڕەچاوکردنی رەوشت و ئادابی گشتی و ڕێزگرتن لە خێزان، بەڵام بڕیاری حوکم لە دانیشتنی ئاشکرا لە لایەن دادگا دەخوێندرێتەوە. دادگاکان بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە(٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ هاتووە دادگاکانی مەدەنی بریتین لە:

١-دادگای پێداچوونەوە

٢- دادگای تێهەڵچوونەوە

٣- دادگای تاوان

٤- دادگای بەرایی

٥- دادگای نەوجەوانان

٦-دادگای باری کەسی

٧-دادگای کەتن

٨-دادگای کار

٩-دادگای لێکۆڵینەوە

١٠-دادگاکانی ماددەکانی کەسی بۆ مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان و ئایینەکانی تر.

## بەندی دووەم: تایبەتمەندییەکانی دادگاکان

### یەکەم: دادگای پێداچوونەوە

دەستەی باڵای دادوەرییە و چاودێری دادوەری لەسەر هەموو دادگاکانی مەدەنی دەکات و لە سەرۆك و جێگر و چەند دادوەرێك پێکدێت، کە بە یاسا ژمارەیان دانراوە و بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧ ماددەی دەیەم لە ( ٩ ) دادوەر کەمتر نەبێ و پێکدێت ،لەگەڵ سەرۆك و جێگرەکانی و چەند دەستەیەکی باڵا پێکدێت و دەسەڵاتەکانی بەپێی یاسا ڕێکخراوە.

## دووەم: دادگای تێهەڵچوونەوە

ئەم دادگایە دەستەی باڵای دادوەرییە لە یەك پارێزگا و سەرپەرشتی کاری دادگاکان لەو پارێزگایە دەکات، لە رووی دامەزراندن و دابەشکردنی دادوەر و فەرمانبەرانی دادگاکان و ئیدارەی و تۆمارکردنی ئەو داوایانەی بۆی رەوانە دەکرێت بە سیفەتی تێهەڵچوونەوە و پێدچوونەوە لە سەرۆکی دادگا و جێگر و چەند دادوەرێك پێك دێت.

## سێیەم: دادگای تاوان

لەهەر پارێزگایەك دادگایەکی تاوان هەیە و ئەگەر سنووری پارێزگاکە فراوان بێت ئەوا دەکرێ دادگای تاوانی تر بکرێتەوە، لە دەستەیەك دادوەر پێکدێت سەرۆك و دوو جێگری و تایبەتمەندی ئەو دادگایە یەکلایکردنەوەی ئەو پەڕاوی لێکۆڵینەوانەیە لە دادگای لێکۆڵینەوە بۆ دادگاییکردنی سزایی بۆی رەوانە دەکرێت، بڕیاری ئەو دادگایە راستەوخۆ لەلایەن لایەنەکانی داوا و داواکاری گشتیی تانەی لێدەدرێ لەماوەی یاسایی، ئەگەر لایەنەکانی پەڕاوەکە داوانەکەن لە هەندێ مادده راستەوخۆ پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و رەوانەی داواکاری گشتیی و سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوە دەکرێت.

## چوارەم: - دادگای بەرایی

لە هەر پارێزگا و قەزایەك ئەم دادگایە هەیە و ئەگەر پێویست بکات لە ناحیەکانیش بەپێی بەیاننامەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری پێکبهێنرێت، ئەم دادگایە بە دادوەرێك گرێدەدرێت ، تایبەتمەندییەکانی ئەو دادگایە بینینی ئەو داوایانەیە پەیوەندی بە کاروباری کێشەی مولك و قەرز و لێکجیاکردنەوەی مالێکی شیاو بۆ بەشکردن و کێشەی کۆمپانیاکان و پەرپووتبوونیان، بڕیارەکانی دەرچوو لەم دادگایە دەتوانرێ لە لای لایەنەکانی داوا تانەی لێبدرێت.

## پێنجەم: دادگای نەوجەوانان

ئەم دادگایە بە سەرۆكایەتی دادوەری نەوجەوانان و ئەندامییەتی دوو ناو بژیوانی شارەزا لە كاروباری نەوجەوانان گرێدەدرێت، سەیری تاوانەكان دەكات، تایبەتمەندی ئەو دادگایە سەیركردنی ئەو كێشانەیە كەتەمەنی بچوك بێت و بالق نەبووبێ.

## شەشەم: دادگای باری كەسایەتی

هەر جێگەیەك دادگای بەرایی لێبێت دادگایەكی باری كەسایەتی یان زیاتر دەبێت و بەیەك دادوەر گرێدەدرێت و لەهەر جێگەیەك دادگای باری كەسی نەبێت، ئەوا دادوەری دادگای بەرایی موسلمان بە دادوەری دادگای باری كەسی دادەنرێت، تایبەتمەندی ئەو دادگایە بینینی ئەو داوایانەیە كە پەیوەندی بە كاروباری خێزان و هاوسەریەتی و لێك جیابوونەوە و تەلاق و ڕەچەڵەك و میرات و وەسیەتەوە هەیە و بڕیارەكانی ئەو دادگایە لەلای لایەنەكانی داوا تانەی لێدەدرێت.

## حەوتەم: دادگای كەتن

هەر جێگەیەك دادگای بەرایی لێبێت دادگایەكی كەتن یان زیاتر دەبێت و بەیەك دادوەر گرێدەدرێت و لەهەر جێگەیەك دادگای كەتن نەبێت، ئەوا دادوەری دادگای بەرایی بە دادوەری دادگای كەتن دادەنرێت، تایبەتمەندی ئەو دادگایە سەیركردنی ئەو داوایانەی دادگای لێكۆڵینەوە بۆی ڕەوانە دەكات كە سزای تاوانی تێدایە بە كەتن یان سەرپێچی بڕیارەكانی ئەو دادگایە لە لایەن لایەنەكانی داوا تانەی لێدەدرێت.

## هەشتەم: دادگای کار

لە هەر پارێزگایەك دادگایەکی کار هەیە و لە لایەن دادوەرێك گرێدەدرێت، تایبەتمەندی ئەو دادگایە بینینی ئەو داوایانەیە کە یاسا بۆی دیاریکردووە لەوانە بینینی داوای کێشەی نێوان کار و سەرکار و کۆمپانیاکانە.

## نۆیەم: دادگای لێکۆڵینەوە

هەر جێگەیەك دادگای بەرایی لێبێت دادگایەکی لێکۆڵینەوە یان زیاتر دەبێت و بەیەك دادوەر گرێدەدرێت و لە هەر جێگەیەك دادگای لێکۆڵینەوە نەبێت، ئەوا دادوەری دادگای بەرایی بە دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە دادەنرێت، تایبەتمەندی ئەو دادگایە لێکۆڵینەوەیە لە تاوانەکان و کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوەی بەڵگەی تاوان و وەرگرتنی وتەی لایەنەکان و ئامادەکردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوەیە، بۆ دادگای تایبەتمەند ئەگەر تاوانەکە بەسەر تۆمەتبار بەهۆی بەڵگەکانی تاوانەوە لەسەری چەسپاو ڕەوانەی دادگای تاوان و کەتن و نەوجەوانانی دەکات، ئەگەر تۆمەتبار تاوانەکەی لەسەر نەچەسپا ئەوا پەڕاوەکە یان بە کاتی یان کۆتایی دادەخات و تۆمەتبار ئازاد دەکات. بڕیارەکانی ئەو دادگایە لەقۆناغی لێکۆڵینەوە لە بەردەم دادگای تاوان  تانەی لێدەدرێت.

## دەیەم: دادگاکانی ماددەکانی کەسایەتی بۆ مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان

لە سەنتەری هەر پارێزگایەك دادگایەك بۆ ماددەکانی کەسایەتی مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان و ئایینەکانی تر پێکدێت، ئەو دادگایە بەیەك دادوەر گرێدەدرێت و دەکرێ بەپێی بەیاننامەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بەپێی پێویستی لە سەنتەری قەزا و ناحیەکان پێکبهێنرێت و لەو شوێنانەی دادوەری کەسایەتی لێنەبێت ئەوا دادوەری دادگای بەرایی جێگەی دەگرێتەوە و تایبەتمەندی ئەو دادگایە کاروباری مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان و ئایینەکانی ترە.

## * دادگای باری شارستانی

**لەهەندێ بەپێی پێویستی دادەمەزرێت و ئەو دادگایە بە دادوەرێك گرێدەدرێت و لەهەر شوێنێك ئەو دادگایە نەبێت، ئەوا دادوەری دادگای بەرایی داواكانی ئەو دادگایە دەبینێت و تایبەتمەندی ئەو دادگایە بینینی ئەو داوایانەیە، كە تایبەتن بەناو و تەمەن و ئەو داوایانەی باری شارستانی تێیدا لایەنە و لە داواكە دایە و بڕیارەكانی ئەو دادگایە شیاوی پێداچوونەوەن."٨" .**

---

"١"یاسای سزای عێراقی هەمواركراوی هەرێمی كوردستان.

"٢" لەو بڕیارانە سوود لە بڕیارەكانی دادوەر رزاق كازم الموسوی وەرگیراوە.

"٣" سوود لە كۆنووسەكان و نووسراوەكان وەرگیراوە دەربارەی لێكۆڵینەوەی تاوانكاری.

"٤" بحث حول (علاقه الادله الجنائیه والطب العدلی) من قبل القاضین ناصر تلماتین و سالم عبدالرزاق نشرت فی انترنیت ٢٠١٠.

"٥" المرشد العلمي للمحقق ،اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي(صفحه ١٩٤-٢٠٤)

"٦" اصول المحاكمات الجزائية الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم ابراهيم حربة ٢٠٠٩ بغداد صفحه ( ٦٤-٧٩)

"٧" یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی كوردستان ژمارە( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧

"٨" یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی كوردستان ژمارە( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧ و گۆڤاری دادپەروەر ژمارە(١٤)ی ٢١-٥-٢٠١٠ بابەتێك بەناونیشانی ( پێناسەی دەسەڵاتی دادوەری و چۆنیەتی داواكردنی داوا لە دادگاكان) نووسینی رسول حسین صفحه(٥و٦).

# فەرهەنگۆك

| عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| توكيل | بریکاری |
| يتيم | سێوێ |
| محقق | لێکۆڵەر |
| واهب | بەخشەر |
| وديعة | سپاردە |
| وصى | چاودێر |
| يافع | هەراش |
| تفسير | شیکردنەوە |
| اثبات | سەلماندان–چەسپاندن |
| توثيق | قایمکردن |
| تخفيف | سووککردن |
| تدليس | ساختەکاری |
| اشعار | پێڕاگەیاندن |
| تسليم | خۆبەدەستەوەدان |
| تمرد | یاخیبوون |
| تملك | خاوەندارییەتی |
| تنازع | ناکۆکی |
| حجز | گلدانەوە |
| حضانة | دایەنی |
| مفلس | پەرپووت |
| نفير | رەشبگیری |

| | |
|---|---|
| عاهرة | داوێن پیسی، لەشفرۆشی |
| نكاح | مارەبڕین |
| تشريع الجثة | توێکاری لاشە |
| اكتفاء ذاتي | دەستەبەری خودی |
| تشهير | ناوزڕاندن |
| اهلية | شیاوی |
| تامين | دڵنیایی |
| تجنب | خۆلادان |
| تحايل | فێڵکردن |
| تخمين | خەملاندن |
| سلب | تالانکردن |
| توقيف | راگرتن |
| ذمة | ئەستۆ |
| تشريع | توێکاری |
| سلوك | رەفتار |
| خرق | پێشێلکردن |
| غموض | شاراوە |
| استنتاج | ئەنجامگری |
| ويفاق | رێککەوتن |
| عزم | ورە |
| التحقيق الاجرامى | لێکۆڵینەوەی تاوانکاری |
| لغوي | زمانەوانی |

| علم التحقيق الجنائی | زانستی لێكۆڵینەوەی تاوانكاری |
|---|---|
| بيان | دەرخستن |
| وقوع | كەوتنەوە |
| منطقة | دەڤەر، ناوچە |
| عدسة مكبر | هاوێنەی گەورەكردن |
| مسترة | راستە |
| مؤبد | هەتایی |
| هتك العرض | ئابڕووبردن |
| الجرائم العادية | تاوانی سادەیی |
| اغتصاب | لاقەكردن |
| التعويض | قەرەبووكردنەوە |
| الاستعانة | پەنابردن |
| تطبيق | جێبەجێكردن |
| اسباب الاباحه | هۆیەكانی ڕێپێدان |
| نية | نیاز |
| تجاوز | بەزاندن |
| استجواب | لێپرسینەوە |
| طعن | تانە |
| اختصاص | تایبەتمەندی |

| | |
|---|---|
| العدالة | دادپەروەری |
| اعتراض | ناڕازی |
| نقد | رەخنە |
| تحريك | دەستبەرکاری، جوڵاندن |
| تخويل | رێپێدان |
| صلاحيات | دەسەڵات |
| مشروع | رەوایی |
| تفسير | راڤەکردن |
| اثبات | سەلماندن |
| نفي | رەتکردنەوە |
| رزم | دەستە |
| مخالفة | سەرپێچیکردن |
| باعث | پاڵنەر |
| خبير | شارەزا |
| المكلف | راسپێردراو |
| ضبط القضائي | رێکخستنی دادوەری |
| زنا | ناپاکی هاوسەرییەتی |
| تحويل الخارجي | حەوالەکردنی دەرەوە |
| الجريمة المشهودة | تاوانی بینراو |
| نافذ | بەرکار |
| الادراك | درککردن |
| خيانة الامانة | سپلەیی نمەکداری |
| حظائر | شینایی |

| | |
|---|---|
| تعدد | چەندی |
| مذكرة | بیرخەرەوە |
| تقدير | پێودانگ |
| قضائي | دادگەرییانە، دادوەری |
| اثار | جێنیشانە، شوێنەوار |
| نشل | گیرفان بڕین |
| المواد الجرمية | شتومەكی تاوانكاری |
| جسم صلب | لاشەی رەق |
| البصمات الظاهرة | پەنجەمۆری بینراو |
| البصمات الخفية | پەنجەمۆری نەبینراو |
| اثار الاقدام | شوێنەواری پێ |
| اثار الزجاج | شوێنەواری شوشە |
| تأمين | دڵنیایی |
| بصمة الصوت | دەنگەمۆر |
| بصمة العين | چاوەمۆر |
| بصمة الاذن | گوێچكەمۆر |
| بصمة الاصابع | پەنجەمۆر |
| عمد | ئەنقەست |
| قتل العمد مع سبق الاصرار | كوشتنی بەئەنقەست و ئامادەكارییەوە |
| غامض | نادیار، نەناسراو |
| بصمة | نیشانە ، مۆر |
| ظرف مشدد | باری توندكردن |

| | |
|---|---|
| عمدا | ئەنقەست |
| خطأ | هەڵە |
| مذكرة | بیرخەرەوە |
| منافسة | كێبڕكێ |
| مخدرات | هۆشبەر |
| صلح | پێكهاتنەوە |
| الاهل | خانەوادە |
| رابطة | هاوبەند |
| كفيل | دەستەبەری |
| صلح | پێكهاتن |
| كشف الدلالة | نۆڕینی بەڕێنمایی |
| عملية التشخيص | كرداری ناسینەوە |
| عملية المواجهة | كرداری رووبەڕووبونەوە |
| التفتيش | پشكنین |
| مأمور | نێردراو |
| شرف | ئابڕوو |
| اركان | كۆڵەگە |
| وضعي | دانراو |
| اشارة | هێمابردن |
| تشريح | توێكاری |
| سن الرشد | بالقبوون |
| سقف | بنمیچ |
| اركان | كۆڵەگە |
| محاضرة | وانە |
| المساس | بریندارکردن |

| | |
|---|---|
| رشوة | بەرتیل |
| تزویر | ساختە، گزی |
| ادانة | تۆمەتبارکرن |
| تضلیل | چەواشەکردن، بەلاڕێدابردن |
| قرائن | گرینە |
| استنباط | هەڵێنجان |
| مجهول | نەناسراو |
| الادلة الظرفیة | بەڵگەی باری |
| قاطعة | رەها |
| رجعي | گەڕاوە |
| شبهة | گومان |
| میناء | بەندەر |
| باطل | پووچەڵ |
| وسائل | ئامراز |
| شفوي | زارەکی |
| تأشیر | زالکە |
| بدني | جەستەیی |
| احکام | بڕیارەکان |
| تأنیب | سەرزەنشتکردن |
| تأمین | دڵنیایی |
| فرضیة | گریمانی |
| قرینة قضائیة | گرینەی دادگەری یان دادوەری |
| حجز | گلدانەوە |
| ضغط | گوشار |
| احتیال | فێڵ |

| | |
|---|---|
| وثيق | قايم |
| عريضة الدعوى | کۆنووسی داوا |
| قضائي | دادوەری |
| اجرامي | تاوانکاری |
| موسوعة | کەشکۆڵ |
| كفالة | دەستەبەری |
| ثغرة | کەلێن |
| دعوى موجزة | کورتە داوا |
| جنائي | تاوانکاری |
| تعسفي | بێدادی |
| اشتراط | مەرج دانان |
| جريمة | تاوان |
| اهلية | لێهاتوویی، شیاوی |
| ماددی | بەرجەستەیی |
| عقار | نەگواستراوە |
| سجن | بەندکردن |
| ارتفاق | هاوشانیەتی |
| تمهيدي | ئامادەکاری |
| واقف | وەستێنەر |
| مدمن | خووپێوەگرتن |
| رسوم | میرانە |
| كشف | نۆڕین |
| لئيم | پیسکە |
| ركيك | ناڕیك |
| احتجاج | ناڕەزایی |

| | |
|---|---|
| متناقض | دژیەك |
| منازعة | ناكۆكی |
| استحالة | نەكران |
| زوال | نەمان |
| عدلي | دادگەری |
| نسب | رەچەڵەك |
| تحويل | رەوانەكردن |
| فروع | لق |
| اصول | بنچینە |
| اتلاف | لەناوبردن |
| الاموال | سامان |
| تخريب | تێكدان |
| حرمه | بێبەشكردن |
| تعدد | فرەیی |
| تنازل | لێخۆشبوون |
| حلزوني | خولگەیی |
| دائري | بازنەیی |
| شريطي | پانی |
| تربيعی | چوارلایی |
| اداة | ئامراز |
| مبدأ | بنەما |
| تثبيت | چەسپاندن |
| استعراف | ناسینەوە |
| طيف | سێبەر |
| غامض | نادیار |

| | |
|---|---|
| تشويه | شێواو |
| مسور | دەوردراو |
| مكلف | راسپێراو |
| مطالعة | تێخوێندنەوە |
| لقب | نازناو |
| هتك | ئابڕووبردن |
| اهانة | سوکایەتیکردن |
| مساءلة | لێپرسینەوە |
| صرير | دەنگ |
| حفي حنين | دەست بەتاڵی |
| محكمة | دادگا |
| الطب العدلي | پزیشکی دادوەری |
| الادلة الجنائية | بەڵگەی تاوان |
| الادعاء العام | داواکاری گشتی |
| حاكم | دادوەر |
| غافل | بێئاگا |
| غير مذنب | بێتاوان |
| تكتم | بێدەنگبوون |
| فاقد الوعي | بێهۆش |
| محايد | بێلایەن |
| ضريبة | باج |
| موضوع الدعوى | بابەتی داوا |
| حالة | بار |
| عمدا | ئەنقەست |
| مقارنة | بەراوردکردن |

| | |
|---|---|
| نزاع | رکابەری |
| اخلاء | بەردان |
| غرامة | پێبژاردن |
| قرار قطعي | بڕیاری بنبڕ |
| وكالَة | بریکارنامە |
| حيازة | بندەستانە |
| مركز | بنكە |
| طعن | تانە |
| كشف الجريمة | تاوان ئاشكراكردن |
| تهمة | تۆمەت |
| تسجيل | تۆماركردن |
| ارتكاب الجريمة | تاوان ئەنجامدان |
| جرائم اخلاقية | تاوانە رەوشتییەكان |
| جنحة | كەتن |
| جناية | تاوان |
| جاني | تاوانكار |
| جريمة مشهودة | تاوانی بینراو |
| جريمة السياسية | تاوانی رامیاری |
| قتل عمد | كوشتنی بە ئەنقەست |
| انفجار | تەقینەوە |
| مستلم | وەگر |
| مستمسك | بەڵگەنامە |
| تميز عنصرى | جیاكاری رەگەزی |
| سن القانوني | تەمەنی یاسایی |
| مشدد | توندكار |

| | |
|---|---|
| تشديد العقوبة | توندکردنی سزا |
| علم التشريح | توێکاریزانی |
| تكليف | پێسپاردن |
| ملتزم | پابەند |
| حصانة | پارێزبەندی |
| المخبر | هەواڵدەر |
| جواز سفر | تێپەڕنامە ( پاسپۆرت ) |
| احتراز | پارێزکردن |
| ملحق | پاشکۆ |
| سند | پاڵپشت |
| متفرقة | پەڕاگەندە |
| انكماش | پووکانەوە |
| ترويج | برەوپێدان |
| محكمة بداءة | دادگای بەرایی |
| محكمة العمل | دادگای کار |
| محكمة الاحوال الشخصية | دادگای باری کەسیەتی |
| محكمة الجنايات | دادگای تاوان |
| محكمة الجنح | دادگای کەتن |
| محاكمة | دادگاییکردن |
| حاكم التحقيق | دادوەری لێکۆڵینەوە |
| اعتراف | دانپێنان |
| نصاب | رادە |
| ضمان | گەرەنتی |
| معنوي | گوزارەیی |
| بعثة | نێردراو |

| | |
|---|---|
| منحرف | لادەر |
| جانح | لاسار |
| جائر | ستەمکار |
| جحود | سپڵەیی |
| جدال | مشتومڕ |
| ثأر | تۆڵە |
| ثقة | متمانە |
| ثنائي | دووقۆڵی |
| تخصيص | تەرخانکردن |
| تخطيط | پلاندانان |
| تخفيض | داشکاندن |
| تخفيف | سووککردن |
| تخلي | دەستبەرداربوون |
| اخبارية | هەواڵدان |
| اختتام | کۆتایهێنان |
| اختراع | ئەفراندن |
| اختزال | کورتکردنەوە |
| احتكار | قۆرخکردن |
| احسان | چاکە |
| اصلاحية | چاکسازی |
| اضافي | زیادە |
| اضبارة | دۆسیە |
| بطالة | بێکاری |
| غشاء البكارة | پەردەی کچێنی |
| تكوين | پێکەوەنان |

| | |
|---|---|
| تلفيق | هەڵبەستن |
| تماثل | لێکچوون |
| تمثيل | نواندن |
| تكملة | تەواوکەر |
| تكافؤ | هاوتایی |
| تكرار | دووبارە |
| اكراه | ناچارکردن |
| استنتاج | ئەنجامگری |
| سلع | کالا |
| استيلاء | دەست بەسەرداگرتن |
| اهلية | شیان |
| جرد | دانەژمێری |
| جرم | تاوان |
| سماع | گوێگرتن |
| تحري | پشکنین |
| مستشار | راوێژکار |
| خبير | لێزان |
| مشاجرة | بەشەڕهاتن |
| مشتكي | سکاڵاکار |
| مشرع | یاسادانەر |
| دفاع شرعي | بەرگری ڕەوا |
| مصدر | سەرچاوە |
| معلق | هەڵواسراو |
| مفلس | مایەپووچ |

# سەرچاوە کوردییەکان:

١-* یاسای دەسەلاّتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧.

٢-* فەرهەنگ و پێناسی زاراوەکانی شەریعەت و یاسا، ئامادەکردنی جەلیل حەمەزیاد و سەرکەوت سلێمان- چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠١.

٣-* فەرهەنگی دادگا، سەردار عەزیز خۆشناو -کوردستان چاپی یەکەم ٢٠٠٧

٤-* گۆڤاری دادپەروەر ژمارە(١٤)ی ٢١-٥-٢٠١٠ بابەتێك بەناونیشانی ( پێناسەی دەسەلاّتی دادوەری و چۆنیەتی داواکردنی داوا لە دادگاکان) نووسینی رسول حسين صفحه(٥و٦)

٥-* کۆمەڵێك وانەی دادوەر سەردار یاسین حەمەدئەمین لە خولی بەهێزکردنی لێکۆڵەرەوە دادوەرییەکان پێشکەشکرد لە رێکەوتی (١٨-٥) تاوەکو (٢٢-٦)/٢٠٠٦ .

٦-* کۆمەڵێك وانەی دادوەر گەیلان لە خولی بەهێزکردنی لێکۆڵەرەوە دادوەرییەکان پێشکەشکرد لە رێکەوتی (١٨-٥) تاوەکو (٢٢-٦)/٢٠٠٦ .

٧-* لێکۆڵینەوەی تاوانکاری پێشکەوتوو-GRB -٢٠٠٦ لە خوڵی بەهێزکردنی لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە شێوەی سیدی بەخشیان. رێکخراوی چاودێری یاسایی هەرێم (RLO)

٨-* پاشکۆی یاسای داواکاری گشتی ژمارە(١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ - لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

٩-*یاسای دەسەلاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٢٣) ساڵی ٢٠٠٧.

١٠-* فەرهەنگی قانوونی- عەرەبی کوردی فەڕەنسی ئینگلیزی - دکتۆر نووری تاڵەبانی - چاپی شەشەم هەولێر ٢٠١٤.

# سەرچاوە عەرەبییەکان:

١-* المرشد العلمي للمحقق ،اعداد عميد الشرطة الحقوقي فخري عبدالحسن علي.

٢-* اصول التحقيق الاجرامى، تأليف: الدكتور سلطان الشاوي– طبعة جامعة بغداد ١٩٨١ .

٣-* علم التحقيق الجنائي الحديث ، بين النظريات و التطبيق تأليف:الدكتور عبدالستار الجميلي و محمد عزيز طبعة الاولى ١٩٧٧ .

٤-* قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم ٢٣ لسنة ١٩٧١ وتعديلاته–المكتبة القانوية –بغداد، اعداد صباح صادق الانباري٢٠٠١.

٥-* عبدالحميد رويدار ورياض داود ، التحقيق الجنائي الحديث ، الجزء الثاني.

٦-* التحقيق الجنائي العملي ، بغداد ١٩٥٧ عبداللطيف احمد.

٧-* المرشد المحقق ، فؤاد ابو الخير وابراهيم غازي ، دمشق ١٩٦٩.

٨-* معين المحقق العدلي ، اعداد فرات حمود راضي.

٩-* اصول التحقيق الجنائى ، احسان الناصرى بغداد ١٩٤١.

١٠-* اصول المحاكمات الجزائية، الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم ابراهيم حربة –٢٠٠٩ المكتبة القانونية–بغداد، الجزء الاول.

١١-*اصول المحاكمات الجزائية، الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم ابراهيم حربة –٢٠٠٩ المكتبة القانونية–بغداد، الجزء الثاني.

١٢-* موسوعة مصطلحات القانون الجنائي، الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي بغداد– ٢٠٠٢ دار الشؤون الثقافية العامة. الجزء الاول.

١٣-* موسوعة مصطلحات القانون الجنائي، الدكتور سعد ابراهيم الاعظمي بغداد– ٢٠٠٢ دار الشؤون الثقافية العامة. الجزء الثاني.

١٤-* شرح قانون الاجراءات الجنائية تأليف الدكتور محمود محمود مصطفى ١٩٧٦ .

١٥-* علم النفس الجنائي ، كامل احمد ثابت الطبعة الاولى القاهرة ١٩٧٦ (صفحه ١٠٣-١٠٧)

١٦-* التحقيق الجنائي، قانون وفن – عبدالستار الجميلى بغداد ١٩٧٣
التحقيق والبحث الجنائي – عبدالكريم درويش القاهرة ١٩٥٥
١٧-* شبيب عيماد، قضايا جنائية ٢٠٠٩ مقالة في انترنيت
١٨-* ذنون احمد مقالة (الجريمة و الاسلحة النارية) ٢٠١٠ انترنيت.
١٩-* اراء وقرارات القاضي رزاق كازم الموسوي .
٢٠-* بحث حول (علاقة الادلة الجنائية والطب العدلي) من قبل القاضين ناصر تلماتين و سالم عبدالرزاق نشرت فى انترنيت ٢٠١٠.
٢١-* الموسوعة في التحقيق الجنائي العملي _ محمد انور عاشور– رئيس محكمة جنايات القاهرة سابقا الطبعة الثانية– القاهرة ١٩٧٩.
٢٢-* شبيب عيماد قضايا جنائية ٢٠٩ مقالة في انترنيت
٢٣-* الادلة الجنائية و التحقيق الجنائي، الدكتور منصور عمر المعايطة –عمان ٢٠٠٧.
٢٤-* مرشد الادلة الجنائية– لشرطة العراقية، مطابع شهداء الشرطة
٢٥-* قانون العقوبات العراقى –رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩ و تعديلات النافذة في اقليم كوردستان– اعداد القاضي سردار عزيز خوشناو – اربيل ٢٠١٠
٢٦-* المبادئ العامة في قانون العقوبات، الدكتور سامى النصراوي–الجزء الاول بغداد–١٩٧٧
٢٧-* اصول الاجراءات الجنائية في اصول المحاكمات الجزائية، عبدالامير العكيلي – بغداد١٩٧٥.
٢٨-* احكام التفتيش واثاره في القانون العراقي دراسة مقارنة–الدكتور صالح عبدالزهرة ١٩٧٩.
٢٩-* اجراءات جمع الادلة و دورها في كشف الجريمة.تأليف علي بن حامد العجرني –الرياض ١٩٩١.
٣٠-* المحقق القضائي – التحقيق في مسرح الجريمة –تم اعداده من قبل (الارمر كروب)مشروع الادلة الجنائية.

٣١-*مجموعة مقالات مأخوذة في الانترنيت حول التحقيق الجنائي الحديث٢٠٠٩-٢٠١٠.

٣٢-* قانون الادعاء العام – رقم (١٥٩)لسنة ١٩٧٩.

# ژیاننامەی نووسەر



* ناو: مظفر خالد عبدالرحمن – ناسراو بە ( شاخەوان خالید )
* پیشە: لێکۆڵەرەوەی دادوەری لە دادگای تاوانی یەکەمی هەولێر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ڕۆژنامەکە.
* ژمارەی مۆبایل کۆڕەک ( ٠٧٥٠٤٤٧٠٠٩٨ )
* ئیمەیل : shakhewan@yahoo.com

** بڕوانامە: ١– بەکەلۆریوس لە یاسا و رامیاری بەشی یاسا دەرچووی ساڵی ٢٠٠٢–٢٠٠٣

* ٢– دبلۆم لە تەندروستی گشتی دەرچووی ساڵی ١٩٩٢–١٩٩٣

*** جگە لەزمانی دایک، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەزانێ.**
*** کوڕە شەهیدە و باوکی لەساڵی ١٩٧٤ لە چیای باواجی لە ریزەکانی پێشمەرگە بەدەستی رژێمی بەعسی رووخاو شەهید بوو، لەبنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر گەورەبووە خاوەنی چەندین شەهیدن لەبنەماڵەکەیان.**
*** رۆژی دەست بەرکاربوون لە دادگا ٢٠٠٥/٩/١ خزمەتی دادوەری لە زۆربەی دادگاکان هەیە.**
*** بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر پلەی لێزانی بۆ داواکان پێدراوە و لەم بارەیەوە ناسنامەی خبیری هەیە.**
*** بۆ ماوەی ٢١ ساڵ خزمەتی وەزیفی هەیە یەکەم جار لە ناوەندی پێگەیاندنی تەندروستی ( مرکز تأهیل الطبی ) پاشان لە بەشی دەرمانخانە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە هەولێر دامەزراوە و خزمەتی یانزە ساڵ مەدەنی و زیاتر لە ١٠ ساڵ خزمەتی یاسایی ( دادوەری ) لە دادگاکان هەیە.**
*** ئەندامی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستانە**
*** ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.**
*** ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.**
*** ئەندامی ریکخراوی لێکۆڵەرە.**
*** چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لەبوارە جیاکان لەرۆژنامە و گۆڤارەکان بەزمانی کوردی و عەرەبی.**
*** لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق، وەک بەڕێوەبەری وێستگە بەشداری کردووە.**
*** لەرۆژی ٢٠١٤/٥/١٥ لەرێگەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان سامانی خۆی ئاشکرا کردووەو پێشکەش بە دەستەی دەستپاکی کردووە.**

* بەشداری خولێکی نێودەوڵەتی کردووە، تایبەت بە بەڕێوەبردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە رۆژی ١٧-٢٠/٧/٢٠٠٦ کە رێکخراوی ASK ئەنجامیداوە.
* بەشداری چەندین خولی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بواری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری کردووە.
* لە بواری کۆمپیوتەر بەرنامەکانی ویندۆز و وۆرد و ئەکسل و اکسس و ئیندایزاین و چەندین پرۆگرامی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت شارەزایی هەیە و بەشداری دەیان خولی لەم بوارەدا کردووە.
* چەندین کۆڕ و سەمیناری یاسایی و رۆشنبیری و ئەنجامداوە لەگەڵ رێکخراوەکانی چالاکی مەدەنی و بەشداری چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە بوارە جیاکان کردووە .
* لەپلەی وەزیفی مەدەنی و یاسایی چەندین سوپاس و پێزانینم ئاڕاستەکراوە و لەچەندین لیژنەی جۆراوجۆر ئەندام بووە و بەچەندین پلە و پۆستی وەزیفی هەبووە.
* پێشمەرگە بووە لەراپەڕینەوە تاوەکو ئێستا لەسەنگەری شەڕ و بەرگریکردندا بووە و دووجار بریندار بووە.